CHARMU
organization for anfal case
ڕێکخراوی چەرموو بۆ پرسی ئەنفال

# ئەنفالناسی

ژمارە (٣)
ساڵی سێیەم - ٢٠١٩/٤/١٤

سالنامەیەکی تایبەتە بە بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی لەبارەی جینۆسایدی کورد بەگشتی و ئەنفال بە تایبەتی، ڕێکخراوی چەرموو بۆ پرسی ئەنفال ساڵانە دەریدەکات.

## سەروتار

خوێنەرانی بەڕێز.. وا ئەمساڵیش بە هەوڵو هیمەتو کۆششی دڵسـۆزان و خەمخۆرانی پرسـی ئەنفال و جینۆسـاید لە کوردستان، توانیمان ژمارە سێی گۆڤاری ئەنفالناسی بخەینە بەر دیدی خوێنەران. ڕێکخراوی چەرموو بە ئەرکی سەرشانی خـۆی دەزانێت سـالانە ئەم گۆڤارە بە چـاپ بگەیەنێت، تاوەکو ببێتە سەرچاوەیەک بۆ خوێنەران و توێژەرانی بواری جینۆساید بەگشتیو ئەنفال بەتایبەتی.

ئامانج لەم گۆڤارە کۆکردنەوەو بڵاوکردنەوەی هەموو ئەو باس و بابەتە زانستییانە کە لەلایەن نوسەران و خەمخۆرانی پرسی جینۆسایدەوە دەنوسرێن، بە ئامانجی بەرچاو ڕۆشنکردنی نەوەی ئێستاو داهاتووی میللەتەکەمان، هەروەها بۆ گەیاندنی بیرۆکەو پێشنیارەکان بە حکومەتو لایەنە بەرپرسەکان بۆ کارکردنێکی زانستیانەو لێبڕاوانەو مەنهەجییانە لەسەر ئەو کۆکوژیو تاوانانەی لەلایەن ڕژێمە جۆراوجۆرەکانەوە دەرهەق بە میللەتەکەمان ئەنجامدراون.

لەم ژمارەیەوە هەوڵماندواە بایەخ بە وەرگێڕانی ئەو بابەتانە بدەین کە لەلایەن نوسەرانی غەیرە کوردەوە لەبارەی پرسی جینۆسایدو ئەنفالەوە نوسـراون. ئەو تەوەرەیە بۆ ساڵانی ئایندەش بـەردەوام دەبێت. بۆ بەردەوامبونی گۆڤارەکەمان بە تەواوی تەوەرە جیاوازەکانییەوە، داواکارین لە نوسەرانو توێـژەران هاوکارمان بـن، تاوەکو چیـدی توێژینەوەکان لەسـەر ڕەفەی کتێبخانـەکانو لە ژوری کـۆگاکانو لەناو هاردی کۆمپیوتەرەکاندا نەمێننەوە، بەڵکو ڕۆشنایی چاپ بەخۆیانەوە ببینن و بە دەستی خوێنەرانو لایەنی بەرپرس بگات.

دوای زیاتر لە سی ساڵ لە تاوانی ئەنفال، پێمانوایە زۆر لایەنی جینۆسایدیگەلەکەمان هەیە پێویستی بە لێدوانوتوێژینەوە قسە لەسەر کردن هەیە، ئەوەش ئەرکی لەپێشینەی ناوەندو دەزگا زانستییەکانی کوردستانە. هەروەها پێویستە باسەکان تەنهـا بە زمانی کوردیو بۆ خوێنەرانی کورد نەبن، بەڵکو دەبێت جینۆسایدی گەلەکەمان بە زمانە زیندوەکانی جیهان بە دونیا بناسێنین، بۆ ئەوەش ڕێکخراوی چەرموو بەرنامەو پـرۆژەی هەیە، بەڵام بەهۆی گرفتی ماددییەوە تائێسـتا نەتوانراوە ئەو بەرنامەو پڕۆژانە بە ئەنجام بگەیەنرێن.

لێرەوە سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین کە ئەمساڵ بە پێدانی بابەتەکانیان هاوکارییان کردین، هەروەها سوپاسی ئەو کەسانەش دەکەین کە لەڕووی مادییەوە بۆ چاپکردنی ئەنفالناسی هاوکارییان کردین.

زۆر سوپاسو دەستخۆشیمان بۆ ئەم پزیشکە بەڕێزانە هەیە کە ئەرکی چاپکردنی ئەم ژمارەیەی گوڤارەکەیان لە ئەستۆ گرت.
١. دکتۆر فەرهاد محەمەد مستەفا: پسپۆڕی نەخۆشیەکانی پێستو بەڕێوەبەری تەندروستی چەمچەماڵ.
٢. دکتۆر سەرمەد خالید: پسپۆڕی نەخۆشیەکانی گورچیلە.
٣. دکتۆر نورەدین جەلال: پسپۆڕی سۆنەرو تیشک.
٤. دکتۆر ئەحمەد مەجید شوانی: پسپۆڕی نەخوشییەکانی چاو.

**دەستەی بەڕێوەبردن:**
بارام صبحی
بەکر حەمەحسین
کازم جەباری

**دیزاین:**
محەممەد شۆڕشی

کوردستان . چەمچەماڵ
charmu anfal

# تەوەر چەمکی جینۆساید


ڕەگورپیشەی دەستەواژەی جینۆساید
نووسینی: سامانتا پاوەر
و. لە ئینگلیزییەوە: شەفیقی حاجی خدر

رەهەندەکانی چەمکی جینۆساید
کازم جەباری

جینۆساید: بنەماکانی و ئەگەرەکانی دووبارە بونەوەی
بەکر حەمە حوسین

هۆلۆکۆستو جینۆساید و ئەنفال: سێ چەمکو یەک ئامانج
نوسینی: مافناس بەهزاد عەلی ئادەم
وەرگێڕانی: بارام سوبحی


# ڕەگورپیشەی دەستەواژەی جینۆساید



نووسینی: سامانسا پاوەر

و. لە ئینگلیزییەوە: شەفیقی حاجی خدر

**{تێبینی: ئەم نووسینە بەشی سەرەتای بەندی یەکەمو تەواوی بەندی دووەمی شاکارەکەی «سامانتا پاوەر»ە بەناوی (کێشەیەک لە دۆزەخەوە، ئەمریکاو تەمەنی جینۆساید). شایانی باسە کتێبەکە بەندی هەشتەمی خۆی لاپەڕە (١٧١) تا (٢٤٥) پرسی جینۆسایدی کوردو بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی ڕژێمی سەدام دژ بە کورد تەرخانکردووە. ئەوەی هانی ئێمەی داوە ئەم چەند لاپەڕەیە بکەینە کوردی، بەدواداچوونێکە بۆ ڕەگورپیشەی دەستەواژەی جینۆساید، کە لەگەڵ گۆڤاری ئەنفالناسییدا دێتەوە. هیوادارم خوێنەران لێی بەهرەمەند بن. وەرگێڕ}**

**ڕگەزکوژی**

لە (١٤/ئازار/١٩٢١)دا، لە ڕۆژێکی تەڕو شێداری گەڕەکی چارلۆتنبئرگ Charlottenburg ی بەرلیندا، ئەرمەنییەکی تەمەن بیستو یەک ساڵە بەخێشکەیی بەدوای پیاوێکی چوارشانەدا ڕۆیشت، کە پاڵتۆیەکی قورسی لەبەردا بوو، هەر گۆپاڵی ڕادەوەشاند.. کابرای ئەرمەنی ناوی «سۆگهۆمۆن تەهلیریان Soghomon Tehlirian» بوو، لەدوای کابراکەوە دەمانچەی بەر پشتی دەرهێناو بەدەم هاوارکردنەوە پەلاپیتکەی گیرساند؛ «ئەمە لە تۆڵەی مەرگیماڵباتەکەمە!» ئامانجەکەش، واتە پیاوە کەڵەگەتەکە بەلادا هاتو کەوت. خۆ ئەگەر هاتباو لەو کاتەدا تۆ لەوێ بایو گوێت لە دەنگی تەقە بباو ڕوخساری گەنجە پەلاماردەرەکەشت بینیبا، ئەوا دەبوویتە شاهید بەسەر کوشتنی تۆڵەکردنەوەیەک، کە تاوانێکی زۆر جیاواز بوو. کاتێکیش بۆ ئەوکات بگەڕێیتەوە، نەتدەزانی تاوانەکە پرسی «جینۆسایدە». ئاخر هێشتا وشەکە نەدۆزرابووەوە.

ئەوەبوو هەرزوو بکوژە ئەرمەنییەکە گیرا. کاتێکیش ڕێبوارەکان پێلاوو کلیلی دەستیان ڕاوەشاندە کابراو لێیاندا، ئەو بە ئەڵمانیە شەقوشڕەکەی هەر هاواری دەکرد: «من بێگانەم، ئەویش بێگانەیە، خۆ ئەم کارە زیانی بۆ ئاڵمان نییە... ئەوەی کردم هیچ پەیوەندی بە ئێوەو نییە.» بەڵێ، خۆی ئەوە دادپەروەرییەکی ناسیۆنالیستانە بوو لەسەر گۆڕەپانێکی نێودەوڵەتی بەدیهات. تازە

«تەهلیریان»، «محەمەد تەڵعەت»ی کوشت، «تەڵعەت» خۆی وەزیری ناوخۆی پێشووی تورک بوو، ئەوەی بە قسەی خۆی چارەسەری «کێشەی» ئەرمەنەکانی کرد. ئاخر لە ١٩١٥دا «تەڵعەت» سەرپەرشتی ئەو شاڵاوەی کرد، کە لەڕێی کوشتنی بەسەرە نێزە، بە تەقەلێکردنی بەکۆمەڵ، بە قوترەڕیکردنو حەسیرمەیدانو بە برسیکردن نزیکەی یەک ملیۆن ئەرمەنی کوشتوبڕ کرد.

بەڵێ جیهانی دەرەوە دەیزانی ئەرمەنیەکان مەترسییەکی دژواریان لەسەرە، ئەمە بەر لەوەی «تەڵعەت»و سەرکردایەتی تورکیای لاو فەرمان بە کۆڕەوی زۆرەملێ بکەن. کاتێک تورکیا لە جەنگی یەکەمی جیهاندا لە دژی هەریەک لە بەریتانیا، فەرەنساو ڕووسیا، دایە پاڵ ئاڵمان، «تەڵعەت» بە ئاشکرا ڕایگەیاند کە ئیمپراتۆریەتەکەی کریستیانەکانی خۆجێی دەکاتە ئامانج. لە کانوونی دووەمی ١٩١٥دا لە ڕاپۆرتێکی سەرنجڕاکێشی نیویۆرک تایمزدا، «تەڵعەت» گوتبووی؛ لە تورکیا جێگەی کریستیانەکان نابێتەوەو لایەنگرەکانی ڕاوێژی ئەوەیان بۆ کردووە، کە چارەی پرسەکە بکا. لە ئاخروئۆخری ئازاری هەمان ساڵدا، تورکیا دەستی بەچەکداماڵینی ئەو ئەرمەنییانە کرد، کە لە ڕیزەکانی سوپای دەوڵەتی عوسمانیدا بوون. لە ڕۆژی ٢٥ی نیسانی ١٩١٥شدا، واتە لەو ڕۆژەی هاوپەیمانەکان پەلاماری تورکیایان دا، «تەڵعەت» فەرمانی بە ڕەشەکوژی ٢٥٠ کاربەدەستی خوێندەوارو ڕۆشنبیری ئەرمەنی دا، کە لە ئیستەنبول دەژیان. لە هەر یەک لە شەش ولایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا، کە ژمارەیەکی بەرچاوی ئەرمەنی تێدا ئاکنجی بوون، ڕووبەڕووی هەمان چارەنووسی ئەرمەنییە قەڵاچۆکراوەکانی ئیستەنبول بوونەوە. پیاوە ئەرمەنییەکانی دێهاتەکانیش هەروەک باربەر سەیرکرانو چەکو تفاقی جەنگییان بۆ سوپا پێدەگوازرایەوە بەرەکانی پێشەوەی شەڕ، بەڵام هەرزوو ئەم چارەنووسەش بەوانە ڕەوا نەبنیرا، کە لەلایەن تورکیاوە مۆری ناپاکیان لەنێو چاوان درا. ئەوەبوو کڵێساکان وێران کران، قوتابخانە ئەرمەنییەکان داخرانو ئەو مامۆستایانەی ڕەتیانکردەوە ببنە موسڵمان، کوژران. ئیدی فەرمان بە هەموو ئەرمەنییەک کرا، کە لە «ئەناتۆلیا»دا دەژیا، خۆی کۆبکاتەوە، تا بۆ ئەو ئۆردوگا زۆرەملێیانەی کە بۆ ئەو مەبەستە لە سارای سووریا ئامادەیان کردبوو، ڕایانبگوازنەوە. ڕاستیەکەشی ئەوەبوو، دەسەڵاتدارە تورکەکان دەیانزانی هیچ شتێکی وەها بۆ ژیان لەوێ ئامادەنەکراوە، ئەوەبوو نیوەی ئەوانەی بۆ ئەوێ ڕاگوێزرانەوە، هەر لە ڕێ مردن. تەڵعەتیش لەوبارەیەوە نووسی: «بە بەردەوامبوون لەسەر ڕاگواستنی هەتیوەکان بۆ دوا مەنزڵگاو لەنێو ئەو ساردی و زوقمەدا، ئێمە لەجێی حەوانەوەی نەمرییاندا خاترجەم بووین.»

«بڵاونامەی فەرمی» وەک ئەمەی خوارەوە لە حوزەیرانی ١٩١٥دا بەنێو شارەکاندا بڵاوکرانەوە:

«خەڵکە ئەرمەنییە سادە هاووڵاتییەکانمان.... چونکە... و لەبەرئەوەی ئەوان.... هەوڵیاندا ئاشتیو ئاسایشی دەوڵەتی عوسمانی تێکوپێک بدەن... دەبوایە بنێردرێنە ئەو شوێنانەی کە وەزارەتی ناوخۆ بۆی ئامادەکردوون... دەبێ ئەوانیش دەقاودەق گوێڕایەڵی فەرمانەکان بن، ئەمەش بەگوێرەی ئەو پۆلێنکردنەی بۆیان دانراوەو فەرمانەکەش بەسەر هەموو عوسمانییەکاندا جێبەجێدەکرێ:

١- بەدەر لە نەخۆشەکان، لەسەر هەموو ئەرمەنییەکان پێویستە لە ماوەی پێنج ڕۆژدا لە بەرواری ئەم بڵاونامەیە شوێنەکەیان چۆڵ بکەن...

٢- هەرچەندە ئەوان ئازادن لەوەی هەرشتێک بگوازرێتەوەو پێیان هەڵبگیرێ لەگەڵ خۆیان



ببەن کە دەیخوازن، بەڵام لێیان قەدەغەیە زەویەکانیانو کەلوپەلەکانیان بفرۆشن یان لەدوای خۆیان بەتەمای خەڵکی دیکە بەجێیبێڵن....

تورکیای لاو — تەڵعەت، ئەنوەر پاشای وەزیری جەنگو جەمال پاشای وەزیری کاروباری گشتیی- ڕەوایەتییان دایە سەروسەودای ڕاگواستنی ئەرمەنییەکان، بەوەی گوایە ئەم کارە شتێکی پێویست بوو تا شۆڕشی ئەرمەنییەکان سەرکوتبکرێ.

کاتیکیش ساڵێک پێشتر ڕووسیا جاڕی شەڕی لە دژی تورکیا دابوو، داوای لەو ئەرمەنییانە کردبوو، کە لە تورکیا دەژیان لە دژی دەسەڵاتی عوسمانی ڕاپەڕن، کەمینەیەک لەوان کارەکەیان کرد. هەرچەندە دوو ئەرمەنی عوسمانیی ناودار سەرکردایەتی دوو قۆشەنی خۆبەخشیان لە دژی تورکیا کرد، کە زۆرینەیان دڵسۆزی خۆیان بۆ ئیستەنبول دەربڕی. بەڵام خۆ ئەوە دادی نەدانو ئەو بەهانەیەی سەرکردایەتی تورکیای نەوەستاند بەوەی «شۆڕشی ئەرمەنییەکان» وەک بەهانە بقۆزنەوە و شەڕی قڕکردنی ئەرمەنییەکان لە تورکیا بەرپابکەن. زۆر کەم لەوانەی کوژران هیچ پیلانگێڕیەکیان بەدەر لە خۆڕزگارکردن نەکردبوو. ئەوەبوو دوژمنکاری دەرهەق بە ژن، منداڵو پیاوە بێچەکەکان کرا. ڕاستییەکەی ئەوان بەهۆی جەنگەکەوە نەبوو وایان بەسەرهێنرا، بەڵکو بەهۆی بڕیارێکی پێشوەختەی بەئامانجگیراوی سەرکردەکانی تورکیاوە بوو.

لە حوزەیرانی ١٩١٥دا «ئەرزنجان»، واتە شاری بکوژەکەی «تەڵعەت»، بەتەواوی چۆڵکرا. «سۆگهۆمۆن تەهلیریان»ی نۆزدە ساڵەش لەگەڵ کۆڕەوە بیست هەزارییەکەی خەڵکی شارەکەیدا، لەگەڵ دایکو خوشکەکانی، یەکیان پانزەو ئەویدیکەشیان شازدە ساڵان، سێیەمەکەشیان بیستو شەش ساڵان کە منداڵەکەی خۆی تەمەن دوو ساڵو نیوی لە باوەش هەڵگرتبوو، هەروەها لەگەڵ دوو براکەی کە تەمەنیان بیستو دوو بیستو شەش ساڵە بوو بەکۆمەڵ دەڕۆیشتن. گەشتەکە سامناک بوو. ئەو جەندرمانەی کە گوتیان بۆ پاراستنی کۆڕەوەکە لەگەڵیاندا دەڕۆن، هەر لەسەرەتای ڕێگاوە خوشکەکانی تەهلیریانیان ڕاکێشایە نێو داروپڕچکو دەستدرێژییان کردنەسەرو لاقەیانکردن. هەر لە تەنیشت خۆشیەوە بە چاوی خۆی شاهید بوو بەسەر ئەو پیاوەی کە سەری برا بیستو دوو ساڵیەکەی بە تەورێک شەقوپەق کرد. لەکۆتاییشدا جەندرمەکان تەقەیەکیان لەدایکی کردو مەترەقێکیان لەسەری «تەهلیریان» داو بێهۆش کەوت. ئەو وەک مردوو بەجێهێڵرا، بەڵام دوای چەند سەعاتێک لە مەیدانێکی پڕ لە تەرمی شێوێنراودا بەهۆش خۆی هاتەوە. ئەو جەستەی خوشکێکو کەللەسەرە شەقکراوەکەی براکەی ناسیەوە. باقی خزمەکانی بزربوون. ئەو وای دانا، کە تاکە گیانە بە زیندوویی دەرچووبێ.

«تاوانێکی بێ ناو»

«سۆگهۆمۆن تەهلیریان»، ئەو گەنجە ئەرمەنییەی دەربازی بوو، شتێکی زۆر کەمی لەبارەی پەیمانە نێودەوڵەتییەکانو جیۆپۆلیتیک دەزانی. ئەو هەر ئەوەندەی دەزانی، لە سەرەتای دەستپێکی جەنگەکەوە، ژیانی لێتاڵ بووە، بۆ ئەمەش «تەڵعەت» بەرپرسیاربوو، هەروەها ئەوەشی دەزانی، کە وەزیری کاروباری ناوخۆی پێشوو هەرگیز دادگایی نەکرا. لە کاتی قەتڵوعامکردنە، لەکاتی کوشتنی ئەندامانی خێزانەکەیو برینی کەللەسەری، خەوی لێنەدەکەوتو بەردەوامیش گەشکەیەکی توندی دەگرت. لە ١٩٢٠دا شتێکی دۆزییەوە، خۆی لەنێو لیستی ئۆپەراسیۆنی «نێمیسیس» ناونوسکرد، ئەوەش ئۆپەراسیۆنێکی پیلانگێڕی ئەرمەنی بوو لە بۆستن دامەزرابوو، بازنەی چالاکیان بەدواداچونی سەرکردە تورکەکان بوو، ئەوانەی دەستیان لە قڕکردنی ئەمەرندا

هەبوو، تا لە تۆڵەدا بیانکوژنەوە. ئەو ناوی خۆی بۆ ئەوە نووسی بەڵکو «تەڵعەت» بکوژێ، ئەو تاوانەی لەنێو کۆمەڵگەی ئەرمەنیو جیهاندا ناوێکی نەمری پێبەخشی.

لەوکاتەی «تەهلیریان» لە بەرلین چاوەڕێی دادگاییکردنەکەی خۆی دەکرد، لەو کاتەدا «ڕافائیل لێمکین Raphael Lemkin»، ئەو گەنجە جووە پۆلۆنیە تەمەن بیستو یەک ساڵە، ڕشتەی زمانناسی لە زانکۆی «لڤۆڤ» دەخوێند، لەڕێی ڕۆژنامە خۆجێییەکەی بەسەر هەواڵی کوشتنی تەڵعەتدا ڕاگەیشت. هەواڵەکە سەرنجی «لێمکین»ی ڕاکێشاو وای لێکرد پرسەکە بگەیەنێتە لای یەکێک لە مامۆستاکانی. «لێمکین» پرسی ئاخۆ بۆچی ئەرمەنییەکان، تەڵعەتیان لەسەر تاوانی ڕەگەزکوژی نەگرتووە. مامۆستاکەشی لە وەڵامدا پێیگوت، هیچ قانونێکی لەو جۆرە بۆ گرتن لە ئارادا نییە. مامۆستاکە پێیگوت: «تۆ هەروا دابنێ لەبەردەم دۆزێک دای، کە جوتیارێک مەلو پەلەوەرەکانی خۆی، هی کێڵگەکەی سەردەبڕێ، ئەمەش کاروبارێکە پەیوەستە بەخۆی. خۆ ئەگەر خۆت تێهەڵبقورتێنی، ئەوا تۆ سنووری خۆت بەزاندووەو ئەو تاوانەت ئەنجامداوە، کە بەبێ پرس خۆت لەشتێک کە هی خۆت نیە، هەڵقورتاندووە.» «باشە کە تەهلیریان پیاوەکە بکوژێ تاوانە، بەڵام ئایا ئەوە بۆ تاوان نییە، کە ئەم سەرکوتکەرە زیاتر لە ملیۆن کەس بکوژێ؟» لێمکین وەهای پرسیارکردو لەسەر قسەکەی ڕۆیشت؛ «ئاخر ئەوە لەگەڵ یەک نایەتەوە.»

«لێمکین» لەوە تۆقی، کە ئالای «دەوڵەتی سەروەر- خاوەن سەرداریێتی» دەکرێ ببێتە ئەو قەڵغانە پارێزەرە بۆ ئەوانەی دەیانەوێ دوژمنی ناوخۆییان بە تەواوی ڕابماڵن. «سەروەری» لێمکین بە مشتومڕەوە لەگەڵ مامۆستاکەی؛ «ئاخر سەروەری ئەوە دەگەیەنێ، کە دەوڵەت سیاسەتێکی سەربەخۆی دەرەکیو ناوەکی پەیڕەوبکا، قوتابخانە ئاوابکاتەوە، ڕێگاو بان لێبدا... هەموو ئەو کارو چالاکیانە بکا، کە لە خزمەت خۆشگوزەرانی خەڵکەکەیدا بێ. خۆی سەروەری نابێ مافی ئەوەت پێبدا بە ملیۆنان لە خەڵکە بێوەییەکەی خۆت بکوژی.» بەڵام خۆ ئەوە دەوڵەتەکانو نەخاسمە دەوڵەتە بەهێزەکان بون ئەو ڕێسایەیان دانابوو.

«لێمکین» دەربارەی هەوڵو تەقەللای بەریتانیا بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی تورک خوێندەوەو ئەوەی بینی، کە بە دەگمەن لەبەر خاتری بەدیهێنانی دادپەروەری بەدوای دادگایکردنی تاوانبارانی لەم شێوەیەدا ڕۆیشتبن. تەنیا لەو بارەدا ئەم کارە دەکەن، کە بکەونە ژێر فشارێکی سیاسیی، یان ئەگەر هاتوو دادگایکردنەکە خزمەتی بەرژەوەندیە ستراتیژییەکانیان بکا، یاخود تاوانەکە دەرهەق بە هاوڵاتییەکانی خۆیان کرابێ.

«لێمکین» سەبارەت بە دادگاییەکەی تەهلیرییان زۆر دەهری ببوو. لە سەرێکەوە لێمکین ڕەخنەی لە ئەرمەنییەکان گرت بەوەی دەستیان «لە فەرمانی ڕەوشتییانەی مرۆڤایەتی» شوشتووەو سەرنجی جیهانیشی بۆ قەتڵوعامەکەی تورک ڕاکێشا، کە دەرهەق بە ئەرمەنییەکانیان کردبوو. ئیدی هەر زوو دۆزەکەی «تەهلیریان» بووە دادگاییەکی نافەرمی بۆ تەڵعەتی کوژراو لەسەر ئەو تاوانەی دەرهەق بە ئەرمەنییەکانی کردبوو؛ شاهیدەکان ئەوانەی بەچاوی خۆیان ڕووداوەکانیان بینیبوو، هەروەها ئەوانەی بە نووسین ئیفادەیان لە دادگاییەکە دا، ئەوانەی بۆ داکۆکیکردن لە «تەهلیریان» هاتبوون، دژوارییو سامناکی کردەی عوسمانییەکانیان خستەڕوو. نیویۆرک تایمز نووسی؛ ئەو بەڵگەنامانەی لە دووتوێی دادگاکەدا خرانەڕوو، «ئەوەی سەلماند، کە کردەی ڕاوەدوونانو بەدواداچوونی دەسەڵاتدارە تورکەکان بۆ دۆزەکە هەر بەتەنیا ڕاگواستنو کۆچپێکردن نەبوو، بەڵکو قڕکردن بوو.» کەچی لێمکین سەبارەت بەڕەوشی تەهلیریان دڵخۆش نەبوو، ئاخر ئەو لەسەر بنەمای ئەوە لە دادگا ئازادکرا، گوایە «دەروونشێواوێکی کاتییە»، ئیدی خۆی وەک «خۆ بە ئەفسەرێکی ڕەوای داکۆکیکار لە ویژدانی مرۆڤایەتی» لەقەڵەمدا. لێمکین ئەوەی دەزانی، کە زۆرجار حەزو تاسە بۆ دادپەروەری پێچەوانە دەشکێتەوە. پارێزبەندی کۆمەڵکوژییەکی وەک تەڵعەت دەبێ کۆتایی پێ بێ؛ دەبێ پرسی سزادانی ئەو جۆرە تاوانانە بە قانونی بکرێن.

دە ساڵێک دوای ئەم ڕووداوە، ئەم جارەیان لێمکین ببووە پارێزەر، نەخشەی ئەوەی هەبوو لە کۆنفرانسی قانونی سزادانی نێودەوڵەتی لە مەدریددا لەبەردەم هاوپیشە پلەباڵاکانی خۆی بدوێ. لێمکین وتارێکی ئامادەکردبوو، تێیدا هەم قەتڵوعامەکەی عوسمانییەکانو هەم تاوانەکانی هیتلەری باڵکێشکردبوو، بەڕای ئەو، تاوانەکە ئەو تاوانە بوو، کە زۆر لە ئەورووپییەکان لە ئاستیدا ساردەخەمن، یان هەروا بە دیاردە تاوانێکی «ڕۆژهەڵاتییانە» دانراوە. خۆ ئەگەر وەک لێمکینی گەنج شێلگیرانە داوای دەکرد، کاتێ یەک جار تاوانێکی وەها ڕوودەدا، ئەگەری هەیە دووبارە بێتەوە. خۆ ئەگەر لەوێ ڕوویدابێ، ئەوا لێرەش ڕوودەدا. لەوێدا «لێکمین» چارەسەرێکی بنەڕەتییانەی پێشکەشکرد. ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هیوای بەوە هەبێ ڕێگە لە ژانوناسۆری تاوانێکی قڕکردنی وەک ئەوەی بەسەر ئەرمەنییەکاندا هات، بگرێ، ئەوا وەک ئەو بە مکوڕبوونەوە داوای دەکرد، پێویست بوو وڵاتەکان یەکبگرنو ئەو جۆرە کردەوانە قەدەغە بکەن. ئیدی بەم چارەسەریەی لە کەللەی دابوو، «لێمکین» پڕۆژە قانونێکی ئامادەکرد، بەڵکو قڕکردنی نەتەوە، ڕەگەزو گرووپە ئۆلییەکان قەدەغەبکرێن. قانونەکەی ئەو دەستی بەوە گرتبوو، ئەوی ئەمڕۆ پێیدەگوترێ؛ «چەوساندنەوەی گەردوونی»، پێشبارێک بۆ ئەوەی ئەمڕۆ پێدەگوترێ؛ «دادوەری گەردوونی». ئیدی بەگوێرەی ڕەشنوسی قانونەکە بوایە: هاندەرو بکەرانی ئەم جۆرە ڕەفتارانە دەبوایە لەهەر کوێ بگیرابانە، سزادرابان، بەبێ گوێدانە ئەوەی، کەوا لە کوێ تاوانەکە کراوە یان بە بێگوێدانە ڕەگەزنامەی تاوانبارەکە، یاخود پێگەی فەرمی کەسەکە. هەوڵدان بۆ سڕینەوەی گروپی نەتەوەیی، ئەتنیو یان ئۆلی وەک ئەوەی ئەرمەنییەکان، دەبوایە ببێتە تاوانێکی نێودەوڵەتی، کە دەبوو لەهەر کوێیەک بێ هەورەک تاوانی بەکۆیلەکردنو چەتەگەری تاوانبارەکەی بەسزا بگەیەنرێ. هەروەک لێمکین شێلگیرانە داوای دەکرد، ئەوا هەڕەشەو گەفی سزادانەکە، گۆڕانکاری بەدوای خۆیدا دەهێنا.

بەربەرایەتی (دڕندایەتی)

ڕافائیل لێمکین پێشترو بەر لە بەسەرهاتەکەی تەهلیریان بەشێوەیەکی سەیروسەمەرە بە کردە وێرانکارییەکە ئاشنابوو. لە ساڵی ١٩١٣و لەوکاتەی دوازدە ساڵان بوو، ئەو کتێبەکەی (هێنریک سینکیوسیزHenryk Sienkiewicz) بەناوی Quo Vadisی وەرگری خەڵاتی نۆبل خوێندبووەوە، خۆی کتێبەکەی پەردەهەڵدانەوە بوو لەسەر کوشتارگەو قەتڵوعامەکەی نیرۆنی ئیمپراتۆری ڕۆمانی، دەرهەق ئەو کەسانەی کە لە سەدەی یەکەمی زایینیدا ببوونە کریستیان. لێمکین لە کێڵگەو مەزرایەکی بەربەرینی ڕۆژهەڵاتی پۆلەندای نزیک شاری «وۆلکۆیسک» گەورە ببوو، کە هەر پەنجا مایل لە شاری«بیالیستۆک»ەوە دووربوو، شارەکەش بەشێک بوو لە قەڵەمڕەوێتی قەیسەری ڕووسیا. ئەو لەوەی خوێندبوویەوە تۆقابوو، بەوەی کاتی خۆی نیرۆنی ئیمپراتۆر تازە ئەوانەی لەسەر دینی خۆیان وەرگەڕابوون، ببوونە کرستیان دەرخواردی شێرەکانی دەدان، ئەوەبوو لە دایکی خۆی (بێلا)ی پرسی، باشە ئەرێ چۆن ئیمپراتۆر توانیویەتی جۆشو خرۆشی ئامادەبووان

بەو شـــتە بوروژێنـــێ. (بێلای) دایکیشـــی، کە تابلۆکێش، زماناناسو خوێندکاری فەلەسەفە بوو، لە ماڵەوە دەرسـی بە هەرسـێ کوڕەکەی دەدا، ڕوونیکـردەوە، بەوەی ئەگەر هاتـوو دەوڵەتێک بڕیـاری ئەوەیـدا گرووپێکی ئەتنی یـان ئۆلی لەناوبـەێ، ئەوا پۆلیـسو هاووڵاتییانیش دەبنە هاوبەشو نابنە پارێزەری گیانی مرۆڤایەتی.

زۆر جـاران لێمکیـن بـە منداڵی لەبـن دایکی هەڵدەشـێلا، تا وردەکاری سـەبارەت بە پرسە مێژووییەکانـی قەتڵوعامکـردن بۆ بـاس بکاو لێیەوە سـەبارەت بە کەوتنی قرتاجە، پەلاماری مەغۆلـەکانو بەئامانجگرتنـی «هیوگەنۆتـە» فەرەنسـیەکان فێرببـێ. وەک کتێبخوێنێکـی تاسەمەند ئەو بەخوێندنەوە لەو پرسانە ڕاهاتبوو، ڕۆڵی ئەوەشـی دەگێڕا چۆن کۆتایی بە قڕکردنی گرووپە ئەتنییەکان بهێنێ. چەندین سـاڵ دواتر، لـەو بارەیەوە بـە خامەی خۆی نوسـی: «هەر بەڕاستی گەنجێکی هەستیار بووم، لەبن کەفوکوڵی هەسـتو سـۆزدا بووم. لـە دووبارەبوونەوەی کردە ئەهریمەنییەکان دەترسـام... لە سەرووی هەمووشـیانەوە لەو پارێزبەندیەی کە لەسەرووی تاوانبارбونەوە بوو.»

بۆ بەدبەختیش هـەر ئەو کـردە وێرانکارییانە، کردەوەگەلێک بوون لە سەردەمی ژیانی سەرەتایی ئەو لە ناوچەی بیالستوکی پۆلەندا ڕوویاندا: ئەوە بوو لە ١٩٠٦دا لە کردەی ڕاوەدوونانێکدا (پۆگرۆم Pogrom)ی خۆجێییـدا حەفتا کەسـێک لە جووەکانی ئەوێ کوژرانو نۆهەد کەسی دیکەشیان بە سـەختی بریندارکـران. لێمکیـن گوێی لەوە ببوو، چـۆن جەماوەری ئاژاوەگێـڕ زگو گەدەی قوربانییان هەڵدڕیبوو بە ڕیشـی سـەرین پڕیان کردنو جەستەکانیان شێواندبوون.

ئەو لەو ئەفسـانەیە دەترسا گوایە جووەکان حەز بەوە دەکەن لاوە کریسـتیانەکان لەناو خواردنی «ماتزۆ»دا بهـاڕن، ئیدی ئەمـە دەبێتە مایەی



کوشتو کوشتاری زیاتر. «لێمکین» ئەوەی بینی، کە دواتر وەک «هێڵێک لـە خوێن»ی وێناکرد، ئەو خوێنەی لە کوشتارگەی کریستیانەکانی ڕۆما دەستیپێکردو گەیشتە قەتڵوعامی جووەکان.

لەمیانـەی جەنگـی یەکەمـی جیهانـدا، لـەو کاتەی ئەرمەنییەکان لەژێر دەسـەڵاتە چەپەڵو ملهوڕییەکـەی تەڵعەتـدا دەیاننالانـد، ڕووسو ئاڵمانـەکان گەیشـتنە دەروازەی کێڵگـەی خانـەوادەی لێمکیـن. ئیدی دایـکو باوکی ئەو کتێبەکانی خانەوادەکەیـان ژێرگڵ کردنو چەند شتێکی ناسک و کەمیان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتو پەلی ڕۆڵەکانیان گرت تا لە دارستانەکاندا خۆیان بشـارنەوە. لە ماوەی ڕەوتی شەڕەکانیشـدا، بە شێوەیەکی تایبەت کێڵگەکەیان بەر ئاگری هێزی تۆپهاوێژ کەوت. ئاڵمانەکانیش دەسـتیان بەسەر خەلەوخەرمان، مەڕوماڵاتو ئەسپو چوارپێیەکانی کێڵگەکەدا گرت. «سـامۆئیل»، یەکێ لەو دوو برایەی لێمکیـن هەر لە دارسـتانو لەبەر باری بەدخۆراکی گیانی لەدەستدا.

نێوانـی هـەردوو جەنگەکە بارێکـی وەهای بۆ «لیمکیـن» و خەڵکـی پۆلۆنیـا خولڤانـد بۆ ماوەیەکـی کورت پشـوو بـدەن. دوای ئەوەی جەنگی ڕووسی-پۆلۆنی بەسـەرکەوتنی پۆلۆنیا کۆتاییهات، لێمکین لە ساڵی ١٩٢٠دا چووە زانکۆی «لڤۆڤ». خوێندنی سەردەمی منداڵی بۆ تەورات بە کەڵکی هاتو بەرچاوڕوونییەک بوو بۆی، تا لە ڕێی وشەکان زیاتر بەنێو کلتووردا قووڵ ببێتەوە. ئەو لە فێربونی زماندا ئازا بوو، هەر زوو بەسـەر زمانەکانی پۆلۆنی، ئاڵمانی، ڕووسی، فەرەنسی، ئیتالـی، عیبریو یدیشـی زاڵ بوو، ئینجا کەوتە سـەر خوێندنی فیلۆلۆژیو پەرەسـەندنی زمان. نەخشەشـی وابوو دواتر هەردوو زمانی عەرەبیو سانسکریتی فێرببێ.

کەچـی لە ١٩٢١دا و کاتێ «لێمکین» وتارەکەی سـەبارەت بە کوشـتنی تەڵعـەت خوێندەوە،



ئەوەبـوو ڕووی خـۆی لەسـەر زمـان وەرگێڕاو چووەوە سەر بابەتی ڕۆژانی ڕەشی منداڵییەکەی. لە ڕشـتەی زمانەوە گواستیەوە سەر قانون، لەوێ بە دوای کـۆدی قانونی دێرین و نـوێ، ئەوانەی کردەی قەتڵوعام قەدەغەدەکەن گەڕا. چاویشـی هەر لەسـەر ڕۆژنامە خۆجێییـەکان بوو، ئیدی تا دەهات داخوازیەکەی بەجۆشتر دەبوو، بەتایبەتی کە هەواڵی ڕەشـەکوژییە نێودەوڵەتییە نوێیەکەی ڕووسـیای دەخوێندەوە. لە ١٩٢٩دا وەک جێگری داواکاری گشـتی خۆجێی دەستبەکار بوو، لەسەر ڕەشنووسـی قانونێکی نێودەوڵەتـی کاریدەکرد، بەڵکو هەمو ئـەو کاروکردەوانەی گرووپە ئەتنیو نەتەوەییو دینییەکان بۆ ڕەشـەکوژیو لەناوبردن دەکەنـە ئامانجی خۆیان. خۆی هـەر ئەو قانونە بـوو، کە لە ئەنجوومەنی قانونـی لە مەدریدو لە ساڵی ١٩٣٣دا پێشکەشیکرد.

«لێمکین» هەسـتی وابوو، دەبـێ هەردوو باری فیزیکیو کلتووری گروپە هەبـووەکان بپارێزرێ. هەر بۆیە ڕەشنووسێکی پێشکەشی کۆنفرانسەکەی مەردیـد کرد، بەڵکـو دوو ڕەفتـاری گرێدراو بە «بەربەریزم دڕندایەتی»و «ڤەندالیزم وێڕانکردن» قەدەغەبکرێـنو بـەم جـۆرە پێناسـە بکرێن: «کـە وێرانکارییەکـی بە ئەنقەسـتی بەکۆمەڵی نەتەوەیـی، ڕەگـەزی، دینـیو کۆمەڵایەتییە.» ئەو «وێرانکردن»یشـی خستە قاڵبی «ئەو کارە تێکـدەرو لەناوبەرانـەی کارو هونـەرو کلتوور، کە بە شـێوەیەکی وەسـتایانە بۆ لەناوبردنی ئەو بەکۆمەڵبوونە بەکاردەهێنرێ.» ئیدی سزادانی ئەو دوو جۆرە ڕەفتارە، واتە تێکوپێکدانی گرووپەکانو لەناوبردنـی کلتـوورو ژیانـی فەرهەنگییان بوو بە تەواوی سـێ دەیـەی داهاتـووی بەخۆیەوە سەرقاڵکرد.

کەچی لێمکین لەمەیانـدا ڕوبەڕووی دوو ڕەفتاری بێئومێدی بـووەوە، یەکەمیان لەلایـەن وەزیری کاروبـاری دەرەوەی پۆلۆنیـاوە بـوو، کە ناوی



«جۆزێ بێک» بوو. ئەو کەسـێک بوو دەیویست مەیلی هیتلەر بۆخۆی ڕاکێشێ، بۆیە ڕێگەی نەدا لێمکین سـەفەری مەدرید بکا تا بەخۆی ڕوبەڕوو بیرۆکەکانی نمایشـبکا. دەبوایە ڕەشنوسـەکەی «لێمکیـن» بەبێ ئامادەبونی ئـەو بە دەنگێکی بەرز بخوێنرێتەوە. هی دووەمیشـیان، هاوئاوازی کەم بـۆ پڕۆژەکی ئەو هەبوون. لەماوەی هەردوو جەنگەکەدا بارێکی گۆشەگیرکردن، ناسیۆنالیزمی، ئابووریەکـی نەخـۆش باڵی بەسـەر ئەوروپادا کێشـا، قانونناسو قانوندانەرانیش سەبارەت بە دەستپێشـخەری «لێمکین» بێهەڵوێست بوون و لایان لەو تاوانانە نەکردەوە کە ویژدانیان دەهەژاند. کۆمەڵەی نەتەوەکانیش لەسەر ئەوە دابەش ببوو، کە قانونێکی هاوبەش دابنێ، گوێی هەر بەوە نەدا قانونێک لەبری کەمایەتییە هەڕەشەلەسـەرەکان دابڕێژێ. نێردەکانی نێو کۆمەڵەی نەتەوەکان بە دوورودرێژی پرسـی «ئاسایشی بە کۆمەڵ»یان تاوتوێکـرد، بەڵام هیچ بەلای ئـەوەدا نەچوون، بڕگەیەک لەنێو ئەو ڕێکارانەدا بنێن، کە ئاسایشی بە کۆمەڵـی کەمینـەکان لەنێـو دەوڵەتەکاندا دابینبکـەن. سـەرەڕای ئەوەش، لەسـەر زاری نێردەکان، بـۆ ئەوەی ئەم تاوانی دڕندایەتییە بە قانون بکرێو لەبەرئـەوەی بەدەگمەن ڕوی دەدا بۆیە نەکرا. زۆر لە پارێزەرە ئامادەبووەکان (کە نوێنەرایەتی سیو حەوت دەوڵەتیان دەکرد) پێیان سـەیربوو چۆن تاوانێک، کە یەک نەوە پێشتر لە ئیمپراتۆریەتی عوسـمانییدا کراوە، ئێستا ببێتە مایـەی مشـوورخواردنی پارێزەرانی کیشـوەرە شارستانەکە. هەرچەندە نێردەی ئاڵمان کە تازە لـە کۆمەڵەی گـەلان دەردەچوو و بـە هەزاران لە ماڵباتە جـووەکان خەریکبون لـە ئاڵمانیای نازی هەڵدەهاتـنو ژیانی خۆیـان قوتاردەکرد، کەچـی ئامادەبوان دوودڵ بوون لەوەی ئاماژە بە دووڕوویی هیتلەر بدەن. کاتێکیش پلانی لێمکین پێشکەشـکرا، سـەرۆکی دادگای باڵای ئاڵمانو

سەرۆکی زانکۆی بەرلین لەبەر ناڕەزایەتییان، ژووری کۆنفرانسەکەیان جێهێشت. هەروەک لێمکین بە شێوازە جیاوازەکەی خۆی ڕونی کردەوە «ئاوی ساردیان بەسەرداکردم.»

لێمکین ئەوانی خستە بەر داڕسانێکی ڕەوشتی، پارێزەرەکانیش ڕاستەوڕاست پڕۆژەکەیان ڕەتنەکردەوە. ئەوان شتەکیان خستە سەرمێزو لەنێو ئەجێنداکەیان دانا. لێمکینیش تێبینیکرد، «ئەوان نە دەڵێن بەڵێو نەدەشتوانن بڵێن نەخێر». ئەوان ئامادەنەبوون لەسەر دەستوەردان قایلببن، تەنانەت خۆتێهەڵقورتانی دیپلۆماسی، بەڵام ئەوان ئامادەشنەبوون دانبەوەدا بنێن، کەوا پاڵپشتی لێقەوماوان ڕێگە بە خەڵکی بێ خەتا نەدەن بمرن.

با بگەڕێینەوە پۆلۆنیا، لەوێ لێمکین بەوە خەتابارکرا، گوایە لەڕێی پڕۆژەکەی دەیەوێ پێگەی جوو پێشبخاو لە بەرژەوەندی ئەواندا بشکێتەوە. وەزیری کاروباری دەرەوی پۆلۆنیا ئەوی بەوە خەتابارکرد، گوایە «سووکایەتی بە دۆستە ئاڵمانەکان کردووە.» ئیدی هەر زوو دوای کۆنفرانسەکە، حکوومەتە دژە سامییەکەی وارشۆ. لێمکینی لەسەر کاری داواکاری گشتیی دەرکرد، چونکە ڕەتیکردەوە لەبەرانبەر ڕەخنەگرتن لە هیتلەر خۆی بگرێو هیچ نەڵێ.

بە بێکاریو بە دڵێکی بەخەم بە خۆیو ڕەشنووسی قانونەکەی دەسووڕایەوە، بەڵام وەنەبێ هیچ گومانێک لەسەر بێدەنگی ستراتیژیەکەی هەبێ. وەک ئەو حەزی دەکرد وەها بڵێ، مێژوو «زۆر لە پارێزەر و دەوڵەمەندەکان بەئاوەزتر بوو». ئاخر ئەوەبوو تاوانی دڕندایەتی خۆی بە شێوەیەکی زیندوو بەردەوام خۆی دووبارەکردەوە. لێ گەلۆ لیمکن ئەوەی بینی، کە خەڵک لە کاتی ئاشتیدا بەزەحمەت گوێیان لە شتی خراپ دەبێ، هەرگیز مێشکیان بۆ وریابوونەوەو بۆ ئەو کارانە ناچێ کە پێشتر قەوماون. دیاربوو وەها پێدەچوو ڕوانگەی کاری تێکدەرانە دوور بێ، بیرۆکەی پلانگێڕی بۆ وێرانکاری شتێکی زۆر نامرۆڤانە بێو چارەنووسی گرووپە ناسکەکان بەوەی لەسەر نەخشە بسڕدرێنەوە شتێک بوو دوور بوو لە بەهەندهەڵگرتنو مشوورخواردن. هێشتاش، لەو کاتەی تاوانەکان کران، ئیدی کارلەکار دەترازێ، کە کارێکی وەها بکرێ بەرپێبگیرێ، دەبێ ئەو ڕێکارانە پێشتر بگیرێنەبەر. هەمیشەش وەها بووە، ئەو دەوڵەتانەی گیرۆدەی داوی جینۆساید بوونە، ناتوانن یاخود نایانەوێ کارێکی بەجێ لەکاتی خۆیدا بکەن تا ڕێ لە ڕوودانی بگرن. کەچی لێمکین دەستەوەستان نەبوو. بۆ ماوەی ئەو شەش ساڵانەی بەدوایدا هاتن، لە کۆنفرانسەکانی بودابست، کۆپنهاگن، پاریس، ئەمستەردامو قاهیرە دەنگی هەڵبڕیو فشاری خۆی نواندو بە فەرەنسییەکی ڕەوان باسی پێویستی پڕۆژەکەی خۆی کرد.

وەنەبێ لە ئەورووپا هەر بە تەنیا لێمکین دەرسی لە ڕابردوو وەرگرتبێ، بەڵکو هیتلەریش، شەش ساڵ دوای کۆنفرانسەکەی مەدریدو لە ١٩٣٩دا چاوی بە سوپاسالاری خۆی کەوت، ئەو دەرسەی چەقی بازنەی ڕابردووی نزیک بوو وەرگرت بەوەی: سەرکەوتووەکان مێژوو دەنووسنەوە. ئەوەبوو ئەو جاڕیدا:

«خۆی جەنگیزخان بە پێزانینو جۆشورۆشەوە هەزاران ژن و منداڵی گەیاندنە مەرگی خۆیان. کەچی مێژوو تەنیا ئەو دەخوێنێتەوە کە دامەزرێنەری دەوڵەت بووە... خۆی ئامانج لە جەنگ ئەوە نییە بگەیتە هێڵێکی بەرگری، بەڵکو لەناوبردنی فیزیکیانەی دوژمنەکەتە. هەر بەو ئامرازانە ئێمە دەتوانین بگەینە ئەو مەودایەی کە پێویستمان پێی هەیە. ئاخر کێ هەنووکە قسە لەسەر قەتڵوعامی ئەرمەنەکان دەکا؟»

یەک هەفتە دواترو لە یەکی ئەیلوولی ١٩٣٩دا، نازیەکان پەلاماری پۆلۆنیایان دا. لە ١٩٤٢شدا



خۆڵەمێشی تەڵعەت گەڕێنرایەوە تورکیا، لەوێ حکوومەتی تورکیا لە مەزاری پاڵەوانانو لەسەر گردی ئازادی لە ئیستەنبول ناشتیانەوە.

## هەڵاتن

خۆ ئەگەر «لێمکین» لەو پێگەیەدا بوایە ڕووی لە خەڵک بکردبایە، ئەوا لە ئەیلوولی ١٩٣٩دا «من ئاوەهام پێگوتن»و ئەو هەر وەهاشی دەکرد. بەڵام خۆ ئەویش وەک هەریەک لەوان دەبوایە خۆی بشارێتەوە یان هەڵبێ، ئەوەبوو «لێمکین» هەر لەبەر هۆشمەندی خۆی بوو قوتاری بوو. هەر شەش ڕۆژ دوای ئەوەی پەلاماری پۆلۆنیا درا، ئەو لە ڕادیۆیەوە گوێی لەو بانگەوازە بوو، کە هەر کەسێک توانای هەیە وا باشە پایتەخت جێبێڵێ. بەم جۆرە لێمکین بەغار خۆی دەگەیەنێتە وێستگەی قیتار، بە تەنیا جانتای ڕیشتاشینو چاکەتێکی هاوینە هەڵدەگرێ. کاتێکیش لە قیتارەکە دەدرێو ئاڵمانەکان ئاگری تێبەردەدن، «لێمکین» هەڵاتبوو، خۆی لە دارستانەکەی نزیک ئەوێ شاردبووەوەو خۆی گەیاندبووە ئەوانەی پێیان دەگوترا «کۆمەڵگەی ڕەوەندەکان». ئەو بە چاوی خۆی بینی چۆن بۆمبەکانی ئاڵمان بەسەر قیتاری پڕ لە ئاوارە دادەدەبارن، چۆن کۆمەڵە ژن و منداڵێکی بینین لەنێو هێڵی ئاسنینە بۆمبابارانکراوەکە گیریان خواردبوو. سێ لەو کەسانەی لە گەشتەکەدا یاوەری بوون، بەر بۆمبابارانەکە کەوتن و کوژران. بە سەدان پۆلۆنی لەو کۆڕەوەدا لەبەر ماندوویی، شەکەتو هیلاک، لە برسانو لەبەر نەخۆشیان کەوتنو ڕێڕۆیشتنەکەیان پێتەواونەکرا.

لەژێر هەلومەرجی ڕێککەوتنە نهێنییەکەی سۆڤیەت- ئاڵماندا کە بە پەیماننامەی مۆلۆتۆف- ڕیبنترۆب ناسرا، هەر دوای ئاڵمانەکان سۆڤیەتیش پەلاماری پۆلۆنیای داو داگیریکرد، بەم جۆرە وڵاتەکە دابەش ببووە سەر دوو ناوچەی قەڵەمڕەوی ئاڵمانیو سۆڤیەتی. «لێمکین» لەسەر جوڵەی خۆی تا نۆڤێمبەری ١٩٣٩ بەردەوامبوو، تا ئەوکاتەی گەیشتە شارێکی بچکۆلەی پۆلۆنی کە نیوەی لەلایەن سۆڤیەتییەکان داگیرکرابوو، لەوێ توانی ماڵباتێکی دینداری جوو ڕازی بکا، بەڵکو بۆ ماوەی چەند ڕۆژێکی کەم داڵدەی بدەن. لەوێ سەرباری بەخشندەییو چاکەو میوانپەروەری ماڵباتەکە، بەلام لێمکین بەهۆی باری ناکارایی خۆی (پاسیڤێتی)و دڕندایەتی هتلەر نائومێد ببوو. «ئاخر لەوێ هیچ شتێکی نوێ سەبارەت بە ژانوناسۆری جووەکان نەبوو، بەتایبەتی لە کاتی جەنگدا.» سەرداری ماڵەکە، کە نانەوابوو سووربوو لەسەر ئەوەی: «گرنگترین شت بۆ جوو ئەوەیە، هەڵنەچێو دوژمنەکانی نەوروژێنێ. لەسەر جوو پێویستە چاوەڕێبکاو نوێژو نزا بکا. پەروەردگاری مەزن هەر بە هانایەوە دێ. ئەو هەمیشە یارمەتی دەدا.»

لێمکینیش لە کابرای پرسی ئاخۆ گوێی لە ناوی کتێبی «Mein Kamp نەبەردی من» بووە. پیاوەکەش وەڵامی دایەوە، بەڵێ گوێی لێبووە بەڵام بڕوایپێنەکردووە. هیتلەر بەدوای گەفو هەڕەشەکانیدا دەڕوا.

بابای نانەوا لە لێمکینی پرسی؛ «ئاخر چۆن هیتلەر دەتوانێ جوو تێکوپێکبشکێنێ لەکاتێکدا ئەو پێویستبێ سەودایان لەگەڵدا بکا؟ من دڵنیات دەکەمەوە، هەندێ لە جوو لەبن دەسەڵاتی هیتلەردا دەناڵێنن، بەڵام خۆ ئەوە چارەنوسی جووەکانە، بۆ ئەوەی ژانوناسۆر بچێژنو چاوەڕێ بکەن.»

لێمکینیش مشتومڕی لەسەر ئەوە بوو، کە ئەم جەنگەیان وەک ئەوانی دیکە نییە. ئاڵمانەکان هەر بەتەنیا مرخیان لەوە خۆشنەکردوە خێرا دەست بەسەر هەرێمەکەیاندا بگرن، بەڵکو هیتلەر دەیەوێ بەتەوای جوو لەناوبەرێ.

نانەواکەش گوتی؛ «لە شەڕەکەی دواییدا، لە جەنگی ١٩١٤-١٩١٨دا ئێمە سێ ساڵان لەبن دەسەڵاتی ئاڵمانەکان ژیاین. دۆخەکە هیچ باش

نەبوو، بەڵام هەرچۆنێک بێ دەربازمان بوو. من نانم دەفرۆشتە ئاڵمانەکان، ئێمە بە ئاردی ئەوان نانمان بۆ دروست دەکردن. ئێمەی جوو گەلێکی نەمرین، ناکرێ ئێمە لەناوببرێین. هەر ئەوەندە هەیە، ئێمە بەتەنیا ئازار دەچێژین.»

ئەو بێبڕواییە، ئەم بڕوابوونە بەهۆکار، بڕوابوون بە پەیوەندی ئادەمیزادانە، بە سەوداو بازرگانی، قەناعەتی بە ملیۆنان کەس هێنا لەشوێنی خۆیان نەجووڵێن‌و سەرچڵی بە چارەنووسی خۆیانەوە بکەن. هەر بە تەنیا ژمارەیەکی کەم وەک لێمکین پێشبینییان هەبوو. زۆرینەی کۆمەڵگەی جوو ڕەچاوی چەوساندنەوەو ڕاوەدوونان، تەنانەت ڕەچاوی کوشتوبڕی (pogrom پۆگرۆم)ی ناوبەناویشیان کردبوو، بەڵام ئەوەیان ڕچاونەکردبوو بەم جۆرە قڕبکرێن.

لێمکینیش بەوریایەوە لەکابرا ڕاماو لێیکۆڵیەوە لەبەرتەکدا ئەم بۆچوونەی هەبوو:

«زۆر لە نەوەکان لەزاری ئەم کابرایەوە دواون. ئەو بڕوا بە داکەوتە (واقیع)ی نیازی هیتلەر ناکا، ئاخر شتەکە ئەوەندە دژی سروشت، دژی لۆژیک، دژی ژیان خۆی، دژی بۆنی نانی گەرمی ماڵەکەیەتی، دژی پێخەفە شەقوشڕەکەیەتی هەر نەبێتەوە... ئیدی ئەوەیە ئەو هەستە زۆرەی بۆ پەشۆکان یان شڵەژان لەگەڵ ڕاستییەکاندا نییە. هەمیشە مێشکی خۆی وا ڕاهێناوە.»

پاشان «لێمکین» سواری قیتاری ڕۆژهەڵاتی پۆلۆنیا بوو، بەرەو ئەو شوێنە ڕۆیشت، کە دایباب‌و برای لێدەژیان. لەوێ لێیان پاڕایەوە بەڵکو لەگەڵ ئەو هەڵبێن‌و وڵاتەکە جێبێڵن. کەچی باوکی پێیگوت؛ «من ئەوە بۆ ماوەی دە ساڵە لەبەر نەخۆشیم لەسەر خانەنشینییەکەم دەژیم، من سەرمایەدار نیم. ڕووسەکان هەراسانم ناکەن.» برایەکەشی هەڵیدایێ؛ «بەر لەوەی حکومەتە نوێیەکە بێت‌و دەستی بەسەردابگرێ، من دەستبەرداری دوکانەکەم بووم‌و وەک کرێکارێک ناوی خۆم نووسیوە. ئەوان دەست لەمن نادەن.»

دواتر لێمکین بیری خۆی خستەوە،» من لەچاوی هەر هەموویان یەک تکانامەم خوێندەوە: تکایە داوامان لێمەکە ئەم ماڵە گەرموگوڕە، ئەم پێخەفانە، ئەم عەمبارەی پڕ لە خواردنە، ئاسایشی دابونەریتەکانمان چۆڵ بکەین... بەڵێ ئێمە توشی ژانوناسۆر دەبین، بەڵام بە شێوەیەک لە شێوەکان دەربازیش دەبین.» ئەو ڕۆژەکەی پاشتر بەو هەستە لەگەڵ ئەواندا ژیا، وەک ئەوەی لەسەر پرسەیان دانیشتبێ، لەکاتێکدا زیندووش بوون. ئەو ئەو سەرنجەی نووسی: «باشترین شتم لەگەڵ ویژدانی دڕندانەدا مرد.»

بەر لەوەی «لێمکین» ناوچەی «وۆلکۆیسک» جێبێڵێ، دایکی سەبارەت بە بایەخی چەرخی دەورانی ژیان لەگەڵی دواو ئامۆژگاریکرد. دایکەکە ئەوەی بەبیرهێنایەوە، کە ئامانجی ئەو لەوەی ساڵی جارێک کتێبێک بنووسێ بەقەد پەرەپێدانی «ژیانی ڕاستەقینە» گرنگ نییە. لێمکینیش بە شۆخییەوە گوتی ڕێویەکی گەڕۆک لە شێرێکی نوستوو باشترە. ئەو بە دایبابی گوت، کەوا نیازی وەهایە سەرەتا بچێتە سوێد، لەوێوە بەڵکو خۆی بگەیەنێتە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، چونکە لەوێ بڕیارەکان دەدرێن.

دوای خواحافیزیکرن لە ماڵە باوانی، هەر لەگۆترە بێ ئەوەی نەخشەی بۆکێشابێ، ڕوووی لە ڤیلنوس، لیتوانیا کرد ئەو شارەی پڕ لە ئاوارەبوو. لەوێ ئەو پارەیەی پێیبوو لە ناردنی دوو برووسکەدا خەرجیکرد. یەکەمیان بۆ پاریس، تا لە دەزگەی چاپ‌و بڵاوکردنەوە بپرسێتەوە ئاخۆ دەسنووسی کتێبەکەی بەدەستی ئەوان گەیشتووە، کە هەفتەیەک بەر لە جەنگ بە پۆست ڕەوانەی کردبوو. برووسکەی دووهەمیشیان داوانامەی پەنابەری بوو لە ڕێی برادەرێکیەوە ڕەوانەی وەزارەتی دادی سوێدی کردبوو. بە چاوەڕوانی تێبینینامەی کونسولخانەی سوێد، سەردانی



چەندین ڕۆشنبیری جووی لەنێو شارەکەدا کرد، هیچ کامێکیان نەخشەی ئەوەی نەبوو وڵاتەکە جێبێڵێ.

ژیانی کەسێکی بێکارو جێوڕێ‌و بێ پارە لەگەڵ لێمکین نەدەهاتەوە. لەگەڵ ئەوەی ئاشناکانی لەگەڵیدا بەخشندە بوون، بەڵام ئەو هەستی بە داهێزران کرد. «لەوێدا سێ شت هەبوو دەمویست ژیانی خۆمی لێبپارێزم» چاویلکە لەچاو بکەم، پرچم لەدەست بدەم‌و ببمە ئاوارە.» کەچی هەروەک خۆی نوسی: «هەرسێکیشان بە ناتەواوی بەدوای یەکداهاتن. ئەو لەوێ قاموسێکی کڕی‌و لەڕێی ڕۆژنامەی ڕۆژانە خۆی بە فێربوونی زمانی لیتوانی خەریک کرد. لەوێ هەر تەنیا هەواڵی گەیشتنی پۆستێک لە دەزگای بڵاوکردنەوەی فەرەسی دڵخۆشیکرد. ئەویش زەرفێک بوو، کتێبەکەی هەروەها دوا ڕەشنوسی قانونەکەی ١٩٣٣یی سەبارەت بە قەدەغەکردنی کردەی دڕندانەو تێکدەرانە تێدابوو. ئیدی پارێزەرەکە لە کاتی بەتاڵی خۆی دەستبەجێ بەسەریداچووەوە و ڕاستیکردەوە.

ئەوەبوو داوانامەی لێمکین بۆ مافی پەنابەری پەسەندکراو لە شوباتی ١٩٤٠دا سەفەری بۆ سوێد کرد. هەر تەنیا دوای پێنج مانگ توانی بە سوێدی دەرس بڵێتەوە، ئەمەش دەستکەوتێک بوو وایلێکرد لە کەسێکی ئاوارەوە ببێتە کەسێکی ئاسایی. «لەو کاتەی دەرسی قانونی نێودەوڵەتی لە زانکۆی ستۆکهۆڵم دەدایەوە، خەریکی کۆکردنەوەی هەموو ئەو بڕیارنامانەی نازییەکان بوو لەو وڵاتانەی داگیریان کردبون. پشتیشی بە هاوکاریی کاروباری قانونی بەستبوو کە پێشتر لە وارشۆ دایمەزراندبوو- هەروەک چۆن لە باڵوێزخانەکانی سوێد لەسەرتاپای ئەورووپا، نێردەکانی خاچی سووری نێودەوڵەتی‌و ڕادیۆی داگیرکردنی ئاڵمان ڕێکیخستبوو- بۆ ئەوەی هەموو بڵاونامەیەکی نازییەکان سەبارەت بەو وڵاتانەی داگیریان کردوون کۆبکاتەوە. بە کۆکردنەوەی ئەو قانونانە، لێمکین هیوای وابوو بتوانێ ئەوە نمایشبکا، کە بە چ شێوازێکی شەڕانگێزیانە ئەو جۆرە قانونانە پڕوپاگەندە بۆ ڕەشەکوژی دەکەن‌و هانی مرۆڤکوشتن دەدەن. هەروەها هیوای بەوەش هەبوو، ئەو بڕیار و فەرمانانەی نازییەکان‌و لەسەر زاری خۆیان‌و بە وشەی داڕێژراوی نازییەکان خزمەتی «ئامانج‌و بەڵگە حاشاهەڵنەگرەکان» بۆ ئەو قۆشەنە خەڵکانەی لەو جیهانەی ئەو ناوی لێنابوو «جیهانی نابینا» کە باوەڕیان پێنەدەکرد، بکا.

لێمیکن دڵتەنگ بوو بەوەی کتێبخانەکانی ستۆکهۆڵم جێبێڵێ‌و بەرەو ئەمریکا بڕوا. ئەوەبوو لەڕێی مامۆستایەک لە زانکۆی Duke دوک، لەوێ جارێکیان لەگەڵ هەمان مامۆستا قانوننامەی سزادانی پۆلۆنی وەرگێڕایە سەر ئینگلیزی، لێمکین توانی ئەوە مسۆگەر بکا لە زانکۆی «دوک» دەرسی قانونی نێودەوڵەتی بڵێتەوە. ئەوەبوو لە ستۆکهۆلمەوە بەرەو مۆسکۆ فڕی، لەوێش بە قیتار بەرەو ڤالدیڤستۆک ڕۆیشت، لەوێشەوە بە بەلەمێکی بچووک کە هەندێ لە ئاوارەکان بە «بە کفنی سەرئاوکەوتوو» لەقەڵەمیان دەدا خۆی گەیاندە بەندەری ژاپۆنی لە تسوروگا Tsurwga. ئینجا لەوێ بە بەلەمێکی گەورەتر لە یۆکۆهاماوە بەرەو ڤانکۆڤەرو سێتڵ‌و بەندەری ڕێگەی چوونە نێو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ١٨ی نیسانی ١٩٤١ پێی نایە سەر خاکی ئەمریکا.

دەستپێکێکی نوێ

«لێمکین» بە قیتار بەرەو باکورووری کارۆلانیا سەفەری کرد، بەمە گەشتە ١٤٠٠٠ مایلەکەی تەواوکرد. ئەو ئێوارەیەی گەیشت، داوای لێکرا لەسەر خوانی ئێوارەدا وتارێک بۆ سەرۆکی زانکۆ بدا. بەبێ خۆئامادەکردن‌و بە ئینگلیزیەکی تەواو ڕەوان، لێمکین داوای لە ئەمەریکیەکان کرد ئەو شتە بکەن کە «مۆرگەنتاهوی» باڵوێز بۆ

ئەرمەنییەکانی کرد. لەوێدا لێمکین پرسی: «خۆ ئەگەر ژن، منداڵو پیرو پەککەوتە لە دووری سەد مایل لێرەوە بکوژرێن، ئایا نۆرەی ئێوە نایەت یارمەتیان بدەن؟ کەواتە بۆچی ئەو بڕیارەی نێو دڵان دەکوژنو ڕایدەگرن کاتێک کوشتوبڕەکە لە دووری ٣٠٠٠ مایلەوە بێ؟» ئەمەیان یەکەمین وتاری بوو لەو سەدان وتارو وانانەی لێمکین لە شوێنە جیاجیاکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندا دای. ئەو قاتێکی سپی، جوت پیلاوی سی، گۆرەوی سپیو بۆینباخێکی ئاوریشمی ڕەشی بۆخۆی کڕی، ئید بەو قیافەوە لەبەردەم نەقابەی کرێکاران، گرووپەکانی ژنانو لە کۆلیژ وتاری دەداو دەکەوتە دوان. دوای ئەوەی لێمکین لە قسەکانی دەبووەوە، خەڵکە ئامادەبووەکەش لێینزیک دەبوونەوەو تەوقەیان لەگەڵ کرد، لەسەر ئەوەی ئەمریکا دوودڵبوو لەشەڕکردن لەگەڵ هیتلەر داوای لێبوردنیان لێدەکرد.

لەو کاتەی لە «دوک» لێمکین لە دایبابی نامەیەکی لەسەر پارچە کاغەزێکی شڕودڕاو پێگەیشت تێیدا نووسرابوو: «ئێمە باشین. بەهیوای شادمانی تۆین. ئێمە بیر لەتۆ دەکەینەوە.» کەچی هەر چەند ڕۆژێک دوای ئەوە، لە ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٤١دا، لەڕادیۆوە گوێیلێبوو، کە سوپای ئاڵمان جاڕی شەڕی لە دژی یەکێتیی سۆڤیەت دا، پەیماننامەی مۆلۆتۆف-ڕیبنترۆپی هەڵوەشاندەوەو وڵاتەکەشی بەسەر ناوچەی قەڵەمڕەوی ئاڵمانیو سۆڤیەتی دابەشکرد. بەم جۆرە هێزەکانی هیتلەر ڕژانە بەشی ڕۆژهەڵاتی پۆلۆنیا. هاوڕێکانی لەنێو زانکۆ لێیانپرسی، «ئەرێ گوێت لە هەواڵی نازییەکان بوو؟» لێمکینیش بە خەمناکیو سەرگێژیەوە سەری بەردەدایەوە، ئەوانیش وتیان «ببوورە»و ڕێگەیان بۆ چۆڵکرد.

هەرچەندە لیمکین لە چارەنووسی دیارنەمانی ماڵباتەکەی تۆقیبوو، خۆی بەوە خەریک کردبوو سەبارەت بە تاوانەکانی هیتلەر بەرچاوڕوونی بدا. هەروەک چۆن لە لیتوانیا هەر ئاوەهاش لە وڵاتە یەکگرتووەکان ئەو بۆچوونە باڵکێش بوو، کە نازییەکان جەنگ لە دژی سوپاکانی ئەورووپا بەرپادەکەن. کاتێکیش لێمکین بە کاربەدەستانی ئەمریکای گوت، کەوا ئاڵمانیا لەگەڵ جەنگەکەدا جووەکان لەسەر خاک دەسڕێتەوە، بە شێوەیەکی نەگۆڕو بێباکانە وەڵامی درایەوە. لێ گەلۆ لەگەڵ جاڕدانی شەڕی هیتلەر لە دژی وڵاتە یەکگرتووەکان ئینجا لێمکین بە ڕەوانی بە نۆ زمان زیاترو زیاتر لەبارەی ڕەوشەکە دواو وتاری دا. لە حوزەیرانی ١٩٤٢دا بۆردی ئابوری جەنگو بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئابووری دەرەکی لە واشنتن لێمکینیان وەک گەورە ڕاوێژکارێک بەکرێگرتو لە ١٩٤٤یشدا وەزارەتی جەنگی وڵاتە یەکگرتووەکان لێمکێنی وەک شارەزایەکی قانونی نێودەوڵەتی هێنایەپێشەوە. کەچی چیرۆکە هەژندە سامناکەکانی نەبوونە مایەی خەملێخواردنی کاربەدەستانی حکوومەتی ئەمریکا. لیمکین لە بیرەوەری ئەو ڕۆژانەدا نووسیویەتی: «یاوەرانم بەشێوەیەکی مامناوەنجیو بەڕێزەوە مشوورخۆربون. ئاخر سەرنج و بایەخی ئەوان زیاتر بەلای پابەندیەکانیانەوە گرێدراو بوون، ئەوان لەوەدا وەستابوون کە باسو تاوتوێکردنەکان بەلای ئاراستەی خۆیاندا بشکێنەوە.»

سەبارەت بەم پرسە لیمکین گەیشتە لووتکە. ئەوچاوی بە «هینری والاس Henry Walace»ی جێگری سەرۆک ڕۆزڤێڵت کەوتو هەوڵیدا پەیامەکەی بەشێوەیەکی کەسەکی لێبکا. بەر لە چاوپێکەوتنەکە ئەو لە پرۆژەی قانونی دەسەڵاپێدانی ئاودێری «دۆڵی تێنسی» کۆڵییەوە، ئاخر دەیزانی کە ئەمەیان جێسەرنجو بایەخی والاسە. لەبەرئەوەی «والاس» لە کێڵگە گەنمە شامییەکانی «ئینەوا» گەورە ببوو، بۆیە لێمکین ئاماژەی بە ڕێوشوینی چۆنیەتی گەشەکردنی دا. لێمکین بۆ چەند جارو لە چەند بۆنەیەکدا چاوی بە «والاس» کەوت، ئەو پرۆژەیەی خستە بەردەست بەڵکو کاروکردەوە وێرانکارییەکانی سەر گەلان قەدەغەبکرێ. هەروەک دواتر لێمکین نووسی، «من بە چاوی هیواوە لە کاردانەوەیەکەیم ڕوانی، کەچی هیچیی لێشین نەبوو.»

دوای ئەوە هەوڵوتەقەلای لێمکن ئەوەبوو ڕاستەوخۆ بگاتە سەرۆک ڕۆزڤێلت. یەکێ لە یاریدەدرانی سەرۆک داوای لە لێمکین کرد پرۆژەکەی لە یەک لاپەڕەدا بۆ کورت بکاتەوە. لێمکینیش لەوە ترسا کە «ژانو ناسۆری ملیۆنان کەس، ترسوبیمی نەتەوەکان، هیوای قوتاربن لەدەست داوی لەناوبردن لە تەنیا یەک لاپەڕەدا چڕو پوخت بکاتەوە.» بەڵام هەرواشی کرد، پێشنیازی ئەوەی کرد، وڵاتە یەکگرتووەکان پەیماننامەی قەدەغەکردنی دڕندایەتی لەخۆبگرێو بە پێداگیرییەوە داوای کرد بەڵکو هاوپەیمانان جاڕی ئەوە بدەن کە ئامانجی سەرەکیان لە جەنگدا پاراستنی کەمایەتییەکانە، ئەوانەی لە ئەورووپا دەژین. چەندین هەفتە دوای ئەوە، تەتەرێک پەیامێکی وەهای لە سەرۆک ڕۆزڤێلتەوە بۆ هێنا، بەوەی ئەو دانی پێدادەنێ، کە ئەو گرووپانە لەبارێکی مەترسی دژواردان، بەڵام لەکاتی ئێستادا بە زەحمەتی دەزانێ قانونێکی لەو جۆرە بگرێتەخۆی. ئەو لە پەیامەکەدا لێمکینی لەوە دڵنیاکردەوە، کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەبارەت بەو دۆزە هۆشداری دەداتە نازییەکانو داوا دەکا ئارامبگرن. لێمکینیش زۆر دەهری بوو. «ئاخر ئارامگرتن وشەیەکی باشە بۆ ئەو کاتە بەکاردێ کە مرۆ چاوەڕێی دیدارێک دەکا، چاوەڕێی بودجەی خۆجێیی یان دروستکردنی باڵەخانەیەک یان ڕێگاوبانێک بکا.» ئەو لە تێبینینامەیەکدا لەسەری ڕۆیشتو نووسی: «بەڵام کاتێک پەتەکە لە ملی قوربانییەکە کرابێو هەربینا خنکێنرا، ئاخۆ ئەوکات وشەی «ئارامگرتن» سووکایەتییە بە ئاوەزمەندی و بە سروشت؟ « ئەو بڕوای وابوو، کە «کوشتنێکی دووسەرە» ئەنجامدراوە، یەکیان لەلایەن نازییەکان دژی جوو، دووەمیشیان لەلایەن هاوپەیمانانەوە کراوە، ئەوانەی لەبارەی شاڵاوی لەناوبەرانەی هیتلەر دەزانن بەڵام ئەوە ڕەتدەکەنەوە لەبارەویەوە شت بڵێن یان سەرکۆنەی بکەن. دوا ئەوەی لێمکین پەیامەکەی ڕۆزڤێڵتی وەرگرتەوە، لە باڵەخانەی وەزارەتی دەرەوە دەرچوو، بە هێواشی بەنێو گەڕەکی کۆنستیتوشندا دەڕۆیشتو بیریشی هەر لای ئەوە بوو، ئاخۆ ئەمە چ بۆ دایبابی دەگەیەنێ.

ئەو لەوە دڵنیابوو کەوا سیاسیەکان هەمیشە بەرژەوەندییەکانی خۆیان پێش بەرژەوەندییەکانی خەڵکی دیکە دەخەن. بۆ ئەوەی هەر دەرفەتێک بۆ فشارخستنە سەر سیاسەتیی ئەمریکا بقۆزێتەوە، دەبوایە ئەو پەیامەکەی بگەیەنێتە ڕای گشتی، بەڵکو ئەوان بە نۆرەی خۆیان فشار بخەنە سەر سەرکردەکانیان. دواتر ئەو وەهای نووسی: «لەوە تێگەیشتم کەوا من لەسەر ڕێگەی هەڵەدام. دەوڵەتمەدارەکان جیهانیان پیسکردووە، هەر تەنیا ئەو کاتەی لە قوڕ بچەقن تەکان بەخۆیان دەدەن تا خۆیانی لێدەربێنن.» ئەو ئەمریکییانەی بە شێوەیەکی کەسەکی بەدەم بانگەوازی لێمکینەوە چوون، دەنگیان بەرزو زوڵاڵ نەبوو. بۆ زۆر لە ئەمریکیەکانیش جێگەی بایەخ نەبوو. لێمکین بەخۆی گوتەوە:

«نازییەکان لە سەرتاسەری ئەورووپادا بە خوێنی براکانم کتێبی مەرگیان دەنووسیەوە. دەی ڕێگەم بدەن ئەم چیرۆکە بۆ خەڵکی ئەمریکا بگێڕمەوە، بۆ پیاوێکی سەرشەقام، بۆ ئەوەی لەنێو کڵێسەدایە، لەسەر سەکۆی دەروازەی بەرماڵیان، بۆ ناندینو ژووری وێنەکێشانیان بگێڕمەوە. من لەوە خاترجەمم ئەوان لێمتێدەگەن... من دەمەوێ ئەو بڕیاردانەی مەرگ بە سەرتاسەری ئەوروپادا پەخشدەکەن چاپ بکەمو بڵاوبکەمەوە... ئاخر خۆ

ئەوان لە بڕواپێکردن زیاتر هیچ بژارەیەکی دیکەیان نییە. چیدیکە داننان بە ڕاستییەکە لەبەرژەوەندی مندا نییە بەڵام پێویستییەکی لۆژیکییە.»

کاتێک ئەو لە ١٩٤٢و ١٩٤٣دا لە واشنتن‌و بەنێو وڵاتەکەدا بۆ لۆبیکردن بەنێو وڵاتەکەدا گەڕا، بەڵکو دنەی کردارێک بدا، ئەو گەڕایەوە سەر وتارێکی ونستن چەرچڵی سەرەوەزیری بەریتانیا کە لە ١٩٤١ لە ڕادیۆی بی بی سیدا پەخشکرا، کە بە پێداگیرییەوە داوای لە هاوپەیمانان کرد چارەسەری بکەن. «سەرتاپای ئەورووپا بەهۆی چەکی میکانیکی‌و تووڕەییە دڕندانەکەی نازییەکان خەریکە وێران دەبێ‌و ماف پێشێلدەکرێ... هەر کاتێ سوپاکەی پێشڕەوی بکا، ئەوا هەموو ناوچەکان لەناودەچن،» ئەوەبوو دەنگی چەرچڵ دەینەڕاند؛ «ئێمە ئێستا لەنێو تاوانێکداین کە بەبێ ناوە.»

لەپڕ گەشتوگەڕانەکەی لیمکین ئامانجێکی دیاریکراوی کردە چەقی بازنە: گەڕان بە دوای وشەیەکی نوێ. ئەو لە مێشکی خۆیدا وتەکەی «چەرچڵ» و وەڵامی پارێزەرانی لە مەدرید بۆ پێشنیازەکەی خۆی دەگوت و دەگوتەوە. دیاربوو ئەو هێشتا بە دروستی تاوانەکەی جیانەکردبووەو نەیناساندبوو، هەڵمەتەکەی لە دژی شەقڵی توندوتیژیە نموونەیەکەی جەنگەکە بوو. پێدەچوو گەر هاتباو ئەو توانیبای بە دەقاودەقی وشەیەک (دەستەواژەیەکی) گرێدراو بە شتێکی ڕاستی بێوێنەو ئەهریمەنانە، ئەوسا دەکرا خەڵکو سیاسەتوانەکان وەک یەک هەوڵی ئەوەیان بدابایە کردەوەکە ڕابگرن. ئیدی لیمکین بیریکردەوە بەڵکو ڕێگەیەک بدۆزێتەوە، بەهۆیەوە زانیارییەکەی خۆی لەسەر قانونی نێودەوڵەتی‌و ئامانج بۆ ڕێگرتن لە وێرانکردن‌و بایەخە درێژخایەنە زمانەوانییەکەی بدۆزێتەوە. بەو قەناعەتەی کە تەنیا دۆزە ڕەواو ڕەوشتییەکە پێویستی بەوەیە بپاڵێورێ، ئەوەبوو ئەو ڕاوی ئەو دەستەواژەیەی دەکرد، کە ڕاستی‌و ئەزموونی خۆی‌و ملیۆنان کەس بەرجەستە بکا. بەڵێ هەر ئەو بوو کە ناوێکی بۆ ئەو تاوانە دۆزییەوە کە «جینۆساید» بوو.

**سەرچاوە:**


, Samantha Power
A pronlem from hell, America and the age of Genocide. New York ٢٠٠٢
لاپەڕە ١-٤و لاپەڕە ١٧-٢٩


**پرۆفایل**

سامانسا جین پاوەر * لە (١٩٧٠/٩/٢١) لە ئایرلەندا لەدایکبووە. * نوسەرو ڕەخنەگری سیاسی‌و دیبلۆماتکارە. * لە ماوەی سالانی (٢٠١٣- ٢٠١٧) باڵیۆزی ئەمەریکا بووە لە نەتەوە یەکگرتووەکان. * سەرەتای کارکردنی وەکو ڕۆژنامەنوس بووەو ڕوماڵی شەڕی یۆگسلاڤیای کردوە. * لە (١٩٩٨- ٢٠٠٠) بەڕێوەبەری جێبەجێکارو دامەزرێنەری سەنتەری کار بووە بۆ سیاسەتی مافی مرۆڤ لە کۆلێژی کەنەدی زانکۆی هارڤارد، پاشان بوەتە مامۆستای سیاسەتی گشتی‌و سەرکردایەتیکردنی جیهانی. * تاوەکو سالّی (٢٠٠٨) ڕاوێژکاری باراک ئۆباما بووە. * لە (٢٠٠٩- ٢٠١٣) یاریدەدەری سەرۆکو بەڕێوەبەری یەکەمی کاروباری فرەلایەنەکان‌و مافی مرۆڤ بووە لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی. * لە (٢٠١٢) ئۆباما بە سەرۆکی ئەنجومەنی ڕێگرتن لە ئابڕوچونەکانی جەنگ هەڵیبژارد کە ئەنجومەنێکی تازە بوو. لەماوەی کارەکەیدا، جەختی لەسەر دۆسیەکانی وەکو چاکسازی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و مافی ژنان‌و هاورەگەزبازان‌و ئازادی ئاینی‌و کەمینە ئاینییەکان‌و پەنابەران‌و بازرگانیکردن بە مرۆڤ‌و مافی مرۆڤ‌و دیموکراسی بوو. * بە کەسایەتی سەرەکی دادەنرێ لە ڕازیکردنی سەرۆک ئۆباما تاوەکو دەستوەردانی سەربازی لە لیبیا بکات. * لە (٢٠١٦) گۆڤاری فۆربس لە ریزبەندی سەد ژنی بەهێزی جیهاندا پلەی (٤١) پێبەخشی. * سالّی (٢٠٠٣) خەلاتی پۆلیتزەری بەدەستهێنا بۆ کتێبەکەی «کێشەیەک لە دۆزەخەوە: ئەمریکاو تەمەنی جینۆساید».



# ڕەهەندەکانی چەمکی جینۆساید



کازم جەباری

**پێشەکییەکی پێویست:**

ڕەنگە جینۆساید یەکێک بێت لەو چەمکانەی لە هەموو قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا ئامادەگی هەبووبێت، هەر جارەی بەشێوەیەک، لەلایەن گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگەوە بەشێوەی جودا، بەرامبەر بە یەکتر بەکارهێنراوەو بەرجەستەکراوە. هەرچەندە ساتەوەختی بەکارهێنانی وشەکە زادەی ژانێکی ویژدان پڕوکێنەرەو تاوانێکی گەورەی وەک هۆلۆکۆستە. کە لە سەردەمی ئەڵمانیای نازیدا، دەرحەق بە گروپێکی ڕەگەزی‌و ئاینی وەک جولەکەکان ئەنجامدرا. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە قوربانیان‌و ڕزگاربووان لەم کۆمەڵکوژییە بیر لە هێزی چەکوشی یاسا بکەنەوە، لە بەرامبەر هێزی زەعامەت‌و چەکو کوشتن‌و تۆقاندن‌و لەناوبردن. ئەمەش خۆی لە داڕشتنی ڕەشنووسی دیباجەیەکدا دەبینیەوە، کە ڕەنگڕێژکرا بوو بە چەند دەقێکی یاسایی، تا ڕێگری بکرێت لە دووبارە بوونەوەی تاوانی هاوشێوە لە سەر ئەم گۆی زەمینەو تۆڵەکردنەوە لە بکەری ئەنجامدەرانی تاوان‌و تاوانباران.

کاتێک دەقی یاساکان برانە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەگەرچی سەرەتا هەندێک لە دەوڵەتان پارێزبەندیان هەڵبژارد. بەهۆی ئەوەی خۆشیان تاوانبار بوون بە ئەنجامدانی رەگەزێک لە ڕەگەزەکانی جینۆساید. بەڵام دواجار زۆرینەی ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتنە ژێرباری پەسەندکردنی یاساکانی تایبەت بە جینۆساید، بە ئومێدی دووبارە نەبوونەوەی تاوانی جینۆساید.

لە جیهانی هاوچەرخدا، لە بەدبەختی وڵاتانی ستەمدیدە، نەک هەر دەقەکانی یاساکە وەک خۆی کاری پێنەکرا، بەڵکو جیهان شایەتحاڵی چەندین تاوانی گەورەی هاوشێوەی هۆلۆکۆستە، ڕەنگە هەر لە میللەتی کوردا، ئەنفال‌و کیمیاباران، تازەترینیان جینۆسایدی ئێزیدییەکان باشترین نموونە بن لەسەر دووبارەبوونەوەو ئەگەری چەندبارە بوونەوەی (کۆمەڵکوژی) جینۆساید، کە یاسا ڕامی ناکات‌و نەتەوە یەکگرتووەکانیش لێی بێدەنگە.

**زەمینەسازی سەرهەڵدانی مێژوویی چەمکی جینۆساید:**

سەرهەڵدانی چەمکی جینۆساید، دەگەڕێتەوە بۆ ساتەوەختی دوای ڕووداوەکانی جەنگی جیهانی دووەم، بەتایبەت دوای ئەوەی ئەدۆڵف هیتلەر سەرۆکی ئەڵمانیای نازی، کۆمەڵکوژیەکی بێ وێنەی لە دژی جولەکەکان، ئەنجامدا. لە مێژوودا بە (هۆلۆکۆست) ناودەبرێت‌و بەترسناکترین تاوان لە سەدەی بیستەمدا دادەنرێت.

(ڕافائیل لیمکین)، بە یەکێک لە داهێنەرانی

چەمکی جینۆساید دادەنرێت. ئەو «توێژەرو پارێزەرێکی جولەکەی پۆلۆنی بوو، لە ساڵانی (١٩٠١ — ١٩٥٩) ژیاوە، نزیکەی هەموو خێزانەکەی لە هۆلۆکۆستی نازیدا، لەدەستدا»، ئەم توێژەرە پۆڵەندیە، بەڕەگەز جولەکەیە. «لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم، چووە ریزی جەنگاوەرە نهێنیەکانی پۆڵۆنیاوە، دواتر پۆلۆنیای بەجێهێشتو بەرەو لیتوانیا بەڕێکەوت. دواجار لە سوید مافی پەنابەرێتی بەدەستهێنا. ساڵی ١٩٤١، دوای مانەوەیەکی کورت لەو وڵاتە، مافی چونە نێو ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی بەدەستهێنا. لەکاتێکدا مامۆستای رشتەی یاسا بوو لە زانکۆی (دوکی)و زانکۆی (یالی)، لە هەمان قۆناغدا راوێژکاری وەزارەتی جەنگی ئەمەریکا بوو، هاوکات راوێژکاری ئەنجومەنی ئابوری جەنگ بوو. دواتریش، راوێژکاری سەرۆکی ئەنجومەنی دادگای نۆرمبێرگ بوو».

دادگای نۆرمبێرگ، لە ئەڵمانیا دامەزرا، لیمکین راوێژکاری ئەنجومەنی باڵای ئەم دادگایە بوو، نۆرمبێرگیش ئاماژەیە بۆ «ئەو دادگایەی، لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم، بەمەبەستی بە دادگا گەیاندنی سەرانی حکومەتی نازی ئەڵمانی لە شاری نۆرمبێرگی ئەڵمانیا دامەزرا. ئەو کەسانەی لەم دادگایی کردنەدا دەوەستێنران، بریتی بوون لە سەرکردە سەربازییەکانو وەزیرو دادوەرو پزیشکو خاوەن کارگەکان، کەسانی تر کە رۆڵیان هەبووە لە بەرقەرارکردنی دەسەڵاتی هیتلەرداو هۆکاری هاتنە ئارای تاوانەکانی ئەو دەسەڵاتە بوون. ئەو تاوانانەش بریتی بوون، لە تاوانی نەخشە بۆ کێشانی جەنگی دەستدرێژی کارانە، جینۆسایدو بەدرەفتاری لەگەڵ یەخسیرانی جەنگدا. ئەمە سەرەڕای تاوانی دژە مرۆڤایەتیو سودوەرگرتن لە کاری زۆرەملێ، پێشێلکردنی گشتی یاساکانی جەنگ. لەنێوان (١٧٧) کەس لەوانەی لەم دادگایەدا، دادگایی کران (٢٥) کەسیان بە لەسێدارەدان سزادران. (٩٧) کەسی تریان بە زیندانی درێژماوە لەنێوان (١٥ بۆ ٢٥ ساڵ)، (٣٥) کەسی تریشیان، بێگوناه دەرچوون».

کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، پشت بە بەندی شەشەمی دەستوری دادگای نۆرمبێرگ دەبەستێت، کە جینۆساید واتە (مافی بوونی سەرجەمی کۆمەڵەی مرۆڤایەتی، هەروەک چۆن فەوتاندنی مرۆڤ، نیشانەی رەتکردنەوەی مافی بوونی ژیانە. ئاواش رەتکردنەوەی دانپێدانانە بە مافی بوون. سوکایەتیکردنە بە سەرجەمی مرۆڤایەتیو ژیانێکی قەرەبوو نەبووەوە. سەرجەم کلتوری شارستانی کۆمەڵی مرۆڤ دادەماڵێو دژی یاساو رەوشتو ناوەڕۆکو مەبەستی نەتەوە یەکگرتووەکان رادەوەستێ».

دوای ئەوەی لیمکین، لە گەرمەی جەنگی جیهانی دووەمدا هەموو خێزانەکەی لەدەستدا. کەوتەکار «وردەکاریو پێناسەو شیکاری بۆ دەستەواژەی جینۆساید پێکەوەنا کە لە یاسای نێودەوڵەتیدا، وەک پۆلێنکردنێکی سەرەکی دیاردەکە دیاریکرا. ئەوە لیمکن بوو لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشنیاری کرد، کە یاسای قەدەغەکردنی تاوانەکانی جینۆساید، دەربچێت. بە ئاشکرا لەلایەن، کۆبوونەوەی ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە نۆی دیسەمبەری ساڵی ١٩٤٨، سەرەڕای (پارێزکردنی هەندێک لە ئەندامەکانی) دانرا. لە ١٢ی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٥١)دا خرایە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئەو توێژەرە لە کتێبەکەیدا (بنکەی تاوەر لە ئەورووپای داگیرکراودا) لە ساڵی (١٩٤٣) بۆ یەکەمجار (چەمک) دەستەواژەی (جینۆساید)ی بەکارهێنا. لیمکین، دەستەواژەی جینۆساید بەو شێوەیە بەرجەستەکرد، کە «بریتیە لە پلانێکی پێشوەخت، رێکخراو بۆ لەناوبردنی بناغەی بوونی نەتەوەیەک بە هەموو ئامرازەکانی بەردەست. بۆ ڕیشەکێشکردنیان، جێبەجێ دەکرێت. ئەو پلانانەش دەخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە بۆ لەناوبردنی کلتور، زمان، ئایین، بزوتنەوە سیاسیەکانی ئەو گروپە نەتەوانە... ئەو کردەوانەشی بەرامبەر تاکەکان دەکرێت، نەک لەبەرئەوە بێت، کە تاکەکە تاوانبارە، سیفەتی خراپی هەیە. بەڵکو لەبەرئەوەی کە سەر بە کۆی گروپێکی ئیتنیکی دیاریکراوە. بۆ نمونە جولەکەکان بە ئامانج گیران تەنها لەبەرئەوەی جولەکە بوون. رۆمانیەکان بە ئامانج گیران تەنها لەبەرئەوەی رۆمانی بوون.

لیمکین، پێشەنگ بوو لە پۆلێنکردنی جۆرە جیاوازەکانی جینۆساید بەپێی مەبەستی ئەنجامدەرەکانی. پێناسەی سێ جۆریان دەکات بەپێی کرۆنۆلۆژیو رەوتی گەشەپێدانیانە. یەکەمیان سەردەمی کۆن دەگرێتەوە. کە بە تەواوی یان نزیکەی بە تەواوی دانیشتوانە بەزێنراوەکەی شەڕی پێوە بوو، لەناودەبران. دووەمیان لە سەرەتای مێژووی چاخی نوێ دەستی پێکرد کە هەوڵی لەناوبردنی کلتوریان دەدا، بەبێ ئەوەی زیانی فیزیکی بە دانیشتوانەکە بگەیەنن. سێیەمیان، ئەنجامدەرانی نازییەکان بوو. هەردوو فۆرمی فیزیکیو کلتوری تێدا جێبەجێکرا».

لیمکین، توانی دەنگی جولەکەکان لە رووداوی هۆلۆکۆستدا بگەیەنێتە نەتەوەیەکگرتوەکان. وەک یاساناسێکیش یاسای دانا بۆ بە سزا گەیاندنی تاوانبارانی ئەو رووداوە گەورەیە. بە یەکەم داهێنەری چەمکی جینۆساید، لە مێژوودا خۆی ناساند.

جینۆساید لە زمانەوانیدا:

ریشەی وشەی جینۆساید لەڕووی زمانەوانییەوە، لەبنەڕەتدا بە وشەیەکی گریکی، یان لاتینی دادەنرێت. «بە دوو واتا بەکاردەهێنرێت:

١. (Genos)، کە وشەیەکی گریکیە، بەواتای ڕەگەز یان نەتەوە دێت.

٢. (Caeder)، کە وشەیەکی لاتینیە بە واتای کوشتن یان فەوتان دێت.

بە پێکەوە بەستنی هەردوو وشەکە، بە مانای فەوتاندنی رەگەز یان بنەچە دەگەیەنێت.» یان جینۆساید، بە مانای «کردەو هاومانای کوشتاری بەکۆمەڵ ناودەبرێت. لە دوو بڕگە پێکهاتووە: (Genos)، بە زمانی گریکی بەواتای خێڵ یان خێزان دێت. (cide)، بە زمانی لاتینی، واتای کوشتن دەگەیەنێت.

چوار ساڵ دوای دادگاییەکانی نۆرمبێرگ تاوانی جینۆساید لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دانیپێدا نرا، وەک لەناوبردنو تێکشکاندنی بە ئەنقەستی گروپێکی رەگەزی یان ئیتنیکی یاخود ئاینی. ئەمڕۆ زۆربەی کۆمەڵگەکانی جیهان کوشتاری سیاسیشیان خستۆتە سەر ئەم پێناسەیە».

رەنگە زاراوەی کوشتنی بەکۆمەڵ بۆ وشەی (جینۆساید)، هاومانایەکی باش بێت بۆ ناساندنی ئەم وشە دووبڕگەییە. لێ تێگەیشتنی جیاواز هەیە لەمەڕ دەستەواژەکە، هەندێکی تر پێیانوایە وشەی (Genocide)، وەک ئاماژەی پێدرا لە بنەڕەتدا تێکەڵەیەکە لە دوو بڕگەی بەکارهێنراوی گریکی (یۆنان)یو (لاتینی)، بنەچەی وشەکە لە (Group) ، (Genos)ی یۆنانی، بە واتای کۆمەڵێک. دووەمیان (caedar)ی لاتینی، بە واتە (To Kill)، کوشتن دێت. ئەمەش لەلایەن پرۆفیسۆر رافائیل لیمکین (Raphael Lemkin)، لە ساڵی ١٩٤٤ وتراوە».

بەکارهێنانە جیاوازەکانی بنەچەی وشەکە هەرچۆنێک بێت، بەڵام ئەوە روونە کە بە مانای (مرف قران) کوشتنو فەوتاندنو لەناوبردنی بەکۆمەڵی مرۆڤ، یان گروپی کۆمەڵایەتیو ئیتنیکیو ئاینیو سیاسیو... هتد بەکاردێت.

پێناسەی جینۆساید:

بەپێی رێککەوتننامەی (قەدەغەکردنو سزادانی ئەنجامدەرانی تاوانی جینۆساید)، کە لەلایەن»ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە پێشنیارکراوە دوای گفتوگۆکردن لەسەری، لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتانەوە پەسەند کراوە. لە مادەی دووی ئەو ڕێکەوتننامەیەدا تاوانی جینۆساید، پێناسەکراوە بەوەی «هەرکارێک بەمەبەستی لە ناوبردنی هەموو یان بەشێک لە کۆمەڵی مرۆڤایەتی

ئەنجام بدرێت. لەڕووی سیفاتی نەتەوەیی‌و رەگەزی‌و نیشتیمانی‌و ئاینی بە تاوانی جینۆساید دادەنرێت». هەموو رەفتارێکی فاشیستانەو رەگەزپەرستانە دەرهەق بە مرۆڤ دەچێتە خانەی جینۆسایدەوە.

هەرچی «کۆمەڵکوژی، قەلاچۆکردن، ئیبادەکردنی جەماعی» بە واتای لەناوبردنی بەکۆمەڵی نەتەوەیەکی دیاریکراو، یان رەگەزێک یان مەزهەبێکی دیاریکراو دێت کە پێشتر نەخشەی بۆ کێشراوە. لە پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتیدا، بۆ ڕێگرتن لە جینۆساید کە لە نۆی دیسەمبەری (١٩٤٨)، ئیمزای لەسەرکراوە، دەربارەی جینۆساید دەڵێت: (جینۆساید، لەناوبردنی تەواو یان بەشێکی نەتەوەیەک، رەگەزێک، مەزهەبێک، کوشتنی ئەندامەکانی گروپێک، لێدانی جەستەیی یاخود رۆحی ئەندامانی گروپێک. بڕیاردانی بە ئەنقەستی گروپێک، دەربارەی هەلومەرجی نەگونجاوی ژیان، رێگرتن لە لەدایکبوونی ئەندامانی گروپێک، گواستنەوەی زۆرەملێی منداڵانی گروپێک، بۆ گروپێکی تر دەگرێتەوە».

رافایل لیمکین، داهێنەری چەمکی جینۆساید دەربارەی پێناسەی جینۆساید دەڵێت: «مەبەستمان لە جینۆساید، وێرانکردنی دەوڵەتێک یان گروپێکی نەتەوەییە. جینۆساید ئاراستەی گروپی نەتەوەیی‌و نیشتیمانی دەکرێت. کردەکان ئاراستەی تاکەکان دەکرێت، نەک لەبەر توانا کەسیەکانی خۆیان، بەڵکو لەبەر ئەندامێتیان لە گروپێکی نیشتیمانی».

خاڵی هاوبەشی هەموو ئەو پێناسانەی بۆ جینۆساید کراوە، جەخت لەسەر پرەنسیپ‌و رەگەزی مرۆڤایەتی‌و بەهای پاراستنی شکۆی مرۆڤ دەکەنەوە. ئەوەی لە پێناسەکەی لیمکین، تیشکی نەخرابووە سەر، لە پێناسی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بە چڕی ئاماژەی پێدراوە بەوەی «جینۆساید بە واتای هەر کارێک لە مانەی خوارەوە دەگەیەنێ، کە مەبەستی تێکشکاندنی لەپشت بێ. ئەوسا چ تێکشکاندنێکی هەمەکی بێ یان بەش بەش بێ، چ نیشتیمانی، ئەتنی، رەگەزی یان گروپی دینی بێ، وەک:

ئا: کوشتنی ئەندامانی گروپەکە.

ب: ئازار پێگەیاندنێکی راستەقینەی جەستەیی یان ئازاری دەروونی، بە ئەندامانی گروپەکە.

پ. بە ئەنقەست لەبار یەکبردنی شیرازەی بارودۆخی ژیانی گروپەکە. بۆ ئەوەی تێکشکاندنێکی جەستەیی هەمەکی یان بەشێکی بێتەدی.

ج: گرتنەبەری ڕێو شوێنێک، کە مەبەست لێی رێگرتن بێ، لە زاوزێکردنی نێو گروپەکە.

ح: بەزۆرەملێ گواستنەوەی منداڵانی گروپێک بۆ نێو گروپێکی دیکە. لە مادەی سێیەمی پەیماننامەکەدا هاتووە. ئەم کردەوانەی خوارەوە هی سزادانن:

ئا: جینۆساید.

ب: پلانگێڕان بۆ جینۆساید کردن.

پ: هاندانی راستەوخۆو راشکاوانە بۆ جینۆساید کردن.

ج: هەوڵدان بۆ جینۆساید کردن.

ح: تێوەگلان لە جینۆساید.

دیمۆساید چەمکێک، بەرفراوانتر لە جینۆساید:

یەکێک لەو چەمکانەی کە مانایەکی فراوانتر لە جینۆساید دەگرێتەخۆ، چەمکی (دیمۆساید)ە.

دیمۆساید: بریتیە لە: «کوشتی هەر کەسێک یان خەڵک، لەلایەن حکومەتەوە. کە جینۆسایدو پۆلیتیسایدو کۆمەڵکوژیش دەگرێتەوە.

جینۆساید: لەنێو شتەکانی تردا کوشتنی خەڵک، لەلایەن حکومەتەوە، بەهۆی بەندیوارییان‌و ئەندامێتییان، لە گروپێکی دیاریکراودا، لەسەر بنچینەی (نەژاد، نەتەوە، ئایین، یان زمان).

پۆلیتیساید: کوشتنی هەر کەسێک یان خەڵک، لەلایەن حکومەتەوە بەهۆی بەندیوارییان بە گروپێکی سیاسییەوە یان بەهۆکارێکی سیاسی.

کۆمەڵکوژی: کارەساتێکی گەورەیەو قێزەونە بۆ جنسی ئێمە، بەهیچ شێوەیەک قابیلی قبوڵکردن نیە». هەرچی جۆرەکانی لەناوبردنی مرۆڤی بەکۆمەڵە لەم خشتەیەدا ڕوونکراوەتەوە:»

| به مه‌به‌سته‌وه | جەنگ (نێودەوڵەتی، ناوخۆی) |
|---|---|
| دیمۆساید | **جینۆساید**<br>١. کوشتنی جولەکەکانی قوبرس، لە لایەن نازیەکانەوە<br>٢. کوشتنی ڤێتنامییەکان، لە لایەن خمێر راگەوە.<br>٣. کوشتنی جێرمانەکانی ڤۆڵگا، لە لایەن سۆڤیەتەوە.<br>**پۆلیتیساید**<br>١. پاکتاوکردنەکانی، هیتلەر لە ١٩٣٤.<br>٢. کوشتنی ناسیۆنالیستەکان، لە لایەن ڤێت مین.<br>٣. بۆمبارانکردنی فڕۆکەوانی، لە لایەن لیبیاوە.<br>**کۆمەڵکوژی**<br>١. تۆڵەسەندنەوەکانی نازی، لە یوگسلاڤیا.<br>٢. دەستدرێژییە سێکسیەکانی ژاپۆن، بۆ سەر نانکینگ.<br>٣. کوشتنەکان لە ڤێتنام، بە کۆتا.<br>**تیرۆر**<br>١. کوشتنەکانی دەستەی خەڵک لە گواتیمالا.<br>٢. کوشتنی کۆمۆنیستەکان، لە لایەن ستالینەوە،لە ١٩٣٦ — ١٩٣٨.<br>٣. بێسەروشوێن کردنەکان، لە ئەرجەنتین. |
| بە بێ مەبەست | ١ □١٩٥٩ — ١٩٦٢)<br>٢. نەخۆشی: لە سروشتەوە، پەتای ئەنفلۆنزای سەرانسەریی لە ١٩١٨.<br>لە حکومەتەوە: مەبەست لەو پەتایانەیە کە بەمەبەست بڵاودەکرێنەوە دەچنە خانەی دیمۆسایدەوە، دەشێ جینۆساید، پۆلیتیساید یان کۆمەڵکوژی بن. وەک: گرانەتا لە سۆڤیەت لە ١٩١٨ — ١٩٢٣.<br>٣. کارەسات، زریان، بومەلەرزە، ئاگر، ... هتد |

سەرچاوەکان:

١. لویس سیمۆن، وەرگێڕانی : محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق، گۆڤاری ئەنفالناسی، ژمارە (١)، ٢٠١٧/٤/١٤.

٢. یایر ئاورۆن، وەرگێڕانی مهاباد قەرەداغی، (جینۆساید)، ڕووە تیۆرییەکانی لێکۆڵینەوە لە جینۆساید، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٩.

٣. عەبدولقادر ساڵح، فەرهەنگی سیاسی سەبا، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٨.

٤. گۆران شێخ مستەفا، کاریگەرییە ئابورییەکانی جینۆساید لە گەرمیان. چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠١٠.

٥. کاوە عەبدولرەزاق، عەمەلیاتی ئەنفالو ڕۆڵی میدیا لە ناساندنیدا، گۆڤاری سەنگاو، ژمارە (٣-٤)، پایزو زستانی ٢٠٠٦.


٦. کەنار جەمال، گەلی کوردو تاوانی جینۆساید. گۆڤاری کەوانە، ژمارە (٢٢)ی ئابی ٢٠١٣.

٧. چنار نامیق، جینۆسایدو ئەنفالی کورد. چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، کەرکوک ٢٠١٣.

٨. وەرگێڕانی شەفیقی حاجی خدر، دەقی پەیماننامەی ڕێگرتنو سزادانی تاوانی جینۆساید، گۆڤاری ئەنفالناسی، ژمارە (٢)، ٢٠١٨/٤/١٤.




# جینۆساید: بنەماکانی و ئەگەرەکانی دووبارە بونەوەی




بەکر حەمەحسێن


**باسی یەکەم: چەمکو پێکهاتەو ڕەگەزو ئەگەرەکانی ڕوودانی جینۆساید**

لەم باسەدا تیشک دەخرێتە سەر جینۆساید لەڕووی چەمکو پێکهاتەو ئەگەرەکانی ڕوودانی، ڕەگەزە سەرەکیەکانی جینۆساید.

بۆ ناسینی جینۆساید پیویستمان بە ووردبوونەوەو شیکردنەوەی ووشەکەیە بەشێوەیەک بتوانین لە بنەڕەتی وشەکە تێبگەین، تاوەکو بتوانین ئەو کردەوە تاوانکارییانەی ڕووبەڕووی کورد بوونەتەوە بناسینو بزانین جینۆسایدن.

تەوەری یەکەم: جینۆساید لەڕووی زمانەوانیو واتاو پێناسەکەی

یەکەم: جینۆساید لەڕووی زمانەوانیەوە

(Genocide) جینۆساید لەڕووی زمانەوە لە دوو وشە پێکهاتووە.

١- ووشەی گریکی (Genos) واتە: ڕەگەز، بنەچە.

٢- ووشەی لاتینی (Caeder) واتە: کوشتن، فەوتاندن.

بە لێکدانی هەردوو وشەکە (فەوتاندنی بنەچە) (Genocide) پێکدێت. لەبەرئەوەی ئەم تاوانە پێشێلکردنێکی تەواوەتی مافی مرۆڤە، بەتایبەتیش زۆر ترسناکانە لەدژی مافی ژیانەو تێکدەری ئاشتیو ئاسایشی نێونەتەوەییە، بۆیە بڕیاری ئەوەی لەسەر دراوە کە تاوانێکی درندانەیە لە دژی مرۆڤایەتی، تاوانی دژی مرۆڤایەتیش هاوشانی تاوانی جەنگو تاوانی دژی ئاشتی، بە تاوانی نێو نەتەوەیی دەژمێردرێن هەربۆیە تاوانێکە دژی بوونی مرۆییە بەشێوەیەک ڕەگەزی مرۆڤ دەسڕێتەوەو ئاسەواری ناهێڵێت، کەواتە هەوڵدەدات ئاسەواری مرۆڤو جێ پێکانی نەهێڵێت کە ئەمەش بە تەواوی پێچەوانەیە لەگەڵ هەموو پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤو گشت بەهاکانی ژیانو هەموو ئاینە ئاسمانیەکانیش دژ بەمەن.

دووەم: جینۆساید لەڕووی واتاوە

جینۆساید بەزۆر شێوە پێناسە کراوە، کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەم شێوەیە پێناسەی دەکات کە لە پەیماننامەی ژمارە (٢٦٠)ی خولی ئاسایی سێیەم لە ڕێکەوتی ١٩٤٨/١٢/٩ لە بەندی دووەمیدا هاتووە (هەر کارێک کە بە مەبەستی لەناوبردنی هەموو یان بەشێک لە کۆمەڵی مرۆڤایەتی ئەنجام دەدرێت لەڕووی سیفاتی نەتەوەیی، رەگەزی، نیشتیمانیو ئاینی)، کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پشت بە بەندی شەشەمی دەستوری دادگای نۆرنبێرگ دەبەستێ، کە (جینۆساید، واتە رەتکردنەوەی مافی بوونی سەرجەمی کۆمەڵەی مرۆڤایەتی، هەروەکو چۆن فەوتاندنی مرۆڤ نیشانەی رەتکردنەوەی مافی بوونیانە، ئەوەش رەتکردنەوەی دانپێدانانە بە مافی بوون، سوکایەتی کردنە بە سەرجەمی مرۆڤایەتیو ژیانێکی قەرەبونەبۆوە دروست دەکات، سەرجەمی کلتوری شارستانی کۆمەڵی مرۆڤ دادەماڵێو دژی یاسای رەوشتو ناوەڕۆکو مەبەستی نەتەوەیە یەکگرتووەکان رادەوەستێ.

سێیەم: پێناسەی جینۆساید

دکتۆر ئەحمەد زەکی بەدەوی دەڵێت: (لەناوبردنێکی بە ئەنقەستی کۆمەڵێکی نەتەوەیی، رەگەزی، یان کۆمەڵەیەکی ئاینی یان رامیارییە، زۆربەی جار لە کاتی جەنگدا پیادە دەکرێت) . یەکەم کەس کە ئەم زاراوەیەی چەسپاندو جێگیری کرد (رافایل لیمکین) بوو کە بە ئەسڵ پۆلۆنیو بە رەگەزنامە ئەمریکی بوو، لەدوای شەڕی جیهانی دووهەمەوە پلەی راوێژکاری وەزارەتی جەنگی وڵاتە یەکگرتووەکانی پێ بەخشرابوو، رەنگە ئەوەی زیاتر وای لێکردبێت کە بیر لەو زاراوەیە بکاتەوەو بە شای تاوانەکان یان تاوانی تاوانەکان بزانێت (بەدەر لەوەی کە بۆ خۆی شارەزایەکی ئەم بوارە بووە)، ئەوەیە کە خانەوادەکەی دوای ئەوەی کەوتونەتە دەستی نازییەکانەوە، قەتڵوعام کراون پێویستە بگوترێ جینۆساید زۆر جۆرو شێوازی جودای هەیە تەنیا فەوتاندنی فیزیکی کۆمەڵە خەڵکێکی نەتەوەیی، ئیتنیکی، رەگەزی، یان ئاینی نییە، بەڵکو چەند جۆرێکە. کەواتە جینۆساید دژ بەبوونی ژیانو بوونی مرۆڤە، دەبێتە هۆی سڕینەوەی رەگەزی مرۆڤو جیاوازییەکانی ژیان. بەشێوەیەکی گشتی هەوڵی لەناوبردنی هەمەڕەنگیو جیاوازی دەدات، لەرێگەی لەناوبردنی نەتەوەو رەگەزو ئاینو سیاسەتو ئابوریو کلتوری هەمەجۆرو چەسپاندنی یەک جۆر نەتەوەو ئایینو سیاسەت. لەرێگەی بەکارهێنانی هەموو جۆرەکانی کوشتنو لەناوبردن.

**تەوەرەی دووەم: ئەگەرو رەگەزو پێکهاتەکانی جینۆساید**

١/ کۆمەڵگاو ئەگەری رودانی جینۆساید: لەدوای راپەرینی ساڵی ١٩٩١ کورد هەمیشە ئەو پرسیارە لە خۆی دەکات: ئایا ئێمە جارێکی دیکە لە عێراقدا جینۆساید دەکرێین؟ ئەمە تاکو رژێمی بەعس مابوو زۆرتر ئەم پرسیارە دەکرا، بەڵام دوای دوای کەوتنی رژێمی بەعسو ئازادی عێراق، کورد تاڕادەیەک ئاهی بەبەردا هاتەوە، زۆرتر وەڵامی ئەم پرسیارەیان بەوە دەدایەوەکە ئەوە ئەگەرێکی دوورە جارێکی تر کورد جینۆساید بکرێت، بەڵام دوای ئەزموونی حکومی عێراقی تائیفیو هەڵوێستی عەرەبەکان بەرامبەر بە قەوارەی هەرێمو مافە دەستوریو نەتەوەییەکانی لەلایەن ئیبراهیم جەعفەریو نوری مالیکیو دواجار حەیدەر عەبادی، حکومی تائیفی مالیکیو ناردنی هێز بۆ سەر خانەقینو ناوچە کێشە لەسەرەکان، هاتنی داعش بۆ عێراقو هێرشکردنە سەر کوردی ئێزدیو جینۆسایدکردنیان، کەوتینەوە بەردەم هەڕەشەی جینۆساید لەلایەن عەقڵیەتی عەرەبی شوڤێنی پاشخان تائیفی، کە دیارە ئەو هەڕەشانەی داعش لەسەر هەرێمو هەڕەشەکانی حەشدی شەعبیو گروپە تائیفیەکانی شیعە لەسەر هەرێم خستینیەوە بەردەم هەڕەشەی جینۆساید، هەروەها ئەوەی کە تورکیا هێرشی کردە سەر عەفرینو هێرشەکەی بە سورەتی فەتح دەستپێکرد، لەگەڵ ئەمەشدا هێرشی حەشدی شەعبی بۆ سەر کەرکوکو ناوچە کێشە لەسەرەکان، بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەارمبەر بە حەشدی شەعبی کاتێک هێرشی کردە سەر کەرکوکو هەروەها بێدەنگی بەرامبەر بە هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین، دەمانخاتە بەردەمی ئەگەری دوبارە جینۆسایدکردن لەلایەن وڵاتانی ناوچەکە جا عێراق بێت یان ئێرانو تورکیا. هەروەها بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە دۆخی سوریا لەکاتێکدا کە حەوت ساڵە شەڕەو بەدەیان شێوە خەڵکی ئەو وڵاتە جینۆساید دەکرێت، دەیان خەڵکی سیڤل کیمیاباران کراونو بوونەتە قوربانی، بەڵام بەرژەوەندی زلهێزانو دابەشکردنی دەسەڵاتو سەرچاوەکانی وزە رێگەی نەداوە هاوڵاتیانی ئەم وڵاتە ڕزگاربکرێن لە جینۆسایدو لەناوبردن. دابەشکردنی بەرژەوەندییەکانو ناوچەی نفوزی وڵاتانی زلهێز جارێکی دیکە دەمانخاتە بەردەم ئەوەی ئێمە دەبێت جارێکی دیکە لەعێراقدا جینۆساید بکرێین؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت بزانین ئەگەرەکانی رووودانی جینۆساید چین، (هۆفانسیان) بۆ رووودانی کردەی جینۆساید ئەم پێشمەرجانە بە گرنگ دەزانێت.

پێشمەرجەکانی هۆفانسیان

١. بوونی کۆمەڵگایەکی پلورالی واتە بوونی پێکهاتێکی تێکەڵ لە رەگەز، کەلچەر، ئەتنیکیو ئاینی جیا، کە ئەمە پێشتر لە سەردەمی بەعسدا هۆکاری جینۆساید بوو، لەدوای رووخاندنی رژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣، جیاوازییە ئاینیو تائیفیو نەتەوەییەکان زیاتر دەرکەوتنو بوونە کیشەو ململانێی جۆربەجۆری سوننەو شیعە بە هەزارانیان لە یەکتر کوشت، بەردەوام پێکهاتەکانی عێراق متمانەیان بە حکومەتی عێراق نەبوو، بۆ پاراستنی مافەکانیانو دابینکردنی ئاسایشی گشتی بۆ هەموو پێکهاتەکان وەک یەک، بۆیە دەبینین جینۆسایدی کوردانی ئێزدی روودەدات لەسەر دەستی داعش، ئەوەش کە لە ١٦ ئۆکتۆبەر لە خانەقین روویدا بەرامبەر بە کورد ئەگەری جینۆساید لەعێراقدا زیاتر دەکات. بۆیە هەمیشە بوونی کۆمەڵگای پێکهاتەی تێکەڵ لەعێراقدا هۆکاری بوونی جینۆساید بووە لەبەرئەوەی حکومەتی عێراق حکومەتێکی مەزهەبیو قەومی بووە لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون بونیاد نەنراوە، بۆیە هەمیشە مافی پێکهاتەکانی تێدا پێشێلکراوە. بوونی جیاوازیەکانیان بە مەترسی زانیوە لەسەر حکومەت. ئێستاش حکومەتی پاشخان قەومیو تائیفی بەغداد کورد بە مەترسی دەزانێ بۆ سەر یەکپارچەیی عێراقو (مەرجەعیەت) کە هەموو پێکهاتەی هەرێم بە خائین دەزانن بەرامبەر بە مەرجەعیەت، ئەمەش لە پرۆسەی ریفراندۆمدا بە تەواوی رەنگی دایەوە. هەروەک بەعس کوردی بە زیادو دومەڵی جەستەی عێراق دەزانیو لەناوبردنی کوردی کردە دوا چارەسەر بۆ عێراق،

د.مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد، چاپی چوارەم، هەولێر، چاپخانەی ئاراس، ساڵی ٢٠٠٧

مارف عومەر گوڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧-١٨
هەژار عەزیز سورمێ، کوردو جینۆسایدو ئیبادە کردن، هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی، چاپی دووەم، ساڵی ٢٠٠٦، ل٢٠

کەواتە هەمان ئەگەری ئەنفال‌و جینۆسایدی کورد لە ئێستای عێراقدا ئامادەیە، چونکە سەدان گروپی شیعەی جیاوازو چەکدار هەن کە بە فیکری تائیفی بەرامبەر بە کورد تەیارکراون، کە لە ریفراندومدا بە تەواوی هەستی قەومی عەرەبیشیان بەرامبەر بە کورد جولآ.

٢. ئامادەبوونی هەستکردن بە مەترسی لەلای یەکێک لە گروپەکان: کاتێک گروپە جیاوازەکان یان عەقڵی دەوڵەت پارێزگاری لە سەرجەم پێکهاتەکان ناکات وەکو یەک، دەوڵەتی هاووڵاتی بوونی نییە، بۆیە هەمیشە گروپەکانی دیکە هەست بە مەترسی دەکەن. حکومەتی سەردەست کە نوێنەرایەتی زۆرینەی سیاسی‌و تائیفی لە عێراقدا دەکات، سەرجەم جومگە گرنگەکانی دەسەڵاتی مەدەنی‌و سەربازییان لەبەردەستەو هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان چۆن کۆنترۆڵی وڵات بکەن‌و سەرجەم ناوچەو دەسەڵاتە جۆربەجۆرەکان بگرنەدەست. چونکە دەستور پێشیلکراوەو گرەنتی پاراستن نییە، هەمیشە گروپەکان هەست بە مەترسی دەکەن بەتایبەتی دوای دابەشکردنی ناوچەی نفوزی زلهێزەکان‌و دیاریکردنی هیلالی شیعی زیاتر ئەم مەترسیە دەردەکەوێت. کەواتە بوونی مەترسی لای کورد بەرامبەر بە عێراق بەتایبەتی دوای حکومی تائیفی‌و دواتر ١٦ ئۆکتۆبەر ئەم مەترسیە زیاتر بووە.

٣. بوونی سیستەمێکی ئایدۆلۆژی کەوا بزانێت راستیەکان لای ئەون: ئایدۆلۆژیا جەلاد بۆ لەناوبردنی قوربانیەکەی بەکاردێنی‌و دەیکاتە کلیلی کردەی جینۆساید، ئایدۆلۆژیاش بەزۆری لەسەر زەمینەیەکی رەگەزپەرستانە یان ئاینیەوە دێتە کایەوە، شەرعیەت بە هەر کردەوەیەک دەدات چەند دڕندانەش بێت. ئەو پڕوپاگەندەیەش کە بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیا دەکرێت وێنەیەکی وا نامرۆڤانە دەبەخشێتە قوربانییەکان کە پەلاماردان‌و لەناوبردنیان ئاسانە بەڵکو حەڵاڵ دەبێت.

ئێستا عێراق کە سیخناخ کراوە بە فیکری شیعی‌و تائیفی کە پێیانوایە هەموو راستیەکان لای ئەوانە، مێژوو ١٤٠٠ ساڵ ستەم‌و ناهەقی کردووە بەرامبەریان‌و دەبێتە بۆ هەتا هەتایە ئەوان حکومی ئەم ناوچەیە بکەن , کە ئەمەش ئەگەرێکە لە دەرەوەی خۆی هیچ شتێکی دیکە بەرەوا نازانێ‌و هیچ مافێک بە کەس نادات. پێیوایە هەق‌و راستی لای بەغدایەو ئەوانیتر هەمووی لادەرن‌و گومڕان، ئەمەش ئەگەرو مەترسیەکی دیکەیە لەسەر کورد لەلایەن عێراقەوە کە مەترسی جینۆسایدی لەسەرە. هەر بۆیە ئایدۆلۆژیای بەعسیش ئاینی بەکارهێنا بۆ ئەنفالکردنی کورد، تورکیاش بۆ داگیرکردنی عەفرین سورەتی فەتح بەکاردێنی، کەواتە لە ئێستای عێراقدا ئایدۆلۆژیا ئامادەیە کە حکومەتێکی پاشخان قەومی‌و مەزهەبی ئامادەیە کە دەیان گروپی چەکداری تەیارکراو بە فیکری مەزهەبی ئامادە لە هەر ساتێکدا هێرش بکەنە سەر کورد ئەمە جگەلە ئایدۆلوژیای قەومی عەرەبی پان سەلەفی.

٤. ئامادەبوونی بڕیاری دروستکردنی سیستەمێکی نوێ: ئەوەی لەدوای رووخاندنی رژێمی بەعس‌و ئێستاش روودەدات بۆ بونیادی سیستەمێکی نوێیە لە عێراقدا کە تائێستا نەبووە بە سیستەم‌و رێچکەی نەگرتووە، بۆیە لە دروستکردنی سیستەمی نوێدا هەر کەس‌و لایەن‌و نەتەوەو ئاینێک ببێتە رێگر ئەگەری جینۆساید کردنی هەیە. کوردیش لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ بووە بە مەترسی بۆ سەر ئەم سیستەمە نوێیە بەڵام دیارە هێشتا زۆری ماوە، دواجاریش لە ئەنجامدانی ریفراندۆمدا عێراق بە هەماهەنگی ئێران‌و تورکیاو وڵاتانی زلهێز ئەم مەترسیەی وەستاند، کەواتە بڕیاری سیستەمی نوێ هەموو ئەو لەمپەرانە لەناودەبات کە دێنە رێی، کوردیش رەنگە ببێتە لەمپەری بەردەم سیستەمی نوێ.



لە سەردەمی ئێستادا تەکنەلۆژیا کوشندەترین چەمکی جینۆسایدە، هەروەکو چەکی کیمیایی دژی خەڵکی هەڵەبجەو ژوری گازی نازییەکان. بەکارهێنانی گازی کیمیاوی دژی گەلانی سوریا لەلایەن رژێمی ئەسەد، لەئێستاشدا سوپای عێراق بە جۆرەها چەکی پێشکەوتوو پڕچەک کراوە، چەکەکانیش لە دەستی گروپە چەکدارە شیعیەکاندان، کورد مەترسی خۆی نەشاردۆتەوە لە مەترسی بەکارهێنانی ئەم چەکانە لە شەڕی ناوخۆو بۆ دژایەتی پێکهاتەکانی دیکە. بیرۆکراسی لە بەڕێوەبردنی جینۆسایدا رۆڵێکی گرنگ دەبینێ، چونکە جینۆساید پێویستی بە کۆمەڵێک دام‌و دەزگای چالاک دەبێت بۆ ئۆرگانیزەکردن، چونکە خۆرێکخستن‌و بەڕێوەبردنی سیستەماتیکیانەی ئەو گروپە سەربازی‌و مەدەنیە جیاجیاکان گواستنەوەو ڕێگاوبانەکان گرنگی گەورەی هەیە لە پرۆسەی جینۆسایدکردندا. بۆیە ئەگەرێکی دیکە کە ئامادەیە هۆفانسیان ئاماژەی پێنەکردووە، ئابوورییە: کە بریتییە لە جێکردنەوەی بەرژەوەندی زلهێزەکان بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەکانی وزە لە ناوچەکەدا، کەواتە بە لەبەرچاوگرتنی بەرژوەندی زلهێزەکان زۆرجار لەپێناو دەستکەوتی ئابوری‌و بازار بێدەنگی هەڵدەبژێرن بەرامبەر بەو رژێمەی کە جینۆساید دەکات. ئەمە دەمانگەیەنێت بەو خاڵەی کە ئێستا دابەشبوونێکی سیاسی‌و ئایدۆلۆژی‌و ئابوری هەیە لە ناوچەکەدا. کوردو هەرێمی کوردستان بووەتە ناوچەی بەرژەوەندی ئابوری بۆ ووڵاتە زلهێزەکان‌و کۆمپانیاکانیان کە زۆرجار رەنگە لە بەرامبەر بەرژەوەندییەکی باڵاتر ئێمە بگۆڕنەوە یان بفرۆشن. کە ئەمەش ئەگەرێکی بەهێزە بۆ ئەوەی ئێمە ببینە قوربانی ململانێی ئابوری لەناوچەکەدا.

کەواتە ئێمەی کورد لەعێراقی پاش بەعسدا ئەو مەترسیيە بەشوێنمانەوەیە کە ئایا ئێمە جارێکیتر جینۆساید دەکرێین، چونکە هەموو ئەگەرەکان ئامادەن‌و رەگەزەکانی جینۆسایدیش بە هەمان شێوە بونیان هەیە، بۆیە پێویستە کورد بۆ پارێزگاری لە خۆی‌و قەوارەکەی داوابکات عێراق ببێتە ئەندامی دادگای دادی نێودەوڵەتی تاکو عێراق پابەند بێت بە پاراستنی مافی مرۆڤ، هەروەها پابەندی یاسای نێودەوڵەتی بکەوێتە ئەستۆی، گرنگە کورد بۆ پێکهێنان‌و دروستکردنی حکومەتی عێراق لەدوای هەڵبژاردنی ١٢-٥-٢٠١٨، بەتێکڕا سەرجەم هێزە کوردییەکان، مەرجیان بۆ پێکهنانی حکومەت بوون بە ئەندامی دەوڵەتی عێراقە لە دادگای دادی نێودەوڵەتی‌و سەرجەم ئەو رێککەوتننامانەی بۆ پارێزگاری‌و پاراستنی مافی مرۆڤە ئیمزای بکات، هەروەها داوای قەرەبووکردنەوەی کەیسی جینۆسایدو گەڕاندنەوەی رووفاتی ئەنفالکراوان بکات. ئەمەش وەک بەشێک لە گەرەنتی پاراستنی کوردە بەرامبەر بەو ئەگەرانەی کە مەترسی جینۆسایدی لێ دەکرێت.

٢/ جینۆساید سێ رەگەزی سەرەکی لەخۆدەگرێت:

(جاک نوسان پۆتەر) دەستنیشانی ئەوەمان بۆ دەکات بۆ ئەوەی جینۆساید بێتەدی‌و رووبدات پێویستی بە سێ رەگەز هەیە تاوەکو پرۆسەکەی پێ بەڕێوە بچێت‌و ئەنجام بدرێت.

١. ئایدۆلۆژیا: جەلاد بۆ لەناوبردنی قوربانییەکەی بەکاریدێنێ، کلیلی کردەی جینۆساید لە ئایدۆلۆژیاش بەزۆری لەسەر زەمینەیەکی ڕەگەزپەرستانە یان ئاینیەوە دێتە کایەوە، شەرعیەت بە هەر کردەوەیەک دەدات چەند دڕندانەش بێت. ئەو پڕوپاگەندەیەش کە بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیا دەکرێت وێنەیەکی وا نامرۆڤانە دەبەخشێتە قوربانییەکان کە پەلاماردان‌و

حسێن سۆران، ئەنفال لە مەنفاکانی ناسیۆنالی‌زمەوە بۆ کوشتنی زمان‌و جەستە، چاپی یەکەم، ٢٠١٢. ل ٦٠ – ٦٢.

لەناوبردنیان ئاسانەو بەڵکو حەڵاڵ دەبێت، هەر لەو روانگەیەوە ئەرمەنو مەسیحییەکان لەلایەن کوردو تورکە موسڵمانەکانەوە بە نەزانو دەبەنگو کافر ناوبراون، کە سەربڕینو کوشتنیان حەڵاڵە. هەر هەمان دەستەواژە مۆتیڤی جینۆسایدکردنی جولەکەو قەرەجەکان لەلایەن نازییەکانەوە بوو. بە هەمان شێوە کوردیش بە چاوی زیادەو کێشەو خراپە سەیر دەکرا لە عێراقی بەعسدا، بۆیە ئەنفالی وەک دوا چارەسەری کورد لەعێراقدا بەکارهێنا. وەک دوومەڵێک لەسەر جەستەی عێراق سەیر دەکرا کە دەبێتە هۆی ترازانو دووبەرەکی لەعێراقو نیشتمانی عەرەبیدا. بۆیە بەدڕندانەترین شێوە کە بەشێوەیەک پەیڕەوی لە نەبوونو سڕینەوەی کورد لەعێراقدا کرا. ئایدۆلۆژیای بەعس هەمیشە جەختی لەسەر یەکێتی عەرەبو نیشتمانی عەرەبی دەکردەوە. کورد لە دیدی ئەودا مەترسی بوو بۆ سەر یەکێتی خاکی عێراقو نیشتمانی عەرەبی.

٢. تەکنەلۆجیا لەم سەردەمەدا یەکێکە لە رەگەزە ئاشکراکانی جینۆساید، لەکاتێکدا دەوڵەتی نەتەوە مۆدێرنەکان هەرچی زیاتر لە بواری تەکنەلۆجیادا پێشدەکەون، هەرچی تەکنەلۆجیای مەرگە کاریگەرتر دەبێت، لەکاتێکدا لە جینۆسایدە کۆنەکاندا بیروڕای تر بەکارهاتووە. بەڵام لە سەردەمی ئێستادا تەکنەلۆژیا کوشندەترین چەکی جینۆسایدە، هەروەکو چەکی کیمیایی دژی خەڵکی هەڵەبجەو ژووری گازی نازییەکان. کەواتە لەسەردەمی نوێدا تەکنەلۆجیای زانیاری بەگشتی دەتوانرێ وەک رەگەزێکی جینۆساید بەکاربهێنرێ کە تەنانەت دەکرێت لەم سەردەمەدا تۆڕەکانی ئەنتەرنێت رۆڵێکی کاریگەر ببینن لە دروستکردنی رایگشتی بۆ لەناوبردنی نەتەوەو ئێتنێکی جیاواز. دەست گەیشتن بە بازاڕی چەکو تەقەمەنی وەبەرهێنان لەم بوارەدا بەپێچەوانەی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤن. تەنها لەپێناو دەستکەوتنی پارەو بۆ ئابووریو هەلی کار هەموو جۆرە چەکێک دەفرۆشرێتو مامەڵەی پێوە دەکرێت.

٣. بیرۆکراسی لە بەڕێوەبردنی جینۆسایدا رۆڵێکی گرنگ دەبینێ، چونکە جینۆساید پێویستی بە کۆمەڵێک داموو دەزگای چالاک دەبێت بۆ ئۆرگانیزەکردن، چونکە خۆرێکخستنو بەڕێوەبردنی سیستەماتیکیانەی گروپە سەربازیو مەدەنیە جیاجیاکان، گواستنەوەو رێگاوبانەکان گرنگی گەورەی هەیە لە پرۆسەی جینۆسایدکردندا . کەواتە دەبینین لە پرۆسەی ئەنفالدا بە تەواوی بیرۆکراسی پەیڕەوکراوە لە دابەشکردنی قۆناغەکانی ئەنفالو دیاریکردنی ناوچەی جوگرافیو بەرواری کاتی دیاریکراو بۆ ئەنجامدانی تاوانەکەو دروستکردنی سەربازگەو ئۆردوگای زۆرەملێ. واتە بەپلانو بەرنامە ئەنجامدراوە.

جینۆساید بەپێی بڕیارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان: لە ساڵی ١٩٤٨ لە مادەی (١٠)ی بەیاننامەکەدا بە مانای هەر یەکێک لەم کردەوەو پرۆسانەی خوارەوە دێت کە بە ئەنقەستو مەبەستەوە ئەنجامدرابێت بۆ لەناوبردنی هەموو یان بەشێکی گروپێکی نەتەوەیی، ئەتنیکی، ئاینی، رەگەزی:

١. کوشتنی ئەندامانی گروپەکە.

٢. گەیاندنی ئازارو زیانی گەورەی جەستەیی یان دەرونی بە ئەندامانی گروپەکە.

٣. بەو مەبەستەی ببێتە هۆی دارمانو تێکدانی فیزیکی ... هەموو یان بەشێکی ئەو گروپە.

٤. سەپاندنی هەندێک رێکار بە مەبەستی رێگەگرتن لە منداڵبوون لە ناو گروپەکەدا.

٥. بەزۆر راگواستنی منداڵانی گروپەکە بۆ لای گروپێکی تر.

ئەم تاوانە پێشێلکردنی تەواوی مافی مرۆڤە، بە تایبەتی زۆر ترسناکە لە دژی ماف یان تێکدەری ئاشتیو ئاسایشی نێو نەتەوەییە، بۆیە بڕیاری ئەوەی لەسەر دراوە کە تاوانێکی دڕندانەیە لەدژی



مرۆڤایەتی، تاوان دژی مرۆڤایەتیش هاوشانی تاوانی جەنگو تاوانی دژی ئاشتی بە تاوانی نێونەتەوەیی دەژمێردرێت. تاوانێکە ئاسایشی جیهانی لەڕووی ئاشتیو ژیانو تەنانەت بارودۆخی دەروونیو کۆمەڵایەتی مرۆڤایەتی دەشێوێنێت. بەشێوەیەک کاریگەرییەکەی تاکو سەدان ساڵ دەمێنێتەوە.

_ وڵاتە بەشدارەکانی بەیاننامەی (١٩٤٨) ئەو مەرجانەیان خستۆتە ئەستۆی خۆیانو پابەندبوونە کە سزا بخەنە سەر نەک هەر تاوانی راستەوخۆی جینۆساید، بەڵکو وەکو لە بەندی (٣)ی پەیماننامەکەدا دەڵێ:

١. جینۆساید

٢. پیلان گێڕان بەمەبەستی جینۆساید.

٣. هاندانی راستەوخۆو ئاشکرا بەمەبەستی جینۆساید.

٤. هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

٥. بەشداریکردن لە جینۆساید.

کەواتە تاوانکاری جینۆساید هەر ئەوەندە نییە راستەوخۆ جینۆساید ئەنجامبدرێ، بەڵکو هەر یەکێک لەو کارانەی بەندی (٣) ی بەیاننامەکە ئەنجامبدرێ ئەوا ئەنجامدەر بەرپرسیارە بەرامبەر تاوانی جینۆساید.

واتە جینۆساید ئەگەر لە یاسای ناوخۆی هەر وڵاتێک قەدەغەکرابێ یان نەکرابێ، مەحاڵە لە بەرپرسیارێتی نێونەتەوەیی دەربازبێت، چونکە ئەو تاوانە بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتانو لەپراکتیکیشدا ئەوەندە سەختو دڕندانەیە لێخۆشبوونی نییە

کەواتە جینۆساید تاوانێکی دڕندانەیە لەدژی مرۆڤایەتیو پرەنسیپە سەرەکییەکانی یاسای نێودەوڵەتان پێشێل دەکات، هەڕەشە لە ئاشتیو ئاسایشی نێونەتەوەیی دەکات.. ئەو چارەسەرانەش کە لە پەیماننامەی ١٩٤٨دا دانراون لەدژی جینۆساید، تائێستا بە بێهێزی ماونەتەوە، بۆیە پێویستە بنەمای نێونەتەوەیی دیکە بهێنرێتە کایەوە لەدژی جینۆساید. بۆیە تاوانی جینۆساید ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی دەخاتە مەترسیەوە، کەواتە تەنها کردار شەرت نییە لە پرۆسەی جینۆسایدا، بەڵکو بە هەر شێوەو رێگایەک بە پلان بە فکر بە هاندانو هەوڵدانو بەشداریکردن کردەی جینۆسایدە.

٣/ لە تاوانی جینۆسایدا دوو پێکهاتە زۆر گرنگن کە دەبێ لەڕووی مەبەستو ژمارەی قوربانیەوە سەیر بکرێ:

١. مەبەست: ئەم تاوانە جیاوازە لە تاوانی دیکە، چونکە مەبەستی سەرەکی جینۆساید فەوتاندنی بەشێک یا سەرجەمی کۆمەڵە مرۆڤێکە، جا بوونی مەبەستی نەهێشتنی کۆمەڵە مرۆڤێک، چ بەشێکی یان سەرجەمی، خەسڵەتێکی تایبەتی بە جینۆساید دەداو لە تاوانی تری جیادەکاتەوە. کەواتە مەبەستەکە جۆری تاوانەکە دەگۆڕێت هەروەک نیازو بەرنامەی ئامادەکراو بۆ ئەنجامدانی تاوان خودی تاوانەکە دەگۆڕێت. بۆیە مەبەست پێکهاتەیەکی سەرەکی تاوانی جینۆسایدە، بە لەناوبردنی رەگەزی مرۆڤ یان لەناوبردنی بیروڕایەکی سیاسیو ئاینی دیاریکراو. کەواتە مەبەستو نیازی ئەنجامدەری تاوانبار کە یاسا دیاری دەکات، دەبێتە بنەمایەک بۆ دەستنیشانکردنی تاوانەکە، کە جینۆسایدە یان نا، چونکە دەیان کردەو تاوانی کوشتنو لەناوبردن هەن بە جینۆساید هەژمار ناکرێن. بۆ دیارکردنی تاوانی جینۆساید پێویستی بەمەبەستو نیازی لەناوبردنو قڕکردن هەیە جا ئاینو رەگەز یان نەتەوەیەکی جیاواز بێت.

٢. ژمارەی قوربانی: لەبەرئەوەی لە جینۆسایدا

د. مارف عومەر گوڵ، هەمان سەرچاوە. ل ٢٤

مەبەست فەوتاندنە، بۆیە ژمارەی قوربانی لەبەرچاو ناگیرێ، کەواتە هەر بە بوونی پێشنیاز لە فەوتاندنی هەر کۆمەڵە مرۆڤێک بێت. ئیتر مەبەستەکە لەئارادایە، ئەنجامدانی تاوانەکەش مەرج نییە قوربانی زۆری هەبێ، کەمو زۆر گرنگ نییەو لەبەرچاو ناگیرێ بۆ دیاریکردنی تاوانی جینۆسایدو تاوانکارانی.

پەیماننامەی ١٩٤٨ دەربارەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆسایدو سزا خستنە سەر تاوانکارانی، لە بەندی یەکەمیدا ئەوە دیاری دەکات کە وڵاتانی بەشداری ئەو پەیماننامەیە لە سەریانە رێگە لەو تاوانە بگرنو سزا بخەنە سەر تاوانکارانی، چونکە جینۆساید بنەماکانی یاسایی نێودەوڵەتان پێشێل دەکات، ئەوەی زۆر گرنگیشە ئەوەیە کە ئەو پەیماننامەیە لە سەردەمی ئاشتیو جەنگیشدا لە کاردایە، هەروەکو بەندی یەکەمی جەختی لەسەر دەکات. کەواتە تاوانی جینۆساید خۆی نەک هەر لە سەردەمی شەڕدا بەڵکو لە سەردەمی ئاشتیش ئەنجام دەدرێت، ئەمەش لە زانستی یاسای نێودەوڵەتاندا بەگشتی دانی پێدانراوە.

بەندی دووەمی پەیماننامەی ١٩٤٨ مەبەستی تاوانی جینۆساید دیاری دەکاتو دەڵێ (ئەنجامدانی تاوانکارییە بەمەبەستی سەر لەبەر قڕکردن یان قڕکردنی بەشێکی هەر گروپێکی نەتەوەیی، ئەتنیکی، رەگەزی یان ئاینی) کەواتە وەکو (یو، ئە، ریشتیتەڤ) دەڵێ: ئەگەر ئەو مەبەستە لەئارادا نەبێ، ئەوا ئەو کردەوەیە خەسڵەتی جینۆسایدی نییە، ئەگەرچی تاوانەکە لەو تاوانانەش بچێت کە لە بەندی دووەمی پەیماننامەی ١٩٤٨دا ژمێردراون، چونکە (جینۆساید، وەکو تاوانێکی یاسایی بەهۆی مەبەستەکەیەوە جیاوازە لە تاوانی دیکەی کوشتن). لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت دەبێ مەبەستی قڕکردنی سەرجەمی یا بەشێکی کۆمەڵە مرۆڤێک هەبێ بۆ ئەوەی بتوانرێت جینۆساید لە تاوانی دیکە جیا بکرێتەوە

**باسی دووەم: چوارچێوەی تیۆری جینۆساید**

تەوەری یەکەم: مێژووی جینۆساید

١- تیۆرەکانی جینۆساید

٢-جۆرەکانی جینۆساید

تەوەری یەکەم: مێژووی جینۆساید

ئەم تەوەرەیە تیشک دەخاتە سەر مێژووی جینۆسایدو تیۆرەکانی جینۆسایدو جۆرەکانی جینۆساید: جینۆساید سەربوردەیەکی مێژوویی هەیە، بەر لەوەی لە فەرهەنگی نوێو یاسای نێودەوڵەتاندا هەبێت، وەک تاوانێکی مۆدێرنو پێناسەکراو لە یاسای نێودەڵەتی، پشت بەستوو بە بەکارهێنانی جۆرەها چەکو پێداویستیەکانی قڕکردن.

لە سەردەمانی کۆن بە شێوازو جۆری جیاواز گەلو میللەتو ئاینو ئیتنیکی جیاواز جینۆساید کراوەو لەناوبراون. کەواتە جینۆساید بەپێی پێشکەوتنو بەرەو پێشچوونی ژیانی مرۆڤ، گەشەی کردووەو پێشکەوتووە کە بەپێی پێشکەوتنە مادیو تەکنەلۆجیەکان هەروەک داهێنانی نوێ بواری کوشتنو قڕکردنی مرۆڤ. هەر سەردەمێک بە شێوازو تەکنیکی خۆی جینۆساید بەکارهاتووەو کردەوە تاوانکارییەکان ئەنجامدراون، بۆیە لێرەدا سەربوردەیەکی مێژوویی دەخەینەڕوو بۆ ناسینی مێژووی جینۆساید.

١- لە ساڵی ٦١٢ پ.زدا بابلیەکان قەسابخانەیەکی کۆمەڵکوژیان بۆ ئاشورییەکان نایەوەو وەحشیگەرانە زۆربەیان قڕکردو رەشکردەوەو (نەینەوا)یان تەواو خاپورو وێران کرد. تەنانەت کاتێک کە (گەزەنەفون)ی سەرکردەی سەربازی یۆنانی نزیکەی (٤٢٧-٣٣٥) پ.ز لەدوای دووسەد ساڵ بە خۆیو دەهەزار سەربازەوە بەپێش پاشماوەو شوێنەواری نەینەوادا تێپەڕبوو، بۆی ساغ نەبۆتەوە کە رۆژێک لە رۆژان شارێکی ئاوەدان بوبێت . هەروەها لە ساڵی ٥٦٨ پ.ز. نەبو خوزنەسری مەلیکی بابلیەکان شانشینی ئیسرائیلیەکانی تەفرو توناکرد لە فەلەستینو ژمارەیەکیشی دیل کردنو دووری خستنەوە بۆ شاری ئور .

٢- لە ١٢٥٨/٢/١٠ زایین، مەغۆلو تەتەر بە سەرکردایەتی هۆلاکۆ، ڕوویان لە بەغدا کردو لە ماوەی چل رۆژدا، قەتڵوعامو کوشتارێکیان نایەوە، ژنو منداڵو پەککەوتەو دیلیشی گرتەوە، لەلای ئەوان ئەوەی شەڕی دەکردو ئەوەشی تەسلیم دەبوو، فەرقێکی نەبوو سەری دەبڕدرا، بەو رەنگە لەو ماوە کەمەدا تەنها لە شاری بەغدا هەشتا هەزار کەس ئیبادەکران .

٣- لە ساڵی ١٤٩٢ زاینیدا دوای ئەوەی کیشوەری ئەمریکا دۆزرایەوە، خاوەنی شەرعی ئەم کیشوەرە هینیدیە سورەکان بوون، کە ژمارەیان چەندین میلۆن کەس دەبوو، دوای کۆچکردنی گەلانی ئەوروپا بەرەو ئەوێ، ئەوان بوون بە بێگانەو ئێستا دوای چەندین سەدە پێویستە ساڵانە زیادبکەن کەچی ژمارەیان لە چەند سەد هەزارێک تێناپەڕێت، چۆن وایە، ئەگەر بەشێوازی جیاواز، ئیبادە نەکرابن.

٤- یەکەم رۆژانی ئابی ساڵی ١٩١٤ کە شەری یەکەمی جیهانی تێدا بەرپاکرا، کۆمەڵێک کاری جینۆساید دەرهەق بە چەندین گروپی جیاجیا ئەنجامدرانو ملیۆنەها کەس تیاچوون.

لە ١٩١٥/٤/٢٢ دا لە کاتی شەڕی جیهانی یەکەم، ئەڵمانەکان گازی ژەهراوی (کلۆریان) لە دژی فەرەنسیەکان بەکارهێنا، لەدوای ئەوانیشەوە ئینگلیزەکان لە ١٩١٥/٩/٢٥ یەکەم هێرشی گازییان کرد .

٥- هەروەها قڕکردنی بێ ئەندازەی ئەرمەنەکان بە دەستی تورکە عوسمانیەکان بۆ نمونە لە ساڵانی ١٨٩٤-١٨٩٥ سەربازو جەندرمەو چەتەکانی عوسمانی کەوتنە گیانی گەورەو بچوکو ژنو پیاوی ئەرمەنەکان، (١٥٩) گوندیان وێران کرد لە ناوچەی ساسۆنو شوێنانی تر، (١٣) هەزار کەسیشیان کوشت، تەنها لە شاری دیاربەکر (٥٠) ئافرەتیان ئەتک کرد، سەرەڕای ئەمانەش ماڵو سامانیان بەتاڵان بردن، لەم کوشتنو بڕینەدا زیاترلە پەنجا هەزار منداڵ هەتیوو بوون، لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیشەوە ئەرمەنەکان جارێکیتریش کەوتنەوە بەر شاڵاوی عوسمانیەکان، بەهاری ساڵی ١٩١٥ بۆ ماوەی ساڵێک قڕکردن بەردەوام بوو کە وەک ئاژەڵ بە دەستی چەند قەسابێک سەری بڕیون، کە هەر یەکەی رۆژی لیرەیەکی عوسمانی دادەنێ بۆ سەربرینی ئەرمەنەکان. ئاکادیمی (ڤ.تارلێ)، زیانی ئەرمەنەکان وا دەخەملێنێ کە ١٨٢ هەزاریان بۆ روسیا هەڵهاتوون، (٤٢٠٠) کەسیش رایانکردۆتە میسر، نزیکەی یەک ملیۆنیش کوژراون، ئەم کوشتو بڕەی ئەرمەنەکان تاکو ساڵی ١٩٢٣ خایاندووە

٦ □١٩٣٦-١٩٣٩) فرانکۆی دیکتاتۆری ئەو وڵاتە، بووە هۆی لەناوبردنی سەدان هەزار کەس، بەتایبەتی لە شارەدێی (جێرنیکا) کە بووە سەرچاوەی ئیلهامی پاپلۆ پیکاسۆ، لە تابلۆ بەناوبانگەکەیدا

٧- لە ساڵی ١٩٣٣یشدا حکومڕانێتی ئەوسای

د. مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر رۆشنایی یاسا نێودەوڵەتیەکان. ل. ٢٢

هەژار عەزیز سورمێ، کوردو جینۆسایدو ئیبادەکردن. هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی. ل ٣١-٣٢

یوسف دزەیی، ئەنفال کارەسات، ئەنجامو رەهەندەکانی. چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ل ٥٢

هەژار عەزیز سورمێ، سەرچاوەی پێشوو. ل. ٣٢

عێراق لە ناوچەی (سمێڵ)ی سەر بە پارێزگای دهۆکی ئێستا زیاتر لە چوار هەزار کەسی ئاشورییەکانی ئیبادەکرد .

٨- لە سیەکانی ئەم سەدەیەدا فاشیەکانی ئیتاڵیا زیاتر لە هەشتا هەزار کەس لە دانیشتوانی لیبیایان راگوێزایەوە ئۆردوگا کە پێیاندەگوت (ئۆردوگای مردن) ئەم راگواستنە بەمەبەستی سوپایی بوو . لە ١٩٣٩ تا ١٩٤٥ ماوەی شەڕی دووەمی جیهانی بوو، هەژدە ملیۆن لە خەڵکی مەدەنی ئیبادەکران، لەوانە نزیکەی (٧٠٠٠, ٠٠٠) ملیۆن جولەکەو بە ملیۆنەها رووسیو پۆلۆنیو بە سەدان هەزار فەرەنسیو هۆڵەندی، لە شەڕی دووەمی جیهانیدا قڕکردنی هەرە گەورەی میللەتان لەلایەن ئەوانەوە پیادەکراوە، نزیکەی (٥٠٠) سەربازگەی لەناوبردنی مرۆڤیان دروستکردبوو، کە خەڵکی مەدەنی یوگسلافی و...هتد

٩- سەبارەت بە نازیەکانیش لە ماوەی دەسەڵاتیاندا هەزاران بێتاوانی تێدا قڕدەکرا. یەکێ لەو سەربازگانە ناوی (ئۆشڤیتز) بوو، فەرماندەکەی تاکو ١٩٤٣/١٢/١ خەڵکی تێدا قڕکردووە. لە دادگای کردنیدا لە دادگای (نۆرمبێرگ)، ئاشکرای کرد لە حوزەیرانی ١٩٤١ فەرمانی قڕکردنی بەکۆمەڵی داوە بە گازی ژەهراوی کە لە ماوەی سێ بۆ دە خولەکدا دوو هەزار کەسی دەکوشت لەو دیلانەی کە گیرابوون، پاش ئەوە پزیشکی تایبەت دەیپشکنین، ئەگەر توانای کارکردنیان نەبوایە ئەوا یەکسەر بۆ ئەم سەربازگەیانەیان دەناردن بۆ لەناوبردن، فەرماندەی سەربازگەی ناوبراو نزیکەی دوو ملیۆنو نیو مرۆڤی لەناوبردووەو نزیکەی نیو ملیۆنیش بە نەخۆشیو لەبرسان مردون .

١٠- لە ساڵی ١٩٤٨دا ئیسرائیل لە (دێر ياسین)دا قەسابخانەیەکی نایەوەو (٢٥٢) کەس لەناوبران، هەروەها لە ساڵی ١٩٧٩دا لە کۆماری ئەفریقای ناوەڕاست (بۆکاسای) دیکتاتۆر، سەرپەرشتی کوشتنو خنکاندنی بەکۆمەڵی نزیکەی سەد منداڵی کرد . (رادۆڤان کارازیچ) بەناوی (پاکسازی رەگەزایەتی)یەوە ئیبادەو قەتڵوعامێکی بەرفراوانو کەم وێنەی بەرامبەر بە گەلی ئاشتیخوازی بۆسنە ئەنجامدا، بەتایبەتی لەشاری (سربرینتسیا) کە چل هەزار مرۆڤی تێیدا رەش کرایەوە. هەروەها ئەو قەتڵوعامەی بەرامبەر بە موسڵمانانی بۆرما لە ولایەتی (ئاراکان) لەوڵاتی میانمار لەلایەن بوزییەکانەوە دەکرێتە سەر موسڵمانەکانو لەناودەبرێنو دەسوتێنرێنو دەکوژرێنو چەندین نموونەی تر.

یەکەم: تیۆرەکانی روودانی جینۆساید

**١. تیۆری پیاوە شەیتانەکە:**

هەندێک پێیانوایە بۆ روودانی هەر کردەیەکی جینۆساید، دەبێ کاراکتەرێکی شەیتانی بێبەزەییو توندوتیژ ئامادەبێت وەکو: (هیتلەر، سەدام حسێن، سۆهارتۆ). ئەم روانینە روداني جینۆساید بۆ شەڕەنگێزی کەسێتی سەرکردە دەگێڕێتەوە، هەرچەندە وەک سەرچاوەی بڕیاردان زۆر گرنگە، بەڵام ئەم تیۆرە ناتوانێ پاساوی چەندین جۆری جینۆسایدی تر بکات، کە سەرکردە کارەکتەری سەرەکی نییە، وەکو جینۆسایدی سپی دژی دانیشتوانی رەسەنی ئەمریکاو ئوسترالیاو نیوزلەندا. پاشان سەرکردە خۆی ئەنجامە نەک هۆکار، واتە کۆمەڵگەکان پێشتر لەبارو دروستبوون بۆیە ئەو جۆرە سەرکردانەش دەرکەوتن. کەواتە سەرکردە بەجۆرێک بە رابەرو داهێنەرو بەرێوەبەر





سەیردەکرێت، بۆیە بۆ ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید کە تاوانێکی دڕندانەیەو دوورە لەهەموو بەهایەکی مرڤایەتی، پێویستی بە ئامادەبوونی سەرکردەیەکە تەواو بیرو فکرو رەوشتی شەیتانیو شەرەنگێزو دیکتاتۆر بێت.

**٢. تیۆری دەست بەسەردا گرتنی خاک:**

ئەم تیۆرە دەکرێت ئەو جینۆسایدانەی لە ئەمریکاو جیهانی نوێ رویانداوە روون بکاتەوە، بەڵام ناکرێت بکرێتە بنەڕەتی تێگەیشتن لە زۆر جینۆسایدی تر وەک (هۆمۆسێکسواڵو قەرەجو جولەکەکان)، هەروەک سەیری ئاینو گەلو رەگەزێک دەکات وەک مەترسی بۆ سەر خاکەکەیو نیشتمانێکی دیاریکراو، کەواتە دەست بەسەراگرتنی خاک یان دەرکردن خاکو نیشتمانی خۆت وەک راگواستنی کورد لە گوندو لادێیەکان لە پرۆسەی ئەنفالدا، یاخوود دەرکردنو ڕاوەدوونانی گەلانی موسڵمانی میانمار بۆ وڵاتی بەنگلادیش.

**٣. تیۆری پەرەسەندنی نوێ:**

وەکو دۆزینەوەی دارستانو کێلگەی نوێ کە دانیشتوانە رەسەنەکان بەم هۆیەوە ڕوبەرووی قەڵاچۆو ئاوارەی بوون، وەکو ئەوەی لە کۆڵۆمبیا لە ساڵی ٢٠٠٥ رویدا کە سێ هەزار خەڵکی ئەفرۆ کۆڵۆمبیای کوژارنو نزیکەی سێ سەد هەزار ئاوارە بوون، بەهۆی ئەوەی شوێنی ژیانیان کرایە کێڵگەو کان، بەهەمان شێوە ئەم تیۆرەش هەموو جۆرەکانی جینۆساید روون ناکاتەوە.

**٤. ویستی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی تەواو یۆتۆپیی**

ئەم ویستە دەیەوێت کۆمەڵگەیەکی تەواو پاک دروست بکات، بۆ ئەمەش پێویستی بە پاکتاوکردنو پاڵاوتن هەیە، ئەم تیۆرە دەکرێت بکرێتە بناغەی هەندێک لە جینۆسایدە دیارەکانی وەکو نازی، بەعسی، کەمالیزم، ستالینیزمو جینۆسایدی کەمبۆدیا.

هەندێ کات زیاد لە تیۆرێک پێویستە بۆ لێکدانەوەی کەیسێکی تایبەتی جینۆساید، چونکە دەکرێت سەرکردەیەکی شەرانگێز ئامادەبێتو بیەوێ کۆمەڵگایەکی تەواو یۆتۆپی دروست بکاتو زەویش داگیربکات، پاشان هەوڵی دروستکردنی کانو کێڵگەکانیش بداتو بۆ تێگەیشتنی کەیسێکی وا هەموو تیۆرەکان پێویستە بۆ لێکدانەوەی کەواتە خەونو خەیاڵی دروستکردنی کومەڵگایەکی نموونەییو خەیاڵی لە هۆشو بیری سەرکردەو دەوڵەتدان کە هەر شتێک ببێتە ڕێگر لەبەردەمیدا لەناویدەباتو قڕی دەکات، وەکو چارەسەرێک بۆ دروستکردنی کۆمەڵکایەکی خەیاڵی بەپێی خواستو ئارەزوەکانی خۆی.

**دووەم: جۆرەکانی جینۆساید**

١. **قڕکردنی فیزیکی جەستەیی:** بریتیە لە دەستدرێژی کردنە سەر تەندروستیو سەلامەتی ژیان، قڕکردنی جەستەییو نەهێشتن، جا ئەو لەناوبردنو کوشتنە چ لەسێدارەدان یاخود زیندەبەچاڵکردنو گوللەباران کردن یا هەر جۆرێکی تر بێت یا سەرنگوم کردنو ئیعدام کردن، هەروەها لەرێیی هێرشی سەربازیو بەکارهێنانی چەکی کیمیاوییو ژەهرو فسفۆر، نمونەش بۆ ئەم قڕکردنە لە هەرێمی کوردستاندا کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجەیە لە ساڵی ١٩٨٨. ئەنجامەکەشی لەناوبردنو کوشتنی (٥٠٠٠) مرۆڤی بێتاوان لەکاتێکی کەمداو ئاوارەکردنی چەند هەزار کەس لە منداڵو ئافرەتو پیاو .

**٢. قڕکردن (جینۆساید)ی بیۆلۆژی (بایەلۆجی):** ئەنجامدەرانی ئەم جۆرە قڕکردنە تەگەرە دەخەنە بەر ڕێگای گەشەسەندنو زیادبوونی نەتەوەیەک یا کۆمەڵە خەڵکێک، بەهۆی نەزۆککردنو لەباربردنی منداڵو خەساندنی پیاوان . یاخود لە ڕێگەی دابڕینی پیاوان لە ژنان ، دابەش کردنی ئەندامانی خێزان بۆ ماوەیەکی درێژ لە یەکتری، کە مەرامو نیازی فەوتاندنی وەچەی داهاتوی ئەو نەتەوەیە یان کۆمەڵەیە، هەروەکو ئەو ڕەشبگیریو لەناوبردنەی دەرهەق بە نێرینەی بەرزانیەکان کرا لە تەموزو ئابی ساڵی ١٩٨٣دا، ئەویش بە دەستگیرکردنی هەرچی نێرینەی هەبوو لە کۆمەڵگە زۆرەملێکانی: قوشتەپە، بەحرکە، هەریر، کە ژمارەیان دەگەیشتە هەشت هەزار کەسو ئەنفالکرانو لەناوبرانو هیچ سۆراغێکیان نەما، هەروەها نمونەی تریش لە هەرێمی کوردستان ئەو ڕەفتارانەیە کە کاربەدەستانی ڕژێم ئەنجامیاندەدا بەرامبەر بە دەستگیرکراوانی شاڵاوەکانی ئەنفال لە ژنو مناڵو پیرو گەنج، وەکو دابڕانی ژنان لە پیاوەکانیانو منداڵان، هەروەها دابەشکردنی بەسەر وڵاتە عەرەبیە دراوسێکاندا.

قڕکردنی بایۆلۆجی، هەندێکجار بە بەربەستکردنی کۆمەڵێک مرۆڤ لە پێشکەوتنو زیادبوون لەژێر بیانووی جۆراوجۆر ئەنجامدەدرێ، وەک ئەوەی نازییەکانی ئەڵمانیا لە جەنگی دووەمی جیهانی دژی توخمی جولەکەو قەرەجەکان پیادەیان کرد بەمەبەستی سڕینەوەیان، لەژێر دروشمی پاراستنو سەروەری توخمی ئاری. هەروەها سربەکانیش لە هێرزەگۆڤینیاو هەرێمی کۆسۆڤۆ ئەم جۆرە قڕکردنەیان پیادە دەکرد لە ڕێگای دەستدرێژی کردنە سەر ئافرەتەکانو بە زۆر سکپڕکردنیان بۆ هێنانەکایەی نەوەیەکی سربی .

**٣. جینۆسایدی کلتوری**: وەک قەدەغەکردنی زمانو ڕۆشنبیری شێواندنی مێژوو، فەوتاندنی تایبەتمەندی نەتەوەییو نەهێشتنی یەکێتی هاوبەشی نێوان خەڵک، هەروەها وێرانکردنی شوێنەوارە دێرینەکان وەکو ڕوخاندنی پەیکەرو ئەشکەوتو مۆزەخانەو گەڕەکو گەرماوو بازاڕو مزگەوتو کڵێسەو هەموو شوێنەوارێ کە پاشماوەی کۆن یان نوێ بێت بەرهەمی ژیانی ئەو خە ڵکە بێت . لەگەڵ ئەمەشدا لەناوبردنی زمانو زاراوەیی جیاوازی ناوچەکانو کانیاوو کارێزو تەنانەت ناونانی منداڵو جلوبەرگو گۆرانی. وەک ئەوەی لە ساڵانی کۆتایی حەفتاکانی سەدەی بیست پرۆگرامو بەرنامەی خوێندن لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان کران بە زمانی عەرەبیو ناوی زۆر لە قوتابخانەکان ناوی عەرەبیان لێنرا وەک لە شاری کەرکوک قوتابخانەی پیرەمێردی سەرەتایی کرا بە (البکر)، (کوردستانی ئامادەیی کرا بە (عبدالملک بن مروان). هەندێکیش هەڵوەشێنرایەوە وەک بابەگورگوڕو شۆڕش سەبارەت بە کتێبخانەکانیش (ئاسۆ) کرا بە (الگلیعە)و (هەندرێن) کرا بە (التامیم ) )ژیانی مرۆڤی دوایی ئەنفالی کورد بەتەواوی گۆڕا لەڕووی کلتورو زمانو تەنانەت بارودۆخی کۆمەڵایەتی ژیانی خێزانی تێکەڵ بە ئۆردوگا زۆرەملێکان کران، جیاوازی ناوچەی کلتوری کەمکرایەوەو بە تەواوی گۆڕا، کەواتە جینۆسایدی کلتوری بە مانای ئەنترۆپۆلۆژی، تەواوی ژیانی مرۆڤەکان بگۆڕی لەڕووی کۆمەڵایەتیو دەروونیو جوگرافیو مێژوییو تەواوی بنەماکانی ژیان.

**٤. جینۆسایدی ئابوری:** ئەمە دەکرێ پێی بوترێ

دارای محامی، نەهامەتیەکانی کورد، تاوانی شەڕ پێشێلکاری مافی مرۆڤ یان جینۆساید، گۆڤاری عەرعەر ژ. ٤ ساڵی چوارەم / ٢٠٠٩ ل. ٢٠٦ - ٢٠٧.

یوسف دزەیی، ئەنفال کارەسات، ئەنجامو ڕەهەندەکانی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ل ٤٤

عبدالوهاب حمد، الاجرام الدولی، مگبوعات جامعە الکویت، گ ١، ١٩٧٨، ص ٢٣٨



(وێرانکردنی ئابوری)

واتە وێرانکردنی سامانو سروشتو بەروبومی ناوچەکان، تاڵانو فەرهودکردنی ماڵو سامانی خەڵکی. هەر لە شتومەکی ناوماڵو قاپیو پەنچەرەو تا مەڕو ماڵاتو کەرەستەکانی ژیان، هەروەها گەمارۆی ئابوری بە مەبەستی برسیکردنی خەڵک، ئەمانە هەمویان دەبنە هۆی فەوتاندنێکی لەسەرخۆی مرۆڤ، جگەلەوەی ڕێژەی مردن بەهۆی نەبوونی خۆراکی پێویستو داوودەرمانو زیادبوونی نەخۆشیەوە زیاد دەکات.

بەکارهێنانی چەکی کیمیاویو گازی ژەهراوی سەرباری ئەوەی قڕ دەخاتە مرۆڤو هەموو زیندەوەرێک، دەبێتە هۆی مردنی ئابوری سەراپاگیری، جا وێرانکردنی ناوچەکانو وێرانکردنی ئابوری، هەردووکیان تاوانێکی دیکەیان لێ بە ئەنجام دێ ئەویش تاوانی (ئیکۆساید) واتە وێرانکردنی ئیکۆلۆژیا کە ئەنجامەکەی بە جینۆسایدی گشتی دەشکێتەوە، ئەویش بە وێرانکردنو لەوتاندنی ژینگە ناسراوە .هەروەها دانانی کەسانی جینۆسایدکراو لەژێر باری برسێتیو بێکاری لەزیندانو ئۆردوگا زۆرە ملێیەکاندا، لە کوردستاندا ڕژێمی عێراق قڕکردنی ئابوری پیادەکردووە، لە ساڵی ١٩٧٥ بە زەقیو بەتایبەتی لەنیوەی دووەمی هەشتاکاندا.

گەمارۆی ئابوری ڕۆلێکی گرنگی گێڕا لە کزبوونو کەمبوونەوەی پیشەی سەرەکی خەڵکی کوردستان کە ئەویش کشتوکاڵە، حکومەتی عێراق بۆ هێنانەدی ئەم مەبەستەی چەندین بڕیاری ڕەسمی دەرکردووە، بۆ نمونە بڕیاری ژمارە (٤٠٠٨/٢٨) لە ١٩٨٧ /٦/٢٠ بڕگەی سێیەم کە لە سکرتاریەتی ڕێکخراوی باکوری حزبی بەعس دەرچووەو دەڵێ (هاتۆچۆکردن بۆ ناوچە قەدەغە کراوەکان، ئاژەڵداری، کشتوکاڵو هەر کارێکی تری بەرهەمهێنان قەدەغەیە، لەسەر دەزگا پەیوەندیدارەکانیش پێویستە بەوردی پەیڕەوی ئەم بڕیارە بکەن ئەگەرنا بەرپرسیار دەبن).

ڕژێمی عێراق جینۆسایدی ئابوری دەرهەق بە نەتەوەی کورد، بە چەند ڕێگایەک پیادەدەکرد لەوانە:

١. سەپاندنی گەمارۆی ئابوری بەسەر کوردستان بەگشتیو ناوچە ئازادکراوەکان بەتایبەتی.

٢. مینرێژکردنی زۆربەی زەوییە کشتوکاڵیەکان بەتایبەتی لە ناوچە شاخاویەکان، بەپێی ئامارێک چواردە ملیۆن مین لە کوردستان چێنراون کە (٧٦٢) گوندی لە هاونیشتیمانیان قەدەغە کردووە، قوربانیانی کارەساتی مین لە کوردستان لە سەرەتای هەشتاکانەوە تاوەکو ئێستا بە یازدە هەزار قوربانی دانراوە.

ڕێکخراوی (MAG) بەریتانی کە لە ساڵی ١٩٩١ لە کوردستان کاردەکات بۆ تەقاندنەوەو هەڵگرتنەوەی مین،

ژمارەی کوژراوو بریندای کارەساتی مین بە (٧٨٣٨) کەس دادەنێ کە (٢٠٦١) منداڵی تێدایە .

٣. کوێرکردنەوەو کۆنکرێت کردنی زۆربەی بیرو

یوسف دزەیی، ئەنفال کارەسات، ئەنجام رەهەندەکانی، ساڵی ٢٠٠٢، ل ٤٤

مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد، ل ٢٠.

محمد الهماوندی، قراە قانونیە لفکرە الحکم الزاتی و تگبیقها فی کردستان العراق، مجلە (دراسات کردیە)، العدد (٣-٧) باریس، ١٩٩٢، ص٢٨.

مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای نیودەوڵەتی، چاپی چوارەم، هەولێر ٢٠٠٧، ل ٢١، چاپ ئاراس.

(٥٠) احمد الموسوی، چحایا الالغام و حقوق الانسان، المجلە العراقیە لحقوق الانسان.

احمدالموسوی، چحایا الالغام و حقوق الانسان، المجلە العراقیە لحقوق الانسان، سوریا، العدد (١)، ٢٠٠٠، ص ٧٥-٧٦.

کانیاوەکان کە سەرچاوەی ئاوی ناوچەکان بوون، هەروەها ژەهراوی کردنی سەرچاوەکانی تری ئاو .

٤. سوتاندنو بڕینەوەی زۆربەی دارە بەردارەکانو زەوییە کشتوکاڵیەکانی کوردستانو سوتاندنی خاکەکەی بە گازی ژەهراوی.

٥. راپێچکردنی زۆربەی جوتیاران بۆ ریزەکانی سوپاو سوپای میللیو جاشیەتی، بەتایبەتی لە کاتی شەڕی عێراق لەگەڵ ئێرانو داگیر کردنی کوەیت .

٥. جینۆسایدی یاسایی: لەم جۆرە قرکرِدنەدا، یاسا دەبێتە ئامرازێک بەدەست دەسەڵاتدارانەوە بۆ بەکارهێنانی لەپێناوی قڕکردن، چونکە ئەو ئەنجومەنەی بڕیاری قڕکردنی بەدەستە، هەر ئەویشە بڕیاری دانانی یاساو گۆرینیشی لە دەسەڵات دایە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر خۆشی سیاسەتی دەوڵەتو ئاسایشی نەتەوەیی دادەرێژێت، کەواتە یاسا هیچ رۆڵێکی پراکتیکی نابینێت . هەروەک سەرۆکی حکومەتی عێراق لە ساڵانی هەشتاکاندا لە کەناڵەکانی راگەیاندن دەیگوت (یاسا لە دەست خۆمانە، چۆنمان بوێت وای دەگونجێنین). دەکرێ قڕکردنی یاسایی بە سەرچاوەی هەموو جۆرەکانی تر دابنرێت، چونکە کاتێک کە یاسا دادەرێژیت، دەسەڵاتداران تەنها بەرژەوەندیو خواستی خۆیان دێننە بەرچاوو هیچ جۆرە دانپیانانێکی یاسایی ناگونجێنن بۆ کەمایەتیەکانی تر، ئەمەش وا دەکات بێتە پاساودانێک بۆ ئەوەی بەگوێرەی ویستی خۆیان یاری بە یاسا بکەن. بۆ نموونە ئەگەر سەیری دەستوری کاتی عێراق کە بە یاسای ژمارە (٧٩٢)ی ساڵی ١٩٧٠ دەرچووە بکەین، دەبینین ئاراستەکەری سیاسەتی حکومەتە بۆ قڕکردنو لەناوبردنی گەلی کورد، چونکە لە بەندی یەکەمی ئەم دەستورە بە ئاشکرا دیارە کورد لە پێکهاتەی گەلی عێراقدا نییەو تورکمانو ئاشوریو کلدانیش هیچ حیسابێکیان بۆ نەکراوە. لەم بەندەدا هاتووە (عێراق کۆمارێکی دیموکراسی میللی خاوەن سەروەرییە، ئامانجە بنەڕەتیەکەی هێنانەدی دەوڵەتێکی عەرەبی یەکگرتوو دامەزراندنی رژێمی سۆسیالیستییە). ئەگەرچی لە بەندی پێنجەم بڕگەی (ب)دا باسی ئەوە دەکات کە گەلی عێراق لە کوردو عەرەب پێکهاتووە، بەڵام لە سیاسەتدا رژێم هەرگیز رەچاوی مافـو رۆڵی کوردی لە عێراق نەکردووە، چونکە لە هەمان دەستوورو مادەدا لە برگەی (ا) هاتووە (عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب)، کەواتە کوردو کەمایەتیەکانی تری عێراق دەبنە بەشێک لە نەتەوەی عەرەب . بۆیە ئەم بەندە هەموو بەندەکانی تر پوچەڵ دەکاتەوەو جارێکی تر هەوڵی تواندنەوەی گەلی کورد دەدات لەناو نەتەوەی عەرەبدا، هەروەها نمونەی تریش لە یاسای عێراقدا بۆ قڕکردن، یاسای ژمارە (٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥ە، کە تایبەتە بە کشتوکاڵ لە بەندی یەکەمی ئەم یاسایەدا هاتووە (تەنها لەسەر ئەو زەوییە کشتوکاڵیانە جێبەجێ دەکرێت کە لە سنوری ناوچەی کوردستانی (ئۆتۆنۆمی)دان) . ئەم یاسایە ئامانجی رووتکردنەوەو بێبەشکردنی جوتیاری کورد بوو لە زەویو زاری بابو باپیرانی لەلایەک، لەلایەکی تریش بۆ سەرنج راکێشانی جوتیاری کورد بۆ لای خۆی گوایە

یوسف دزەیی، ئەنفال: کارەسات، ئەنجامو رەهەندەکانی، ل ٤٩.
عەباس هەمزە خدر، جینۆساید کارەساتی کورد، گۆڤاری یاساپارێزی، ژ (٤)، هەولێر. ١٩٩٩، ل ٢٣٦.
قانون تحدید الملکیه الزراعیه فی منگقه الحکم الژاتی ١٩٧٥، مدیریه النشر والاعلام فی وزاره الزراعه و الاصلاح الاراچی، بغداد، ص ٦.
قانون تحدید الملکیه الزراعیه فی منگقه الحکم الژاتی ١٩٧٥، مدیریه النشر والاعلام فی وزاره الزراعه و الاصلاح الاراچی، بغداد، ص ٦



خەمخۆری چینی جوتیارانە، ئەمەش بووە هۆی سەرقاڵکردنی جوتیاران بە کۆمەڵە هەرەوەزیە کشتوکاڵیەکان بۆ ئەوەی بیر لە شۆرش نەکەنەوە، هەر بۆیەش یاساکە تەنها لە ناوچەی کوردستان پیادەکرا، هەروەها لە بەندی هەشتەمی هەمان یاسادا هاتووە (سەرجەم ئەم زەویو زارانەی کە هێشتا چارەسەر (تسویە) نەکراونو بڕیاری چەسپاندنی مافی زەوییەکانی لەسەر نەدراوە، بەپێی یاسای چاککردنی کشتوکاڵی بە زەوی میری دەژمێردرێ) . دواتریش بڕیاری ژمارە (١٥٧١) ساڵی ١٩٧٨ دەرچوو کە هەندێک بەندی یاسای ژمارە (٩٠) پوچەڵ کردەوە، ئەم یاسایە ئامانجی سەندنەوەی موڵکیەتی زەوی بوو لە کوردو کردنی بە موڵکی حکومەتی بەعسی عەرەبی. نمونەیەکی تریش بۆ پیادەکردنی قڕکردنی یاسایی، ئەوە بوو لە سەرەتای حەفتاکانەوە بە نەخشەیەکی ورد رەگەزنامەی عێراقی لە (٤٠) هەزار کوردی فەیلی سەندەوەو ئاودیوی سنوری ئێرانی کردن، ئەم ژمارەیە لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٠ خۆی ( ٢١٥) هەزار کەسدا، دەستی بەسەر هەموو ماڵو سامانیشیاندا گرت ئەمانە زۆربەیان بەکاری بازرگانیەوە خەریکبوونو رۆڵێکی بەرچاویشیان هەبوو لە بازاری شۆرجەی شاری بەغدادا . بەپێی یاساکانی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعسی عێراقی کە هەر کارو هەڵسوکەوتێک بەپێچەوانەی پرەنسیپەکانی بەعس بێت بە لادانو سەرپێچی یاساو لادان هەژماردەکرا، قەدەغەکردنی هاتوچۆو دیارکردنی ناوچەی قەدەغەی کراوی جوگرافی (محرمە) بە یاساو بڕیارەکانی بەعس، ئەمە لەکاتێکدا یاساو پرەنسیپەکانی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵ کورد وەک گەلو نەتەوەیەکی سەربەخۆ نەکردبوو لەو سەردەمەدا، بۆیە عێراق وەک دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵ کراوەو شۆڕشەکانی کوردیش وەک قەدەغەکراوو پێچەوانە بە پرەنسیپە نێودەوڵەتیەکان سەیرکراوە، ئەمەش رێگەی خۆشکردووە بۆ رژێمی بەعس بیر لە دانانی یاساو بڕیاری نوێ بکاتەوەو چوارچێوەیەک بۆ لەناوبردنو جینۆسایدی کورد دابنێت.

قانون تحدید الملکیه الزراعیه فی منگقه حکم الژاتی ١٩٧٥، هەمان سەرچاوە، ص ١١.
یوسف دزەیی، هەمان سەرچاوە، ل ٥١.

# هۆڵۆکۆستو جینۆساید و ئەنفال: سێ چەمكو یەك ئامانج



نوسینی: مافناس بەهزاد عەلی ئادەم

وەرگێڕانی: بارام سوبحی

**خوێنەری بەڕێز**، ئەم بابەتە پوختەیەکە لە لێکۆڵینەوەیەکی درێژی مافناس بەهزاد عەلی ئادەم، کە لە کێتیی (ایدولوجیە الانفال و جینوساید کوردستان) لە لاپەڕەکانی (٤٥ - ٧٢) بڵاوکراوەتەوە. ئەو کتێبە لە ساڵی (٢٠١٤) لەلایەن بەڕێوەبەرێتی چاپو بڵاوکردنەوەی دهۆک چاپکراوە.

**پێشەکی**

هۆڵۆکۆستو جینۆساید لەسەر ئاستی جیهان دوو چەمکی ناسراون، یەکەمیان ئاینییەو دووەمیان چەمکێکی قانونیی ئاوێتەیە، هەرچی ئەنفالە چەمکێکی ئاینی ناسراوە بەو پێیەی ناوی هەشتەمین سورەتی قورئانی پیرۆزە، وەلێ لەمیانی بەدواداچونمان لەم لێکۆڵینەوەیەدا مانایەکی تر دەبەخشێت، ئەویش ئەو تاوانەیە کە رژێمی بەعسی شۆڤێنی (پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی لە عێراق) لەژێر ناوی ئەو چەمکەدا لەدژی گەلی کوردی بێتاوان ئەنجامیدا، ئەو تاوانەش لە چاخی ئازادیو مافەکاندا رویدا!

لەم توێژینەوەیەدا بەشێوەیەکی ورد باس لە هەر یەکێک لەو چەمکانە دەکەین، بەبێ باسکردن لە پێشینەی مێژویی یان باسکردنی وردەکاری ئەو ئەنجامانەی لێی کەوتنەوە، هەرچەندە کاتو شوێنەکان جیاوازبن، بەڵام ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە هەروەکو دڕندە دەمێننەوەو ئامانجەکان خاڵی هاوبەشی نێوانیانە، هەرچەندە کاتێکی زۆر بەسەر ئەو تاوانانەدا تێپەڕیبێ، چونکە دەرونی مرۆڤایەتی بە فەرماندەری خراپەکاری دەمێنێتەوە.

لێک نزیککردنەوەو بەراوردکرنی نێوان ئەم سێ چەمکە بۆ خوێنەرانو توێژەرانو پسپۆڕان بەجێدەهێڵم. وەلێ من ئەرخەیانم کە ئەوان بەو ئەنجامە دەگەنو پەسەندیشی دەکەن کە ئەنفال چەمکێکە پێویستە بۆ ئاماژەدانو هێماکردن بۆ تاوانی کۆمەڵکوژیو دژە مرۆییو تاوانی جەنگو جیاکاری رەگەزی بەکاربهێنرێت، هەروەها پێویستە بخرێتە فەرهەنگو ئینسکلۆپیدیا زانستیو قانونییەکانەوە، رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش وەکو تاوانێکی نێودەوڵەتی بڕیاری لێبدەن.



### هۆڵۆکۆست (Holocust)

چەمکێکی گریکی ئاینییە، وەکو سروتێکی ئاینی یان پەرستشێک دەناسرێت کە بۆ نزیکبونەوە لە خودا ئەنجام دەدرێت. بە زمانی عیبری پێیدەوترێت (شەوئات) واتە پێشکەشکردنی قوربانی یان سوتاندنی کە بە مەبەستی نزیکبونەوە لە خوداو لێخۆشبون لە تاوانەکان بەکاردەهێنرێت. واتە لە بنەڕەتدا چەمکێکی ئاینی جولەکەیە.

کۆمەڵکوژی جولەکەکان لە جەنگی جیهانی دوەمدا بە هۆڵۆکۆست ناونرا، بەم شێوەیە هۆڵۆکۆست بووە پێناسە یان ناوێکو بەسەر کۆمەڵکوژی جولەکانو تاوانی نازییەکان لە ئەڵمانیا بەمەبەستی قڕکردنی رەگەزی جولەکە لە ئەوروپادا بڕا.

سەرەتای هەڵمەتی هۆڵۆکۆست لە کانونی دووەمی ساڵی (١٩٣٣) لە ئەڵمانیا دەستییپێکرد، واتە ئەوکاتەی ئەدۆلف هیتلەر بووە راوێژکار (سەرۆک وەزیران)ی ئەڵمانیا. لە یەکی نیسانی ئەو ساڵەدا هەڵمەتی بایکۆتکردنی بەرهەمو کاری جولەکەکان رێکخرا. وەلێ لەڕوی کردارییەوە هەڵمەتی هۆڵۆکۆست لە حوزەیرانی (١٩٤٠) دوای پەلاماردانی یەکێتی سۆڤیەت لەلایەن ئەڵمانیاوە دەستی پێکرد، ئەوەش لەڕێگەی کوشتنی کەسانی بێتاوان بە گولەباران کردن یان لەڕێگەی گازی کیمیاییو گازە کوشندەکانەوە.

ئامانج لە ناونانی تاوانی نازییەکانو دواتر بە هۆڵۆکۆست دانانی سنورێک بوو بۆ ئەو تاوانانە، هەروەها بۆ خەبەرکردنەوەی ویژدانی مرۆڤایەتی بوو، بەڵام بەداخەوە تا رۆژگاری ئەمڕۆمان ئەو جۆرە رووداوانە هەر بەردەوامن.

### جینۆساید (Genocide)

ئەم چەمکە لە ساڵی (١٩٤٤) دەرکەوت، ماناو پێگەیەکی تایبەتی هەیە، کاتێک باسی تاوانی کۆمەڵکوژی دژی خەڵکانی ئاشتیخواز دەکرێت بەر گوێ دەکەوێت.

لە ساڵی (١٩٤٤) پارێزەری پۆڵۆنی جولەکە رافائیل لیمکین (١٩٠٠ - ١٩٥٩) دەستیکرد بە شیکارکردنو توێژینەوەی تاوانی نازییەکان لە دژی جولەکە لە ئەوروپادا وەکو تاوانێکی رێکخراو، ناوی جینۆساید (Genocide)ی بەسەردا دابڕی، ئەو چەمکەش لە دوو بەش پێکهاتووە:

١. (Geno) وشەیەکی یۆنانییە واتە دەستە یان کۆمەڵە.

٢. (Cide) وشەیەکی لاتینیە واتە کوشتن یان کۆمەڵکوژی.

بەم جۆرە پارێزەر لیمکین بووە یەکەم کەس ئەم دوو وشەیەی پێکەوە لکاندو چەمکێکی لێ دروستکرد، یەکەم کەسیش بوو ئەم ناوەی بەسەر تاوانی نازییەکاندا دابڕی. لە هەمانساڵداو بۆ یەکەمجار بەمەبەستی دادگایکردنی سەرکردەکانی سوپای نازی بە تاوانی ئەنجامدانی تاوانو کاری دژە مرۆیی، دادگایەکی سەربازی نێودەوڵەتی لە شاری نۆرنبێرگی ئەڵمانیا پێکهێنرا یان دامەزرێنرا. لەو دادگایەدا بۆ یەکەمجار وشەی جینۆساید (Genocide) وەکو چەمکێکی قانونیو مافناسیو نێودەوڵەتی لە جیهاندا بەکارهێنرا، پاشتر بووە چەمکێکی سیاسی.

دەتوانین بڵێن چەمکی جینۆساید (Genocide) بە دوو قۆناغدا رۆیشتوە:

١. قۆناغی یەکەم (١٩٤٤ - ١٩٤٨): واتە ئەو کاتەی لیمکین ئەم چەمکەی لە ساڵی (١٩٤٤) پێکەوەنا، وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا، هەتا دەرچونی رێککەوتننامەی رێگرتن لە کۆمەڵکوژی مرۆییو سزادانی لە (٩/کانونی دووەمی/١٩٤٨). بەگوێرەی ئەو رێککەوتننامەیە جینۆساید (Genocide) بووە تاوانێکی نێودەوڵەتی.

٢. قۆناغی دووەم (١٩٩١ - ١٩٩٨): دوای پێکهێنانی چەندین دادگای نێودەوڵەتی. لە (١٩٩٨) یەکەم بڕیاری نێودەوڵەتی لەلایەن دادگایەکی نێودەوڵەتی لە رواندا دەرچوو. هەروەها ئەنجومەنی ئاسایش لەبارەی ئەو تاوانانەی لە یۆگسلاڤیای پێشوو رویاندا، بڕیاری ژمارە (٨٣٧) لە (١٩٩٣) دەرکرد.

### ئەنفال (Anfal)

ناوی ئەنفال بەسەر هەڵمەتەکانی کۆمەڵکوژی

کوردان لە عێراقدا دابڕا. ئەنفال هەشتەمین سورەتی قورئانی پیرۆزە.

**بسم الله الرحمن الرحيم (يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَنفَالِ ۖ قُلِ الْأَنفَالُ لِلَّهِ ۆالرَّسُولِ ۖ فَاتَّقُوا اللَّهَ ۆأَصْلِحُوا ژَاتَ بَيْنِكُمْ ۖ ۆأَگِيعُوا اللَّهَ ۆرَسُولَهُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ).**

ئەنفال واتە دەستکەوت یان تالانی. ئەو سورەتە پیرۆزەش باس لە دابەشکردنی دەستکەوت لەنێوان موسڵماناندا لەدوای جەنگی بەدر لە ساڵی دوەمی کۆچیدا دەکات. بەیاننامە سەربازییەکانی سوپای عێراق لە کاتی هەڵمەتەکانی ئەنفالدا ئایەتی یازدەی ئەو سورەتەیان بەکاردەهێنا:

**إِژْ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى الْمَلَائِكَه أَنِّي مَعَكُمْ فَپَبِّتُوا الَّژِينَ ىَٔمَنُوا ۖ سَأُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّژِينَ كَفَرُوا الرُّعْبَ فَاچْرِبُوا فَوْقَ الْأَعْنَاقِ ۆاچْرِبُوا مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ.** ئەنفال (دەستکەوت) ئەم سورەتە (هەشتەم لە قورئانی پیرۆزدا) باس لە سەرکەوتنی موسڵمانان بە سەرکردایەتی پێغەمبەر محەمەد (د.خ) دەکات بەسەر هاوبەشدانەراندا لە ناوچەی بەدر، بەپێی ئەو سورەتە گیانو ماڵی هاوبەشدانەران حەڵاڵ کرا.

بەڵام بەعسو سەدام (سەرۆکی لەسەر کار لابراوی عێراق)و عەلی حەسەن مەجید (وەزیری بەرگری عێراق لەو کاتەدا) ناسراو بە عەلی کیمیاوی، ئەو ناوەیان بڕی بەسەر هەڵمەتەکانی سەرکوتکردنو پاکتاوکردنی نەژادیو بە پەند کردنو بەعەرەبکردنو کۆمەڵکوژی دژی کوردو بۆردومان کردنیان بە چەکی کیمیاوی. ئایا ئەمە بەپێی ئاینی پیرۆزی ئیسلام رێگەپێدراوە کە موسڵمانان کۆمەڵکوژ بکرێنو بە بێباوەڕو هاوبەشدانەر دابنرێن؟ هەروەها ناوی یەکێک لە سورەتەکانی قورئانی پیرۆز بەسەر هەڵمەتی کۆمەڵکوژکردنیاندا داببڕدرێتو ماڵو شتومەکانیان بە دەستکەوتی جەنگ دابنرێت؟ هەروەها ئەو کۆمپانیایەی هۆڕەکانی لە باشوری عێراق وشککرد، هەر ناوی ئەنفالی لێنرا.

بەهەمانشێوەی رژێمی نازی کە قانونی رێکخراوی بەمەبەستی ئەنجامدانی تاوانی دژە مرۆییو تاوانی جەنگ دەرکرد، رژێمی بەعسیش کاتێک بڕیاری داو دەستیکرد بە ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی ئەنفال، هەمان کاری کردو هەمان شێوازی پەیڕەوکرد.

رژێم بەمەبەستی پاساودانو بەخشینی روپۆشێکی شەرعی بە کارە تاوانکارییو هەڵمەتە دژە مرۆییەکانی لە دژی کورد، پێشوەخت هەڵمەتەکانی کۆمەڵکوژی ناونا (ئەنفال)، وەکو ئەوەی کورد موسڵمان نەبنو هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ بێباوەڕاندا نەبێت، وەکو ئەوەی ئێمە لە سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئیسلامدا بژین.

بەمەبەستی هاندانی ئەندامانی سوپاو میلیشیاکانو جەیشی شەعبیو رێکخستنەکانی حیزبی بەعس بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە سامناکە، کە پەڵەیەکی شەرمئاوەرە بە تەویڵی مرۆڤایەتیەوە، گیانو ماڵو شتومەکی حەڵاڵکردو سودی زۆری لە تەکتیکەکانی حیزبی نازی بینی. هەڵمەتەکەی ناونا ئەنفال تاوەکو خەسڵەتێکی شەرعیو رۆپۆشێکی ئاینیو قانونی بە کارە چەپەڵو تاوانکارییەکەی ببەخشێت.

دوای ئەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی لەناوچوو بە واژوی سەدام حسێنی سەرۆکی بڕیاری ژمارە (١٦٠) لە (٢٩/ئازار/١٩٨٧) دەرکرد، عەلی حەسەن مەجیدی راسپاردو دەسەڵاتی رەهای پێبەخشی، بەم کارەش روپۆشی قانونیی بۆ زیادکرد.

دوای روخاندنی رژێم، توێژەران پاش بەداداچونو لێکۆڵینەوە گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە ئەنفال تاوانی قڕکردنی رەگەزی مرۆییە هەروەکو نازییەکان لەپێشتردا ئەنجامیاندا، چونکە جموجۆڵی سەربازی پچڕپچڕ لە دژی کورد، هەڵمەتێک بۆ لەناوبردنو کۆمەڵکوژیو تاوانی دژە مرۆیی هەبوون.

لە پیادەکردنی تاوانەکەدا، سەدام هەمان میکانیزمی نازییەکانی گرتەبەر (کۆکردنەوە، دابەشکردن، کوشتن)، بەتایبەتی دوای دەرچونی بڕیاری ژمارە (١٦٠)، هەروەها ئەو رێنماییانەی بەگوێرەی ئەو بڕیارە دەرکران بە راسپاردنی عەلی حەسەن مەجید (کیمیاوی) بە تەواوی دەسەڵاتە ریزپەڕەکان بۆ ئەنجامدانی تاوانی ئەنفال.

هەروەکو (Raul Hilberg) لە چیرۆکە نەمرەکەیدا لەبارەی هۆڵۆکۆستەوە سەرنجیداوە: بۆ پرۆسەی لەناوبردن نمونەیەکی رەگ داکوتاو هەیە. تەنها یەک رێگە هەیە بەهۆیەوە دەتوانرێ کۆمەڵێکی پەرشو بڵاو بەشێوەیەکی کارا سەرنگون بکرێ. ئەم سێ خاڵەشی لە پرۆسەکەدا بە بنەڕەتی داناوە: دیاریکردن، کۆکردنەوە (یان دەستگیرکردن)، سەرنگون کردن.

ئەمەش ژێرخانی چەسپاوی بناغەی پرۆسەکەیە، چونکە ناتوانرێت کۆمەڵێک بکوژرێت بەبێ کۆکردنەوە یان دەستگیرکردنی قوربانیان، هەروەک ناتوانرێ قوربانییەکان لەیەک جیابکرێنەوە بەر لەوەی تاوانبار بزانێ سەر بە چ گروپێکن.

پرۆسەی قڕکردنی کورد لە (١٩٨٧ – ١٩٨٩) لەگەڵ هەڵمەتی ئەنفال وەکو نێوەندگیرێک بۆی، بە تەواوەتی هاوتای نمونەکەی (Raul Hilberg)ە. بنواڕە کتێبی (میدڵا ئێست وۆچ، جینۆساید لە عێراقداو پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێڕانی جەمال میرزا عەزیز، لاپەڕە ٤٧ بکە).

رژێم لە سەردەمی سەدامدا چەندین هەڵمەتی کۆمەڵکوژی لە دژی کورد ئەنجامدا، هەموویانیشی ناونا ئەنفال. حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە چەندین هەڵمەتی قڕکردنو بە پەندکردنیان دژی کورد ئەنجامداوە. ئەو تاوانانەی لە دژی هاوڵاتیان بە بۆردومانی ئاسمانیو تۆپبارانکردن بە بۆمبی فسفۆریو هێشویی ئەنجام دەدران، لەلایەن پێشمەرگەوە بە کۆکوژی ناودەبران، هەروەکو لە گوندەکانی داکاو سۆریا رویاندا، هەروەها دەیان نمونەی دیکە کە تائێستاش لەبەر چاون.

### هەڵمەتەکانی ئەنفال

پاڵپشت بە بەڵگەنامەکانو بڕیاری ژمارە (١٦٠) کەئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی لەناوچوو لە (١٩٨٧/٣/١٨) بڕیاری لێدا، هەڵمەتەکانی ئەنفال لە مێژوی دەرچونی ئەو بڕیارەوە دەستیانپێکرد، بە کۆتایهاتن یان بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە بە بڕیاری ژمارە (٢٧٢) لە (١٩٨٩/٤/٢٢) کۆتاییانهات.

ئەنفال بۆ زیاتر لە دوو ساڵ بەردەوام بوو، هەموو قۆناغەکانیش هەر بەو ناوەوە ئەنجامدران:

ئەنفالی یەکەم: گەمارۆو ئابڵوقەی سەرگەڵوو بەرگەڵو لە (٢٣/ شوبات هەتا ١٩٨٨/٣/١٩).

ئەنفالی دووەم: قەرەداغ (٢٢/ ئازار هەتا ١/ نیسان/١٩٨٨).

ئەنفالی سێیەم: گەرمیان (٧ هەتا ٢٠/نیسان/ ١٩٨٨).

ئەنفالی چوار: دۆڵی زێی بچووک (٣ هەتا هەشتی مایسی ١٩٨٨).

هەڵمەتەکانی پێنجەمو شەشەمو حەوتەمی ئەنفال: ناوچەی شەقڵاوەو رەواندوز (١٥/ مایس هەتا ٢٨/ئاب/١٩٨٨).

ئەنفالی کۆتایی: بادینان (٢٥/ ئاب هەتا ٦/ ئەیلول/١٩٨٨).

### ئەنفال جینۆسایدە

بەگوێرەی بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، ئەنفال تاوانی (کۆمەڵکوژی، دژە مرۆییو تاوانی جەنگە). ئامانج لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەش پێناسەکردنی قانونیو توێژەرانو چالاکانی مافی مرۆڤو خەمخۆرانی تاوانی ئەنفالە، تاوەکو چەمکی ئەنفال ببێتە چەمکێکی نێودەوڵەتیو ئەکادیمی بۆ وەسفکردنی تاوانە هاوشێوەکانی ئەنفال، هەروەها هاوشان لەگەڵ چەمکەکانی جینۆسایدو هۆڵۆکۆست لە کۆڕبەندە قانونیو مرۆییەکاندا باس بکرێت، کاتێک ئاماژە یان بە تەواوەتی باس لە هۆڵۆکۆست (کۆمەڵکوژی) دەکرێت.

### ئەنفال تاوانی جیاکاری رەگەزییە

لە رێگوزەری روداوەکانەوە ئەوە هەڵدەهێنجین کە ئەوەی بەر لە ئەنفالو لە کاتی ئامادەکارییەکان بۆیو ئەوەشی لە کاتی جێبەجێکردنیدا روویداوە، بە هەموو پێوەرەکان تاوانی جیاکاری رەگەزییە. ئەمەش لە ماددەی دووهەمی رێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ لەناوبردنی تاوانی جیاکاری رەگەزیو سزادانیدا رونکراوەتەوەو بە تاوانی دژە مرۆیی داناوە. بەڵام ئەوەی سەرنجم رادەکێشێ

ئەوەیە نە داواکاری گشتیو نە دادگای لێکۆڵینەوەو نە دادگای تاوانەکان دورو نزیک بەلای ئەم باسەدا نەچوون کە هەڵمەتەکانی ئەنفال تاوانی جیاکاری رەگەزییە.

بەگوێرەی حوکمەکانی رێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ لەناوبردنی تاوانی جیاکاری رەگەزیو سزادانی، دەبینین تەواوی ماددەکان هاوتان لەگەڵ ئەو کارانەی لە دژی گەلی کورد ئەنجامدراون. هەر لە دەرکردنی بڕیارەکانی (١٦٠و ٢٤٤) هەتا رێنماییو نوسراوەکانو ملکەچکردنی هاوڵاتیان بۆ دۆخێکی بژێوی ئەوتۆ کە ئامانج لێی لەناوبردنو زیانگەیاندنی جەستەیی مەترسیدار بوو پێیان.

**بەراوردێک لەنێوان هۆڵۆکۆستو جینۆسایدو ئەنفالدا**

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا بنەڕەتی چەمکی جینۆساید چەمکێکی ئاینییە، لەلایەن جولەکانەوە بەکارهێنراوە، دوای ئەوەی تاوانی دژە مرۆیی لە دژیان ئەنجامدراوە.

هەرچی چەمکی جینۆسایدە چەمکێکی سیاسییە، بۆ یەکەمجار لەلایەن پارێزەری پۆڵۆنی جولەکە رافائیل لیمکین لە ساڵی (١٩٤٤) بەکارهێنراوە، لە هەمانساڵدا بووەتە چەمکێکی قانونی دوای ئەوەی لە دادگای نۆرنبێرگ بەکارهێنرا. ئەوەی هانی لیمکینی دا بەدوای چەمکێکدا بگەڕێ بۆ وەسفکردنی تاوانە دژە مرۆییەکانی نازییەکان (کۆمەڵکوژی)، ئەوەبوو کە لە سەروەختی جەنگی جیهانی دوەمدا سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی بەریتانیا وینستۆن چەرچڵ وتی ئەم تاوانانە وەسف ناکرێنو چەمکێکی قانونیو سیاسی نییە بەسەر ئەم تاوانانەدا ببرڕێت.

وەلێ چەمکی ئەنفال وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا چەمکێکی ئاینییەو مانای دەستکەوت دەگەیەنێت، هەروەها چەمکێکی قانونییە، بەعس بەسەر هەڵمەتە سەربازیو کۆمەڵکوژییەکانو جیاکارییە رەگەزییەکانی دژی کورددا دایبڕی، کە بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (١٦٠)و بەڵگەنامەکانی دیکە ئەنجامیدا، کە روپۆشێکی شەرعیو قانونی بە کردەوەکانی بەخشی.

ئەنفال بە پێچەوانەی دوو چەمکەکەی دیکە، پێشوەخت بۆ ئەو کارانە بەکارهێنرا کە ئەنجامیاندا، واتە پرۆسەیەکی رێکخراو بوو، دەرەنجامی سیاسەتی فەرمی دەوڵەت بوو. بەڵام هۆڵۆکۆست بۆ وەسفکردنی ئەو تاوانانە بوون کە لە دژی جولەکە ئەنجامدران، واتە دوای رودانیان.

هەرچی جینۆسایدە چەمکێکی ئاوێتەیەو پارێزەری جولەکەی پۆڵۆنی رافائیل لیمکین دایهێنا تاوەکو بەسەر تاوانی نازییەکان لە دژی جولەکەدا ببرڕێت، هۆڵۆکۆست دژی جولەکە وەکو ئایین نەک وەکو نەتەوە ئەنجامدرا.

پرۆفایل:

بەهزاد عەلی ئادەم

**چالاکوانی بواری مافی مرۆڤە، لە بوارەکانی سیاسەتو مافدا بە زمانەکانی کوردیو عەرەبی دەنوسێت.**

**لە (١٩٥٥) لە نێروە رێکان لە پارێزگای دهۆک لەدایکبووە.**

**قۆناغەکانی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی لە شاری دهۆک خوێندوە.**

**لە (١٩٧٨) کۆلێژی یاسای تەواوکردوە.**

**لە (١٩٧٨/٧/١٥) بووەتە پارێزەر.**

**لە (١٩٩٢/١٠/١) کراوەتە جێگری پارێزگاری دهۆک.**

**لە (١٩٩٥/١٢/٨) بەرەو ئەورووپا کۆچی کردوە. دواتر گەڕاوەتەوە بۆ کوردستانو لە پۆستی جێگری پارێزگاری دهۆک دەستبەکار بووە. تائێستا لەو پۆستەیدا بەردەوامە.**

**لە چەند رێکخراوێکی تایبەت بە مافی مرۆڤ لە ئەڵمانیا کاری کردوە.**



# تەوەر پانۆرامای ئەنفال

## راپەڕینی (١١ی نیسانی ١٩٨٨) شاری چەمچەماڵ

د. فەرهاد عەبدولعەزیز

## هەڵوێستی دانیشتوانی چەمچەماڵ بەرامبەر ئەنفالی سێ

ئومێد خەتاب وەهاب

## شاڵاوەکانی جینۆسایدی ساڵی (١٩٨٧)و رووداوەکانی بەرکەلۆز

ئا: پشتیوان ئەکبەر حەفتاچەشمەیی

# ڕاپەڕینی (١١ی نیسانی ١٩٨٨) شاری چەمچەماڵ





د. فەرهاد عەبدولعەزیز

لەکاتی هەڵمەتی پرۆسەی ئەنفالدا گەلێ کاری خۆڕسکو بوێرانە لەسەر ئاستی تاکو لەسەر ئاستی کۆمەڵ ڕوویانداوە، چ لەلایەن جاشەکانەوە یان لەلایەن خەڵکی ئاسایی شارو شارۆچکەکانی کوردستانەوە، بەهۆیانەوە ژیانی زۆر کەس سەندراوەتەوەو ڕزگارکراوە. وەک ئەو هەوڵەی لەمانگی مایسی ساڵی ١٩٨٨ لە میانەی ئەنفالی چواردا لە ئاستێکی زۆر بچوکدا لە شارۆچکەی کۆیە ڕوویداوە، بەڵام هیچ کام لەو هەوڵانە بەراورد ناکرێت لەگەڵ ئەو گورزمێ بەدەنگەوە هاتنەی کە دانیشتوانی شاری چەمچەماڵ لە (١١)ی نیسانی ١٩٨٨ ئەنجامیانداوە کاتێ کە هاوخوێنە کوردەکانی خۆیان بینیوە بەسەر ئیڤاوە بە شەقامەکاندا گێڕدراون (میدڵ ئێست وۆچ، جینۆساید لە عێراقدا پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، و: (محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق)، چاپخانەی تیشک، سلێمانی — ٢٠٠٤.، ل٢٢١). کەواتە دەکرێت ڕاپەڕینەکەی (١١)ی نیسانی ١٩٨٨ دابنرێت بە یەکێک لە ڕاپەڕینە هەرە گرنگو کاریگەرەکانی مێژووی شاری چەمچەماڵاو تەواوی مێژووی باشووری کوردستان، نەک تەنها لەبەرئەوەی کە یەکێک لە هەرە دیارترینو دەگمەنترین بەرەنگاربوونەوەو بەگژاچوونەوەی ناوازەی جەماوەری خەڵکی کوردستان بووە



بەڕووی هەڵمەتەکانی ئەنفالداو بەهۆیەوە توانراوە ژمارەیەکی زۆر ژنو پیاوو گەورەو منداڵ لە قوڕگی ئەنفال بهێنرێنە دەرەوەو ڕزگار بکرێن، بەڵکو بەهۆی ئەوەش کە ڕاپەڕینەکە هەڵچوونێکی جەماوەری خۆرسکو پڕکێشیەکی بێ هاوتاو ژیانی خۆخستنە مەترسی دانیشتوانی بێ چەکی شاری چەمچەماڵ بووە، کە دەستی هیچ حیزبو لایەنێکی سیاسی لەپشتەوە نەبووە هەرچەندە هەندێک حیزبو لایەن ئەیانەوێت خۆیانی لێ بکەن بەخاوەنو وای نیشان بدەن، کە گوایە لەلایەن ڕێکخستنەکانی ئەوانەوە نەخشەڕێژی بۆ کراوەو سەرپەرشتی کراوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ (شێخ مەهدی تاهیر شێخ کاکەحەمە) بەشداری ڕاپەڕینەکە ئۆردوگای شۆڕش، چەمچەماڵ (٢١/١٢/ ٢٠١٧)، بەڵام لەڕاستیدا لە ئانوساتی ڕوودانی ڕاپەڕینەکەدا هێزی چەکداری حیزبە کوردییەکان لە مەیدانی شەڕو بەرگریدا توانای شەڕو بەرەنگاربوونەوەیان نەماوە چ جای ئەوەی ڕێکخستنەکانی ناو شاریان لە جێگەی خۆیاندا مابنو لێکتر نەترازا بنو توانای ئەوەیان مابێت کارو چالاکی لەمجۆرە بە ئەنجام بگەیەنن. (مەحموود سەنگاوی) یەک لە فەرماندە پارتیزانە دیارەکانی (ی. ن. ک) لە ناوچەکەدا بێ ئاگایی خۆیو حیزبەکەی لە ڕاپەڕینەکەی چەمچەماڵ ڕاگەیاندووەو باسی لەوە کردووە کە ئەوان هەواڵی ڕاپەڕینەکەیان لەو گوندنشینانەوە بەر گوێ کەوتووە کە لەترسی ڕژێمی بەعس چەمچەماڵیان بەجێهێشتووەو دووبارە گەڕاونەتەوە بۆ گوندەکانو ئەوەیان گێڕاوەتەوە کە: ((کە لەناو شاردا خۆپیشاندان بووە بۆ بەردانی خەڵکە گیراوەکە بەشێکی زۆری ئەو خەڵکە دەستگیرکرابوون بەهۆی ئەو خۆپیشاندانەوە ڕزگاریان بووەو دوژمن بە کۆپتەر لێیداون)) (مەحموود سەنگاوی، بیرەوەرییەکانی سەنگاوی، چاپخانەی تیشک، سلێمانی — ٢٠٠٤، ل٣١٧ — ٣١٨.

ئەوەی بواری ڕەخساندووە بۆ حیزبەکان دەروازەی بانگەشەکردنی خاوەندارێتی ڕاپەڕینەکەیان بۆ بکرێتەوە ئەوە بووە، کە لەکاتی ڕووداوەکانی ڕاپەڕینەکەدا بەشێک لە بەشداران بۆ بەرزکردنەوەی وورەی جەماوەرو هاندانیان بۆ بەشداریو بەردەوامیدان، بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە گوایە پێشمەرگە لە نزیک شارەوە لەگەڵ بەردەوام بوونو فراوانبوونی خۆپیشاندانەکاندا بۆ پشتیوانیکردن لە خەڵکی ڕاپەڕیو دێنە شارەوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ (لەتیف فاتح فەرەج) بەشداری ڕاپەڕینو بەشداری سەرەتای ڕاپەڕینەکە، چەمچەماڵ (٢٠/ ١٢/ ٢٠١٧).

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ناکرێت نکۆڵی لەوە بکرێت، کە ئەنجامدانی ڕاپەڕین لە شارەکاندا دژ بە پرۆسەی ڕووخاندنی گوندەکان، پێشتر واتە پێش ئەوەی هێزە چەکدارەکانیان ڕووبەڕووی ئەو هەموو شکستانە ببنەوە لە بەرنامەی هەندێک لە حیزبە کوردییەکاندا هەبووەو نەخشەڕێژی بۆ کراوە، تا ئاستی ئەوەی کە لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی حکومەتی عێراقیەوە ئەو جموجوڵانە هەستی پێکراوەو کاریش کراوە بۆ بەرپێگرتنو ڕێگری لێکردنیان، ئەم بابەتەش زۆر بەڕوونی لە یەکێک لە بروسکەکانی مودیرییەتی ئەمنی پاریزگای سلێمانیدا ڕەنگیداوەتەوە کە ئاراستەی گشت مودیرییەتی ئەمنی سەر بە پاریزگای سلێمانی کراوەو تیایدا هاتووە: (لە نیەتی دانیشتوانی قەزاکانی کەلارو دەربەندیخانو شاری سلێمانیدا هەیە خۆپیشاندانی ناڕەزایی ڕێکبخەن دژ بە بڕیاری بەڕێو جێی سەرکردایەتی سیاسیمان سەبارەت بە ڕاگواستنی گوندە کوردییەکان، ئەوەش بە پاڵپشتی بەکرێگیراوانی ئێرانی کە هاندەری سەرەکی خەڵکی ناوچەکەن بۆ خۆپیشاندان لەڕێی بەکارهێنانی هێزو هەڕەشەکردنەوە، پلانیش دانراوە لەکاتی ڕێگریکردن لێیان

لەلایەن دەسەڵاتەوە ئەوسا فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی بچنە پاڵ خۆپیشاندەرانو رووبەڕووی هێزەکانی حکومەت ببنەوە ....)) (مديريه امن محافڤه السليمانيه/ش٣، موچوع: حوادپ الشغب، العدد: (٣٥٤)، التاريخ: (٧/ ٦/ ١٩٨٧م).

بەحوکمی ئەوەی کە زانیارییەکانی ناو بروسکەکە لەگەڵ هەندێک لە رووداوەکانی خۆپیشاندانەکەو راپەڕینەکەی رۆژی (١١ی نیسانی ١٩٨٨) شاری چەمچەماڵدا یەکدەگرێتەوە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە هەڵوێستی جاشەکانەوە هەیە بەرامبەر بە راپەڕینەکە، دەکرێت بڕوا بهێنرێت بە ئامادەبوونی تارمایی رێکخستنەکانی بەتایبەت سەر بە (ی. ن. ک) لە راپەڕینەکەدا هەرچەندە کە ئەو ئامادەبوونە ئامادەبوونێکی زۆر کەمو سنوورداریش بووە.

دەوترێت لە ئانوساتی بەرپابوونی راپەڕینەکەی چەمچەماڵدا خەتێکی رێکخستنی سەر بە (ی. ن. ک) بەناوی خەتی (شەهید پێشڕەو) سەر بە (پۆلی رێکخستنی باسەرە)ی ئەو حیزبە لە کارکردن بەردەوام بووەو هێشتا رایەڵەکانی بە تەواوەتی لێکتر نەترازاونو لە ژێر کاریگەری رێنماییەکانی پێشووتری حیزبەکەیاندا، نەک ئەوەی لە رۆژانی نزیکی پێش ئەنجامدانی راپەڕینەکەدا داوایان لێکرا بێت، هەندێک جووڵەیان نوواندووە لە کۆبوونەوەکردنو خۆئامادەکردنو پەیوەندیکردن بە سەرۆک جاشەکانەوە، هەر ئەوانیش لەڕێی (شێخ مەهدی تاهیر شێخ کاکە حەمە)ی لێپرسراویانەوە رووداوەکانی راپەڕینەکەیان کردووە بە هەواڵو بۆ (ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان)ی زمانحاڵی (ی. ن. ک)یان ناردووە (شێخ مەهدی باس لەوە دەکات کە ئەو لەڕێی باوەڕپێکراوێکی خۆیەوە هەواڵی راپەڕینەکەی ناردووە بۆ بێ تەلەکەی حەمەڕەش (شەهید حەمەڕەش) سەرکردەی پارتیزان بووە لە ناوچەکەو لەڕێی ئەویشەوە نێردراوە بۆ ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان.

(چاوپێکەوتن لەگەڵ (شێخ مەهدی تاهیر شێخ کاکەحەمە)، بەڵام وەک ئاماژەی بۆ کرا ئەو جووڵەو ئامادەسازییەی لە مەیدانی سەرەکی راپەڕینەکەدا زۆر بەکەمی رەنگیداوەتەوەو هەست بە کاریگەرییەکانی کراوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدولڕەحمان سدیق) بەشداری سەرەتای راپەڕین، لەدایکبووی ساڵی (١٩٧١)، چەمچەماڵ (٢٠/ ١٢/ ٢٠١٧). چاوپێکەوتن لەگەڵ (لەتیف فاتح فەرەج). چاوپێکەوتن لەگەڵ (نازم حەمە ئینجە) بەشداری سەرەکی راپەڕینەکە، چەمچەماڵ (١٩/١٢/ ٢٠١٧).

راپەڕینە جەماوەرییەکەی شاری چەمچەماڵ راپەڕینێکی مەدەنیانەی خۆڕسکو گوزارشتێکی جوانی خەباتی ناوشارەکان بووەو لە کاتوساتێکدا ئەنجامدراوە کە حکومەتی عێراقی لە لوتکەی هێزو دەسەڵاتیدا بووەو خاوەنی پشتیوانی مادیو مەعنەوی گەورەی زۆربەی زۆری وڵاتانی جیهانیو ئیقلیمیو عەرەبی بووەو هەرچیەکی کردبێتو هەر کوشتوکوشتارێکی ئەنجامدابێت رەوایی پێدراوەو بیانووی بۆ هێنراوەتەوە. لە بەرامبەردا میللەتی کورد بەدەر لەوەی هیچ پشتیوانیەکی دەرەکی نەبووە، لەناوخۆشدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەوپەڕی لاوازیدا بووەو توانای هیچ جۆرە بەرگرییەکی ئەوتۆی نەماوە. خەڵکی راپەڕیوش جگە لە هێزو بازوو تورەیی خۆیان چاوەڕوانی گەیشتنی هیچ پشتیوانیو کۆمەکێکیان لە هیچ کەسو لایەنێک نەکردووە (چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدولڕەحمان سدیق). چاوپێکەوتن لەگەڵ (لەتیف فاتح فەرەج). چاوپێکەوتن لەگەڵ (نازم حەمە ئینجە). چاوپێکەوتن لەگەڵ (پێشڕەو سەردار محێدین) بەشداری سەرەکی راپەڕینەکە، چەمچەماڵ (١٩/١٢/ ٢٠١٧).

گرنگیەکی گەورەی تری راپەڕینە جەماوەرییەکەی شاری چەمچەماڵ لەوەدا بووە، کە لە بارودۆخێکدا بەرپاکراوە کە باشووری کوردستان بەشێوەیەکی



گشتی لەژێر کاریگەری هەڵمەتێکی پڕوپاگەندەی راگەیاندنی چەواشەکارییانەی توندی حکومەتی عێراقیدا بووە، بەوەی کە واخراوەتە هزری خەڵکیەوە کە مەبەست لە پرۆسەی ئەنفال ناونووسکردنی خەڵکی گوندەکانو نیشتەجێ کردنیانە لە شارەکاندا، نەک ئەوەی ئەوەی مەبەست لێی لەناوبردنو شوێن بزرکردنیان بێت. ئەمەش کارێکی کردووە کە خەڵکە راگوێزراوو دەسگیرکراوەکەش وەکو پێویست پشتگیریو پشتیوانی لە راپەڕینەکە نەکەنو هەرچەندە خۆپیشاندانو رێگرییەکانی خەڵکی چەمچەماڵ بۆ رزگارکردنی ئەوان بووە، کەچی زۆربەیان بە زۆریش لە ئۆتۆمبیلو ئیڤا سەربازییەکان دانەبەزیونو نەهاتوونەتە خوارەوەو خەڵکە راپەڕیوەکەیان بە رێگر زانیوە لەبەردەم گەیشتنیان بە نیشتەجێ بوون لە کۆمەڵگاکانو دابەشکردنی پارەو زەوی بە سەریاندا (هەموو بەشدارانی راپەڕینەکە ئەوە دەگێڕنەوە کە ئەوان لەلایەن زۆرێک لە دەسگیرکراوەکانەوە بەرپەرچدراونەتەوەو داوایان لێکراوە رێگەیان بۆ بکەنەوە، یەک لە بەشداران باس لەوە دەکات کە ئەو بۆ یەکەمجار ووشەی (گۆپاڵ) ی لە دەمی پیاوێکی بەتەمەنی دەسگیرکراوی ناو یەکێک لە ئۆتۆمبیلەکانەوە گوی لێ بووە، کاتێک کە داوای لێکردووە لە ئۆتۆمبیلەکە بێتەخوارەوە، لەبەرامبەردا پێی گووتووە: لاچۆ با بە (گۆپاڵ)ێک سەرت نەشکێنم، بۆ وازمان لێ ناهێنن سەرژمێر بکرێینو قەرەبوو بکرێینەوە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ (نازم حەمە ئینجە)، لەمبارەیەوە بۆ نموونە یەک لە راگوێزراوەکان باس لەوە دەکات: (ئێمە ئەو سێ رۆژە لە قەرەتامۆر پێیان وتبووین لەشار موجەمەعتان بۆ دەکرێتەوەو تەعویز دەکرێنەوە، بۆیە خواخوامان بوو ئەو خەڵکە پێشی سەیارەکانمان بەردەنو وازمان لێ بێنن) (چاوپێکەوتن لەگەڵ (جەلال موحەممەد محێدین)، لەدایکبووی ساڵی (١٩٣٧)، (گوندی قەیتول)ی ناو زەنگنە. (عارف قوربانی، شایەتحاڵەکانی ئەنفال، ب٢، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی — ٢٠١٤، ل١٣٥). جا لەکاتێکدا کە کاریگەری پڕوپاگەندەکانی حکومەتی عێراقی بەو شێوەیە بووە دانیشتوانی چەمچەماڵ هەر زوو درکیان بە بەتاڵیو بێ بنەمایی ئەو جۆرە پڕوپاگەندانە مەبەستی سەرەکی حکومەتو مەترسییە گەورەکانی پشت پرۆسەی ئەنفال کردووەو بەڕوویدا راپەڕیونو کاریشیان لەسەر ئەوە کردووە خەڵکە دەسگیرکراوەکان لەو مەترسیانە ئاگادار بکەنەوەو هاوکارییان بکەن بۆ راکردنو خۆ دەربازکردن لەو پرۆسە مەترسیدارە. بوێری ئەنجامدەرانی ئەم راپەڕینە لەوەدا بووە کە نەترساون لە هەر کاردانەوەو پەرچەکردارێک کە چاوەڕوانکراو بووە رووبەروویان ببێتەوە، لەکاتێکدا زۆرباش ئەوەیان زانیوە کە پەرچەکردارەکانی حکومەت زۆر قورسو کاریگەر دەبن، چونکە رۆژی ئەنجامدانی راپەڕینەکە لە (١١ی نیسانی ١٩٨٨) لەگەڵ رۆژی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە لە رۆژی (١٦ی مارتی ١٩٨٨)و کیمیابارانکردنی گوندەکانی سێوسێنانو جافەرانی ناوچەی قەرەداغ لە رۆژەکانی (٢٢و٢٣)ی مارت، هەروەها کیمیابارانکردنی گوندەکانی سەر بەقەزای دوکانو دۆڵی خەلەکان لەهەمان ئەو ماوەیەدا، نێوەندیان ئەوەندە زۆر نەبووە. وەک چاوەڕوانکراویش بووە ئەگەری کیمیابارانکردنی شاری چەمچەماڵ ئەگەرێکی کراوە بووەو یەکێک بووە لە بژاردەکانی حکومەتی عێراقی، وەک دواتر ئەفسەرێکی ئەمنی حکومەتی عێراقی دانی پێدا ناوە لەبەرامبەر درێژەکێشانی راپەڕینەکەدا ئامادەکاری تەواو کراوە بۆ رژاندنی گازی کیمیاوی (چاوپێکەوتن لەگەڵ (هەڵەت کەریم ئاغا)، چەمچەماڵ (١٧/١٢/ ٢٠١٧)، لەوەش زیاتر زۆربەی زۆری خەڵکی شاری چەمچەماڵ بەگوێی

خۆیان گوێبیستی ئەو هەڕەشەو گوڕەشانە بوون کە دەزگا ئەمنیەکانی شارەکە لە شەوی دوای راپەڕینەکەدا بە بڵندگۆ بانگەوازیان بۆ کردووەو تیایدا هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی قورسیان کردووە ئەگەر بێتو وەک ئەوان گووتویانە درێژە بە خۆپیشاندانو کارەتێکدەرانەکانیان بدەن (چاوپێکەوتن لەگەڵا (عەبدولڕەحمان سدیق) و (لەتیف فاتح فەرەج)و (نازم حەمە ئینجە)و (پێشرەو سەردار محێدین).

دانیشتوانی شاری چەمچەماڵا نەک بەتەنها بوێرییان نواندووە لە رووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی سەر بە حکومەتو رزگارکردنی ژمارەیەکی زۆر خەڵکی دەسگیرکراودا، بەڵکو جوامێری زۆر گەورەشیان نواندووە لە لەباوەش گرتنی ئەو خەڵکە ئازاد کراوانەداو سەرەڕای هەڕەشەکانی دەزگا ئەمنیەکان دەرگای ماڵەکانیان بەڕوودا ئاوالاکردوونو لەسەرووی خۆیانەوە جێگەو رێگەیان بۆ دابینکردوون، لەو رۆژانەدا تەنانەت زۆر لە دوکانەکانی ناوبازاڕی شارەکەش بوونەتە شوێنی خۆ حەشاردانو مانەوەی خەڵکە ئازادکراوەکان (چاوپێکەوتن لەگەڵا (سەبور شکر حسێن)، لەدایکبووی ساڵی (١٩٥٠)، چەمچەماڵا (٥/ ٥/ ٢٠٠٦). کە لەکاتی راپەڕینەکەدا لەناو بازاڕ دوکانی هەبووەو وەک خۆی دەڵێ خەڵکێکی زۆری بۆ چەند رۆژێک لە دوکانەکەیدا شاردۆتەوەو بە نهێنی خواردنو پێداویستی بۆ بردوون).

هەر لە رۆژی راپەڕینەکەدا چەندان شۆفێر بە ئۆتۆمبیلەکانیان بە لێشاو خەڵکی ئازادکراویان لەپشتی ئۆتۆمبیلەکانیان بارکردووەو لە شوێنی راپەڕینەکە دووریان خستوونەتەوەو بەسەر گەڕەکە جیاوازەکانی چەمچەماڵدا دابەشیان کردوون (چاوپێکەوتن لەگەڵا (سەید مەولوود تۆفیق غەفوور)، کە خۆی یەکێک بووە لەوانەی کە ئۆتۆمبیلەکەی خەڵکێکی زۆری ئازادکراوی گواستۆتەوەو بەهۆی ئەو کارەشیەوە لەلایەن لەلایەن کۆپتەرەکانەوە تەقە لە ئۆتۆمبیلەکەی کراوەو بەرکەوتووەو دواتریش هەر کۆپتەرەکان شوێنی ماڵەکەیان دەستنیشانکردووەو هێزە ئەمنیەکان داویانە بەسەریداو خۆیو ئۆتۆمبیلەکەشیان دەسگیرکردووە، لەدایکبووی ساڵی (١٩٥٤)، سلێمانی (٢٢/ ١٢/ ٢٠١٧). چاوپێکەوتن لەگەڵا (موحسین عەلی رەحیم)، کە ئەوەی دەگێڕایەوە بەچاوی خۆی چەندین ئۆتۆمبیلی بینیوە کە تەنها کاریان گواستنەوەی خەڵکی رزگارکراو بووە، لە دایکبووی ساڵی (١٩٧٦)، چەمچەماڵا (٢٥/ ٤/ ٢٠٠٦).

هۆکارەکانی بەرپابوونی راپەڕینەکە:

راپەڕینی (١١ی نیسانی ١٩٨٨) شاری چەمچەماڵا بەم هەموو گرنگیو تایبەتمەندییەوە کە هەیبووە، وەک هەر راپەڕینو شۆڕشێکی ئاسایی تر کۆمەڵێک هۆکاری دوور مەوداو کۆمەڵێک هۆکاری ئانیو نزیک مەوداش رۆڵیان لە بەرپابوونیدا گێڕاوە.

سەبارەت بە هۆکارە نزیک مەوداکان:

١. حکومەتی عێراقی لەو رۆژانەدا پلانێکی گەورەو مەترسیداری بۆ لەناوبردنی خەڵکی کوردستان پیادە کردووەو رۆژانە بە بەرچاوی خەڵکیەوە کۆپتەر هەستاوەو هێزی سەربازی زۆرو تانکو تۆپو چەکی قورس براونەتە سەر گوندەکان، هەواڵی کردەوە شەڕەنگێزییەکانی ئەو هێزانە لە خاپوورکردنی گوندەکانو راپێچکردنی خەڵکەکەیان، لەرێی جاشو مەفرەزە خاسەکان و خەڵکی هەلاتووی گوندەکانەوە کەوتۆتە بەرگوێی هاوولاتیان لەوانەش هاوولاتیانی دانیشتووی قەزای چەمچەمالا، کە رۆژانە بۆ وەرگرتنی هەواڵی خزمو کەسەکانیان چوونەتە ناو بازاڕو شوێنی بە یەکگەیشتنی ئەو شەقامانەی کە گوندە جیاوازەکانی سنوورەکەیان گەیاندۆتەوە بە



ناوەندی قەزای چەمچەماڵا، هەر لەوێدا رۆژانە دەیان کاروانی گەورەی خەڵکی گوندەکانیان بینیوە کە بە دەسگیرکراوی هێنراونو رەوانەی مۆڵگەکانی ئەنفال کراون. زۆربەی ئەو دەسگیرکراوانەش کە لە رۆژی (١١ی نیسان)دا هێنراونەتە چەمچەماڵەوە، لە سێ رۆژ بەر لەو رێکەوتەوە لە (گوندی قەرەتامۆر)ی نزیک بە چەمچەمالا وەستێنراونو کۆکراونەتەوە، خەڵکی چەمچەماڵیش لەرێی ئەو سەرچاوانەوە کە باسکران زانیاریی تەواویان لەبارەوە وەرگرتوونو زانیویانە کە لەو رۆژەدا دەگوازرێنەوە بۆ چەمچەمالا، زۆربەی ئەوانەش بەشداری راپەڕینەکەیان کردووە ئەوانە بوون کە خزمو کەسوکاریان لەناو ئەو دەسگیرکراوە کۆکراوانەی (گوندی قەرەتامۆر) دا هەبووەو لەناو ئۆتۆمبیلەکاندا زیاتر بەشوێن کەسوکاری خۆیاندا گەڕاون (چاوپێکەوتن لەگەڵا مامۆستا (عەبدولڕەحمان سدیق)و (لەتیف فاتح فەرەج)و (ئیدریس موحەممەد ئەحمەد فەقێ) بەشداری راپەڕین، چەمچەمالا (٢١/ ١٢/ ٢٠١٧).

٢. هەڵواسینی شەرواڵو جلی ژێرەوەی ئافرەتە کوردە دەسگیرکراوەکان بە قەد ئیڤاو ئۆتۆمبیلە سەربازییەکانەوە لەلایەن کاربەدەستە سەربازییەکانی حکومەتی عێراقیەوە بە مەبەستی سوکایەتی پێکردن، کارێک بووە کە خەڵکی چەمچەماڵی ئێجگار تووڕەو نیگەران کردووەو وای لێکردوون رووبەرووی ببنەوەو بەڕویدا رابپەڕن، بێ گوێدانە ئەوەی کە راپەڕینەکەیان پڕکێشی کردنێکی زۆر خەتەرناک بووە بە ژیانی خۆیانو هەڵشاخان بووە بەڕووی حکومەتێکدا کە لەو کاتانەدا لەوپەڕی بەهێزیدا بووە (چاوپێکەوتن لەگەڵا (ناسیح عەزیز مەحموود)، کە یەکێک بووە لەو کەسانەی لە رۆژی راپەڕینەکەدا لە چەمچەمالا دەسگیرکراوەو وەک خۆی دەڵێت لە لیوای چەمچەمالا بە چاوی خۆی شەرواڵو جلی ژێرەوەی ژنانەی بینیوە بەقەد ئیڤاکانەوە، لەدایکبووی ساڵی (١٩٤٩)، چەمچەمالا (٥/ ٦/ ٢٠٠٦). چاوپێکەوتن لەگەڵا (سەبریە عومەر ئیسماعیل)، لەدایکبووی ساڵی (١٩٣٠)، (گوندی دێڕەشە)ی ناو زەنگنە. (عارف قوربانی، شایەتحاڵەکانی ئەنفال، ب٣، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی — ٢٠١٤، ل١٣٣). چاوپێکەوتن لەگەڵا (بەسیرە عەلی ئەحمەد)، لەدایکبووی ساڵی (١٩٦٤)، (گوندی دێڕەشە)ی ناو زەنگنە. (عارف قوربانی، س. پ، ب٣، ل١٣٤).

٣. هۆکارێکی تر کە رۆڵی کاریگەری هەبووە لە جۆشدانی خەڵکی شاری چەمچەمالا بۆ راپەڕین بەڕووی ئەنجامدەرانو سەرپەرشتیارانی پرۆسەی ئەنفالدا، ئەو وتارە ئایینیە بەجۆشو کاریگەرانە بووە، کە ژمارەیەک لە مامۆستا ئایینیەکانی هەندێک لە مزگەوتەکانی شاری چەمچەمالا لە ووتاری رۆژانی هەینیدا لە کاتوساتی بەرێوەچوونی پرۆسەی ئەنفالدا سەبارەت بە شیکردنەوەی سوورەتی ئەنفال لە قورئانی پیرۆزدا پێشکەشیان کردووە، تیایدا ناڕەوایی پرۆسەی ئەنفالی دژ بە کوردیان بۆ نوێژخوێنانی مزگەوتەکانیان روونکردۆتەوەو ناڕاستەوخۆ هانیانداون بۆ وەستان بەڕووی ئەو پرۆسە بەدناوەداو دژایەتیکردنی پرۆسەکەیان بە (جیهاد) بۆ لە قەڵەم داون (دیارترینی ئەو مزگەوتانەی کە لەو رۆژانەدا ووتاری دژ بە پرۆسەی ئەنفالیان تێدا خوێندراوەتەوە، بریتی بوون لە مزگەوتەکانی (حاجی حەمید ئەسعەد)، کە مامۆستا مەلا (ئەسعەد جەباری)پێش نوێژو وتارخوێنی بووە، هەروەها مزگەوتی گەورەی چەمچەمالا (پشت قەڵا) کە مامۆستا مەلا (غەریب موحەممەد عەزیز) ووتاری تێدا خوێندۆتەوە. دەوترێت وتاری ئەو مامۆستایانە سەبارەت بە پرۆسەی ئەنفال هێندە ووتار گەلێکی روونو راشکاوو کاریگەر بوون، کە بەشێک لە نوێژخوێنانیان وەها ترساندووە لەترسی پەرچەکرداری دەزگا ئەمنیەکان بەر لە تەواوبوونی

ووتارەکان مزگەوتەکانیان بەجێهێشتووە. (دڵشاد موحەمەد ئەحمەد، جیهادەکەی قالە شێت، رۆژنامەی قالە، ژ (١)، ساڵی یەکەم). تەنانەت دەوترێت بەشداریکردنی (قالەشێت) ئەو پیاوەی کە لەدواییدا وەکو پێشەنگی سەرەکی راپەڕینەکە ناسرا، پەیوەندی بە کاریگەری ئەو ووتارانەوە هەبووە. قالە کە ئەوکات لە مزگەوتی گەورەی پشت قەڵا ژیاوە، لەژێر کاریگەری ئەو وتارانەو بەهاندانی پێش نوێژو وتارخوێنی ئەو مزگەوتە چووەتە کۆڕی خۆپیشاندانو راپەڕینەکەی جەماوەری شاری چەمچەماڵەوە (سەبارەت بە باسو خواسی کاریگەری بانگەوازی (جیهاد)ی مامۆستا ئایینیەکان بڕوانە (عارف قوربانی، شایەتحاڵەکانی ئەنفال، ب٢، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی — ٢٠١٤، ل٢٥٠). چاوپێکەوتن لەگەڵا (سەبریە عومەر ئیسماعیل)، لەدایکبووی ساڵی (١٩٣٠)، (گوندی دێڕەشە)ی ناو زەنگنە. (عارف قوربانی، س. پ، ب٣، ل١٣٣). چاوپێکەوتن لەگەڵا (بەسیرە عەلی ئەحمەد)، لەدایکبووی ساڵی (١٩٦٤)، (گوندی دێڕەشە)ی ناو زەنگنە). (عارف قوربانی، س. پ، ب٣، ل١٣٤).

رووداوەکانی راپەڕینەکە:

سەرەتای راپەڕینەکە بە خۆپیشاندانی ژمارەیەک قوتابی (قوتابخانەی دواناوەندی شەوانی چەمچەماڵا) دەستیپێکردووە، ئەوان وەکو خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن شەوی پێش روودانی راپەڕینەکە لە خانوویەکی چۆڵی گەڕەکی خانووە عەسکەرییەکان کۆبوونەتەوەو هەر لەوێدا بڕیاری سازکردنی خۆپیشاندانیان داوە. ئەو پاڵنەرە سەرەکیەش کە وای لێکردوون ئەو بڕیارە بدەن، بڵاوبوونەوەی دەنگۆی گواستنەوەی دەستگیرکراوە کۆکراوەکانی (گوندی قەرەتامۆر) بووە بۆ چەمچەماڵا، کە زۆربەیان وەک خۆیان ئاماژەی بۆ دەکەن کەسوکاری ئەوانو خزمو ناسیاوی دانیشتوانی شاری چەمچەماڵا بوون (چاوپێکەوتن لەگەڵا (عەبدولڕەحمان سدیق). چاوپێکەوتن لەگەڵا (ئەحمەد عەزیز) بەشداری راپەڕینو بەشداری کۆبوونەوەکە، لەدایکبووی ساڵی (١٩٧١)، چەمچەماڵا (٢٠/ ١٢/ ٢٠١٧).

خۆپیشاندانەکە بە رێپێوان لە گەڕەکی خانووە عەسکەرییەکانەوە دەستپێکردووە بەرەو ناو بازاڕی چەمچەماڵا، لە رێگا خۆپیشاندەران کە ژمارەیان لە پەنجەکانی هەردوو دەست تێپەڕی نەکردووە چوونەتە بەردەم (مزگەوتی حاجی حەمید ئەسعەد) بۆ داواکردنی بڵندگۆی مزگەوتە، بەڵام پێیان نەدراوە (چاوپێکەوتن لەگەڵا (لەتیف فاتح فەرەج).

دواتر خۆپیشاندەران درێژەیان بە رێپێوانەکەیان داوە تاکو گەیشتوونەتە دەروازەی بازاڕی چەمچەماڵا، لەوێ (عەبدولقادر موحەممەد) ناسراو بە (قالە شێت) تێکەڵا بە رێپێوانەکە بووەو بە دەنگە دلێرو بەرزەکەی بووە بە بڵندگۆی خۆپیشاندانەکەو (عەبدولقادر موحەممەد ناسراو بە قالە شێت لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٧ گوندی گورگەیی چاوسووری نزیک چەمچەماڵا. ئەو هەرچەندە لەڕووی عەقڵییەوە کێشەی هەبووە، بەڵام کەسێکی تەواو شێت نەبووەو لەناو بازاڕی چەمچەماڵا بەدەستگێڕی قوتی رۆژانەی ژیانی خۆی پەیداکردووە، ئەویش لەرێی فرۆشتنی شمەکی وەکو سابوونی رەقیو خەنەو وزمەو شمەکی تری لەو جۆرانەوە. لەدوای ئەنفال ماوەیەک لە گۆڕستانی شێخ سەعید بەبێ بەرامبەر کاری هەڵکەندنی گۆڕی کردووە. لەدوای راپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١)یش دەستی کردووە بە هەڵگرتنەوەی مینە چێندراوەکانی سەردەمی حوکمی سەدام حسێن، تا لە رۆژی (٢١/ ١٢/ ١٩٩٢) بەهۆی تەقینەوەی مینەوە گیانی لەدەستداوەو لە گۆڕستانی شێخ سەعید لە چەمچەماڵا بە خاک سپێردراوە. قالە شێت پێش مردنی خێزاندار بووەو کچێکی لە پاش بەجێماوە بە ناوی (تەنیا). گوڕو تینی زیاتری پێبەخشیوەو کارێکی کردووە کە خەڵکێکی زیاتری لە دەور کۆببێتەوە. لەناو بازاڕی چەمچەماڵا خۆپیشاندانەکە گۆڕاوە بە راپەڕینو لەلایەن بەشدارانەوە هەڵمەت براوەتە سەر ئەو ئۆتۆمبیلە سەربازییانەی بەناو شاری چەمچەماڵدا بڵاوەیان پێکراوەو دوورە بەردیان تێ گرتوون (چاوپێکەوتن لەگەڵا مامۆستا (عەبدولڕەحمان سدیق)، هەر لەوێدا (قالە شێت) بەدەم هاواری (هەستن جیهادە)وە هەڵمەتی بردۆتە پێشەوەو لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا رێگای بە ئیڤایەکی سەربازی گرتووەو بەردێکی گەورەی کێشاوە بە جامەکەی پێشەوەیداو شۆفێرەکەشی ناچارکردووە لە ئۆتۆمبیلەکەی بێتەخوارەوە. بە بینینی ئەو دیمەنەو هاواری (هەستن جیهادە)ی قالە شێت خەڵکێکی زۆری ئەو ناوە جۆشیان سەندووەو بەجارێک خرۆشاونو ئەوانیش کەوتوونەتە پەلاماردانو هەڵمەت بردن بۆ سەر ئەو ئۆتۆمبیلە سەربازییانەی خەڵکی گوندەکانیان بەدەسگیرکراوی گواستۆتەوە بۆ لیواکەی چەمچەماڵا (چاوپێکەوتن لەگەڵا (ئیدریس موحەممەد ئەحمەد فەقێ) کە خۆی یەکێک بووە لە ئامادەبووانی ناو بازاڕی چەمچەماڵا، دەگێڕێتەوە کە ئەو لەگەڵا ژمارەیەک گەنجی تردا بەچاوی خۆیان دیمەنی گواستنەوەی ئەنفالەکانیان بینیوەو لە دڵیشەوە خەمیان لێ خواردووە، بەتایبەت کە زۆربەیان خزمو کەسوکاریان بوون، بەڵام وەک ئەو دەیگێڕێتەوە جورئەتی ئەوەیان نەبووە رێگەیان پێ بگرن، تا ئەوکاتەی (قالەشێت) پەلاماری بردووەو داوای لەوانیش کردووە جیهاد بکەنو راپەڕنو پەلامار بدەن، ئەوسا ئەوانیش بە قسەکانی قالەو دیمەنی پەلاماردانەکەی خرۆشاونو دەستیان بە هەڵمەت بردن کردووە، چەمچەماڵا (٢٠/ ١٢/ ٢٠١٧). دیمەنی پەلاماردانەکەی قالە شێتو هەڵمەت بردنی گەنجەکان هێندە دیمەن گەلێکی بوێرانەو کاریگەر بوون، بوونەتە ئیلهامی پارچە شیعرێک بۆ شاعیری شاری چەمچەماڵا (لەتیف فاتح فەرەج — لەتیف بێباک) کە هەر لەو شوێنەدا رێکیخستووەو لەسەر پارچە مقەبایەک نووسیویەتیەوە، هەر لەوێشدا بە مەبەستی زیاتر هاندانیان بەدەنگی بەرز بۆ خەڵکی ئەو دەوروبەرەی خوێندۆتەوە کە تیایدا هاتووە:

ئەوا بەردی ئەم وڵاتەش
وەکو بەردی فەلەستینی
بەدەست منالی کوردەوە
لە هەڵمەتا رۆڵی بینی

-    -    -

ئەو بەردانەی تاکو دوێنێ
کەسێ نەبوو دەستیان لێدا
وا ئەمڕۆکە بوونە گوللەو
زەنگی یاخی بوونیان لێدا

-    -    -

وا قالە شێت پێشەنگێکە
هاوار ئەکا ئەی خەڵکینە
ئەمڕۆ رۆژی راپەڕینە
سەرشۆڕ مەکەن داوەشینە
ژینی سەر شۆڕی کەی ژینە (لەتیف فاتح فەرەج، هەموومان لە ئەنفالدا بووین (تێکەڵێکە لە بیرەوەری، بۆچوون، دیرۆک دیاریەکی بچوکی منە بۆ خەڵکی شارۆچکەی چەمچەماڵو شۆڕش، چەمچەماڵا- ٢٠١٧، ل ٢٩-٣٠.

ناوەڕۆکی ئەم شیعرە دواتر کەوتۆتە دەست بەشدارانی راپەڕینەکەو هەندێک لە دێڕەکانی وەکو: (ئەی خەڵکینە، ئەمڕۆ رۆژی راپەڕینە، سەرشۆڕ مەکەن داوەشینە، ژینی سەر شۆڕی کەی ژینە) بوونەتە دروشمی سەرەکی راپەڕینەکەو بەردەوام بەسەر زاری بەشدارانەوە بوونو بەدەم هەڵمەت بردن و پەلاماردانەوە وتوویانەتەوە (چاوپێکەوتن

لەگەڵا مامۆستا (عەبدولڕەحمان سدیق) بەشداری سەرەتای راپەڕینەکە کە خۆی یەکێک بووە لەو کەسانەی چەند جارێکو لە چەند شوێنێکی جیاوازی ناوبازاڕی چەمچەماڵدا شیعرەکەی خوێندۆتەوە.

پەلاماری خەڵکی راپەڕیو لەناو بازاڕی چەمچەماڵا لە سەرەتادا لە شوێنێکدا دەستی پێکردووە نزیک بە بنکەی پۆلیسی شارەکە، بەڵام پۆلیسەکانی بنکەکە، کە زۆربەیان کورد بوون وەکو پێویست بەرامبەریان لە خۆپیشاندەرانو خەڵکە راپەڕیوەکە نەگرتووە، بگرە ئەوەندەی کە بۆیان کرابێت هاوکارییان کردوونو تیایاندا بووە هاوشێوەی بەشدارانی تری راپەڕینەکە پەلاماری بردووەو خەڵکی دەسگیرکراوی ئازاد کردووە (یەک لە بەشداران ئەوە دەگێڕێتەوە کە خەڵکانێکی زۆر لەناو دەسگیرکراوەکاندا هەبوون بەزۆریش لە ئۆتۆمبیلەکان نەدەهاتنەخوارەوە، لەوانە بۆنموونە پیرەژنێک بووە کە هەرچی لەگەڵدا کراوەو وتراوە ئامادە نەبووە لە ئۆتۆمبیلەکە بێتە خوارەوە، تا ئەوکاتەی پۆلیسێکی بنکەی پۆلیسی چەمچەماڵا هاتووەو بەزۆر دایگرتۆتە خوارەوە، پیرەژنەکەش لەترسی ئەوەی کە پۆلیسەکە تفەنگی لەشان بوو هیچی نەووتووەو سووک لەگەڵا دەستیاندا هاتووەو دابەزی. (چاوپێکەوتن لەگەڵا (نەوزەر مەزهەر) بەشداری راپەڕینەکە، چەمچەماڵا (٤/٥/ ٢٠٠٦). هەروەها بڕوانە (دڵشاد موحەمەد ئەحمەد، جیهادەکەی قالە شێت، رۆژنامەی قالە، ژ (١)، ساڵی یەکەم).

لەژێر کاریگەری جموجۆڵاو خۆپیشاندانەکانی ناوبازاڕی چەمچەماڵدا ژمارەیەک گەنجی دانیشتووی گەڕەکی کۆمەڵگەی جوتیارانیش راپەڕینیان دەست پێکردووە، ئەوان کاتێک لەلایەن پیاوێکی چەکداری گەڕەکەکەیانەوە (ئەو پیاوە چەکدارە کەسێک بووە کە بە (غەفوورە موڵکە) ناسراو بووە. چاوپێکەوتن لەگەڵا (نازم حەمە ئینجە) بەشداری سەرەکی راپەڕینەکە، چەمچەماڵا (١٩/١٢/ ٢٠١٧). ئاگادارکراونەتەوە لەهاتنی ئۆتۆمبیلێکی جۆری (واچ)ی سەربازی، کە پێنج کچی دەستەبژێری کوردی تێدا بووەو فەرماندەیەکی سەربازی بە پلەی (نەقیب) بۆ خۆی جیای کردووتەنەوە، بەتەواوی هەستی مرۆڤدۆستیو کوردایەتیان جوڵاوەو هەڵمەتیان بردووەو یەکێک لە گەنجەکان بەناوی (نازم حەمە ئینجە) سەر کەوتووەتە سەر ئۆتۆمبیلە (واچ)ەکەو حەربەیەکی داوە لە تەوقەسەری (نەقیب)ەکەو برینداری کردووەو ئۆتۆمبیلەکەی بەدەستەوە وەرگەڕاندووە. بەو شێوەیە توانراوە هەر پێنج کچەکە ئازاد بکرێنو رێگەی هەڵاتنیان بۆ بکرێتەوە (نازم حەمە ئینجە ناسراو بە نازە بچکۆل دەکرێت وەکو پێشڕەوێکی سەرەکی تری راپەڕینەکە باسی لێوە بکرێت کە رۆڵی هیچ لە رۆڵاو کاریگەری (قالە شێت) کەمتر نەبووە).

سەرکەوتنی ئەم هەڵمەتە هاندەر بووە بۆ گەنجەکانی گەڕەکی کۆمەڵگەی جوتیاران تا لە راپەڕینو پەلاماردان بەردەوام بنو بەردو تایەیەکی زۆر ببەنە سەر شەقامی سەرەکی (سەنگاو — چەمچەماڵا)و بەتەواوی شەقامەکە بەڕووی هاتوچۆی ئۆتۆمبیلەکاندا دابخەن، ئەمەش دەرفەتی بۆ رەخساندوون ئۆتۆمبیلییێکی زۆر بوەستێننو خەڵکە دەسگیرکراوەکەی سەریان دابگرنەخوارەوەو ئازادیان بکەن (چاوپێکەوتن لەگەڵا (نازم حەمە ئینجە)و (پێشڕەو سەردار محێدین).

شیاوی باسە کە لەهەمان رۆژی راپەڕینی دانیشتوانی چەمچەماڵدا، دانیشتوانی ئۆردوگای شۆڕشیش راپەڕینیان بەرپاکردووەو بە بەردو بەدار هەڵمەتیان بردۆتە سەر کاروانی ئۆتۆمبیلەکانو خەڵکیان داگرتووە (لەتیف فاتح فەرەج، س. پ، ل٢٠. چاوپێکەوتن لەگەڵا (شێخ مەهدی تاهیر شێخ کاکەحەمە) بەشداری راپەڕینەکەی ئۆردوگای شۆڕش، چەمچەماڵا (٢١/١٢/ ٢٠١٧). چاوپێکەوتن لەگەڵا (جەلال موحەممەد محێدین)، لەدایکبووی ساڵی (١٩٣٧)، (گوندی قەیتول)ی ناو زەنگنە. (عارف قوربانی، س. پ، ب٢، ١٣٥)، بەڵام ئەوەی کە وایکردووە راپەڕینەکە لە چەمچەماڵا گوڕوتینی زیاتر بەخۆوە ببینێت، لەلایەکەوە پەیوەندی بە تێکەڵا بوونو کۆبوونەوەی هەموو خەڵکە راپەڕیوەکەی چەمچەماڵەوە هەبووە لە یەک شوێندا، کە ئەویش بەردەم بینای (قوتابخانەی فەلەستینی سەرەتایی کوڕان) بووە لە گەڕەکی کۆمەڵگەی جوتیاران. لەلایەکی تریشەوە پەیوەندی بە هاتنە دەرەوەی قوتابیانی قوتابخانەکانی گەڕەکی ناوبراوەوە هەبووە وەک (فەلەستین، رۆژ، برایان، ناوەندی رووناکی) کە سەرجەمیان بیناکانیان لە شوێنی راپەڕینەکەوە زۆر نزیک بووەو لەگەڵا دەرچوونیان کەوتوون بەسەر راپەڕینەکەداو تێکەڵا بە رووداوەکانی بوون، بە تێکەڵا بوونیشیان هێندەی تر راپەڕینەکەیان گەرمو گوڕترو فراوانتر کردووەو کارێکیان کردووە تا مەودایەکی دوور کاروانی ئۆتۆمبیلە لە ئەنفال بارکراوەکان رێگای دەرچوونیان لێ بگیرێتو ناچار بە راوەستان بکرێنو لەلایەن خەڵکە راپەڕیوەکەوە هەڵمەتیان ببرێتە سەرو خەڵکەکانی سەریان دابگیرێنە خوارەوە (یەک لە بەشدارانی سەرەتای راپەڕینەکە دان بە کاریگەری بەشداری گەنجەکانو منداڵانی گەڕەکی کۆمەڵگای جوتیاراندا دەنێتو دەنووسێت: (منداڵانی پۆلی یەک تا شەشی سەرەتایی گەڕەکەکانی سەرشەقامو موجەمەع کارێکیان بە بەعس کرد با بە دەواری شڕی نەکردبێت، ئەوان نەبونایە ئەوەی ئێمە دەستمان پێکرد هیچ بایەخێکی ئەو تۆی نەدەبوو ...)). بڕوانە (لەتیف فاتح فەرەج، س. پ، ل٣٠). بەو شێوەیە بەدرێژایی ماوەی راپەڕینەکە کە تاکو عەسرێکی درەنگ درێژەی کێشاوە توانراوە بە هەزاران دەسگیرکراو لە ئۆتۆمبیلەکان بهێنرێنە خوارەوەو دەرفەتی هەڵاتنیان بۆ دروست بکرێتو ئازاد بکرێن (چاوپێکەوتن لەگەڵا مامۆستا (عەبدولڕەحمان سدیق)و (لەتیف فاتح فەرەج).

هۆکارێکی تر کە یارمەتی سەرکەوتنی راپەڕینەکە چەمچەماڵی داوەو هۆکاربووە بۆ ئەوەی پرۆسەکە بەبێ کوشتو کوشتارو خوێن رشتن بەڕێوەبچێت پەیوەندی بەوەوە هەبووە، کە بەشی هەرە زۆری ئەو ئۆتۆمبیلانەی بۆ گواستنەوەی دەسگیرکراوەکان تەرخانکراون ئیڤاو ئۆتۆمبیلی سەربازی نەبوون، بەڵکو ئۆتۆمبیلی بە بێگارگیراوی مەدەنی بوون کە هیچ سەربازو جاشێکیان لەگەڵدا نەبووە، شۆفێرەکانیان کاتێک کە بەچاوی خۆیان بینیویانە خەڵکی شاری چەمچەماڵا بەردیان بەدەستەوەیەو تەنانەت منداڵی بچوکیش پڕ کۆشیان لە بەرد کردووەو هەڕەشەی جام شکاندنیان لێ دەکەن، خێراو زۆر بەئاسانی خۆیان بەدەستەوە داوەو دەرگای ئۆتۆمبیلەکانیان بۆ خستوونەتە سەرپشتو رێگەیان داون بە ئارەزووی خۆیان دەسگیرکراوەکان دابگرنە خوارەوە (میدڵا ئێست وۆچ، س. پ، ل٢٢١-٢٢٢).

هاوکاریو پاڵپشتی جاشەکانو چەکدارە کوردەکانی سەر بە حکومەت، یا بەلایەنی کەمەوە ئەو بێدەنگییەی کە بەرامبەر بەراپەڕینەکە گرتوویانەتەبەر، هۆکارێکی تری پشت سەرکەوتنی راپەڕینەکەی چەمچەماڵا بووە. گەڕەکی کۆمەڵگەی جوتیاران کە بووەتە چەقی راپەڕینەکە شوێنی کۆبوونەوەی ماڵی زۆربەی چەکدارو جاشەکانی چەمچەماڵا بووە، کەچی ئەوان نەک رێگرییان لە خۆپیشاندەران نەکردووە، بەڵکو هاوکارییان کردوونو هانیانداون بۆ بەردەوام بوون، تەنانەت

دەوترێت پاسەوانی سەرۆک جاشەکان ژێر بە ژێر لەگەڵ شۆفێری ئۆتۆمبیلەکاندا رێکەوتوونو ئاگاداریان کردوون لەکاتی دروستبوونی قەرەباڵغیدا خۆیان رێنمایی دەسگیرکراوەکان بکەن بۆ راکردنو خۆدەربازکردن (میدلا ئێست وۆچ، س. پ، ل٢٢٢).

لە بەرامبەر بەردەوامی راپەڕینەکەو بێدەنگی جاشەکاندا، (بارق عەبدوڵڵا)ی فەرماندەی گشتی پرۆسەی ئەنفالی سێ بەناچاری هێزێکی زۆری لە کەرکوکەوە بۆ سەرکوتکردنی راپەڕینەکە هێناوە، ئەو دەستگیرکراوانەی کە لە بانی جەباریو ناوچەی قەرەحەسەنو قادرکەرەمەوە بە جادەی کەرکوکدا هێنراونەتە لیواکەی چەمچەماڵ، شایەتحاڵی ئەو ژمارە زۆرەی سەربازو مودەڕەعەو دەبابانەن کە لە رۆژی راپەڕینەکەدا جوڵەیان پێکراوەو یەک پارچە چواردەوری چەمچەماڵیان تەنیوەو هەموو سەر رێگاکانیان گرتووە (چاوپێکەوتن لەگەڵ (رەحمە عەبدولکەریم بابا یوسف)، لەدایکبووی ساڵی (١٩٦٦). (گوندی تاوێربەرز)ی ناوچەی جەباری. (عارف قوربانی، شایەتحاڵەکانی ئەنفال ، ب١، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی — ٢٠١٤، ل١٠١). چاوپێکەوتن لەگەڵ (رێز حەسەن کاکەحەمە)، لەدایکبووی ساڵی (١٩٥٤)، (گوندی زەردە)ی ناوچەی جەباری، ل١١٠-١١١. (عارف قوربانی، س. پ، ب١، ل١١٠-١١١). چاوپێکەوتن لەگەڵ (نەزیرە حسێن ئەحمەد)، لەدایکبووی ساڵی (١٩٦٦)، (گوندی حەفتاچەشمە)ی ناوچەی قەرەحەسەن، (عارف قوربانی، س. پ، ب٢، ل٢٣٤).

پاش گەیشتنی هێزە سەربازییەکان دەستکراوە بە تەقەکردن لە خۆپیشاندەرانو خەڵکی راپەڕیوو، هەر ئەوکاتیش چەندین فڕۆکەی شەڕکەری جۆری مێگو هەلیکۆپتەریش هەستاونو بۆردومانی ئاپۆڕای خەڵکە راپەڕیوەکەیان کردووە (میدلا ئێست وۆچ، س. پ، ل٢٢٢). لە ئەنجامی بۆردومانی فڕۆکەکانو هەڵمەتی نارنجۆکو تەقەی هێزە سەربازییەکانی سەر بەحکومەتدا چەندین ماڵا بەرکەوتوونو چەندین کەسیش کوژراونو بریندار بوونو زیانیان پێگەیشتووە.

لە ماڵی (فەتاح حەسەن) کە ئامر فەفرەزە خاسەیەکی سەر بە حکومەتو نیشتەجێی گەڕەکی کۆمەڵگەی جوتیاران بووە کچێکی دوازدە ساڵا بەناوی (فەهیمە فەتاح حەسەن) بەرکەوتووەو هەر لەوێدا گیانی لە دەستداوەو دوو ئۆتۆمبیلی هەمان ماڵیش بە نارنجۆکی سەربازەکان گڕیان گرتووەو زیانیان پێگەیشتووە، لە ماڵی (سەید مەجید)یش کە سەرۆک جاشێکی تری نیشتەجێی هەمان گەڕەک بووە زیان بە چەند ئۆتۆمبیلێک گەیشتووە، لە چەند ماڵیکی تری شاری چەمچەماڵیشدا ژمارەیەک ئاژەڵو رەشەوڵاغ بەرکەوتوونو تیاچوون (عەزیز ساڵەح، بروسکەیەک لە شەوەزەنگدا راپەڕینی چەمچەماڵا (١١/ ٤/ ١٩٨٨)و رۆڵی قالە شێت تیایدا، گۆڤاری چواردەی چوار، ژ (٣)، نیسانی ٢٠٠٥، ل٢٠).

لەکۆی گشتی دانیشتوانی شاری چەمچەماڵیش (١٢) کەس بەرکەوتوونو برینداربوون کە بریتی بوون لە (ماهیە حەمید مەحموود، حەبیبە سەعید حەمە، ئازاد حاجی قادر، مەهاباد فەتاح حەسەن، رەعنا حەسەن ساڵح، ئەسعەد حەسەن ساڵح، موحەممەد تاهیر لالە، عەدنان عومەر رەزا، رەعنا عەبدولڕەحمان، لەتیف عەبدولڕەحمان، خالد حەیدەر، سەید مەولوود) (چاوپێکەوتن لەگەڵا (موحەممەد تاهیر لالە)، چەمچەماڵا (٤/ ٥/ ٢٠٠٦). لەتیف فاتح فەرەج، س. پ، ل٢٠)، لەبەرامبەر بەردەوامی بۆردومانی کوێرانەی فڕۆکەکانیشدا ژمارەیەک لە جاشەکان وەڵامیان داونەتەوەو تەقەیان لێکردوون، هەریەک لە (قادر قادر، رەئووف تەیب، سەید مەولود، لە ماڵی فەتاح حەسەنیش موحەممەدو لەتیفو خالد) دیارترینی تەقەکەرەکان بوون. (چاوپێکەوتن لەگەڵا مامۆستا (عەبدولڕەحمان سدیق). (چاوپێکەوتن لەگەڵا (سەید مەولوود تۆفیق غەفوور)، لەدایکبووی ساڵی (١٩٥٤)، چەمچەماڵا (٢٢/ ١٢/ ٢٠١٧).



لەئەنجامی پیادەکردنی شێوازی توندو پەرچەکرداری بەهێزی (بارق عەبدوڵڵا)و هێزەکەیو بۆردومانی توندی فڕۆکەکاندا، کۆتایی بەڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی خەڵکی چەمچەماڵا هێنراوە. دوای ئەو هەنگاوەش هەڵمەتێکی توندی رەشبگیریو دەستگیرکردن دەستی پێکردووە، ئەو هەڵمەتە کە رۆژی راپەڕینەکەو رۆژی دواتریش درێژەی کێشاوە، تیایدا ژمارەیەک لە بەشدارانی راپەڕینەکەو ژمارەیەکی زۆر خەڵکی بێتاوانیش رەشبگیرکراونو رەوانەی لیوای چەمچەماڵاو لەوێشەوە رەوانەی ئەمنی سلێمانی کراون، پاش چەندین مانگ لە شوێن بزربوون، ئەوسا هەندێکیان بە بەرتیلو هەندێکیشیان بەر ئەو لێخۆشبوونە کەوتوون کە (سەدام حسێن)ی سەرۆکی عێراق بەهۆی کۆتاییهاتنی شەڕی هەشت ساڵەی (عێراق— ئێران)ەوە دەریکردووە (چاوپێکەوتن لەگەڵا (ناسیح عەزیز مەحموود) دەستگیرکراو، لەدایکبووی ساڵی (١٩٤٩)، چەمچەماڵا (٥/ ٦/ ٢٠٠٦). چاوپێکەوتن لەگەڵا (سەید مەولوود تۆفیق غەفوور) دەسگیرکراو. چاوپێکەوتن لەگەڵا (حەمەخان) دەسگیرکراو، چەمچەماڵا (٢٠/ ١٢/ ٢٠١٧).

هەر لەمیانەی هەڵمەتی رەشبگیری هێزە عێراقیەکاندا، گەڕانی وورد کراوە بەدوای ئەو دەستگیرکراوانەدا کە لەسەر دەستی خەڵکی ڕاپەریوی چەمچەماڵ ئازادکراونو لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە بانگەوازیان بۆ کراوە، تا لە زووترین ماوەدا خۆیان بە هێزە ئەمنیەکان بناسێننو ئەوەیان راگەیاندووە لەهەر ماڵێکدا بگیرێن خانووەکەیان بەسەردا دەڕوخێنرێتو بە ئێرانی هەژمار دەکرێن (عارف قوربانی، س. پ، ب١، ل١٥٧، چاوپێکەوتن لەگەڵا (سامان عوسمان فەرەج — مەلا سامان)، لەدایکبووی ساڵی (١٩٧٧). (عارف قوربانی، س. پ، ب١، ل١٥٧). (گوندی سەرقەڵا)ی ناوچەی سەنگاو. چاوپێکەوتن لەگەڵا (سەبریە عومەر ئیسماعیل)، لەدایکبووی ساڵی (١٩٣٠)، (گوندی دێڕەشە)ی ناوچەی زەنگنە، (عارف قوربانی، س. پ، ب٣، ل١٣٣). بەڵام هەموو ئەو هەڕەشانە دانیشتوانی چەمچەماڵیان نەترساندووەو لە هاوکاریکردنو حەشاردانی رزگارکراوەکان ساردی نەکردوونەتەوەو لە تێکڕای چەمچەماڵدا جگەلە چەند رزگاربوویەکی کەم لەسەر خواستی خۆیان وەڵامی ئەو بانگەوازو هەڕەشانەیان داوەتەوەو خۆیان تەسلیم کردووە، باقی ئەوانیتر کە زۆرینەی رزگارکراوەکان بوون درێژەیان بە خۆشاردنەوە لە حکومەتو دەزگا ئەمنیەکان داوە، تا ئەو کاتەی دۆخەکە ئارام بووەتەوەو لێخۆشبوونی گشتی دوای کۆتایی هاتنی شەڕی (عێراق — ئێران) بۆ هەڵاتووەکان دەرکراوە (سامان عوسمان فەرەج — مەلا سامان، کە خۆی یەکێک بووە لەو کەسانەی بەدەم بانگەوازەکەوە چووەو لەگەڵا ماڵەوەیاندا خۆیان تەسلیم بە دەزگا ئەمنیەکان کردووەو وەک داوایان لێکراوە چوونەتە (خانووە سپیەکان) کە کۆمەڵێک بینای سەربازی بوون لە باکووری رۆژهەڵاتی چەمچەماڵا، ناوبراو باس لەوە دەکات بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە دەزگا ئەمنیەکان وەک دوا مۆڵەت بۆ خۆ تەسلیم کردنەوە تەرخانیان کردبوو، تەنها (٢٥) خێزان خۆیان تەسلیم کردووەو هاتوونەتە خانووە سپیەکان. (چاوپێکەوتن لەگەڵا (سامان عوسمان فەرەج — مەلا سامان)، لەدایکبووی ساڵی (١٩٧٧). (گوندی سەرقەڵا)ی ناوچەی سەنگاو). (عارف قوربانی، س. پ، ب١،

ل١٥٧).

ئەنجامەکانی راپەڕینەکە:

١. لە دەرئەنجامی راپەڕینەکەی چەمچەماڵدا توانراوە ژمارەیەکی بەرچاو خەڵکی دەسگیرکراو ئازاد بکرێن، بەجۆرێک گەر دەسگیرکراوی گوندەکانی چەمچەماڵو سەنگاوو ئەو گوندانە بەنموونە وەربگیرێن کە پاش دەستگیرکردنیان بە جادەی (سەنگاو — چەمچەماڵ) دا گواستراونەتەوە بۆ مۆڵگەو زیندانەکانی تایبەت بە ئەنفالکراوان، ئەوە تێبینی دەکرێت کە ژمارەی ئەنفالکراوانی ئەو گوندو ناوچانە بەراورد بە گوندو ناوچەکانی تری کوردستان زۆر کەمترە لەڕووی ژمارەوە. بەگوێرەی راپۆرتەکانی (کۆمیتەی بەرگری لە مافەکانی قوربانیانی ئەنفال) ژمارەی ئەنفالکراوانی سنووری ناوەندی قەزای چەمچەماڵ بە (٥٦٤٥) کەسو ئەنفالکراوانی ناحیەی سەنگاو (٤٩٢٢) کەس سەرژمێرکراوە. بەڵام ژمارەی ئەنفالکراوانی ناحیەیەکی وەکو ناحیەی قادرکەرەم (١٤٨٦٣) کەس لە قەڵەم دراوە، لەکاتێکدا کە ئەو ناوچانەش شارو شارۆچکەی دەوروبەری چەمچەماڵ بوونو لە هەمان پرۆسەی (ئەنفالی سێ)دا دەستی ئەنفالیان پێگەیشتووە.

ئەو رێژەیەش لە ئەنفالکراوانی خەڵکی ناوچەو گوندەکانی سەر بە قەزای چەمچەماڵو ناحیەی سەنگاو بەشێکی زۆریان ئەوانە بوون کە لە تەمەنی سەربازیدا بوونو پاش گەیشتنیان بە شارەکان لەسەر خواستی خۆیان تەسلیم بە سەرۆک جاشەکان کراونو ئەنفالکراون.

٢. راپەڕینەکەی دانیشتوانی چەمچەماڵ کاربەدەستانی حکومەتی عێراقی بەجۆرێک ترساندووە کە لەدوای ئەو راپەڕینەوە چیتر هیچ دەستگیرکراوێکیان نەهێناوەتە چەمچەماڵ. ئەو دەستگیرکراوانەش کە لە لیوای چەمچەماڵ کۆکراونەتەوە لە هەمان رۆژی راپەڕینەکەدا بڕیاری گواستنەوەیان بۆ دەرکراوەو هەر ئەو رۆژە دەستیان کردووە بە گواستنەوەیان بۆ مۆڵگەکانی ئەنفال لە تۆپزاوە، ئەویش لەژێر چاودێریو پاسەوانی توندی سەربازیدا (چاوپێکەوتن لەگەڵ (موحەممەد عەلی محێدین)، لەدایکبووی ساڵی (١٩٢٦). (گوندی بانگۆل)ی ناوچەی جەباری. (عارف قوربانی، س. پ، ب١، ل١١٧). چاوپێکەوتن لەگەڵ (نەزیرە حسێن موحەممەد)، لەدایکبووی ساڵی (١٩٦٦)، (گوندی حەفتا چەشمە)ی ناوچەی قەرەحەسەن، (عارف قوربانی، س. پ، ب٢، ل٢٣٤). چاوپێکەوتن لەگەڵ (بەسیرە عەلی ئەحمەد)، لەدایکبووی ساڵی (١٩٦٤). (گوندی دێڕەشە)ی ناوچەی زەنگنە، (عارف قوربانی، س. پ، ب٣، ل١٣٤).

٣. راپەڕینەکە رۆڵی گەورەی هەبووە لە وورياکردنەوەی خەڵکی گوندەکانی ناوچەکە بەرامبەر بە پڕوپاگەندەکانی حکومەتی عێراقی بەوەی کە لە شار زەویو پارەیان بەسەردا دابەش دەکات، بۆیە لەو رۆژە بەدواوە ئەوەندەی بۆیان کرابێت خۆیان تەسلیم بەهێزەکانی حکومەت نەکردووەو زیاتر بەلا رێگاکاندا نەک رێگا سەرەکیەکاندا خۆیان گەیاندووەتە شارەکانو لەماڵی خزمو ناسیاوەکانیان خۆیان حەشار داوە تاکو ئاسایی بوونەوەی دۆخەکە.

٤. راپەڕینەکە لەڕووی مۆراڵییەوە ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەی زیندووکردۆتەوە کە حکومەتی عێراقی لە رێگەی پیادەکردنی سیاسەتی پەرتکەو زاڵبە (فرق تسد) لەنێوان دانیشتوانی گەڕەکەکانی ناو چەمچەماڵدا تاڕادەیەکی زۆر کاڵی کردبوونەوە، کارێکی کردبوو کە جۆرێک لە جیاوازیو لێکدابڕان بەتایبەت لەنێوان گەڕەکی کۆمەڵگەی جوتیارانو گەڕەکەکانی تری شارەکەدا دروست بکات (عەزیز ساڵەح، بروسکەیەک لە شەوەزەنگدا راپەڕینی چەمچەماڵ (١١/ ٤/ ١٩٨٨)و رۆڵی قالە شێت تیایدا، گۆڤاری چواردەی چوار، ژ



(٣)، نیسانی ٢٠٠٥، ل٢٠).

سەرچاوەکان

١. کتێبو سەرچاوەکان:
عارف قوربانی، شایەتحاڵەکانی ئەنفال ، ب١، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی — ٢٠١٤.
عارف قوربانی، شایەتحاڵەکانی ئەنفال، ب٢، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی — ٢٠١٤.
عارف قوربانی، شایەتحاڵەکانی ئەنفال، ب٣، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی — ٢٠١٤.
مەحموود سەنگاوی، بیرەوەرییەکانی سەنگاوی، چاپخانەی تیشک، سلێمانی — ٢٠٠٤، ل٣١٧ — ٣١٨.
میدڵا ئێست وۆچ، جینۆساید لە عێراقدا پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، و: (محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق)، چاپخانەی تیشک، سلێمانی — ٢٠٠٤.

٢. چاوپێکەوتنەکان:
چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئەحمەد عەزیز) بەشداری راپەڕینو بەشداری کۆبوونەوەکە، لەدایکبووی ساڵی (١٩٧١)، چەمچەماڵ (٢٠/ ١٢/ ٢٠١٧).
چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئیدریس موحەممەد ئەحمەد فەقێ) بەشداری راپەڕین، چەمچەماڵ (٢١/ ١٢/ ٢٠١٧).
چاوپێکەوتن لەگەڵ (بەسیرە عەلی ئەحمەد)، لەدایکبووی ساڵی (١٩٦٤)، (گوندی دێڕەشە)ی ناو زەنگنە.
چاوپێکەوتن لەگەڵ (پێشڕەو سەردار محێدین) بەشداری سەرەکی راپەڕینەکە، چەمچەماڵ (١٢/١٩/ ٢٠١٧).
چاوپێکەوتن لەگەڵ (جەلال موحەممەد محێدین)، لەدایکبووی ساڵی (١٩٣٧)، (گوندی قەیتول)ی ناو زەنگنە.
چاوپێکەوتن لەگەڵ (حەمەخان) دەسگیرکراو، چەمچەماڵ (٢٠/ ١٢/ ٢٠١٧).
چاوپێکەوتن لەگەڵ (رەحمە عەبدولکەریم بابا یوسف)، لەدایکبووی ساڵی (١٩٦٦). (گوندی تاوێربەرز)ی ناوچەی جەباری.
چاوپێکەوتن لەگەڵ (رێز حەسەن کاکەحەمە)، لەدایکبووی ساڵی (١٩٥٤)، (گوندی زەردە)ی ناوچەی جەباری.
چاوپێکەوتن لەگەڵ (سامان عوسمان فەرەج — مەلا سامان)، لەدایکبووی ساڵی (١٩٧٧). (گوندی سەرقەڵا)ی ناوچەی سەنگاو.
چاوپێکەوتن لەگەڵ (سەبریە عومەر ئیسماعیل)، لەدایکبووی ساڵی (١٩٣٠)، (گوندی دێڕەشە)ی ناو زەنگنە.
چاوپێکەوتن لەگەڵ (سەبور شکر حسێن)، لەدایکبووی ساڵی (١٩٥٠)، چەمچەماڵ (٥/ ٥/ ٢٠٠٦).
چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدولڕەحمان سدیق) بەشداری سەرەتای راپەڕین، لەدایکبووی ساڵی (١٩٧١)، چەمچەماڵ (٢٠/ ١٢/ ٢٠١٧).
چاوپێکەوتن لەگەڵ (لەتیف فاتح فەرەج) بەشداری راپەڕینو بەشداری سەرەتای راپەڕینەکە، چەمچەماڵ (٢٠/ ١٢/ ٢٠١٧).
چاوپێکەوتن لەگەڵ (موحەممەد تاهیر لالە)، چەمچەماڵ (٤/ ٥/ ٢٠٠٦).
چاوپێکەوتن لەگەڵ (موحەممەد عەلی محێدین)، لەدایکبووی ساڵی (١٩٢٦). (گوندی بانگۆل)ی ناوچەی جەباری.
چاوپێکەوتن لەگەڵ (موحسین عەلی رەحیم)، لە دایکبووی ساڵی (١٩٧٦)، چەمچەماڵ (٢٥/ ٤/ ٢٠٠٦).
چاوپێکەوتن لەگەڵ (شێخ مەهدی تاهیر شێخ کاکەحەمە) بەشداری راپەڕینەکەی ئۆردوگای شۆڕش، چەمچەماڵ (١٢/٢١/ ٢٠١٧).
چاوپێکەوتن لەگەڵ (سەید مەولوود تۆفیق

غەفوور)، لەدایکبووی ساڵی (١٩٥٤)، سلێمانی (٢٢/ ١٢/ ٢٠١٧).

چاوپێکەوتن لەگەڵا (نازم حەمە ئینجە) بەشداری سەرەکی راپەڕینەکە، چەمچەماڵا (١٢/١٩/ ٢٠١٧).

چاوپێکەوتن لەگەڵا (ناسیح عەزیز مەحموود)، لەدایکبووی ساڵی (١٩٤٩)، چەمچەماڵا (٥/ ٦/٢٠٠٦).

چاوپێکەوتن لەگەڵا (نەزیرە حسێن ئەحمەد)، لەدایکبووی ساڵی (١٩٦٦)، (گوندی حەفتاچەشمە)ی ناوچەی قەرەحەسەن.

چاوپێکەوتن لەگەڵا (نەوزەر مەزهەر) بەشداری راپەڕینەکە، چەمچەماڵا (٤/٥/ ٢٠٠٦).

چاوپێکەوتن لەگەڵا (هەڵەت کەریم ئاغا)، چەمچەماڵا (١٢/١٧/ ٢٠١٧).

٣. بەڵگەنامەکان:

مدیریە امن محافڤە السلیمانیە/ش٣، موچوع: حوادپ الشعب، العدد: (٣٥٤)، التاریخ: (٧/ ٦/ ١٩٨٧م).

٤. رۆژنامەو گۆڤارەکان:

دڵشاد موحەمەد ئەحمەد، جیهادەکەی قالە شێت، رۆژنامەی قالە، ژ (١)، ساڵی یەکەم.

عەزیز ساڵەح، بروسکەیەک لە شەوەزەنگدا راپەڕینی چەمچەماڵا (١١/ ٤/ ١٩٨٨)و رۆڵی قالە شێت تیایدا، گۆڤاری چواردەی چوار، ژ (٣)، نیسانی ٢٠٠٥.

٥. دەستنووسەکان:

لەتیف فاتح فەرەج، هەموومان لە ئەنفالدا بووین (تێکەڵێکە لە بیرەوەری، بۆچوون، دیرۆک دیاریەکی بچوکی منە بۆ خەڵکی شارۆچکەی چەمچەماڵو شۆڕش، چەمچەماڵا- ٢٠١٧.




# هەڵوێستی دانیشتوانی چەمچەماڵ بەرامبەر ئەنفالی سێ




ئومێد خەتاب وەهاب


خوێنەری بەڕێز ئەم کورتە باسەی بەردەستت لە بنەڕەتدا توێژینەوەیەکە کەلە داهاتوودا دەکرێت بەکتێب، دەربارەی هەڵوێستی چەمچەماڵیەکان لە ئەنفالی سێ دا، لەسەر داوای ستافی گۆڤاری ئەنفالناسی، بەم شێوەیەی خوارەوە کورتمان کردوەتەوە.

سنوری ئەنفالی سێ:

ئەم قۆناغەی ئەنفال بە ئەنفالی گەرمیانیش ناوزەند دەکرێت، لە (٤/٧ تاکو ١٩٨٨/٤/٢٠) خایاند، سنوری پارێزگای کەرکوکی گرتەوە، بەم شێوەیە (خورماتوو، کفری، کەلار، دەربەندیخان، چەمچەماڵ، سەنگاو، تەکیە، قادر کەرەم).

ئەو هێزانەی بەشدارییان لەم قۆناغەی ئەنفال کرد بریتی بوون لە :

هێزی فەیلەقی یەک بە فەرماندەیی (سوڵتان هاشم) کە هێزەکەی پێکهاتبوو لە فەوجی خەفیفەکان، فیرقەی دەی زرێپۆش بە فەرماندەیی (خالد الدلیمی)، هێزی پاسەوانی نەوت بە فەرماندەیی (بارق عبداللە حاج حنتە) جگەلە هێزی ئاسمانیو ئەمن...هتد.

هێزی فەیلەقی دوو بە فەرماندەیی فەریقی یەکەم (کامل ساجد) کە هێزەکەی پێکهاتبوو لە فیرقەکانی پیادەی (١٥-٣٤)و فیرقەی سێی زرێپۆش.

هۆکارەکانی خۆپیشاندانەکە:

لەکاتی ئەم قۆناغەی ئەنفالدا، دانیشتوانی چەمچەماڵا لە (١١/نیسان/ ١٩٨٨)دا، خۆپیشاندانیان ئەنجامداو بەگژ هێزەکانی رژێمدا چونەوە، ژمارەیەکی زۆری خەڵکیان لەچنگی هێزەکانی رژێم رزگارکرد. ئەم خۆپیشاندانە چەندین هۆکاری هەبوو، لەوانە:

١. ئەو توندوتیژیەی پیاوانی حکومەتی عێراقی پیادەیان دەکرد، نەک تەنها لەگەڵ دانیشتوانی چەمچەماڵ بەڵکو لەگەڵ ئەو کوردانەشی کاریان لەگەڵ دەکردن، بەتایبەتی

مستەشارو یەکە تایبەتیەکانو فەوجە سوکەکان، بەشێک لەمانە زۆر بەقین بوون لێیانو بۆ هەلێک دەگەڕان تاکو تۆڵەی خۆیان لە پیاوانی حکومەت بکەنەوە.

٢. ئەو سوکایەتیکردنە بە رەگەزی مێ، بەجۆرێک پۆشاکی ژێرەوەی رەگەزی مێینە لە قەد ئۆتۆمبیلی سەربازیو چەند شوێنێک بەدی دەکران، ئەمەش لەگەڵ کلتورو نەریتی کوردستان بەگشتیو دانیشتوانی چەمچەماڵ یەکی نەگرتەوە. بۆیە لێی هاتنە دەنگ.

٣. بەشێک لە دانیشتوانی گوندەکان لە ئۆردوگای شۆڕش نیشتەجێ کرابوون، پێشتر بەچاوی خۆیان نەهامەتی کەسوکاریان بینیووە، هەوڵیانداوە ئازادیان بکەنو پێکدادان لەگەڵ پاسەوانی پاسەکان دروستبووەو خۆپیشاندان دەستی پێکردووە.

٤. هاتو هاواری بەشێک لە ئەنفالەکان، بەتایبەتی منداڵان لەبرساو لە تینوێتیدا کە ناخی مرۆڤی دەهەژاند، لەلایەن پاسەوانەکانەوە هیچ ئاوڕێکیان لێ نەدەدرایەوە.

٥. بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە، بە یەکێک لەهۆکارەکانی ئەم خۆپیشاندانە دادەنرێت، بەجۆرێک بەشێک لە لاوانی ئەم شارە سەرباز بوون لە سوپای عێراقیو پێشمەرگە بوون، بە چاوی خۆیان ئەو کۆمەڵکوژیو دڕندایەتیەی حکومەتی عێراقیان بینیبوو، بەڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ خەڵکیان لەدژی حکومەتی عێراق هاندەدا.

### شەنو کەوێکی خۆپیشاندانی ئۆردوگای شۆڕشو چەمچەماڵ:

دوای هەوڵدانێکی زۆر، توێژەر توانی یەکێک لە پۆلیسەکانی بنکەی پۆلیسی چەمچەماڵ کە ئێستا لەژیاندا ماوەو خانەنشینە بدوێنێ، تاوەکو باسی ئەو رۆژەی بۆ بکات. ئەو پۆلیسە دەڵێت «لە (١٩٨٧/٢/٣) لیژنەیەک لەشاری بەغدادەوە هاتبوون بۆ چەمچەماڵ، ئێمەشیان لەگەڵ خۆیان برد، داوامان لە خەڵکی گوندەکان کرد بێن لە ئۆردوگاکان نیشتەجێ ببن، حکومەت سەرجەم پێداویستیەکانتان بۆ دابین دەکات، بەڵام بەشێکی زۆری هاوڵاتیان ئامادەنەبوون گوندەکانیان چۆڵ بکەن، بەهۆی شەڕی نێوان عێراقو ئێران، بوونی مەفرەزەکانی هێزی پێشمەرگە حکومەت دەترسا ئەو ناوچانە لەژێر دەستی دەربهێنرێت».

دوای ئەوەی خەڵکی گوندەکان ئامادەنەبوون گوندەکانیان چۆڵ بکەن، بڕیار هات سەرجەم خزمەتگوزاریەکانیان لێ ببڕن، بەجۆرێک لە کاتی هاتنیان بۆ نەخۆشخانەکانی چەمچەماڵ چارەسەریان بۆ نەکرێت. لەئەنجامدا لە کاتژمێر دەی بەیانی (١٩٨٨/٤/١١) سوپای عێراق زیاتر لە (٦٥٠-٧٠٠) ئۆتۆمبیلی سەربازیو پاسو تراکتۆری پڕ کردبوو لە دانیشتوانی گوندەکانی سنوری ناحیەی سەنگاوو ناوچەکانی جافو زەنگەنەو هەمەوەند، هێنانی بۆ قایمقامیەتی چەمچەماڵو دواتر بۆ لیوای چەمچەماڵ، پاشان بۆ تۆپزاوە تاوەکو بۆ چارەنوسێکی نادیاریان بەرن.

ژمارەیەک لە دانیشتوانی چەمچەماڵ بەتایبەتی لاوانو خوێندکاران، لە شۆڕشو چەمچەماڵ ڕێیان بە ئۆتۆمبیلە سەربازیەکان گرت، توانیان زیاتر لە هەزار هاوڵاتی ڕزگار بکەن، ئەو قوتابیانەی کە لە شۆڕش بەم کارە هەستان بریتی بوون لە: (هیلال محەمەد سەنگاوی، کاکە زیادی ئاسایشو ڕێبوار ×ابر ... هتد)، لە چەمچەماڵیش هەریەک لە (ئەحمەد عەزیز ئەمین، لەتیف فاتیح فەرەج، عارف کەریم قوربانی، ئیدریس محەمەد ئەحمەد، عەلی حاجی شاکر، نەوزەر مەزهەر، عەبدولرەحمان سدیق حسێن، کاوەی مەلا ئەحمەدی قەرەتامۆر، مقاول فاتیح کەریم، نازم بچکۆل، مەریوان قادر)، هەروەها لە چەمچەماڵیش بەشێک لە خوێندکارانی دواناوەندی ئێوارانو فەلەستینو ناوەندی روناکی بەم کارە هەستانو رۆڵێکی کاریگەریان هەبوو، ئەویش بەهاندانی هەردوو مامۆستا (نەجمەدین محەمەد فەرەج، حەمە عەلی شەفیق)و (م.حسێن مەلا حسێن).

حکومەتی عێراق بەهێرشکردن بەرپەرچی دانیشتوانو قوتابیانی راپەڕیوی چەمچەماڵی دایەوە، بەتایبەتی هێزی تایبەتی (بارق عەبدوڵا حاجی حنتە)، ئەو رۆژە پێنج کۆپتەر هاتنە سەر ئاسمانی چەمچەماڵو شۆڕش، بانگەواز کرا ئەگەر هەر کەسێک پەنای ئەو کەسانە بدات خانووەکەی بەسەریدا دەڕوخێنرێتو هەمان چارەنوسی ئەوانی دەبێت. پیاوانی حکومەتی عێراقی بەتایبەتی بەرپرسی گەڕەکو ناوچەکان کۆڵان بەکۆڵان دەگەڕانو خەڵکیان ئاگادار دەکردەوە کە پەنای کەس نەدەن. جگەلەوەش فڕۆکەکان هێرشیان بردە سەر چەندماڵێک وەکو: (سەید مەولود - فەتاح حەسەن) لەئاکامدا کچێکی کە لە پۆلی یەکەمی ناوەندی بوو بەناوی (فەهیمە فەتاح حەسەن) شەهید بوو، هەریەک لە (محەمەد تاهیر لالەو سەید مەولود، محەمەد ئەنوەر ئەمین، سروە مەجید حەیدەر) بریندار بوون.

ئەو کەسەی کە هانی خەڵکی دەدا ڕاپەڕن، کەسێک بوو بەناوی (عەبدولقادر محەمەد) کە بە (قالە شێت) ناسرابوو، ئەو بانگی دەکرد جیهادە جیهاد. ئەمەش یەکێک بوو لە هۆکارەکان، جگەلە پشتگیریکردنی خۆپیشاندانەکە لەلایەن بەشێکی مستەشارەکانەوە، ئەمەش بووەهۆی ئەوەی خەڵکی شاری چەمچەماڵ نەترسنو بەڕوی ستەمو زۆرداریدا ڕابپەڕن.

### ناونوسکردن لە قایمقامیەتی چەمچەماڵ

زیاتر لە دە هەزار هاوڵاتی لەبەردەم قایمقامیەتی چەمچەماڵ کۆکرابوونەوە، هەوڵیاندەدا ناو نوسیان بکەنو دواتر بەرەو لیوای چەمچەماڵیان دەبردن. دیمەنێکی دەگمەن بوو، دەنگو هاواری بەشێک لەمانە زەویو ئاسمانی داگیرکرد بوو، لەو کاتەدا کە خەڵکی چەمچەماڵ پێیانوتن ئەنفالتان دەکەنو دەتانکوژن رابکەن، هەندێکیان هەڵهاتن بەجۆرێک زیاتر لە چوار هەزار کەس دەبوون، بەشێکی زۆریان چوونە ئەو ماڵانەی نزیکی قایمقامیەت بوون، بەڵام حکومەتی عێراقی بە بۆچوونی خۆی پشکنینی بۆ ئەو ماڵانە نەکرد، بەڵکو گەڕەکی بێکەسو چەند شوێنێکی تری پشکنیو هاوڵاتیانیشی دەسگیرکرد، دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا هەندێکیانی ئازادکرد، بەڵام هەندێکی تریان ئەنفال کران.

### هەڵوێستی پیاوانی حکومەتی عێراقی

دوو هەڵوێست هەبوون، ئەوانیش بەشێکیان زۆر بەجدیو توندوتیژانە دژی خەڵک وەستانەوە. بەجۆرێک (ف. ک. م) لە نەتەوەی کورد لە یەکێک لەگەڕەکەکانی چەمچەماڵ بە ماڵەکانی دەووت «وەڵاهی یەک کەستان پەنادابێت سوێند بەخوا گوێتان دەبڕم، بێ دادگایی لەسێدارەتان دەدەم».

لەڕاستیدا «زۆربەی کوردەکان یارمەتیەکی

زۆری هاوڵاتیانیان دا تاکو خۆیان دەرباز بکەن، بەتایبەتی (هێزەکەی فەتاح حەسەن چیا سەوزی)، لەڕاستیدا لەو ساتەدا ئەگەر حکومەتی عێراقی مەبەستی کوشتنی هاوڵاتیانی چەمچەماڵ بوایە بێگومان دەیتوانی ژمارەکی زۆر لە هاوڵاتیان بکوژێ، تەنانەت خودی بەشێک لەوانەی خۆپیشاندنیان کردووە دان بەو راستیەدا دەنێن بەجۆرێک هەندێکیان دەڵێن کاتێک پەلاماری پاسەکانمان دەداو خەڵکمان ئازاد دەکرد دەهاتن‌و دوریان دەخستینەوە.

لەلایەکی ترەوە بەڕێوبەری ئەوکاتی ئەمن (ئاسایش)ی چەمچەماڵ بەناوی (رائد حافڤ) لە (١٩٨٨/٤/٢٢) دەچێت بۆ ماڵی چەند کەسایەتیەکی چەمچەماڵ لەنزیک بینای قایمقامیەت، دوای دانیشتن‌و گفتوگۆ پێیان دەڵێت «دەزانم هاوڵاتیەکی زۆر هاتۆتە ماڵتان‌و ئازادتان کردون، بەڵام ئێوەو زۆر کەسی تریش بینیان لەو کاتەدا دەمانچەکەم دەرکردبوو تەقەم دەکردە بۆ ئاسمان، وەڵاهی مەبەستم ئەوە بوو شڵەژانێک دروست بێت، لانی کەم هەندێکیان هەڵبێن.

سەرباری هەڕەشەکانی حکومەتی عێراق، بەشێکی زۆری هاوڵاتیە رزگار بووەکان لە ماڵەکاندا پەنادران، بەڵام چەند ماڵێکیش بەهۆی هەڕەشەکانی حکومەتی عێراقەوە ئامادەنەبوون شوێنی کەس بکەنەوە.

ئەفسەرێکی عەرەب لە قیادەی جەیشی شەعبی بەناوی (مۆید الجمیلی) لە ساڵی (١٩٩٠) لە ماڵی یەکێک لە کەسایەتیەکانی چەمچەماڵ گێڕاویەتیەوە «ئەفسەری ئیستخبارات بووە لە هێزی بارق، دەڵێت من لە (١٩٨٨/٤/١١) لەگەڵ بارق بووم، بارق زۆر هەوڵیدا چەمچەماڵ تێکبدات، بەڵام بۆچونی من‌و حیزب جیاوازتر بوو، لێنەگەڕاین ئەو کارە بکات، لەبەرئەوەی بۆچونی من‌و حزب یەکیدەگرتەوە، من لەگەڵ بۆچونی بارق نەبوم، چونکە بەڕاستی دانیشتوانی چەمچەماڵ قارەمان بوون، لەگەڵ ئەو هەموو هێزەی ئێمە بەڕاستی چاونەترس بوون، زۆر کەسیان ئازاد کرد پێم حەیف بوو چەمچەماڵ تێکبدرێت، لەبەرئەوەی لەو کاتەدا فەلەستینیەکانم دەهاتەوە یاد. لەبەر هەڵوێستم لەسەر چەمچەماڵ بارق شکاتی لێکردم‌و لەعەسکەری دەریان کردم‌و گواستمیانەوە بۆ جەیشی شەعبی. لەڕاستیدا بەهۆی ئەم خۆپیشاندانەوە ژمارەیەکی زۆری لە هاوڵاتیانی چەمچەماڵ شەهیدو بریندار بوون، جگەلەوەی هەندێکیان راپێچی بەندیخانە کران‌و دوای ئازاردانێکی زۆر کە هیچیان لەسەر ساغ نەبویەوە ئازاد کران، بەڵام چەندین هاوڵاتی تر بێ سەرو شوێن کران.

هەڵوێستی هاوڵاتیە ئەنفال کراوەکان

بەشێکی زۆر لەهاوڵاتیان نەیاندەویست لەپاسەکان بێنە خوارەوە، لەبەرئەوەی پێشتر حکومەتی عێراقی لەڕێگەی قایمقامی چەمچەماڵ بەناوی (عەلی عەزیز عەباس) پێی ڕاگەیاندبوون ئەگەر گوندەکان چۆڵ بکەن‌و بێن لە ئۆردوگاکان نیشتەجێ ببن، ئەوا پارچەیەک زەوی (٣٠٠) مەتری‌و عەقاریان دەداتێ تاکو شوێنی نیشتەجێبوون دروست بکەن، بۆیە زۆربەیان پێیانوابوو بە هاتنە خوارەوەیان لە پاسەکان ئەم ئیمتیازاتەیان لەدەست دەچێت، تەنانەت هەندێکیان پڕ بەگەرویان هاواریان دەکرد «کاکە بۆ لێمان تێکدەدەن ناهێڵن زەوی‌و پارە وەربگرین»، زۆربەیان بەپیری ئەم خۆپیشاندانەوە نەدەهاتن، بەم هۆیەشەوە بەشێک لە ئەنفالکراوەکان بەزۆرو ڕاکێشان دەهێنرانە خوارەوە، هەشیانبوو بەهۆی خۆهەڵدانی قاچێکی شکابوو. بەشێکیان بێئاگا لەوەی راپێچی مەرگ دەکرێن سەرجەم پێداویستی ڕۆژانەو کەلوپەلی لەگەڵ خۆی هێنابوو.

ئەو رێگاو شێوازانەی چەمچەماڵیەکان بۆ ئازادکردنی ئەنفالەکان گرتیانەبەر

١. دانانی بلۆک لەسەر شەقامەکان تاکو پاسەکان توانای رۆشتنیان نەمێنێت، دواتر هێرشییان دەبردە سەریان‌و بەخوایشت بێت یان بەزۆر بەشێکی زۆریان لێ ئازاد دەکردن.

٢. تایە سوتاندن لەسەر شەقامەکان، بەجۆرێک ژمارەیەک تایە هێنران‌و گڕیان تێبەردرا بەمەش توانرا بەشێکی ئامانجی دیاریکراو بەدەست بهێنن. ئەم کارە بە یەکێک لەهۆکارە سەرەکیەکان دادەنرێت کە خۆپیشاندەران بۆ ئازادکردنی ئەنفالەکان پشتیان پێدەبەست.

٣. بەرد باران کردن، بەجۆرێک ژمارەیەک لاو بەردبارانی ئۆتۆمبیلە سەربازی‌و مەدەنیەکانیان کردو جامی بەشێکیان شکاندن.

٤. تەقەکردن لە فڕۆکەکان لەلایەن یەکە تایبەتیەکانی حکومەتی عێراقیەوە کە لە کوردەکان دروستیکرد بوون، بەمەش جۆرێک لە شڵەژان لەڕیزی سوپا ئەنفالچیەکەی حکومەتی عێراقی دروست بوو، ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتی هەڵهاتن.

٥. سەرباری هەڕەشەکان بەشێکی زۆری ئەنفالکراوە رزگار کراوەکان لە ماڵەکانی چەمچەماڵ جێ کرانەوە، دواتر گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنەی کە خۆیان مەبەستیان بوو.

ئەو کەسانەی بەشداریان کرد لەم خۆپیشاندانەدا:

١. مستەشارو یەکە تایبەتیەکانی حکومەتی عێراقی ئەوانەی خەڵکی رەسەنی سنورەکە بوون، چ بەهاندانی خەڵکی بێت یاخود تەقەکردن بێت لە سوپاو فڕۆکەی حکومەتی عێراقی کە لەو رۆژگارەدا هەڵوێستێک بوو لە مێژوودا وێنەی کەمە.

٢. لاوان دەورێکی کاریگەریان بوو، بەجۆرێک بە داینەمۆی ئەو خۆپیشاندانە دادەنرێن.

٣. بەشێک لەکەسایەتیەکان لەو رۆژگارەدا چ بەهاندانی لاوان بێت یاخود خەڵکە ئەنفالکراوەکە رۆڵی خۆیان بینی.

٤. مامۆستایان‌و خوێندکاران لە ئۆردوگای شۆڕش‌و شاری چەمچەماڵ، بە یەکێک لە بەشداربووە سەرەکیەکانی ئەم خۆپیشاندانە دادەنرێن، یاخود سەرباری جەبەروتی حکومەتی عێراقی هیچ لێپرسینەوەیان لەگەڵ ئەو خوێندکارانەدا نەکرد کە بەشداری ئەم خۆپیشاندانەیان کرد، بەڵکو بەڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ دەستخۆشیان لێکردن‌و پاداشتیان کردن.

جیاکەرەوەکانی خۆپیشاندانی ١٩٨٨/٤/١١:

١. بەیەکێک لەو خۆپیشاندانانە دەژمێردرێت کە بەشێوەیەکی خۆڕسک بووەو هیچ پلانێکی پێشوەختەی دیاریکراوی نەبووە، دەستی هیچ رێکخراوو پارتێکی لەپشت نەبووە، لەم ساڵانەی دوایی ناوی پارت هێنراوە گوایە لەپشتی ئەم خۆپیشاندانەوە بووە، بەڵام دوای وردبونەوەو بۆمان دەرکەوت جگەلە بیری تەسکی پارتایەتی هیچی تر نەبووە.

٢. بۆ یەکەمجار بە ئاشکرا یەکە تایبەتیەکانی حکومەتی عێراقی روی تفەنگەکانیان کردە سوپاو فڕۆکەی عێراقی.

٣. بەشێكی زۆری دانیشتوانی چەمچەماڵ بە گەورەو بچوكو ژنو پیاوو منداڵ، چ بە هاندان بێت یا جێكردنەوەی ئەنفالەكان بەشداریان لەم خۆپیشاندانەدا كردو شەهیدو بریندارییشیان بەخشی.

٤. لە لوتكەی بەهێزی حكومەتو سوپای عێراقی دوای هاتنە دەرەوەی بەسەركەوتوی لە شەڕی هەشت ساڵە لەگەڵ ئێران، لەسەر دەستی چەمچەماڵییەكان توشی بەرهەڵستییەكی بەهێز بویەوە كە بەهیچ جۆرێك لەو رۆژگارەدا بەهزریدا نەهاتبوو.

ئەنجام

١. رزگاركردنی نزیكەی (٧ – ١١) هەزار كەس لە چەمچەماڵو ئۆردوگای شۆڕش.

٢. شكاندنی شكۆی سوپای سەركوتكەری عێراقی لەسەر دەستی چەمچەماڵییەكان.

٣. كوژرانو برینداربوونی ژمارەیەك هاوڵاتی، بریندارکردنی ژمارەیەك سەرباز.

٤. بەدرۆخستنەوەی ئەو بانگەشانەی كە گوایە زەویو عەقار دەدرێت بە دانیشتوانی گوندەكان لەكاتی گواستنەوەیان بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەكان.

٥. دوای ئەم خۆپیشاندانە حكومەتی عێراقی بەزۆری لەشەواندا كارەكانی دژ بە خەڵك ئەنجامدەدا.

٦. راستیەك بۆ حكومەتی عێراقی ئاشكراتر بوو كە تاكەكانی كورد لەكاتی نەهامەتی پشت لەیەك ناكەن، پێكەوە دژی ستەمو زۆرداری رادەپەڕن.

داواكاریو راسپاردە:

لەكۆتایدا داوا لە پسپۆرانی بواری مێژوو جوگرافیاو دەروناسیو ئابوری دەكەم، بەپێی توانای خۆیان كار لەسەر خۆپیشاندانی (١٩٨٨/٤/١١) لە چەمچەماڵ بكەن، لەبەرئەوەی بەشێك لە رزگاربووەكان خوێندنی باڵایان تەواوكردووەو خاوەنی پسپۆڕی دیاریكراون، لەبەرئەوەی جێگای داخە تائێستا لە چوارچێوەی وتاری رۆژنامە نەچوەتە قۆناغێكی زانستیتر. لەڕاستیدا ئەم خۆپیشاندانە كەرەستەی چەند توێژینەوەیەك لەخۆدەگرێت لە بوارەكانی مێژوویی‌و جوگرافیو دەرونیو ئابوری ... هتد، ئەگەر بێتو بەزانستی كاریان لەسەر بكرێت. كاتی ئەوە هاتووە وتارە دوبارەكانی رۆژنامەكان كۆتایی پێ بێت، كارەسات لەوەدایە چەند ساڵە لە رۆژنامە جیاوازەكان یەك شت دوبارە دەكرێتەوە، لێرەوە كاری مێژوونوسانە كاری جدی لەسەر ئەم خۆپیشاندانە بكەن.



# شاڵاوەكانی جینۆسایدی ساڵی (١٩٨٧)و رووداوەكانی بەركەڵۆز



پشتیوان ئەكبەر حەفتاچەشمەیی

**پێشەكی**

مێژووی گەلی كورد پڕە لە رووداوی تراژیدیو دڵتەزێن، سەدەی بیستەم یەكێك بوو لە ناخۆشترین سەدەكان لە مێژووی گەلی كوردستان، چونكە لەم سەدەیە زۆرترین كۆمەڵكوژیو جینۆساید دەرهەق بە میللەتی كورد كراوە، دووچاری سیاسەتی غەدرلێكردنو چەوساندنەوەو لەناوبردن بونەتەوە لەسەر خاك وولاتی خۆیان.

لە كوردستانی عێراق رژێمە یەك لەدوای یەكەكانی ئەم وڵاتە بەردەوام بوونە لەسەركوتكردنو داپڵۆسینو جینۆسایدی ئەم میللەتە ستەمدیدەیە. بە هەموو شێوەو رێگایەك ویستویانە ناسنامەی نەتەوەیی كورد بسڕنەوە. هەڵبەتە ئەو كردارەشیان بە بەرنامەو پرۆگرامی تایبەت بووە، ستراتیژو تاكتیكی گونجاو لەباریشیان بۆ داڕشتووە بە چەند شێوازێك ئەنجامدراوە وەكو: ;راگواستنی بەكۆمەڵی كوردان لەسەر زێدی بابو باپیرانیانو پراكتیزەكردنی سیاسەتی بە عەرەبكردنی ناوچەكانیان، كوشتنو لەسێدارەدانو رەمیكردنی رۆڵەكانی گەلی كورد، لوتكەو ترۆپكی هەموو ئەو تاوانانە خۆی لە ساڵەكانی (١٩٨٧و ١٩٨٨) بینیەوە لە كیمیابارانكردنو ئەنفالو وێرانكردنو تاڵانكردنی گوندو دێهاتو ناوچە كوردستانیەكانو جینۆسایدی دانیشتوانەكەی.

قۆناغی دەسەڵاتی بەعسییەكان

حزبی بەعس هەر لە رۆژگاری هاتنە سەر حوكمیانەوە لە عێراق (١٩٦٣- ٢٠٠٣) بەكارهێنانی توندوتیژی بەشێوەیەكی دانەبڕاو شێوازی مامەڵەكردنیان بوو لەگەڵ میللەتی كوردا، بەڵام لە مانگی سێی ساڵی (١٩٨٧ تا ٦/ ٩/ ١٩٨٨)، لەم دوو ساڵەدا پەلامارەكانی بەعس بۆ سەر كۆمەڵگای كوردی بەشێوەكی بەرچاو بەرزەبێتەوەو سنوری رەمزیو ترساندنی هەندەكی (جوزئی) تێدەپەڕێنێتو دەپەڕێتەوە بۆ سەر زەمینو وێرانكردنی بەرفراوانو فرەلایەنو سەرتاسەری.

لەو دوو ساڵەدا رژێمی بەعسی عێراق (٤٥٠٠) گوندو دێهاتو شارۆچکەی کوردستانی باشوری وێرانو تاڵان کردو دانیشتوانەکەشی جینۆساید کرد، بە بەرچاوی وڵاتانی ئەنجوومەنی ئاسایشو نەتەوە یەکگرتووەکان (UN)و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیو رێکخراوەکانی مافی مرۆڤو وڵاتانی جیهان ئەم تاوانە دڕندانەو جینۆسایدە ئەنجامدرا.

سەرژمێری ساڵی (١٩٨٧)

حکومەتی عێراق بۆ جاری حەوتەم لە (١٧) تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٨٧) سەرژمێری گشتی لە هەموو عێراقو کوردستانی باشور ئەنجامدا، پاش ئەوەی حکومەتی عێراق ئاماری سەرژمێری لەم ساڵانە ئەنجامدابوو: ١٩٢٧، ١٩٣٤، ١٩٤٧، ١٩٥٧، ١٩٦٥، ١٩٧٧.

حکومەتی عێراق لەو ئامارانەی کە کردوویەتی زۆر مەبەستی زانینی رێژەی دانیشتوانو کۆکردنەوەی زانیاری ورد نەبووە، تا لەسەر بناغەی ئەنجامەکانی نەخشەو پلانی پێویست دابنرێت، بۆ ئەوەی رەنگ بداتەوە لە پەرەسەندنی وڵاتو خوشگوزەرانی گەلەکەیدا... بەڵکو زیاتر بۆ ئامانجێکی سیاسیو تەزویرکردنی راستیەکان بووە، بۆ گۆڕینی باری دیموگرافیو تۆپۆگرافیو ئەنجامدانی پاکتاوکردنی رەگەزی بووە.

رژێمی بەعسی عێراق ئاماری ساڵی (١٩٨٧) دەکاتە بناغەیەک بۆ پیلانەکانی بۆ جینۆسایدکردنی گەلی کورد، رژێم ویستی لەرێی ئەو سەرژمێریەوە بتوانێت بە ئاسانی خەڵکانی گوندەکان لە خەڵکانی ناو شار جیابکاتەوەو بە ئاسانی بناسرێنەوە، واتا ئەو ناوچانەی سەرژمێری ناکرێن دەبنە ئەو ناوچانەی کە جینۆساید دەکرێن.

لەڕاستیدا ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی ساڵی (١٩٨٧) زەمینە خۆشکەر بوو بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دیموگرافی بەکەڵک لەبارەی دانیشتوانی کوردو ئەو کەسانەی کە رژێمی بەعس بە نیاز بوو لەناویان بەرێت، هەر بۆیە دوای چوار مانگ لە سەرژمێریەکە پەلامارەکانی جینۆسایدی ئەنفال بە هێرشێکی دڕندانەی سەربازی قەبەو بەهێزدەستی پێکرد.

شاڵاوەکانی جینۆسایدی ساڵی (١٩٨٧)

بەهۆی سیاسەتە توندوتیژەکانی حکومەتی بەعسی عێراقی بەرامبەر خەڵکی کوردستان، لە ساڵی (١٩٨٧) کوردستان دووچاری دژوارترین بارودۆخ بوو، بارودۆخی خراپ هاتە ئاراوەو مەترسی گەورەی بۆ سەر بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان دروستکرد، چونکە رژێمی بەعس کەوتە گیانی هاوڵاتیانی کوردو هێرشی سەربازی بۆ قڕکردنو ئەنفالو کیمیابارانکردنی ناوچەکانی کوردستان دەستپێکرد.

رژێم لە دەستپێکی شاڵاوەکانی جینۆسایدی کورد دا، دەستیکرد بە خۆسازدانو پیلانگێڕی ورد لە بوارەکانی سەربازیو دارایی، چەندین پێویستی تری ئەو پرۆسەیەی وەکو گرتنەبەری رێوشوێنی ئەمنیو سەربازیو سەرژمێریو دیاریکردنی جوگرافیای ناوچەکان بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئاسانی پیلانەکەی جێبەجێ بکات.

سەرەتا رژێم دەستیکرد بە دامەزراندنی نووسینگەیەکی نوێ لە باکور بۆ حزبی بەعس لە مانگی ئاداری (١٩٨٧)، بە فەرمانی (سەدام حوسێن)، (عەلی حەسەن مەجید)ی ئامۆزای کرا بە بەڕێوەبەری نوسینگەکەو دەسەڵاتی نائاسایی پێبەخشرا، بەپێی بڕیاری ژمارە (١٦٠)ی سەرۆکایەتی کۆمار لە (١٩٨٧/٣/١٩)دا.

دوای مانگێک ناوبراو لە کەرکوک کۆبوونەوەیەک دەبەستێت کە پارێزگارەکانی کەرکوکو سلێمانیو هەولێرو دهۆک تێیدا بەشدار دەبن، بەپێی بڕیاری (١٦٠)ی ئەنجوومەنی شۆڕش لە ساڵی (١٩٨٧) سەرۆکی لیژنە ئەمنیەکان سەرپشک دەکرێن لە دەستگرتن بەسەر ماڵو



سامانی گوێزراوەو نەگوێزراوەی گوندنیشینانی کورد، پاشان ناوبراو دەسەڵاتە نائاساییەکەی خستەکارەوەو بە چەند قۆناغێک هێرشیکردە سەر ناوچەو دێهاتەکانی کوردستان.

یەکەم قۆناغ لە (٢١ی نیسان) تا (٢٠ی مایس)، دووەمیان لە (٢١ی مایس) تا (٢٠ی حوزەیران). لەم دوو قۆناغەدا پتر لە (٧٠٠) گوند وێرانو تەختکران، هەرچی مەرامە گڵاوەکانی تری قۆناغەکانی جینۆسایدە لە رێگەی پرۆسەکانی (ئەنفال)وە جێبەجێکرد. لەو چوارچێوەدا حیزبی بەعس دانیشتوانی ناوچە قەدەغەکراوەکانی ئاگادارکردەوە کە بگەڕێنەوە بۆ ژێر رکێفی حکومەتی بەعسو ناوچەکانیان بەجێبهێڵن لە ئۆردوگا زۆرەملێکان نیشتەجێبن. واتا بە جێهێشتنی ژیانو ماڵو حاڵیان بەزۆرو نیشتەجێبوونیان لە ئۆردوگا زۆرەملێ پیسو قێزەوەنەکاندا لەژێر چاودێری ئەمنیدا، یان مافی هاوڵاتیبوون لەدەستدەدەنو بە سەربازی هەڵهاتوو هەژماردەکرێن.

گەلی کوردستان متمانەیان بە سیاسەتەکانی حکومەتی بەعس نەبوو، گەلی کورد لەبەر چاوی بوو چۆن لە جینۆسایدکردنی بارزانیەکاندا ئەم سیاسەتەی بەکارهێنا، کە سەرەتا بارزانیەکان گواسترانەوەو لە ئۆردوگا زۆرەملێکاندا لە (دیاناو بەحرکەو گۆڕەتوو قوشتەپە) لە ساڵەکانی (١٩٧٨و ١٩٨٠) نیشتەجێکران. بارزانیەکان لەو ئۆردوگایانەدا لەژێر کۆنترۆڵی توندی سەربازیو ئەمنییدا بوون، دواتر لە مانگی ئابی ساڵی (١٩٨٣) دەستکرا بە گرتنی پیاوانو کوڕانی بارزانی کە ژمارەیان (٨٠٠٠) کەس دەبوو، پاشان گواسترانەوە بۆ خواروی عێراقو لەوێ بێسەروشوێن کران.

کەواتە ئۆدوگا زۆرەملێکان بۆ مەبەستی لەناوبردن دروست دەکران نەک بۆ ژیان، بۆیە گەلی کورد گوێڕایەڵی فەرمانەکانی رژێمیان نەدەکرد. لەگەڵ

ئەم شاڵاوە رەشانەدا، ڕژێمی بەعسی عێراق چەندەها تاوانی دڕاندانەی بێ بەزیانە دژ بە گەلی کورد لەناو شاروشارۆچکەکاندا ئەنجامدا، وەکو:

١. کوشتنو گرتنی (٣٧) کەس لە خۆپیشاندانی خەڵکی شارۆچکەی شەقڵاوە.

٢. کیمیابارانکردنی دۆڵی بالیسانو شێخ وەسانو وەرێو مەلەکانو کوشتنی (٢٥٠) کەسو بریندارکردنی دەیان کەسی تر.

٣. ڕەمیکردنی (١٣) کەس لە شاری رەواندوز.

٤. لەم ساڵەدا رژێم لەناو مەرکەز شەبابی دهۆک (٦ تا ١٢) لاوی ڕەمیکرد، چەندەها تاوانی تر.

رووداوەکانی بەرکەڵۆز

لە (٢١ی ئایاری ساڵی ١٩٨٧) رژێم هێرشی بۆ سەر گوندە کوردنشینەکانی سنووری شاری کەرکوک دەستپێکرد، هێرشەکان گوندەکانی ناوچەی قەرەحەسەنو جەباری گرتەوە، ناچار دانیشتوانی گوندەکانی حەفتاچەشمەو سیامەنسورو شۆرجە روویان کردە شوێنێک کە پێی دەوترێ (بەرکەڵۆز BARKELOZ) کە (٥٠) کیلۆمەتر لە سەنتەری شاری کەرکووکەوەو (٢٥)کم لە سەنتەری ناحیەی قەرەحەسەن (لەیلان)وە دوور دەبێ بە ئاراستەی باشووری رۆژهەڵاتەوە، ئەم شوێنە سەر بە گوندی حەفتاچەشمەیە دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتیەوە، شوێنی بەرکەڵۆز پێکهاتووە لە دۆڵێک کە چەند گردێک دەڕوانێتە سەرێو نزیک چەمێکە کە پێیدەوترێ (چەمی دارەخورما)، لەم هێرشەدا گوندی حەفتاچەشمەو گوندەکانی ناوچەکە تاڵانو خاپوور کران، خێزانەکان لە دۆڵو هەردەکان بۆ ماوەی چل رۆژ مانەوە، چەندەها منداڵ لەوێ لەدایکبوونو چەندەهای تریش بەهۆی سەختی بارودۆخەکە گیانیان لەدەستدا. خێزانەکان بۆ خۆحەشاردانو خۆپاراستن لە هێرشە دڕندانەکانی هێلیکۆپتەرەکانی رژێمی

بەعسی عێراق بەتایبەت لە رۆژدا بنکەیان لێدابوو، تائێستاش ئاسەواری ئەو بنکەو تەنوورانە ماوە کە خێزانەکان لەو شوێنە دروستیانکردبوو، دواتر لە مانگی تەمووز خێزانەکان گەڕانەوە بۆ گوندەکانیانو دەستیانکردەوە بە بونیادنانی خانووەکانیان.

لە مێژووی گوندەکانی ناوچەکە (بەرکەڵۆز) بە رووداوێکی سەختو دژوار دادەنرێت، بە تاوانی جینۆساید هەژمار دەکرێت، چونکە تاوانەکە دژ بە خەڵکی سڤیلو گوندنشینان ئەنجامدرا. ئەم رووداوانە ئەوە دەردەخات کە رژێمی بەعسی عێراق بەرنامەی قڕکردنو ئەنفالی خەڵکی کوردستانی لەپێش ساڵی (١٩٨٨) داڕشتبوو.

**سەرچاوەکان:**


١- عەدالەت عومەر ساڵح، شاڵاوی ئەنفالو کاریگەرییەکانی لەسەر باری ئابووریو دەروونیو کۆمەڵایەتی ئافرەتانی بەجێماوی ئەنفال، کۆنگرەی بەجیهان ناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٨.

٢- محەمەد سەعید سۆفی، کەرکوک لەناو پاکتاوکردنی رەگەزیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی بەرهەم، هەولێر ٢٠٠٣.

٣- رێکارێ مزویری، شێوازو میکانیزمی جینۆسایدو دیمۆسایدی بارزانیەکان، کۆنگرەی بەجیهان ناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد، چ یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٨.

٤- د.عەبدوڵا غەفور، جوگرافیای دانیشتوانی باشووری کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی رەشید، هەولێر ٢٠١١.

٥- موراد حەکیم، راگواستنی کورد لە عێراق، کۆنگرەی بەجیهان ناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد، چ یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٨.

٦- مەریوان وریا قانع، ئەنفال وەک جینۆساید، کۆنگرەی بەجیهان ناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد، چ یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٨.

٧- ئاراس جەلال ساڵح، ئەنفال هەوڵێک بۆ جینۆسایدکردنی کورد، گۆڤاری کەرکوک، ژمارە (٤)، ساڵی پێنجەم، بەهاری ٢٠٠٤.




# تەوەر ئەنفال و ئەدەب

## رەنگدانەوەی ئەنفال لە گۆڕستانی چراکانی شێرکۆ بێکەس دا


ئاوات خورشید محەمەد

# ڕەنگدانەوەی ئەنفال لە گۆڕستانی چراکانی شێرکۆ بێکەس دا



ئاوات خورشید محەمەد

توێژینەوەیەکە خوێندکار (ئاوات خورشید محەمەد) لە ساڵی (٢٠١٦ - ٢٠١٧) پێشکەش بە بەشی کوردی زانکۆی چەرمووی کردووەو بە پلەی زۆرباشە پەسەندکراوە. بەشێکە لە داواکارییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمانی کوردیدا. م. ئاسۆ عومەر مستەفا سەرپەرشتی توێژینەوەکەی کردوە.

**گرنگی لێکۆڵینەوە:**

گرنگی ئەم لێکۆلینەوەیە لەوەدایە کە بەگشتی لە پرۆسەی ئەنفال دەکۆڵێتەوە، بەتایبەتی ڕەنگدانەوەی پرۆسەکە لە ئەدەبی کوردیو ڕۆمانە شیعری «گۆڕستانی چراکان «ی شێرکۆ بێکەس دا.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە:

تاوانی ئەنفال کاریگەرییەکی یەکجار گەورەی لەسەر ئێستاو داهاتووی گەلی کورد هەیە، زیندوێتیو گەورەیی کارەساتەکەو هەندێک هۆکاری تر بوون بە هاندەر بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ لێکۆڵینەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیەش لە چوارچێوەی پارێزگای سلێمانیدایە.

گیروگرفتی لێکۆڵینەوە:

لێکۆڵینەوە لە بابەتێکی وەکو ئەنفال ڕووبەڕووی چەندین گرفتو کۆسپ دەبێتەوە، لەوانە کەمی سەرچاوەی زانستیو ئەکادیمی بەتایبەتی لەبارەی ئەنفال لەناو بواری ئەدەبدا، چونکە بەڕادەی پێویست کاری لەسەر نەکراوە، ئەمەش دەبێتە هۆی قورس بوونی لێکۆڵینەوەکە لەسەر توێژەر لەکاتی گەڕانو پەیداکردنی سەرچاوەی پێویست بە بابەتەکە.

ڕێبازی لێکۆڵینەوە:

هەموو لێکۆڵینەوەیەک ڕێبازێکی تایبەتی هەیە، لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشت بە ڕێبازی وەسفی شیکاری بەستراوە.

ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەمیان بەگشتی لەم تەوەرانە پێکهاتووە: چەمکو پێناسەی ئەنفال، قۆناغەکانی ئەنفال، ئامانجی بەعس لە ئەنفال، جینۆسایدو جۆرەکانی جینۆساید، ئایا ئەنفال جینۆسایدە؟ بەشی دووەمیش لەم تەوەرانە پێکهاتووە: باسکردن لەسەر ژیانی شێرکۆ بێکەسو ڕەنگدانەوەی ئەنفال لە ئەدەبی کوردیو پاشان لە ڕۆمانە شیعری گۆڕستانی چراکاندا.

بەشی یەکەم: **چەمکی ئەنفال**

«ئەنفال وشەیەکی عەرەبییە، کۆی ( (نفل)) ە، کە بە واتای «دەستکەوت (غنیمە) دێت».

بەشێوەیەکی گشتی لە دوو ڕووەوە سەیر دەکرێت:

١- لەڕووی زمانەوانییەوە «ئەنفال لەناو عەرەبەکاندا گوێزراوەتەوە بۆ دەلالەت لەسەر ئەو شتوومەکو دەستکەوتانەی لەڕێگەی جەنگو کوشتارەوە دەستی جەنگاوەران دەکەوێت، چونکە عەرەبەکان پێش ئیسلامیش وشەی «ئەنفال»یان بۆ هەمان مەبەست بەکارهێناوە، بۆ نموونە عەنتەرەی کوڕی شەداد لە شیعرێکدا دەڵێت:

انا اژا حمس الوغی نروی القنا
ونعف عند تقاسم الأنفال.

واتا ئێمە لە شەڕدا خوێن دەبەخشین، بەڵام لە کاتی دابەشکردنی دەستکەوتەکاندا خۆمان لە وەرگرتنی دەپارێزین.

٢- لەڕووی زاراوەییەوە «ئەنفال واتای زیادەی دەستکەوت دەگەیەنێت، واتا ئەو دەستکەوتو ماڵو سامانەی کە لە شەڕدا لە هاوبەش پەیداکەرانەوە دەسەندرێت. لە پێش هاتنی ئیسلامدا ئەنفال بێجگەلە سامانو ماڵ، چەکو دارایش دەگرێتەوە.

**پێناسەی ئەنفال**

ئەنفال ناوی هەشتەمین سورەتی قورئانی پیرۆزە، ناوی ئایەتی یەکەمی ئەم سورەتەیە. ئەم سورەتە (٧٥) ئایەتەو دابەشبووە بەسەر کۆتایی جوزئی دەیەمی قورئاندا. زەمینەی هاتنە خوارەوەی ئەم سورەتە دەگەڕێتەوە بۆ مانگی ڕەمەزانی ساڵی دووەمی کۆچیو جەنگی بەدری گەورە کە لەنێوان موسڵمانانو بێباوەڕاندا ڕوویدا. موسڵمانان بەسەریاندا سەرکەوتنو دەستکەوتێکی زۆریان بەدەستهێنا. بەگشتی ئەم سورەتە باسو وەسفی شەڕەکە دەکات. ئەم شەڕە بە (یوم الفرقان) واتە ڕۆژی جیاکردنەوە ناوبراوە، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: (وما انزلنا علی عبدنا یوم الفرقان، یوم التقی الجمعان). واتە ئەگەر باوەڕتان بەخواو بەو بەرنامەیە هەیە ناردوومانە بۆ عەبدو بەندەی خۆمان (محمد (د.خ) لە ڕۆژی جیاکردنەوەی راستو ناڕاستدا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لەم ڕۆژەدا ڕاستیو چەوتی یاخود هەقو ناهەق لەیەکتر جیادەکرێتەوە.

هۆی دابەزینی سورەتی ئەنفال

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ هۆی هاتنە خوارەوەی

(سبب نزول)ی ئەم سورەتە، ئەوا بەتەواوی لە بنجو بنەوانی ئیشەکە دەگەینو چەمکی ئەنفالمان بۆ روون دەبێتەوە، کە ئاخۆ چییەو رێوشوێنی لەچیەوە هاتووەو ناوەرۆکەکەشی لە چ سۆنگەیەکەوە ئۆقرە دەگرێت؟

عبادەی کوڕی سامت کە هاوەڵێکی پێغەمبەر (د.خ) بوو راستیو دروستی بەسەرهاتو چیرۆکی ئەنفالمان بۆ دەگیرێتەوە کە لەچییەوە هاتووەو دەڵێت: (لەگەڵ پێغەمبەر (د.خ) چووین بۆ شەڕی بەدرو کەوتینە بەرامبەر کافران، خودا دوژمنی تێکشکاندو کۆمەڵێک لە موسڵمانان نیشتنە سەریانو بەدوایانکەوتن بۆ ئەوەی زیاتر تێکیان بشکێنن، هەندێکی تر دەوری پێغەمبەریان گرت نەبا هیچ زیانێکی پێبگات، کۆمەڵێکی تر کەوتنە دوای ئەو دەستکەوتو پاشماوانەی کە بتپەرستان لەدوای خۆیان جێیانهێشتبوو، بەم جۆرە کۆمەڵی موسڵمانان بوونە سێ بەش، دوای ئەوەی دوژمن راوکەرەکان گەڕانەوە گوتیان دەبێت ئەم دەستکەوتانە بۆ ئێمە بێت، چونکە دوژمنمان بەزاندو تێکمانشکاندن، ئەوانەش کە لە چوار دەوری پێغەمبەر (د.خ) مابوونەوە مافی ئەو دەستکەوتانەیان بەخۆیاندا، لەبەرئەوەی کە پێغەمبەریان لە مەترسی پاراستووە، کەچی ئەو بەشەی دەستیان بەسەر دەستکەوتەکاندا گرتبوو سووربوون لەسەر ئەوەی کە مادام خۆیان دەستکەوتەکانیان کۆکردۆتەوە تەنها مافی خۆیانە بیبەن.

## تێڕوانینی ئیسلام بۆ ئەنفال

موسڵمانان دوای سەرکەوتنیان لە شەڕی بەدردا توشی هەندێک گرفت بوون، خوای گەورەش بۆ چارەسەرکردنی ئەمەو نەهێشتنی کێشە لەسەر دەستکەوتەکان ئەم سورەتەی دابەزاند کە لە یەکەم ئایەتدا دەفەرمووێ: (ویسالونک عن الآنفال قل الآنفال لله والرسول). واتە خوای گەورە دەفەرمووێت دەربارەی ئەنفال لێت دەپرسن بڵێ هی خواو پێغەمبەرە. هەروەها لە ئایەتێکی تردا باس لە چۆنیەتی دابەشکردنی دەکاتو دەفەرمووێ: (واعلم وانما غنمتم من شیو فان لله خمسه وللرسول والڑی القربی والیتمی والمساکین وابن سبیل). واتە بزانن ئەو دەستکەوتانەی لە شەڕدا دەستتان دەکەوێت پێنج یەکی بۆ خواو پێغەمبەرو خزمو کەسو هەتیوو هەژارو ڕێبوارو نەدارانە، چوار بەشەکەی تریش دابەشی سەر جەنگاوەران دەکرێت. بەم جۆرە پێغەمبەر بەپێی فەرمانی خوای گەورە دەستکەوتەکانی بە یەکسانی دابەشکرد. وەک لە قورئاندا هاتووە، زانایانی ئاینی پێناسەیان بۆ ئەنفال کردوە دەڵێن : (هی الآموال ماخوڑه من الکفار قهر بقتال) واتە ئەوماڵو دەستکەوتانەیە کە لە بێباوەڕان بە جەنگ دەستدەکەوێت، لەم پێناسەیەوە سێ ئەنجام دەست دەکەوێت:

ئەنفال (اموال)ە واتە شتومەک، هەروەکو لە هەمان سورەتی ئەنفالدا خوای گەورە بە ئایەتی (واعملوا انما عنمتم من الشی...) چونکە (شی) بە شتومەک دەوترێت.

٢- (من الکفار) واتا لە بێباوەڕانو جەنگاوەر.

٣- (القهر بقتال) واتا شتەکان، کە شتومەکی بەجێماوی مەیدانی جەنگە.

دەتوانین لەڕێگەی ئەم بۆچوونەوە مەرجەکانی ئەنفال لەڕوانگەی ئاینی ئیسلامەوە، بەم جۆرە ڕیزبەندی بکەین:

لەبەرئەوەی ئەنفال بە واتای ئەو دەسکەوتانە دێت کە جەنگاوەرانی موسڵمان لە شەڕدا بە دەستی دێننو دەستی بەسەردا دەگرن، کەواتە ئەنفال بریتیە لە ماڵو سامانو چەکو زەخیرەو ئاژەڵ.

ئەو لایەنەی ئەو دەسکەوتانەی لێ وەردەگیرێت لە خاڵی یەکەم باسکران دەبێ کۆمەڵی بێباوەڕەکان بن، بە زاراوەی شەرعی نەک بە گۆترەو قسەی خەڵک.

دەبێت دەستکەوتەکان بە شەڕو لە مەیدانی شەڕدا بگیرێت، لەلایەن ئەو موسوڵمانانەی مەبەستیان لە شەڕکردنو بڵاوکردنەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە، نەک هێرشکردنە سەر گوندنشینانی بێتاوانو تالانکردنی ماڵو سامانیان.

لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئەنفال لە قورئاندا مەبەست لێی کەلوپەلو شمەک دەگرێتەوەو مرۆڤ ناگرێتەوە، چونکە لە قورئاندا بە دەستگیراوی جەنگ دەوترێت دیل (ئەسیر)، هەروەک خوای گەورە دەفەرموێت (ویگعمون الگعام علی حبه مسکینا و یتیما و اسیرا)، واتە ئەو کەسانە بەختەوەرن نانو خۆراک دەبەخشن، ئەگەرچی خۆشەویستیش بێت لایان بە هەژارو هەتیوو دیلەکان.

بەو پێیەی گەلی کورد زۆرینەی موسڵمانەو پەیڕەوی ئاینی ئیسلام دەکەن، کورد لەسەر ماڵو سامانی خۆی دانیشتبوو، شەڕفرۆشان بەهۆی زەبرو زەنگ لە گوندەکان ڕاپێچیان کردن بۆ شوێنێکی نادیارو ماڵو سامانیان بەتاڵان بردن، بەدەیان هەزایشیان زیندەبەچاڵو گولەباران کردن. کەواتە بەگوێرەی قورئانی پیرۆزو کتێبە فیقهیەکان شاڵاوەکانی بەناو ئەنفالی حکومەتی عێراقی بۆ سەر گوندنشینانی کوردستان، جیاوازەو پێچەوانەی ئەنفالی ئیسلامە.

## چەمکی جینۆساید

جینۆساید لەڕووی زمانەوانیەوە لە دوو وشە پێکهاتووە، وشەی گریکی (genos) بە واتای رەگەز بنەچە، هەروەها وشەی لاتینی (ceader) واتە کوشتنو فەوتاندن کە بەیەکەوە بەواتای لە ناوبردنی رەگەز یاخود بنەچە دێت.

یاساناس گرافت دەڵێ: جینۆساید گەورەترین تاوانێکە دەرهەق بە مرۆڤایەتی دەکرێت، لەم تاوانەشدا مانا ناشرینەکانی کوشتنو بڕین ڕەنگ دەداتەوە.

یەکەمین کەس کە ئەم زاراوەیەی چەسپاندو جێگیری کرد «رافایل لیمکین» بوو، کە بە ئەسڵ پۆڵۆنیو بە ڕەگەزنامە ئەمریکی بوو. لەبەر رۆشنایی ئەو تراژیدیایەو ئەو راپۆرتانەی سەبارەت بە جینۆساید لەلایەن رژێمی نازییەوە بە تایبەتی بەرامبەر جولەکەکان کە بە هۆڵۆکۆست ناسراوەو ئەنجامدراون. رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵی (١٩٤٨) بڕیارێکی سەبارەت بە رێگەنەدانو سزادانی ئەنجامدەرانی کۆمەڵکوژی (جینۆساید) دەرکرد، ئەم بڕیارە لە یاساکانی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکان لە (١٩٤٨/١٢/٩) لە پاریس واژۆی لەسەر کرا. لە ساڵی (١٩٥٠) بیست وڵات ئیمزایان لەسەر کردو ساڵی (١٩٥١) کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە.

## جۆرەکانی جینۆساید

بەگشتی جینۆساید چوار جۆر لەخۆدەگریت کە بریتین لە:

١- جینۆسایدی فیزیکی جەستەیی: کوشتن بەهەر جۆرێک بێت، گولەباران کردن، هێرشی سەربازیو بەکۆمەڵ، کوشتن، ئیعدام کردن، بەکارهێنانی چەکی قڕکردنی وەکو کیمیاویو فسفۆڕو ژەهرو زیندەبەچاڵکردن ...هتد.

٢- جینۆسایدی بایەلۆژی: بەربەستکردنی هەر کۆمەڵەو مرۆڤێک لە پێشکەوتنو زیادبوون، لە یەک دابڕینی پیاوو ئافرەتو دابەشکردنی کەسانی خێزانی بۆ ماوەیەکی زۆرو بەزۆر منداڵ لەباربردن، هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئاکارە مرۆییەکان بۆ مەبەستێکی دیاریکراو.

٣- جینۆسایدی کولتورییو نەتەوەیی: وەک قەدەغەکردنی زمانو رۆشنبیریو شێواندنی مێژوو، فەوتاندنی تایبەتمەندێتی نەتەوەییو نەهێشتنی یەکێتی هاوبەشی نێوان خەڵکو

ویرانکردنی شوێنەوارە دێرینەکان وەکو رووخاندنی ئەشکەوتو مزگەوتو کڵێسەو هەموو شوێنەوارێک کە پاشماوەی کۆن یان نوێ بێتو بەرهەمی جۆری ژیانی ئەو خەڵکە بێت.
جینۆسایدی ئابوری: واتە وێرانکردنی سامانو سروشتو بەروبومی ناوچەکان، تاڵانو فەرهودکردنی ماڵو سامانی خەڵکی.
هەریەکە لەم تاوانانەی خوارەوە بە جینۆساید ناسێنراون:
أ- ئازارگەیاندنی مەترسیداری جەستەیی یان دەروونیو فیکری.
ب_ دانانی کۆمەڵێک لەژێر بارودۆخێکی ئەوتۆدا کە ببێتە هۆی لەناوچونی بەشێک لە ئەندامەکانی.
پ- رێگاگرتن بەهەر شێوەیەک لە زاوزێو گەشەکردنی لەناو کۆمەڵێکدا.
ت- گواستنەوەی زۆرەملێی منالان لەکۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر.

**نمونەی جینۆساید لە مێژوودا:**
لەمێژووی مرۆڤایەتیدا کۆمەڵێک جینۆساید ئەنجامدراون، ئەگەر بێتو بگەڕێینەوە بۆ مێژوو چەندین جینۆساید دەبینین لەوانە:
۱- کوشتاری گەلی ئەرمەن: کوشتاری ئەرمەنەکان لەدواین دەیەی سەدەی هەژدەهەم لە ساڵی (١٨٩٤) دەستپێیکرد، هەتا ناوەڕاستی جەنگی یەکەمی جیهانی بەردەوام بوو. ئەم کوشتارە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانی لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیددا روویانداو نزیکەی (٣٠٠) هەزار کەس کوژران. لەسەر دەستی تورکە لاوەکانیش نزیکەی ملیۆنو نیوێک کوژراونو (٨٠٠) هەزار کەسیش بۆ قەفقازو وڵاتە عەرەبیەکان هەڵاتن. (ژان مار کارزو) لە کتێبی ئەرمەنستانی ساڵی (١٩١٥) دا باس لە کوشتنی دوو ملیۆن ئەرمەنی تەنها لەنێوان ساڵەکانی (١٩١٤ تا ١٩١٦) دەکات، بەشێوەی کوشتاری بەکۆمەڵی ژنو منداڵو پیری ئەرمەنی.
۲- هۆلۆکۆست: ئەم وشەیە لەبنەڕەتدا یۆنانییە بەمانای سوتان لەپێناو خودا دێت. ساڵی (١٩٣٩) هیتلەر زیندانی گەورە گەورەی بۆ جولەکەکانو رەش پێستەکانو کۆمۆنیستەکانو قەرەجو کەمئەندامەکانو سلاڤیو روسەکان دروستکرد، لەم زیندانانەدا نوێترین ئامێری ئازارو ئەشکەنجەدان بەکاردەهێنران، تەنانەت کورەی سوتاندنیش هەبوو، تیایدا ئەم زیندانیانە دەسوتێنران. کاتێک سوپای هیتلەر هێرشی کردە سەر سۆڤیەت زیاتر لە یەک ملیۆن جولەکەو قەرەجی بەمەبەستی سوتاندن رەوانەی زیندانە تایبەتیەکانی لەئەڵمانیا کرد، تاوانی هۆلۆکۆست تاوانێکی بەناوبانگەو جولەکەکان کردیانە تاوانێک دەرهەق بەخۆیان.
٣. هێرۆشیماو ناکازاکی: هێرۆشیما لە شەشی ئابی (١٩٤٥)و ناگازاکی لە نۆی ئابی (١٩٤٥) لەمیانەی شەڕی جیهانی دووەمدا بەهۆی بۆمبێکی ئەتۆمی لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە وێرانکران. بەهۆی خۆڕاگریو کۆڵنەدانو خۆبەدەستەوە نەدانی ژاپۆنیەکان، هێرشەکەش لەڕێگەی دوو فڕۆکەوە ئەنجامدرا. فڕۆکەیەکی جۆری (B-٢٩)و فڕۆکەیەکی جۆری (Bockscar) کە بۆمبی ئەتۆمیان هەڵگرتبوو، لەدوای شازدە سەعات سەرۆکی ئەمریکا هاری ترۆمان وتاریدا لەسەر وەشاندنی بۆمبە ئەتۆمیەکە لەلایەن کۆشکی سپیەوە. لە ئەنجامدا لە هێرۆشیما نزیکەی (٨٠٠٠٠) هەزار کەس کوژرانو نزیکەی (٩٠٠٠٠) کەسی تر بریندار بوون، لە ناگازاکی نزیکەی (٧٥٠٠٠) هەزار کەس گیانیان لەدەستدا.

**ئایا ئەنفال جینۆسایدە**
تاوانی ئەنفال کە هەموو شێوازەکانی جینۆسایدی تێدا پراکتیزەکرا. سەرەتا لەلایەن زۆرێک لە وڵاتانی هەرێمایەتیو نەتەوەی جیاجیاوە نکوڵی لێدەکرا. ئەرکی ئێمەی کورد بوو بەرپەرچی هەموو ئەو راوبۆچوونە چەواشەکارییانە بدەینەوەو بەهەموو جیهان رابگەیەنین کە بەڵێ کورد تاوانی دەرهەق کراوەو لە سایەی حکومەتی عێراقدا ئەنفال کراوە.
پێویستە سەرەتا بزانین کە ئایا ئەنفال جینۆسایدە؟ ئەگەر بەگوێرەی ئەو بەندانەی کە لە پەیماننامەکەدا هاتووە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە هەریەکە لەو هۆکارانەی کە مرۆڤی پێ هەڵاوێرد دەکرێت وەکو ئاین، نەتەوە، رەگەز، نەژاد، یا هەر لەناوبردنێکی تری بەکۆمەڵ، یان هەر شێوەیەک لە شێوەکانی دیاریکردنی کۆمەڵە مرۆڤێک بۆ مەبەستی لەناوبردنی «جینۆساید»ە، کەواتە بەگوێرەی ئەم پێناسەو بۆچونانە دەتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە بە بەڵێ بدەینەوە کە ئەنفال جینۆسایدە. لەبەرئەوەی لە ئەنفالدا نزیکەی (١٨٢٠٠٠) هەزار کەس بونە قوربانی، رۆژانە بە بەرچاوی دنیاوە تەرمەکانیان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانەوە دەردەهێنرێن. ئەمە جگەلە روخاندنی نزیکەی (٤٥٠٠) گوندو خاپورکردنی ناوەندە مەدەنیەکانی وەکو قوتابخانە، مزگەوت، بەتاڵانبردنی ماڵو موڵکی هاوڵاتیان لەلایەن سوپاو جاشەکان، کۆچ پێکردنی زۆرەملێی سەدان هەزار لەگوندنشینەکان بەرەو ئۆردگا زۆرەملێکان پاش روخاندنی گوندەکان. بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بەشێوەیەکی فراوان وەکو گازی موستاردو گازی ئەعساب GB یان سارین لە هەڵەبجەو داڕوخاندنی ئابوریو ژێرخانی دێهاتەکانی کوردستان. پرسی بە جینۆساید ناساندنی پرۆسەی ئەنفال بە فەرمی لە پەرلەمانی ئەم دەوڵەتانە گفتوگۆی لەسەرکراوەو لای هەندێکیان بڕیاری لەسەر دراوە لەوانە:
١. ساڵی ٢٠٠٩ پەرلەمانی عێراق: بە زۆرینەی دەنگ دەنگیان لەسەر تاوانی ئەنفالدا کە جینۆسایدە.
٢. ساڵی ٢٠١٢ پەرلەمانی سوید: لەسەر پرسی ئەنفال دانیشتو باسو گفتوگۆی لەسەرکراو بەجینۆساید ناسێنرا.
٣. ساڵی ٢٠١٣ پەرلەمانی بەریتانیا: ئەنفالی بە جینۆساید ناساند.
٤. ساڵی ٢٠١٣ پەرلەمانی ئەڵمانیا: لەسەر پێشنیاری پەرلەمانتارانی چەپی ئەڵمانی باس لە ناساندنی تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە کرا، بەڵام ئامادە نەبوون ئەم تاوانە بە جینۆساید بناسێنن.
٥. ساڵی ٢٠١٣ پەرلەمانی کەنەدا: گفتوگۆ کراوە بۆناساندنی جینوسایدی گەلی کورد.
لە چەندین وڵاتی تر کۆبوونەوەو هەوڵو تێکۆشان بەردەوامن بۆ ناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد.

**مێژووی ئەنفالی کورد:**
سەبارەت بە مێژووی ئەنفال بۆچوونی جیاواز هەیە لەوەی ئەنفال کەی دەستپێکردووە. ئەنفال ساڵی (١٩٧١) دەستپێیکرد کاتێک حکومەتی عێراق سیاسەتی «بەبەعسی کردن، بەعەرەب کردن، ڕاگواستن»ی لە ناوچە کوردییەکانی «کەرکوک، خانەقین، شەنگال، دوزخورماتوو» جێبەجێکرد.
بۆچونێکی تر پێیوایە ئەنفال بە هێرشەکان دەستپێدەکات بۆ کۆکردنەوەو دەستگیرکردنی خەڵکی ناوچەکان کە دابەشدەبێت بەسەر هەشت هێرشداو لە شەش ناوچەی جیاوازی ئۆپەراسیۆنەکاندا. رژێمی بەعس بە کیمیابارانکردنی گوندی بالیسان لە (١٦/ نیسان/١٩٨٧) دەستپێیکرد کە تا ئەو ساتە

هیچ حکومەتێ چەکی کیمیاوی دژ بە دانیشتوانی مەدەنی خۆی بەکارنەهێنابوو. هێرشەکە بووە هۆی مردنی سەدان کەس. هەر دوای پێنج ڕۆژ لەکیمیابارانکردنی دۆڵی بالیسان، هێزی پیادەو بلدۆزەر کەوتە وێزەی سەدان گوندو بەلایەنی کەمەوە (٧٠٣) گوندی کوردنشین لەسەر نەخشە سڕییەوە.

ئەگەر ئاوڕێک بۆ مێژوو بدەینەوە، تەماشای راوبۆچوونی هەندێک لە نوسەرانی نەتەوەی عەرەب بەرامبەر بە کورد بکەین، بۆمان رون دەبێتەوە عەرەبەکان لەسەردەمی کۆنەوە رقێکی زۆریان بەرامبەر بە کورد هەبووە. بۆ نموونە ئەوەتا «مەسعودی» مێژوونوسی عەرەب لەبارەی کوردەوە دەڵێت: کورد بە ڕەچەڵەک دەچێتەوە سەر جنۆکە. لە بواری ئەدەبیشدا چەندین نوسراوو شیعر هەن کە ئەم ڕقلێبوونەوەی عەرەب بەرامبەر بە کورد دوپات دەکاتەوەو هەندێکیان بوونەتە پەندو ووتەی باو وەکو: «پلاپە علی فساد کردی وجریدی وجراد»، واتە سێ شت دەبنە هۆی گەندەڵی کوردو جرجو کولله.

ئەنفال درێژکراوەی پەلامارێکە کە پێشترو لەلایەن خودی هاوزمانانی بەعسەوە مومارەسەکراوەو بۆتە مێژوویەک کە تەنها بەعس داهێنەری نەبووە. پێشترو لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا هێزە فاشیەکان ئەو کات زۆر پرۆسەی هاوشێوەی ئەنفالیان بەشێوەی جیاجیا ئەنجامداوە، بەڵام هیچیان هێندەی بەعس بە بەرنامەو نەخشەی تەواوە کاریان لەسەر سڕینەوەو پاکتاوی رەگەزی نەکردووە.

حیزبی بەعس لەمێژووی خۆیدا وەک حیزبێکی نەتەوەیی، ئایدیایەکی ناسیۆنال سۆسیالیستی هەبوو کە دامەزرێنەرەکەی (میشێل عەفلەق)ە، کە سەرچاوەی گەورەی بیرو وێناکردنو ئیلهامەکانی عەفلەق فەلسەفە توندڕەوەکانی جیهانە، بەتایبەتیش فاشیزمو هزرە ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان.

عەفلەق کە دامەزرێنەری حیزبی بەعسەو لەهەمانکاتیشدا بەشێکی بنچینەیی ئایدۆلۆژیای بەعس لەسەر بیروڕای عەفلەق بنیاتنراوە، لەجێگەیەکدا دەڵێت (کورد لەعێراقو سوریا، بەربەر لەرۆژئاوای نیشتیمانی عەرەبی کۆسپن، بۆ ئەوەی یەکێتی نیشتیمانی عەرەبی دروست ببێت، دەبێت لەناوببرێن.

پرۆسەی ئەنفال بەپێی نەخشەیەکی فەرمی پێشوەخت لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە ئامادەکرا، پاش چەندینجار تاوتوێکردن بڕیاری لەسەر درا. بۆئەم مەبەستە (عەلی حەسەن مەجید) کە ئامۆزای سەدام حسێن بوو کرا بە حاکمی رەهای هەرێمی کوردستانو دەسەڵاتی تەواوی سەربازیو ئەمنیو مەدەنی پێدرا، ئەوەش بەپێی بڕیاری بەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق ژمارە «١٦٠» لە (٢٩/ئازار/١٩٨٧)دا.

لە ساڵی (١٩٨٣) لەکاتی جەنگی عێراق — ئێراندا تاریق عەزیز وەزیری دەرەوەی عێراق بەکورد دەڵێت: (ئێمە ناڕوخێین چونکە دنیا لەبەرامبەر ئێراندا پشتیوانیمان لێدەکات، رۆژێکیش دێت ئەم شەڕە کۆتایی دێت، ئەگەر ئێستا بێنو لەگەڵمان پێکبێن چاکەیەکی گەورەمان لەگەڵدا دەکەنو هەرگیز لەبیرمان ناچێتەوە. ئەگەر شەڕ درێژە پێبدەن، دوای تەواوبوونی شەڕی ئێران ئەو جەیشە زەبەلاحەی بۆ شەڕی ئەوانمان دروستکردووە دەیهێنینە سەر ئێوە، ساڵێک سەد هەزار کوژراوتان بۆ تەرخان دەکەین، بەڵام خاکتان بە تورەکە دەبێژینو تەفرو توناتان دەکەین.

لەپاش کۆتایی هاتنی شەڕی هەشت ساڵەی (عێراق — ئێران) لە ساڵی (١٩٨٨)، حکومەتی عێراق پرۆسەی ئەنفالی دەستپێکرد.



ئەنفالی کورد لەلایەن بەعسەوە

گەلی کورد ئەزمونێکی درێژی لەگەڵ لەناوبردندا هەیە، بەڵام لەناوبردنی بەناوی ئەنفالەوە لە ساڵی (١٩٨٨) شێوەیەکی تایبەتی وەرگرت. هەرکاتێک کوردێک وشەی ئەنفال دەبیستێت زیندەبەچاڵو کوشتنو بڕینی دێتەوە یاد. کەواتە ئەنفال ئەو پرۆسەیەیە کە ڕژێمی بەعس، بەپلانو ئامادەکاری تەواوەوە بەرامبەر بە میللەتی کورد پیادەی کرد بە ئامانجی سڕینەوەو لەناوبردنی مۆرکی نەتەوایەتی گەلی کوردو لەناوبردنی هەموو شوێنەوارێکی کەلتوریو ناسنامەی میللەتی کورد.

رێکخراوی میدڵ ئیێست ۆوچ (MEW) لەبارەی ئەنفالەوە دەڵێت: ئەنفال ناوێکە بۆ زنجیرەیەک هێرشو پەلاماری چڕوپڕی سەربازی کە سەرجەم هەشت پەلامار بوو لە شەش ناوچەی جوگرافی جیاوازدا بەڕێوەچوو، فەرماندەی گشتی عەمەلیاتەکە لە دەستی نوسینگەی باکوری رێکخراوی حیزبی بەعس بوو کە بنکەی لە شاری کەرکوک بوو، لە مارتی (١٩٨٧) بەدواوە لەلایەن (عەلی حەسەن مەجید)ەوە سەرۆکایەتی دەکرا.

هێرشەکانی ئەنفال بە یەکێک لە زەقترین دیاردەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە تۆمارکراوە، چونکە لەڕێگەی شاڵاوەکانی سوپاوە راستەوخۆ دێهاتەکانو چەند شارۆچکەیەکی کوردستانیان وێران کردو رێژەیەکی زۆری خەڵکە بێتاوانەکەشیان بۆ چەند شوێنێکی تایبەت راگواست، لەوێش ژمارەیەکیان زیندەبەچاڵو گوللەباران کرانو ماڵو سامانیشیان بەتاڵان برا، پەڵامارەکە لە مانگی شوبات دەستپێکردو تاکو مانگی ئەیلولی خایاند، کۆمەڵێک دەزگا لەم پەڵامارەدا بەشدار بوون لەوانە:

١- لەشکری عێراق: فەیلەقی یەکو فەیلەقی پێنج.

٢- دەزگای ئاسایش: بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش.

٣- حیزبی بەعس: بڕێکی زۆر لە دەزگاکانی حیزبی بەعس.

٤- هێزە رەسمیە کوردییەکان: فەوجەکانی خەفیفە کە هەندێکیان لەم دەزگایانە لە چەندین دەزگای بچووکو گەورە پێکهاتبوو. هەموو پەلامارەکانی ئەنفال شەش مانگو یازدە رۆژی خایاند، کە بووە هۆی لەناوبردنی (١٨٢٠٠٠) کەسو وێرانکردنی نزیکەی (٩٠٪)ی گوندەکانی کوردستانی لێکەوتەوە.

**قۆناغەکانی ئەنفال:**

رژێمی بەعس پرۆسەی ئەنفالی بە چەند قۆناغێک ئەنجامدا، جێبەجێکردنی هەر هەشت قۆناغەکەی ئەنفال کارێکی هەروا بە ڕێکەوتو کتوپڕ نەبوو. ئەنفال پێشتر چەندین کۆبوونەوەو پیلانو بەرنامەڕێژی بۆ کرا. بە مەبەستی تەعریبو پاکتاوی نەژادیو قڕکردنی مرۆڤی کورد لە سەرانسەری کوردستان بەگشتیو پارێزگای کەرکوک بەتایبەتی ئەنجامدرا. شاڵاوەکانی ئەنفال بەسەر هەشت قۆناغداو بەم شێوەی خوارەوە دابەشدەکرێت:

قۆناغی یەکەم: رۆژی (١٩٨٨/٢/٢٢) پەڵامارەکانی سوپای عێراق لە پرۆسەی ئەنفالدا، لە دۆڵی جافایەتیو مەرگە روویدا کە ناحیەو قەزاکانی (دوکان، بنگرد، قەڵاچواڵان، سەرچنار، سورداش)ی گرتەوەو تاکو (١٩٨٨/٣/١٩) خایاند. مەبەستی سەرەکی دەستپێکردنی پەڵامارەکانی ئەنفال لەم ناوچەیەدا بۆ ئەوە بوو پێش هەموو شتێک سەرکردایەتی باڵێکی زۆر بەهێزی شۆڕش کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو تیکبشکێنێت، بۆ ئەوەی ورەو شیرازەی پێشمەرگە لە ناوچەکانی دیکە تێکبچێتو بەرگری کەمتر بکەن.

قۆناغی دووەم: لە (٣/١١) بۆ یەکی نیسانی

(١٩٨٨) خایاند، پەلامارەکە بۆ سەر ناوچەکانی (بازیان، قەرەداغ، دەربەنیخان) بوو. ئەم ناوچانە لەڕووی سەربازییەوە گرنگیەکی زۆریان هەبوو، بەتایبەتی بۆ ئەو سەردەمەی شۆڕش، چونکە لەدێر زەمانەوە پێشمەرگە بنکەو بارەگای لەو ناوچەیە هەبووە. دەتوانین بڵێین بە دووەم ناوچە دێت لەڕووی گرنگیەوە بۆ شۆڕش لەو دەمەدا.

قۆناغی سێیەم: لە حەوتی نیسان بۆ بیستی نیسانی (١٩٨٨) خایاند، ئەم ناوچانەی گرتەوە زۆربەی گەرمیانو دەوروبەری کەرکوک، قادرکەرەم، ناوچەی زەنگنەو بەشێک لە ناوچەی جەباریو سنوری خورماتوو کفریو قەرەتەپە. لەم قۆناغەدا زۆرترین هاوڵاتی بەرەو گۆڕەبەکۆمەڵەکان پەلکێش کران. تەنیا لەماوەی (١٣) ڕۆژدا زیاتر لە سی هەزار خەڵکی گەرمیان بێسەروشوێن کرانو نزیکەی (٤٠٠) گوند وێرانکران.

قۆناغی چوارەم: ئەم قۆناغە چەند ڕۆژێکی کەمی خایاند. لە سێ تا هەشتی مایسی (١٩٨٨) بەردەوام بوو، ناوچەکانی (ئاغجەلەر، چەمی ڕێزان، ناوشوان، دەشتی کۆیە، تەقتەق)ی گرتەوە.

قۆناغەکانی پێنجەمو شەشەمو حەوتەم: ئەم شاڵاوە لە (١٥/٥) تا (٢٦/ئاب/١٩٨٨) خایاند، ئەنفالی پێنج ناوچەکانی بالیسانو هیرانی گرتەوە، ئەنفالی شەشو حەوت ناوچەکانی شەقڵاوەو ڕەواندزو خۆشناوەتی گرتەوە.

قۆناغی هەشتەم: لە (٢٥/ئاب) دەستیپێکرد تاوەکو شەشی ئەیلولی (١٩٨٨) خایاندو ناوچەکانی بادینانی گرتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی جەنگی (عێراق –ئێران) کۆتاییپێهات. لەم قۆناغەدا چەکی کیمیاوی تێدا بەکارهات. لە ڕۆژی شەشی ئەیلولی (١٩٨٨)، دەوڵەتی عێراق بەپێی بڕیاری ژمارە (٧٣٦) ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کۆتایی ئەم قۆناغەی ڕاگەیاندو ئەم پەلامارانەشی ناونا ئەنفال.

ئامانجەکانی بەعس لە پرۆسەی ئەنفالدا:

گومانی تێدا نیە هەر پرۆسەیەک ئەنجام دەدرێت، ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە کە بەپێی بەرژەوەندی پیادە دەکرێت. کاتێک حکومەتی عێراق هەڵدەستێت بە پرۆسەی قڕکردنی میللەتی کورد چەندین ئامانجی نەخشەبۆکێشراوی تایبەتی خۆی هەیە کە بە چەندین کۆبوونەوەو ڕاوێژکردن دیاریکراوە.

دەکرێت ئامانجەکانی بەعس لە پرۆسەی ئەنفال لە چەند خاڵێکدا ئاماژە پێبدەین:

١. کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد بەگشتی لە عێراقو بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە سیاسەتی بەعەرەبکردنی تێدا پەیڕەودەکرد.

٢. ناردنی پەیامێک بۆ کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەتیو کۆمەڵگەی عێراقی بەگشتی کە ئەویش ئەوەیە لە دەرەوەی خواستەکانی رژێمو بەعس هیچ خواستو دیدو بۆچونێک توانای ژیانو مانەوەی نییە. دەبێت هەمووان ملکەچی خواستو ئیرادەی ئەو ببن.

٣. تەعریبکردنی ناوچەکانی کوردستان یەکێکی تر بوو لە ئامانحەکانی بەعس، بەهۆی بوونی ڕێژەیەکی زۆری نەوت لەو ناوچەیە.

٤. لەناوبردنی شۆڕشی چەکداری گەلی کورد، یەکێکی ترە لە ئامانجە سەرەکیەکانی بەعس کە هەر لەزووەوە هەوڵی بۆ داوەو هەموو توانای خۆی بۆ بەکارخستووە، ئەمجارە لەڕێگەی روخاندنی گوندەکانەوە ویستی بەم ئامانجە بگات، چونکە شۆڕشەکان بەگشتیو شۆڕشی کورد بەتایبەتی پشتیان بە گوندەکان دەبەست.

٥. ڕژێمی بەعس ویستی کارەساتێکی نەتەوەیی بۆ کورد دروستبکاتو کۆمەڵگەیەکی نەخۆشو تۆقیوو پڕ لە کێشەو گرفتو ئاڵۆزی کۆمەڵایەتیو دەروونی بهێنێتە کایەوە.

٦. هەوڵدان بۆ تێکدانی دابو نەریتی کوردەواری کە ئەم ئامانجەیان بەهۆی کۆکردنەوەی خەڵکی گوندەکان لە کۆمەڵگا زۆرەملێکانەوە هێنایەدی، بەهۆی دروستبوونی چەندین دیاردەی وەکو دزیو کوشتن لەنێوان خەڵکەکەیدا. ئاشکرایە گوندەکان نموونەی بەرزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانن، بە نەمانی گوندەکان بەشێکی زۆری نەریتە بەرزەکان لەناودەچن.

٧. لاوازکردنی ئابوری کوردستان لەڕێگەی پیادەکردنی سیاسەتی «زەوی سوتاندن» خەڵکی گوندەکانیان ناچارکرد گوندەکان چۆڵ بکەنو روو لە شارەکان بکەن.

خاڵە هاوبەشەکان لەنێوان هۆلۆکۆستو ئەنفالدا

ئەگەر بەراوردی «ئەنفال» بەو تاوانە مێژوویانە بکەین کە بە جینۆساید ناسراون بۆ نموونە «هۆلۆکۆست»، ئەوا چەندین خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە، لەوانە:

١. لەهەردووکیاندا کار بۆ سڕینەوەی پێکهاتەیەکی جیاواز کراوە. نازییەکان بۆ سڕینەوەی جولەکە کە ئەڵمانی نین، بەعسیش بۆ سڕینەوەی کورد کە عەرەب نین.

٢. لەهەردووکیاندا هەموو ڕێگاکانی سڕینەوە گیراونەتەبەر، وەکو: کۆکردنەوە، برسیکردن، جیاکردنەوە لە یەکتری، کوشتن، سوکایەتی پێکردن...هتد.

٣. لە هۆلۆکۆستدا چەندین جۆر گازی کوشندە لەسەر جولەکەکان تاقیکرایەوە، بەعسیش لەکوردستاندا لە دژی خەڵکی کورد هەمان ئەو گازانەی خراپتریش لەدژی خەڵکی کوردستان بەکارهێنا، وەکو ئەوەی لەهەڵەبجە ڕوویدا.

٤. لەبارەی جولەکەکانەوە سەرکردەیەکی نازییەکان بەناوی «ڕۆبێرت لی» دەڵێت: جولەکە دوژمنی ئاشتیو سەقامگیری ئێمە بووە، بۆیە دەبێت بۆ لەناوبردنی ئەوان خەبات بکەینو وێرانیان بکەین. لە چەندین بۆنەشدا بەرپرسانی بەعس ئەوەیان دووپات دەکردەوە کە لەناویان دەبەین تا وڵات لە پیسی ئەوانە پاک بکەینەوە کە مەبەستان کورد بوو.

٥. لەهەردووکیاندا دەستگیراوە بەسەر سەروەتو سامانی قوربانیەکاندا.

٦. لەهەردووکیاندا لەئانو ساتی سەردەمی ستەمکارییەکەدا کەس دەنگی لێوە بەرزنەبۆوە، واتە جیهان لە ئاستی ئەم ستەمانەدا بێدەنگ بوو.

بەشی دووەم: شێرکۆ بێکەس (١٩٤٠-٢٠١٣)

ناوی تەواوی شێرکو فایەق عەبدوڵا بەگە، لە دوی ئایاری (١٩٤٠) لە سلێمانی لەدایکبووە، لە بنەماڵەیەکی خویندەوارو نیشتیمانپەروەر بووە. لە تەمەنی شەش ساڵیدا لە سورداش خراوەتە بەرخوێندن. لە تەمەنی هەشت ساڵیدا، فایەق بێکەسی باوکی کۆچی دوایی کردووە. لە تەمەنی نۆ ساڵیدا لەلای نەجمەدینی مەلا بووە بۆ خوێندنی قورئان، یەکەمین شیعری خۆی لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا بڵاوکردۆتەوە.

ساڵی (١٩٥٨) ڕێکخراوی (کۆمەڵەی ئازادیو ژیانەوەی کوردستان: کاژیک) کە دروست دەبێت بە گەرمی پێشوازی لێدەکات. لە ناوەڕاستی (١٩٦٥) دەبێتە پێشمەرگەو دەچێتە شاخو لە رادیۆی شۆڕش دەست بە کار دەکات. لە (١٩٦٨) لەگەڵ هەندێ نوسەرو ئەدیبی هاوڕێی (یەکێتی نوسەرانی کورد)یان دامەزراند. هەر لەو ساڵەدا یەکەم دیوانە شیعری خۆی بەناوی (تریفەی هەڵبەست) بڵاوکردەوە.

لەگەڵ چەند نوسەرێکی تردا لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو رەوتی (روانگە)یان دامەزراند، کە بە یەکێک لە گروپە چالاکەکانی بواری ئەدەبیاتی کوردی لە سەدەی رابردوودا دادەنرێت.

شێرکۆ بێکەس بە یەکێک لە تازەگەرو شاعیرە بەناوبانگەکانی شیعری کوردی ناسراوە. یەکەم کەس بوو کە پۆستەرە شیعرو رۆمانەشیعرو دەقی والآی هێنایە ناو شیعری کوردییەوە.

خاوەنی زیاتر لە سی کتیبی شیعرییە، بەشێک لە شیعرەکانی وەرگێڕدراون بۆ زمانەکانی عەرەبیو تورکیو فارسیو ئینگلیزیو سویدیو دانیمارکیو فەرەنسیو ئیتالیو ئەڵمانی. لە ساڵی (١٩٨٨) لە سوید خەڵاتی تۆخۆلسکیی پێ بەخشراوە کە یەکێکە لە خەڵاتە گەورەکانی بواری ئەدەبیات لەجیهاندا.

چەندێکجار توشی گرتن بووەو لەلایەن رژێمی بەعسەوە بۆ خواروی عێراق دورخراوەتەوە. لە ساڵی (١٩٨٦) کوردستانی بەجێهیشتووەو رویکردۆتە سویدو تا ساڵی (١٩٩٢) لە سوید ژیاوە، پاشان گەڕاوەتەوە بۆ کوردستانو لە کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لە ساڵی (١٩٩٢) بووە بە وەزیری روشنبیری. ساڵی (١٩٩٨) بەهاوکاری کومەڵێک هاوڕێی (دەزگای چاپو پەخشی سەردەم)ی دامەزراند.

شێرکۆ بێکەس لە ئەدەبی بەرگریدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە. بەهۆی نەخوشیەوە لە چواری ئابی (٢٠١٣) لە سوید کۆچی دوایی کردووەو لەسەر وەسیەتی خۆی لە پارکی ئازادی لە سلێمانی بەخاک سپێردرا.

**ڕەنگدانەوەی ئەنفال لەئەدەبی کوردیدا:**

ئەگەر چاوێک بەناو مێژووی کۆمەڵایەتی مروڤدا بخشێنین، ئەوا دەبینین ئەدەبیش بەپێی بابەتەکانی ناو مێژوو لەدایکبووە. بێگومان بابەتی ئەنفال وەکو هەر بابەتێکی دیکە رەنگدانەوەو هاتنی بۆ ناو ئەدەب لەخۆوە نەبووە، هۆی هاتنی بابەتی ئەنفال دەگەریتەوە بۆ دەرئەنجامی دوو واقیعی کۆمەڵایەتی لە دوو میژووی جیاوازدا. مێژوویەک کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هاتنی ئاینی ئیسلام، واقیعی دووەم ئەو دۆخە سیاسیەی کە لە ناوچەکەدا حکومەتی بەعس ئەم کارەی چواندووە بەو کارەی سەردەمی ئیسلام.

بابەتی ئەنفال وەکو یەکێک لە بابەتە گرنگو فرە لایەنەکانی ناو مێژووی کورد وەکو بابەتێکی فەرامۆشکراو لەناو لێکۆڵینەوەو گوتاری هەمەلایەندا دەبینرێتەوە. بەڵام یەکێک لەو لایەنانەی کە دەرگای لەسەر بابەتی ئەنفال خستە سەرپشت ئەدەب بوو بە هەموو لقو بەشەکانیەوە.

بەو پێیەی کە پێناسەیەکی ئەدەب ئەوەیە کە (دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیو جوانیە شێوەیەکە لە شێوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیو هۆیەکیشە بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی). واتە ئەدەب رەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتیە، بەهەموو جۆرو شێوەکانیەوە. ئێمە دەزانین کە ئەرکی ئەدەب بەر لە هەموو شتێک ئەدەب بوونیەتی، واتە بەئەدەبیکردنی شتەکان، جوانکردنی وێنەکانی واقیعە، نەک پیشاندانی واقیع وەکو خۆی لە دنیایەکی تایبەت بە خۆی کە ئەویش ناونراوە (دنیای ئەدەبیات)، کە لەسەر کۆڵەگەی هەستو سۆز بنیاتنراوە. شیعریش وەکو لایەنێکی ئەدەبی هەمان ئەرکی پێسپێردراوە.

ناساندنو باسکردنی ئەم تاوانە ئەرکێکی ئەخلاقییە. لەپاڵ ئەوەشدا کاری سەرەکی ئەدەبە بە هەموو بوارە جیاوازەکانیەوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەک کار لەسەر ئەو تاوانە بکرێت تاوەکو نەوەی دوای ئەنفالیش بە گەورەیی تاوانەکەو کارەساتەکە بزانن. تەنیا لەلای ئەو کەسانە قەتیس نەبێت کە قوربانی کارەساتەکەن، بەڕادەی پێویست ئەدەبی کوردی نەیتوانیوە ئاوڕی جدی لەم کارەساتە بداتەوە. ئەمە نەک لەبەرئەوەی بە تەنها کە ئەنفال دیاردەیەکی کارەسات ئامێزی سەربەستەو وەختێکی تایبەتی مێژووی میللەتێکەو دەبێت باس بکرێت، بەڵکو بیرهێناوەی ئەم کارەساتە دەشێت ڕێگر بێت لە دووبارەبوونەوەی.

گۆڕستانی چراکانو رەنگدانەوەی پرۆسەی ئەنفال تێیدا

رۆمانە شیعری گۆڕستانی چراکان بەرهەمێکی دیارو ناوازەی شێرکۆ بێکەسی شاعیرە، بۆ ئەنفال نوسیویەتیو لە دەزگای چاپو پەخشی سەردەم لە ساڵی (٢٠٠٤) لە سلێمانی بە چاپی گەیاندوە. ناوەڕۆکی رۆمانەشیعرەکە باس لە گێڕانەوەو سەربوردەو ئازارەکانی ئەنفال دەکات، تێیدا گەیشتۆتە ئاستی بەشاکارکردنێکی ئەدەبیانەی یەکێک لە رووداوە تراژیدییەکانی کورد کە ئەویش ئەنفالە.

گۆڕستانی چراکان یەکێکە لەو بەرهەمە دانسقانەی کە بەشێک لە رووداوەکانی ئەنفالی بەشێوەیەکی هونەری بەرز بەرجەستەکردووە، لە بەرگێکی ئەدەبیدا جوانترین نمایشی ئەدەبی بە بەرگی قێزەونترین کاری دوژمندا کردووە، کە بۆتە هۆی مۆمیاکردنی ئەو خەمو ئازارانەی ئەنفالو هێشتنەوەیان لە یادەوەریماندا.

قسەکردن لەسەر گۆڕستانی چراکان سەفەرێکی شیعری شاعیرە بۆ نیشتیمانو گۆڕەبەکۆمەڵەکانی ئەنفالو مردنی لەسەرخۆی نەوەکانی. شاعیر لە چاوپێکەوتنێکدا باس لەو جۆرە نوسینە دەکاتو دەڵێت: (زۆرم پێ سەیرە ئەو کاتەی ئازادی میللەتێک سەر دەبڕێت کە ئازادی شاعیرو هونەرمەندیشە، کەچی ئەو شاعیرە متەق لە خۆی دەبڕێت، من هەڵوێستی ئەو قەڵەمەم پێسەیرە کە لە گەردەلولی خوێندا بێدەنگ دەبێ).

ئەوە نەبێت ئەم بابەتە تەنیا لای شێرکۆ بێکەس ڕەنگی دابێتەوە، بەلکو لای کومەڵێک شاعیری دیکەش باسکراوە. وەلێ لای شێرکۆ بێکەس زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەوانیتر، بەوەی ئەگەر ئەوان بە شیعرێکو دوو شیعر باسیان لە ئەنفال کردبێت، ئەوە شێرکۆ بێکەس چەندین دیوانە شیعری تایبەتی بۆ ئەم بابەتە تەرخان کردووە، بۆ نموونە: سرودە بەردینەکانی، گۆڕستانی چراکان. بەشێکی زۆری شیعرەکانی لە دیوانەکانی: ئێوە بە خۆشەویستی ئەسپێرم، قەسیدەی کورسی، لە گولەوە هەتا سووتوو. لەدواین دیوانیشدا بەناوی حەفتا پەنجەرەی گەڕۆک، کۆمەڵە شیعرێکی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە. لەم روانگەیەوە رۆمانە شیعری «گۆڕستانی چراکان» دەکەین بە هەوێنی باسەکەمان.

**ئەنفال لە گۆڕستانی چراکاندا:**

وەکو پێشتر باسکرا گۆڕستانی چراکان سەفەرێکی شیعری شاعیرە بە خەیاڵێکی تایبەتی، بەڵام ئەو سەفەرە جگە لە سەفەرێکی بێ کۆتاییو بێ ئاکامو لاڵبوونی زمان هیچی دیکە نییە، ئەوەتا دەڵێت:

سەفەرێکی بێ ئاکام بەناو لاڵبوونی زمانو
بەناو کەڕبوونی دنیادا
سەفەرێکی بێ کۆتایی.

شاعیر لە دەستپێکی سەفەرەکەیدا بە تەنیایەو نازانێ لەکوێوە دەستپێبکاتو لەگەڵ کێ بڕوات. لەڕێگەدا چاوی دەکەوێت بە ئافرەتێک کە دەبێتە ڕێبەرو ڕێنیشاندەری بۆ ئەو سەفەرە وەکو دەڵێت:

پێم بڵێ: چۆن بڕۆم؟! لەگەڵ کێ؟!
لەگەڵ من!
من ئەگەر پێشت نەکەوم
نە ئەسپی ئەفسانەو نە مەراڵی خەونو نە تەیری شیعرو
نە بایی جادووگەر بەو مەرگانە نازانن.

شاعیر وەختێ دێتە سەر باسی گێڕانەوەی کارەساتەکە نازانێت لەکوێوە دەستپێبکات، چۆن

لە دەرگای ئەو باسو خواسانەی کە وونبوونو تێیدا زمانی لاڵ کردوونو پێنوسەکەی لە نوسین کەواندوەو دەڵێت:

چیتان بۆ بگێڕمەوە؟!
ئاخر زریکە چۆن ئەگێڕدرێتەوە؟!
قین چۆن ئەنوسرێتەوە؟!
عەرعەر چۆن ئەخوێندرێتەوە؟!

لەم کۆپلە هۆنراوەیەدا شاعیر ئاماژە بەوە دەکات کە لە هەر جێیەکی بیابانی خواروو کە مەبەست لێی باشوری عێراقە، ئەگەر هێڵەکێک خۆڵ ببێژنەوە ئێسکو پروسکی کوردی تیدا ئەدۆزیتەوە، چونکە ئەوەندە جەستەی کوردی تێدا حەشاردراوە، دەڵێت:

لەو بیابانەی خوارەوە
لەهەر جێیەک هێڵەکێ خۆڵ
ببێژنەوە
لەسەر کۆزەری هێڵەکدا
ئەبێ هەر وردە نینۆکێ پەنجەیەکو یان وردە
ئێسکی لۆلەقی کوردێکی تیا ئەدۆزنەوە

شاعیر کە دێتە سەر باسی چۆنیەتی راگواستنو بردنی ئەو خەڵکە بێ دەسەڵاتو بێ گوناهە لە شوێنی خۆیان، بێ جیاوازی لە ژنو پیاوو گەورەو منداڵ بار دەکرێنو بەرەو جێگەیەکی نادیار دەبرێن. ئەوەتا دەڵێت:

دنیا زەلیل، جادە زەلیل، شاخ زەلیل
ئاو زەلیل، سروشت زەلیل
زیلێک، دوو زیلو هەزار زیل
لێرەوەیە کۆچێکی سوور، کۆچێکی دوور
ڕێچکە ڕێچکەو کاروان کاروان
هەناسەی بەفر هەڵئەگرێو شەقی مانگە شەو
هەڵئەگرێو
خەندەی ناو بێشکە هەڵئەگرێ
لاوکو حەیران هەڵئەگرێو
لەدواییدا (با)ی گراگر
یەکەیەکە لەناو وەیلا
دایانئەگرێ

سامناکیو گەورەیی کارەساتەکە وای لە شاعیر کردووە کە بەڕۆژی حەشرو قیامەت ناوی ببات، بڕواشی وایە کە تەنها خواو خۆیان دەزانن لەو ڕۆژەدا ئەو خەڵکە بێتاوانانە چییان لێ بەسەرهێناون. وەکو خۆی دەڵێت:

ئەبێ خۆڵ قسەبکات خۆڵ!
ئەبێ چاڵ قسەبکات چاڵ!
ئەبێ مارو مێروو بیگێڕنەوە
ئەو چاوانەو ئەو گوێیە مەمکو ئەو کاکۆڵو
زەردەخەنەو مەقامانە
چییان لێهات
ئەبێ خودا خۆی ڕۆژێک سەرمان لێ بداتو
پێمان بڵێ
ئەو ڕۆژی حەشرە چۆن ڕوویدا!؟!

لێرەدا شاعیر ئازارو ترسو ناڕەحەتی ئەو خەڵکە لەکاتێ هاتوونەتە سەریانو هەوڵی خۆحەشاردانو ڕاکردنو هەڵاتنیان لەدەست ئەو هێزانەمان ئەخاتە پێش چاو، (کەروێشک خۆی بکات بەپەیکەرێک، هەتاو لەترساندا خۆی بشارێتەوەو خۆی بکات بە سێبەر) ئەمە ئەوپەڕی ترسی ئەو خەڵکە هەژارو لێقەوماوانە دەرئەخاتو دەڵێت:

ئەی بەچاوی خۆت نەتبینی:
گوڵەکان چۆن لەترسانا ڕایان ئەکرد..
بنچکەکان هەڵئەهاتن..
ئەی بەچاوی خۆت نەتبینی:
کەروێشک خۆی ئەکرد بە پەیکەر!.
هەتاو خۆی ئەکرد بەسێبەر!

شاعیر بۆ دەرخستنی سامناکیو گەورەیی کارەساتەکە بە ناخی مێژوودا دەچێتە خوارەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگو ڕیشەی ئەنجامدەرانی ئەنفال کە بەعسیەکانو بۆ نەژادی بەربەریو دەیانگێڕێتەوە، بە دووڕگەی تاریکیو حەجاج ئەچوێنێت کە ڕەمزە بۆ کەسی خوێنڕێژ وەکو خۆی دەڵێت:

کۆمەڵێ پیاو لەترووەی هێلکەی پیس و
لە نەژادی بەربەرییەکان
کۆمەڵێ سەر، هەموو لە دووڕگەی تاریکی
کۆمەڵێ دەس، هەموو لە شمشێری حەجاج
کۆمەڵێ دەنگ، هەموو لە دەنگی ئافات و
کۆمەڵێ بۆن، هەموو لە بۆنی شانزەی سێ و
پەیامێکی مەنجەنیقیو پەیامێکی بێ پرسیارو
مێژوویەکیش لەمنارەی کەللەسەرو
سەرەوەریەک لەجۆگەو خوێنی ئەبەدی.

لێرەدا شاعیر گوزارشت لەوەدەکات لەو هەموو ژنو پیاوو گەورەو منداڵەی کە بران، زۆربەی هەرەزۆریان زیندەبەچاڵ کرانو لەناوبران، هەرگیز نەگەڕانەوە تەنها ژمارەیەکی زۆر کەمیان لەو پرۆسەی قڕکردنە بەسەلامەتی ڕزگار بوونو دەڵێت:

لە هەزاران هەزار گوڵو
لە هەزاران هەزار کانیو
لە هەزاران هەزار قومریو
شەنگەبێریو ئەسپی پیرو جوانووی شاخو
لە سمۆرەوە لە کەروێشکو لە پەپوولە
هەر سێ چوارێ گەڕانەوە!

شاعیر باس لە ساتەوەختی جیاکردنەوەی ئەو خەڵکە لە یەکتریو جیاکردنەوەی دایک لە ڕۆڵەکەیو دابڕانی باوک لە منداڵەکانیو دورخستنەوەیان لەیەکتری، بردنی ئەو ئافرەتانەی کە خۆیان مەبەستیان بووە، گریانو هەڵقرچانو هاوارو ناڵەی ئەو خەڵکەو پاڕانەوەیان لە خودا کە ڕزگاریان بکات لە دەستی ئەو زاڵمانە، ئەوەتا دەڵێت:

پاکیزەکان مانگەشەوە خۆڵاوییەکان
هەر شەوەکەی لەنێوانی زرێپۆشو بەنگەڵەدا
لەبەر شەوقی گڵۆپی تیژی زیلەکان ڕیزکرانو
لەنێرینەکان دابڕان لەیەکترجوێکرانەوە
گوڵەکانیش بۆچەند جارێک تاژین کران!
گوڵەکان ئاویان نەخواردبۆوە لارەمل
وەک هێرۆی ملشکاوی بەردەم ڕەشەبا
لەناو چرەتەمێکی خۆڵەمێشی تۆپزاوادا
ئەگریان هەڵئەقرچان ئەپاڕانەوە لە خودا
ئەلاڵانەوەو خوازیار بوون
قودرەتەکەی کون فەیەکون پیادە بکاو
ئەرز کونکاو قووتیان بدا..

ئەنجامدەرانی پرۆسەی ئەنفال بە لەناوبردنی ژنو پیاوەوە نەوەستان، بەڵکو تەنانەت دەستیان لە منداڵانی ساوای ناو بێشکەکانیش نەپاراستووە، چونکە ئامانجیان لەم پرۆسەی قڕکردنە تەواوی میللەتی کورد بووە بە گەورەو منداڵ ژنو پیاوەوە، شاعیر دەڵێت:

لەو ساڵەدا لەجێی کولانەی داروخاو
سەگەکانی ئەو گوندانە لەناکاو بێشکەی
بەجێماوی منداڵانی ئێمەیان کرد بەکولانە.

شاعیر لەم کۆپلەشیعرەدا ئەو وێنە پڕ لە تراژیدیاو سامناکانەمان نیشانئەدا کە چۆن بەزیندوێتی ئەنجامدەرانی ئەم شاڵاوە دڕندانە (سەگو گورگ)ی بیابانەکانی باشوری عێراقیان تێبەردراون، مرۆڤو کوردو منداڵ بوونەتە خۆراکی ئەو ئاژەڵە دڕندانە. وەکو خۆی دەڵێت:

لەو ساڵەدا ..
سەگی بیابانی خواروو
گورگی بیابانی خواروو
بەتازەیی
ئەوەندە کوردیان خواردبوو
خۆیان لە کۆنە بەرماوەی قەلو داڵو
لە لاکی تۆپیو لائەدا
لەو ساڵەدا!

شاعیر لێرەدا ئاماژەبەوە دەکات کە ڕژێمی بەعس ئەم پرۆسەیەی بەپشتیوانی وڵاتانی دراوسێ، بەوەی کە پشتگیریو پشتیوانی لە کورد ناکەن، بە پشیتوانیو هاوکاریکردنی کۆمەڵێک کەسی جاشو خۆفرۆشی کوردەوە بەئەنجام گەیاند، بۆ

چەواشەکردنی وڵاتانی ئیسلامی ئەم پرۆسەی ناونا ئەنفالو دەڵێت:

بۆکوێ دایە؟! بۆکوێی ئەبەی؟!
ئەوان زەمینیان لەگەڵە.
ئەوان ئاسمانیان لەگەڵە.
ئەوان لە پەنجەی خۆمانو
ئەوان لە چاوی خۆمانو
لەم زمانەو لەم جامانەو لەم جلانەو
لەم دەشتانەو
لەم شاخانەیان لەگەڵە.(٦٣)

لایەنێکی دیکەی گەورەیی کارەساتەکە لەوەدا دەبینرێت کە کەرەستەی بێ گیان لەبەرامبەر ئەم کارەساتە گەورەدا ناتوانن بێدەنگ بنو دێنە قسە، وەکو (بەردی دیوار، ژەکە ئاو، چرا، ڕۆژمێر) کە سەرجەمیان خۆیان لەم کارەساتە دوورە پەرێز دەگرن، ئەمەش زیاتر بەڵگەیە لەسەر گەورەیی کارەساتەکە بۆ نموونە شاعیر لەجێگەیەکەدا دەڵێت:

ژەکە ئاوی ناو بەرمیلیش
وەختێ کە پاسەوان ئەڕۆشت
ئەویش ئەیوت:
ئای کە بەختێکی ڕەشم بوو
نە گەنمو جۆیەک خواردمیەوەو
نەچوومە ناو دوو پەرداخی عاشقەوەو
نە بەفرێ سەردانی کردم
من شەرمەزاری ئەم عەبدە فەقیرانەم
دوای سوتانم ئەمخۆنەوە!

بەهەمان شێوە چراش دێتە قسەو خۆی بە بەدبەخت ناو دەبات کە ئەم چارەنوسەی پێ بڕاوەو ناتوانێ هیچ بۆ ئەو خەڵکە فەقیرانەبکات کە بەبەرچاویەوە یەکەیەکە دەمرن ئەویش دەڵێت:

شەوانیش چرای بنمیچی سەر عەبدەکان
وەختێ ئەیزانی بەتەنها ئەوان لەوێن
ئەویش ئەیووت:
ئای کەبەختێکی ڕەشم بوو
لەژوور سەری خۆشیەکدا دانەگیرسام
لەژوور سەری سەمایەکدا
لەژوورسەری هیوایەکدا
من نەمئەویست ئەم قافڵەی کۆیلانە
لەسەر جێگەی دەردە داریم بمبیننەوە..
من شەرم ئەکەم ئەیانبینم
لەژێرزەمیندا یەکەیەکە گیان ئەدەن
کەچی من دەستەودامانم بۆ ڕێزگرتن لەم مردنە
چەند ساتێک ناکوژێمەوە!

**شوێن لەگۆڕستانی چراکاندا :**

شوێن وەکو رەگەزێکی سەرەکی رۆمانو دەق، وێڕای ئەوەی کە بایەخی لە رەگەزەکانی دیکە کەمتر نیە، بایەخو گرنگی خۆی لەو پەیوەندییە توندوتۆڵەوە وەردەگرێت کە لەگەڵ ئەو رەگەزانەدا هەیەتی. بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو پەیوەندیانەش ئەستەمە لە چەمکی شوێن تێبگەین. لە چوارچێوەی گێڕانەوەدا شوێن «ئەو ڕووبەرەیە کە تیایدا ڕووداوەکان ڕوودەدەنو کارەکتەرەکانیش لە یەکتری دووردەخاتەوە، سەرباری ئەو ڕووبەرەی لەنێوان خوێنەرو جیهانی ڕۆمان یان دەقەکەدا هەیە»، یاخود «هەرگیز مادە لەدەرەوەی شوێن بوونی هەبێت».

ئەمە پێناسەی شوێنە، کە شێوەی بوونی مادەیە. هەرچی شتێک لە جیهاندا ڕوودەدات لە چوارچێوەی (کات) دایە، کەواتە کاتیش شێوەیەکە لە بوونی مادە، بۆیە دەکرێت بڵێن شوێن لە دەقی ڕۆمانو چیرۆکدا بێ ڕووداو بونی نییە، کەسایەتیش بێ شوێن بوونی نییە. کەواتە بەبێ شوێن (کارەکتەر) ناتوانێت لە (کات)ێکی دیاریکراودا (ڕووداو)ێک بخولقێنێت، پشتکردن لە شوێنو باسنەکردنی، نرخو بەها سەندنەوەیە لەشتەکان، بەپێچەوانەوە ڕووتێکردن لە شوێنو بایەخ پێدانی، نرخو بەهایەک بە شتەکان



دەبەخشێت، (غالب هلسا) لەبارەی رۆڵی شوێن لە رۆماندا دەڵێت: (شوێن ئەو بڕبڕەی پشتەیە کە بەشەکانی رۆمان پێکەوە دەبەستێتەوە.

لەم رۆمانە شیعرەدا شاعیر بایەخێکی تەواوی بە شوێن داوە، شانبەشانی گێڕانەوەکەی کردوێتی بە شایەتێکی تر لەسەر ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال. دەتوانین هەموو ئەو شوێنانە بناسینەوە کە مرۆڤی کوردی تێدا زیندەبەچاڵ کراوە لەوانە:
(تۆپزاوا، عەرعەر، نوگرەسەلمان ...هتد).

شاعیر وەسفی شوێنەکانی بەجورێک کردووە، خوێنەر وادەزانێت شوێنەکە لەپێش چاویدایەو دەیانبینێت. شاعیر بەم جۆرە وەسفی تۆپزاوا دەکات کە یەکەم وێستگەو شوێنی ئەو خەڵکانە بووە کە لەم شاڵاوە دڕندانەیەی حکومەتی بەعسدا بوون، تێیدا کۆکراونەتەوەو زیندانی کراونو ئەشکەنجەدراون، کە پێکهاتووە لە ژمارەیەکی زۆر هۆڵی درێژو بەشێوەیەکی ئاڵۆزو پێچاوپێچ دروستکراوە. شاعیر دەڵێت:

«تۆپزاوا «یەکەم هاوینەهەواری خێڵی مردن!
یەکەم ئێزگەی دەنگی تیژی پەپویەکی شەوەزەنگی
بالْ لە ئاسن!
تۆپزاوا ..خەریتەریک لەنهێنی
پێچاو پێچی سەرابو تەم
بەنگەڵەیەک دووبەنگەڵەو بیست بەنگەڵەو
درێژ درێژ لەم سەری هەوای تاساوەوە
تا ئەوسەری ئاسۆیەکی پشت کۆماوەم.

بیابان لەپاش ئەنفال شوناسێکی ناشرینی وەرگرتووە، بەڵام شاعیر لێرەدا بەپێچەوانەوە ڕۆڵێکی پۆزەتیڤی بە بیابان بەخشیووە، بەوەی کە خودی بیابانیش ناتوانێت لەبەرامبەر ئەم کارەساتە بێدەنگ بێتو دێتە گۆو دەڵێت:

نوگرەسەلمان!
(با)یەکی نائومێد وتی:
بیابان بۆ خۆی شەرم ئەکات
بلێ مێژووم بنیاتی نا
تەیرێکی خۆڵاویش وتی:
من شایەتم
جارێک بیابان پێیوتم:
من شەرم ئەکەم وەختێ نامەو
هەر پۆستێکم لەڕێی ئەمەوە پێ بگا!

شاعیر وێنەی شوێنەکان ئەوەندە بەجوانی بەرجەستە دەکات، کە ئەو شوێنانە لە یادەوەری خوێنەردا جێگیر دەکاتو وادەکات لەبیری نەچنەوە. شاعیر وەسفی (نوگرەسەلمان) دەکات بە «دوو پشکی کۆنکرێتی، جێگەی ئەشکەنجەدانی درێژو گڵپەی بازنەیی». لەلای شاعیر نوگرەسەلمان رەمزو هێمایە بۆ ونبونو تاریکیو زەمانی تینوێتیو ماڵی بیرچوونەوەو ئەشکەنجەدانو لەناوچوونو دەڵێت:

نوگرەسەلمان !
ئافاتێکی قەڵا قەڵا
دوو پشکێکی گەورە گەورەی کۆنکرێتی
ئەشکەنجەیەکی درێژو گڵپەیەکی بازنەیی

شاعیر شوێنی زیندەبەچاڵکردنی بەشێک لەو خەڵکەمان نیشان ئەدات کە «بیابانی عەرعەر»ە کە بۆتە دوا مەنزڵو شوێنی لەناوبردنی بەهەزاران خەڵکی بێتاوان. شاعیر دەڵێت:

یەکەم شەو بوو
لەناو لمی عەرعەرەوە
دەستێک هاتبوە دەرەوە
هێشتا بازن لە مەچەکدا زڕەی ئەهات.
هێشتا خەنە لەناو دەستا پێئەکەنی
موستیلەیەک لەقامکدا ئەیجریوان.

کات لەگۆڕستانی چراکاندا:

وەکو یەکێک لە رەگەزە پێکهینەرەکانی ناو دەقی ئەدەبیو بەتایبەتی رۆمان گرنگیەکی تەواو بە (کات)دەدات. لەڕاستیدا هیچ یەکێک لەو رەگەزانەی کە رۆمان یان دەقی ئەدەبی

پێکدەهێنن وەکو (کات) پەیوەستی گێڕانەوە نین، چونکە گێڕانەوە بەبێ کات بەرهەم نایەت. گرنگی (کات) لە پرۆسەی گێڕانەوەدا لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە هەر دەقێکی ئەدەبی خۆی لەخۆیدا چەقێکی (کات)ی فرە تەوەر وفرەلایەنی هەیە. دوو جۆر (کات) هەیە لەگێڕانەوەدا کە ئەوانیش (کاتی گێڕانەوە)و (کاتی حیکایەت) ە. کاتی گێڕانەوە ئەو کاتەیە رووداوەکانی ناو رۆمانەکەی پێ گێڕدراوەتەوە، بەڵام کاتی حیکایەت ئەو کاتە دەگێڕێتەوە کە دەبێت رووداوەکانی رۆمانەکەی تێدا لەدایکبووبێت.
کاتی گێڕانەوە دەتوانین بەم جۆرە دابەشبکەین: بەشەکانی کاتی گێڕانەوە پێکهاتووە لە: (کاتی مێژوویی)و (کاتی دەروونی)و (کاتی خورافی).
١. کاتی مێژوویی: ئەو کاتەیە کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدەن، زیاتر لە ڕۆمانی تەقلیدییدا بەکارهاتووە، کە رۆماننووس زۆر بەوردی ئاماژە بەکاتی ڕوودانی ڕووداوەکان دەکات، وەکو ساڵو مانگو ڕۆژ. تەنانەت هەندێجار ئاماژە بە سەعاتی ڕوودانی ڕووداوەکانیش دەکات.
بۆ نموونە شاعیر دەڵێت:
لە تاریکە شەوێکی هاوینی ١٩٨٨دا. هەر لە رۆژئاوای تۆپزاوە بە چەند کیلۆمەترێ دوور. دەحام لەسەر گردۆڵکەیەک ڕاوەستا بوو، لەوێوە چاودێری هەڵکەندنی ئەو ریزە چاڵانەی ئەکرد کە چەند شۆفڵێ بەردەوام لمۆزیان تێژەنیبو.
لێرەدا شاعیر باس لەکاتو ساتی هەڵکەندنی ئەو چاڵانەمان بۆ دەکات، کە بەمەبەستی لەناوبردنی ئەو خەڵکە هەڵدەکەنران، شاعیر کاتێ ئەم ڕووداوەمان پێ دەڵێت کە لە نیوەشەوێکی وەرزی هاوینی ساڵی ١٩٨٨ بووە، لەبەری ڕوژئاوای تۆپزاوا بەدووری چەند کیلۆمەترێ.
نمونەیەکی دیکە شاعیر دەڵێت:
لەپایزا .. نیوەشەوێ لەناو سەرسەرِی بەنگەڵەی سێ هەما بوو، عەڵقەیەک ژن، ژنە خەزان، بازنەیەک لەعەبدی مێی سەرو قژ بژ، پەرِەسێلکەی ڕەشو سپی دەم بەنزا، کۆمەڵێ ژنی هەڵوەریو، وەک لقو پۆپی ڕووتاوەی درەختێکی بەر ڕەشەبا، جارێک سەریان بەیەکەوە ئەنوسانو لەناکاویش دەستیان لەیەکتر بەرئەدا، عەڵقەیەک ژن لە ڕەگەزی گەڵاڕێزان لەتوخمی شەوی تەمتومان، بووبوون بەپەرژین بۆ ژنێ لەناوەندا ئەیزریکاند، ژنەی ناوەند لەسەر پشتەو نیوەی جەستەی لە باوەشی چەند ژنێکاو نیوەکەی تری بەرەڵا، وەختێ ئازار گرژ ئەبووە، بە پڕاوپڕی بەنگەڵەو ئەم دنیا ئەی قریشکاند..
لەم نموونەیەدا گێرەرەوە ئاماژە بەکاتی ڕوودانی لەدایکبوونی منداڵێک دەکات، لەناو یەکێک لەو زیندانانەی کە ئەو خەڵکەی ئەوێی تیدا زیندانی کرابوون، گێڕەوە ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو کە ئەم ڕووداوە لە نیوەشەوێکی وەرزی پایزدا ڕوویداوە. هەرچەندە لێرەدا باسی ساڵی ڕووداوەکەی نەکردووە، بەڵام گێڕەرەوە پێیوایە خوێنەر دەزانێ لە چ ساڵێکدا ئەنفال ڕوویداوە.
شاعیر لە شوینێکی تردا دەڵێت:
شەوێک ئەسیاری هەناسەی
ڕۆژمێری هەشتاوهەشت بووم
ئەمویست گۆڕیچەی بژمێرم
ئەمویست هەنسکی بژمێرم
هەتا خودی ژمارە خۆی هاتە جوابو
وتی : چی ئەکەی؟!
منی ڕۆژمێر ناوێرم
مەرگەساتی تۆ بژمێرم!
شاعیر ئەو کاتە باس ئەکات کە کەرەستەیەکی بێگیانی وەکو ڕۆژمێر دێتە قسەو خۆی لەم کارەساتە دوورە پەرێز دەگرێت بەهۆی گەورەی کارەساتەکە، شاعیر بە دەستنیشانکردنی کاتو ساڵی ڕووداوەکە زیاتر ڕاستی ڕووداوەکەی بەرجەستەکردووە کە ساڵی (١٩٨٨)ە.
کاتی دەروونی: زیاتر تایبەتە بەو ڕۆمانانەی کە ڕەهەندێکی دەروونیی یان ئەو ڕۆمانانەی کە شەپۆلی هۆشەوە هەیە، تەکنیکە پێکهێنەرەکانی ئەم جۆرە کاتە برتیین لە: (بیرهاتنەوەو مەنەلۆگو خەونو خەیاڵ).
کاتی دەروونی یارمەتی خوێنەر دەدات کە بەناو عەقڵو کارەکتەرەکاندا ڕۆبچێتە خوارەوە، یارمەتی نوسەریش دەدات کە سۆزو هەڵچوونو هەڵوێستی کارەکتەرەکان وەکو چۆن لەژیانی ڕۆژانەیاندا ڕوودەدات هەر بەو جۆرە نیشانیان بدات. بۆ نموونە شاعیر لە شوێنێکدا دەڵێت:
ئەی بەگوێی خۆت گوێت لێنە بوو
لەو ئێوارە بەسامەدا سەگەکەمان کەوتە قسەو
بەڵام مەرد بوو
وتی :چی ئەکەن با بیکەن بەڵام من نابم بە بەعسی.
شاعیر وەسفی ترسناکی بەسامی ئەو کاتەمان بۆ دەکات، وێنەیەکی دەروونی ئەو خەڵکانەی کە لەو جێگەیە بوونە بۆ کێشاوین، ئاماژە بەکاتەکەی ئەکات کە لەئێوارەدا بووە. شاعیر لەم شیعرەدا باس لەوە دەکات کە سەگەکان باشتر بوون لە جاشو خۆفرۆشەکان چونکە ئەوان نەبوون بە بەعسی.
٣. کاتی خورافی: برتییە لەو کاتەی کە لە شێوەی سرووڕێکی بازنەیی ئاهەنگێڕاندایە. زیاتر لەو ڕۆمانانەدا بەکاردێت کە ڕەهەندێکی خورافیان هەیە.
بۆ نموونە شاعیر دەڵێت:
لەبەسرەدا نزیک پەیکەرەکەی سەیاب، لە ئاهەنگی تاجو نەجمەو سەمای بێریو سەرخۆشبوونی دەمانچەدا.. لەو شەوەدا مێرگێ لە کچە سەبایی شاخەکانیان هەڵڕشتە ناو هۆڵێکەوە هۆڵ ڕووناکو کچ تاریکو بۆ بژاری مێرگی غەمگین چەند نەجمەیەک هاتنە پێشێ، لەسەر مێزێکی خەواڵو چەقۆیەکو سەبەتەیەک پڕ لە هەرمێ دانرابوون چەند نەجمەیەک هاتنە پێشێ، دەمانچەیەک پەلی یەکەم هێرۆی گرتو ویستی لەگەڵ خۆیدا بیبات بۆ ژوورێکی چۆڵی سەرێ لەپڕێکدا گوڵە هێرۆ کە چەقۆی دی هەڵیگرتو چەقاندییە سەر هەرمێی دڵی خوێنی سپی بوو بەفوارەو بەلووزەوێ هاتە دەرێ. لەسەر سەکۆکەی دەرەوە بینییان وا باڵای سەیاب گوڵە هێرۆیی تێئاڵاوەو لقی دەستیش واخەریکە هەرمێ بگرێ.
لەم جێگەدا ئەم ڕووداوە کاتەکەی لە شێوەی سرووتێکی بازنەییەو کاتێکی خورافیو ئەفسانەییە، خەیاڵی نوسەر ئاوێتەی کۆمەڵێک ڕووداوی ڕاستیو واقیعی کردووە.

شاعیرو ئەنفال:
شاعیر دێت ئەم هۆلۆکۆستی کوردەو ئەم ئازارو ناخۆشیە دەنوسێتەوە تاکو بە نەوەی داهاتووی بگەیەنێت، کە چۆن لە سەردەمو کاتێکی دیاریکراودا هەوڵی لەناوبردنی میللەتی کورد دراوە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە. شاعیر نوسینەوەی ئەم زوڵمەش دەکات بە ئەرک بەسەرشانی خۆیەوە تاوەکو ئەم کارەساتە لەبیر نەکەین. لەوبارەیەوە دەڵێت:
من ناهێڵم
ئەم گریانە هەرگیز ڕەنگی بچێتەوە
من ناهێڵم
ئەم مردنە ژیانی بیر بچێتەوە
من ئەم زوڵمە
لەناو شووشە بەندی شیعرا
دائەنێم بۆ: ئەو زارۆکەیەی
دوای چەند قەرنێ دێتو ئەزێو
لە ڕەحمی ئەم وڵاتەوە سەر دەردێنێ
ئەلفو بێی چرا فێر ئەبێو
ئەم زوڵمە ئەخوێنێتەوە!
شاعیر دەیەوێت ئەم کارەساتو ئازارو ناڕەحەتییە کە بەسەر میللەتەکەیدا هاتووە بە دوورو درێژی

بۆمان بگێڕێتەوە، تاوەکو نەوەی داهاتوو هەست بە ئێشو ئازارو گەورەیی ئەنفال بکەن کە بەسەر ئەو خەڵکە بێتاوانەدا هاتووە. مەبەستی شاعیر لەم گێڕانەوە دوورو درێژە ئەوەیە کە کارەساتی ئەنفالمان بە بەردەوام لەبیر بێتو لەبیری نەکەین. وەکو خۆی دەڵێت :

تا ئەتوانم ئەم دووکەڵە
درێژ درێژ ئەکەمەوە
بۆئەوەی چاوی ئایندە
پڕکەم لەئاو
تائەتوانم ئەم قیژەیە
درێژ درێژ ئەکەمەوە
بۆئەوەی گوێچکەی داهاتوو
پڕکەم لە گڤەی زایەڵەو
لە وردە ناسۆری شکاو.

لە کۆپلەیەکی تردا شاعیر ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەگەر ئێمە ئەم کارەساتەو ئەم سەرچاوەی مەینەتیە نەخوێنەوەو هەمووان ئەم ڕەنگە بێ ڕەنگکراوە نەپۆشین ئەوا کەسمان ناژین، کەواتە بۆ ئەوەی بژین پێویستە ئەم کارەساتە لەناخماندا زیندووبێت ئەوەتا دەڵێت:

ئەنفال ...ئەنفال
ئەگەر ئەم ئاوە کوژراوە
یەک بەیەکمان نەیخوێنەوە
لە خۆشەویستی سەرچاوەو
لە خۆشەویستی ئاو ناگەین
ئەنفال ...ئەنفال
ئەگەر ئەم ڕەنگە کوژراوە نەپۆشینو
ئەگەر ئەم هەوا خنکاوە هەڵنەمژین
کەسمان ناژین.

بەو پێیەی کە کارەساتی ئەنفال ئەوەندە مەرگەساتاویو تراژیدیە کە دەگیردرێتەوە ڕەنگە کەسانێک گومان بکەن لە ڕاستیو حەقیقەتی ڕووداوەکە، چونکە ئەوەندە کارەساتێکی ترسناکو ڕۆح هەژێنو تراژیدییە کە هەر لە خەون دەچێت، شاعیر کە ئەم ڕووداوە دەگێڕێتەوە باس لەوەدەکات کە ئەم ڕووداوە خەون نییە، بەڵکو حەقیقەتو ڕاستیە کە بەسەر میللەتەکەیدا هاتووەو دەڵێت:

خەون نەبوون، کێژۆڵە خەون نەبوون
ئەوە ڕەزبوونو ئەمردن
ئەوە ئاو بوونو ئەمردن
ئەوە بەرد بوونو شل ئەبوون
ئەوە گۆم بوونو ڕەق ئەبوون
خەون نەبوون، کێژۆڵە خەون نەبوون.

شاعیر پێیوایە ئۆباڵی ئەم تاوانە گەورەیە بەتەنیا لەسەر شانی ڕژێمی بەعس نیە، بەڵکو وڵاتانی دراوسێو بەشێک لە وڵاتە زلهێزەکانی جیهانە، بەهۆی بێدەنگیان بەرامبەر ئەم پرۆسەی قڕکردنو هۆلۆکۆستی کوردە. ئەوەتا دەڵێت:

خەون نەبوون، کێژۆڵە خەون نەبوون
ئەوە دەستی سەر گوزشتەو
خەیاڵ نەبوو.. کێژۆڵەکەم..
ئەوە دەستی نیوەی دنیاو نیوەی دەوڵەتو
قانوون بوو کە ئەهاتو
تۆی ئەخستە زیلێکەوەو
دوور ئەیبردی..

مەرگەساتی ئەنفال هێندە کاریگەری لە شاعیر کردووە کە گوێچکەی شیعری هەرچی ئازارو مەینەتیو نارەحەتی شاعیر خۆیەتی لەبیری چۆتەوە، ئەو ئازارە بەردەوام بەسوێیەی کە لە گوێچکەیدایە، ئەوە ئازارو قیژەو زریکەی منداڵو ژنو کچانی ئەنفالکراون، هەتا مردن ئەم ئازارو قیژەو نارەحەتیە گوێچکەی شاعیر بەجێناهێڵنو کۆتاییان پێنایەتو نابڕێتەوەو دەڵێت:

گوێچکەی شیعرم
زۆر پوکە پوکو کرووزەو
ناڵەناڵی عومری خۆمی بیرچۆتەوە
بەڵام ئەوەی کە بەردەوام
لەناو گوێچکەی شیعری مندا،



دێتو ئەچێ، ئازارەو ئەزرنگێتەوە
زریکەی ژنە ئەنفالو کچەکانمەو
هەتا ئەمرم
ئەم کاروانی زریکەیە
هەردێتو دێو دوای نایەو
نابڕێتەوە.

## ئەنجامی لێکۆڵینەوە

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی سەرچاوەو بابەتەکانی تایبەت بە تاوانی ئەنفالو ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبی کوردیدا، دەتوانین ئەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە کە لەمیانەی لێکۆڵینەوەکەدا پێی گەیشتووین بخەینەڕوو:

١. ئەنفال یەکێکە لەو تاوانە گەورەو سامناکانەی کە ڕژێمی بەعس لەکاتێکی دیاریکراودا بەرامبەر بە گەلی کورد ئەنجامیداوە.

٢. تاوانی ئەنفال بەهەموو پێوەرە نێودەوڵەتیەکان کە دیاریکراون تاوانی ئەنفال جینۆسایدە، هیچی لە هۆلۆکۆستو تاوانە گەورە جیهانیەکان کەمتر نییە.

٣. ئەنفال پرۆسەیەکی هەروا سادەو لەناکاو نەبوو، بەڵکو بەشێک بوو لەو پلانو نەخشە تۆکمەیەی کە ڕژێم خۆی بۆ ئامادەکردبوو، ئەنجامدانیشی هەر بەپلانو بەرنامە بوو.

٤. شێرکۆ بێکەس یەکێکە لەو شاعیرانەی کە چەندین دیوانە شیعری تەرخانکردوە بۆبابەتی ئەنفال، زۆر بەڕوونی لەلای شاعیر ڕەنگیداوەتەوە.

٥. شێرکۆ بێکەس لە (گۆڕستانی چراکان)دا توانیویەتی بە زمانێکی سادەو ساکارو پێمانبڵێت کە ئەنفال چ مەرگەساتێکی گەورەو چ تاوانێکی گەورە بووە.

٦. شێرکۆ بێکەس لە (گۆڕستانی چراکان) دا بەرگێکی جوانو وێنەیەکی بەرزی ئەدەبی کردۆتە بەر قێزەونترین کاری دوژمندا

سەرچاوەکان:

١. پشتیوان ڕەحیم: قەیرانو شوناسی خێزان لەپەراوێزی ئەنفالدا، ل: ١٨.
٢. ابن منزور: لسان العرب، ج: ١١ ل: ٦٧٠.
٣. ستارە عارف: ئەنفال تاوانێک دژ بەمرۆڤایەتی، ل: ١٧.
٤. محەمەد ڕەئوف: پاکیزەکانی ئەنفال، ل:١٤.
٥. سورەتی ئەنفال ئایەتی ١٤.
٦. تەفسیری ئاسان، ل: ١٨٢.
٧- ابو عبدالله محمد، الجامع الأحكام القران، المجلد الرابع، ل: ٢١٤.
٨. سورەتی ئەنفال، ئایەتی یەک.
٩. تەفسیری ڕامان لە ماناو مەبەستی قورئان، ل: ٢٧٣.
١٠. گۆڤاری سەنتەری برایەتی.

# تەوەر جینۆسایدو قەرەبوکردنەوە


جینۆسایدی هەڵەبجەو بە یاسا دانپێدانانی نێودەوڵەتی
ئاوارە حسێن

جینۆسایدی کورد لەڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتیو دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقو چۆنییەتی قەرەبووکردنەوەی قوربانیان
هەژار هۆشیار بەرزنجی

بنەما ئایدۆلۆژییەکانی ئەنفال
نوسینی: د.کازم حەبیب
وەرگێڕانی: بارام سوبحی


# جینۆسایدی هەڵەبجەو بە یاسا دانپێدانانی نێودەوڵەتی



ئاوارە حسێن

لە ڕۆژی (١٩٨٨/٣/١٦)، کاتژمێر (١١:٣٥) یانزەو سیو پێنج خولەکی پێش نیوەڕۆ، دەیان فڕۆکەی جەنگی ڕژێمی بەعسی سەددام، کەوتنە بۆردومانکردنی شارەکە بە چەکی کیمیاوی و بە چەکی کلاسیکی لە سەرەتادا گازی خەردەلی تێدا بەکارهات و دواتریش بۆ یەکەم جار لە مێژووی دروست کردنی چەکی کیمیاوی گازی دەمارەکان بەکارهات.

دەیان فڕۆکەی جەنگی (سوخۆی و میراج) ئاسمانی شارەکەیان داپۆشی و (١٥) پانزە جار شارەکە بۆردومان کرا. هەرجارەی (٨- ١٠) هەشت تا دە فڕۆکە بەشداریی دەکردو گازەکانی (خەردەل، سیانید، و فسفۆڕ)یان دەڕژاند بەسەر دانیشتواندا. ئەوەی چاوەڕوان نەدەکرا ڕوویدا، لە کاتژمێر (٣) سێی پاش نیوەڕۆی (٣/١٦)دا، خەڵکەکە هەستیان بە بۆنێکی نائاسایی دەکرد، لە بۆنی سێوی شیرین دەچوو، هەندێکیان بە بۆنی عەترو خەیارو سێو تێدەگەیشتن، ترسێکی بێوێنە باڵی کێشا بەسەر ئەو خەڵکەدا. ئەوەی توانییان بیکەن تەنها ئەوەندە کە درزی دەرگاو دیوارەکان بە خاولیی تەڕ بگرن و دەموو لوتیان بە قوماشی تەڕ داپۆشن، هەندێکیان ئاگریشیان لە ژوورەوەی پەناگەکاندا دەکردەوە.

ئەو هەڵەبجەییانەی کە لەو ژەهربارانە ڕزگاریان بووە، ئەوانەی چارەنوسیان وابوو کە بژین، باسی ئەو ڕۆژە دەکەن کە بەچاوی خۆیان لەژێر دوکەڵی ژەهری کوشندەی کیمیاوی قەدەغەکراودا بینییان، جەستەی هەڵەبجەییەکان وەک گەڵای دار کەوتبوو، ئاژەڵو باڵندەکانیش هەمان چارەنووسیان هەبوو. خەڵک هەبوو لەبەر دەرگا، لەسەر جادە، لە ناو ئۆتۆمبێلدا گیانی سپاردبوو، زیندووەکان دۆخیان زۆر ناجێگیرو خراپ بوو، دەمو دەست و چاویان لە گۆ کەوتبوو. هەندێکیان بەبێ ویستی خۆیان پێدەکەنین، هەندێکیان پەلە قاژێی دەربازبوونیان دەکردو کەمێک دەڕۆیشتنو دەکەوتن، چاویان باش بینایی نەدەکردو وەک ئەوەی دەرزی ئاژنین بکرێن، کە میزیان دەکرد میزی خوێناوییان

دەکرد. ئەوەش هەموو کاریگەری کوشندەیی ئەو چەکە کیمیاوییە قەدەغەکراوە بەکارهاتووانە بوون. دەرەوەی شارەکەش هەموو بۆردومان کرابوو بۆ ئەوەی ئەوانەی دەیانەوێت بیر لە خۆ دەربازکردن بکەنەوە لەوێش بە کاریگەری ژەهرەکان گیان لەدەست بدەن. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە بەشێک لەوانەی لە شار چوونە دەرەوە لە دەوروبەری شارەکەدا گیان لەدەست بدەن.

لەپێش جینۆسایدی هەڵەبجە، ژمارەی دانیشتوانی ناوەندی قەزای هەڵەبجەو گوندەکانی یەکەی کارگێڕییەکەی بەپێی سەرژمێری ساڵی (١٩٨٧)، کە لەلایەن ڕژێمی عێراقی لەناوچووەوە کرابوو، گەیشتبووە (١١٥٥٤٠) کەس. کە لە شارەکەو (٢١٦) دوو سەدو شانزە گونددا نیشتەجێ بووبوون. لە دوای جینۆسایدەکە تەنها هەژدە گوند مانەوەو (١٩٨) گوندەکەی تر وێرانکرانو خەڵکەکەی ئاوارەکرانو بوونە پەنابەر. سامانی ئاژەڵو کشتوکاڵو سروشت بەڕێژەی (١٠٠٪)لە ناوبران، چونکە سەرجەم ناوچەکەیان کرد بە قەدەغەکراو.

سەبارەت بە ژمارەی قوربانیانی جینۆسایدی هەڵەبجە، تائێستا ئامارێکی ورد لەبەردەست نییە. بەڵام ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ ئامارێکی هەڵەبجەیان کردووەو (٣٢٠٠) ناویان لایە. بڕواشیان وایە کە (٤،٠٠٠- ٧،٠٠٠) لە هەڵەبجە خنکێنرابێت. ئامارێکی تر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ژمارەی کوژراوەکان دەگاتە (٥٤٦١) کەسو ژمارەی بریندارەکانیش لەناو (١٤) کامپی ئێراندا و بەپێی ئاماری ئێرانییەکان دەگاتە (١٢٨٠٠) کەس.

بەشێک لەو بریندارانەشی کە ڕوویان لە ئێران کرد بەمەبەستی وەرگرتنی چارەسەر بەشێکیان لەوێ گیانیان لەدەستداو هەر لەوێش نێژران لە گۆڕستانی بەهەشتی زەهرای تاران لە شوێنێکدا بەناوی (موقیعیت شهدای حلبجە)، کە ژمارەیان نزیکەی (١٧٠) گۆڕە. هەر لە ئێرانو خۆرهەڵاتی کوردستان نزیکەی (٧٣٠) گۆڕی تری شەهیدانی جینۆسایدی هەڵەبجە هەیە. بە تۆپبارانی ئێرانیش بۆ گرتنی هەڵەبجە نزیکەی (١٥٠) کەس کوژران.

بەشێکی ئەو بریندارانەش بەهۆی سەختی برینەکەیانو کوشندەی گازەکانەوە کە تا ئێستا چارەسەریان وەرنەگرتووە بەردەوام لێیان دەمرێت. ئەوانەشی کە ماونو لە ژیاندان لە دۆخێکی تەندروستی سەختتدانو گازە بەکارهاتووەکان دەیان کاریگەری وەک شێرپەنجەی سییەکان، کاریگەریی سەر کۆئەندامی هەرس، کاریگەریی سەر پێستو چاو، کاریگەریی لەسەر کۆئەندامی هەناسەدان، بڵاو بوونەوەی نەزۆکی لەنێوان پیاوانو ئافرەتەکانداو کەمبونەوەی بەرگریی نەخۆشی لە کەسانی ئاسایی، بەجێهێشتووە.

ساڵی (١٩٨٨) ئەو ساڵە بوو کە قووڵترین جینۆساید لە مێژووی هاوچەرخی جینۆسایدەکانی دنیا لەدژی هەڵەبجەو باشووری کوردستان ئەنجامدرا. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بێدەنگییان هەڵبژارد، لەبری ئەوەشی ئەو ڕێکخراوە هەڵوەشێتەوەو ڕەخنەی یاساییو سەرکۆنەبکرێ، لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتیو ویژدانە زیندووەکانی دنیاوە، کەچی پێچەوانەکەی ڕویداو خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی ساڵی (١٩٨٨) بەهێزەکانی ئاشتی پارێزی ئەو ڕێکخراوە بەخشرا.

ئەرکی یاساییو ڕەوشتمەندیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو وەک دەستگای جێبەجێکاری یاسای نێودەوڵەتی، کە دادگایەکی تاوانکاریی نێودەوڵەتی پێکبهێنایە بەپێی بەشی حەوتەمی دەستووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دادگاییکردن و سزادانی



ڕژێمەکەی سەددام، بەڵام بەو ئەرکە هەڵنەستا. لەپاش ڕوخاندنی ڕژێمی بەعسی سەددامو پێکهێنانەوەی عێراقی نوێ، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، یاسای ژمارە (١٠)ی لە (٢٠٠٥/١٠/٩) دەرکردو بەو یاسایەش دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی دامەزرا بۆ دادگایکردنی سەرانی ڕژێمی سەددام.

کەیسی هەڵەبجە یەکێک بوو لە کەیسەکانی جینۆسایدی کورد لە دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقدا. یەکەم دانیشتنی دادگا لەسەر کەیسی هەڵەبجە لە (٢٠٠٨/١٢/٢١) ئەنجامدرا. لە (٢٠١٠/١/١٧) دادگا کەیسەکەی بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ناساند. لەبری ئەوەی کەیسەکە بە جینۆساید بناسێنێت. لەو چوارچێوەیەشدا سزای لەسێدارەدان بەسەر تاوانبار (عەلی حەسەن مەجید) لە (٢٠١٠/١/٢٥)جێبەجێکرا.

پاش تێهەڵچوونەوە لە بڕیارەکەو لە (٢٠١٠/٢/٢٨)دا، پاش (٣٤) دانیشتن، دادگا بڕیاری بە جینۆسایدناساندنی کەیسی هەڵەبجەیدا، کیمیابارانکردنی هەڵەبجە وەک تاوانی جینۆساید لەلایەن دادگاوە ناسێندراو یەکلاییکرایەوە.

هەریەک لە تاوانکاران (سوڵتان هاشم- فەرحان موتڵەگ- سابر عەبدولعەزیز) بە (١٥)ساڵ زیندانیکردن سزادران.

پارلەمانی عێراق-یش لە (٢٠١١/٣/١٧)، لە کۆبونەوەی ئاسایی ژمارە (٤٤)، بە بڕیاری ژمارە (١٢) کەیسی هەڵەبجەی بە جینۆساید ناساند.

بەڵام تائێستا کە سیو یەک ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر ئەنجامدانی تاوانەکەدا، قەرەبوی مەعنەویو ماددی زیانلێکەوتوانی هەڵەبجە نەکراوەتەوە، کە بەگوێرەی یاسای عێراقیو نێودەوڵەتی ئەرکی حکومەتی ئێستای عێراقە وەک میراتگری حکومەتی بەعس بە ئەرکی قەرەبوکردنەوەکە هەستێت.

کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لەسەر ئاستی عێراق لە دادگای باڵای تاوانکاری عێراقو لە پارلەمانی عێراقدا بە جینۆساید ناسێندراوەو دانیپێدانراوە. بەڵام تائێستا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە یاسا بە جینۆساید دانیپێدانەنراوە. تەنها پارلەمانی کەنەدا وەک تاکە دەوڵەتێک لە (٢٠١٠/٣/١٦) وەک تاوانی ،،دژ بە مرۆڤایەتی،، ناساندویەتی نەک تاوانی جینۆساید.

ئێمە لێرەدا ئاماژە بە چەند ڕێگایەک دەکەین کە دەتوانرێت لێیانەوە کەیسی جینۆسایدی هەڵەبجەی پێببردرێتە ناوەندە نێودەوڵەتییەکانو دەرگا یاساییەکانی ئەوان بەڕووی کەیسەکەدا بکاتەوە، تاوەکو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وەک جینۆساید بە یاسا دانیپێدابنرێت.

ئەو ڕێگایانەش:

* گرنگترینو یەکەمین ڕێگای بە یاسایی ناساندنی کەیسەکە بریتییە لەوەی بە یاسایەک لە پارلەمانی کوردستان، جینۆسایدی هەڵەبجەو هەموو کورد دانیپێدابنرێت. کە تائێستا جینۆسایدی هەڵەبجەو کەیسەکانی تری جینۆسایدی کورد لە پارلەمانی کوردستان بە یاسا دانیپێدانەنراوە. گەر پەڕلەمانی کوردستان بەو ئەرکە هەڵنەستێت ئیتر ئێمەی کورد چۆن بتوانین لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە ڕوو سووریو پێگە بەهێزییەوە داوای دانپێدانانی بکەین. لەو کۆبونەوەو کۆنفرانسە جیهانییانەی کە بەشداربوومو داوای بە یاسا دانپێدانانی جینۆسایدی هەڵەبجەو کوردم لە ئامادەبوان دەکرد کە ڕۆڵیان هەبێت لەسەر باوەڕهێنانی پەڕلەمانەکانیان بۆ دەرچواندنی ئەو یاسایە. ئەو ترسە دایدەگرتم کە ڕوبەڕوی ئەو ڕەخنەیان نەبمەوە کە ،،ئایا بە مافدارییەوە داوای ئەو یاسایە دەکەیت، پارلەمانەکەی خۆت ئەو یاسایەی دەرچواندووەو ئێوەی کورد خاوەنی

ئەو یاسایەن؟،،

* بە بەستنی چەندین کۆنفرانسو سیمینارو کۆبونەوە لەسەر جینۆسایدی کورد لە دەوڵەتانی جیهان، بەشێوەیەک هەستو سۆزیان بۆ لای کوردو دۆزە ڕەواکەی ڕابکێشرێت. ئەوەش نابێت بە تەنها لایەنە فیزیکی، کەلتوری، بیۆلۆژی، ئابووریو ژینگەییەکەی جینۆسایدەکە باس بکرێت. بەڵکو دەبێت ئاماژە بە پێشێلکارییە زەقو قووڵەکانی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆسایدو سزا خستنە سەر تاوانکارانی، جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، هەردوو ڕێککەوتننامەی مافە شارستانیو سیاسیو مافە ئابووریو کەلتوریو کۆمەڵایەتییەکان بکرێت. کە ئەو دەوڵەتانە پابەندبوونی خۆیانیان پێوە ڕاگەیاندبوو، بەڵام لە کاتی جینۆسایدی کورددا بێدەنگییان هەڵبژاردو بەرژەوەندییەکانی ئەوکاتیان لەگەڵ حکومەتی بەعسی عێراقدا پرەنسیپیانی کۆت کردبوونو هەڵوێستێکی یاساییو ویژدانیو مرۆییان نەبوو. هەڵوێستی ئێستایان بە ناساندنی جینۆسایدی کورد لە پارلەمانەکانیاندا دەتوانن قەرەبووی ئەو بێدەنگیو بێهەڵوێستییەیان بکەنەوە کە لەکاتی جینۆسایدی کورددا هەڵیانبژاردبوو.

* لە ڕێگای حکومەتی هەرێمو عێراق و بەسود وەرگرتن لە کەسانی یاسایی شارەزاو سودنەویستو دڵسۆز هەوڵی دادگاییکردنی کۆمپانیاکانی تۆمەتبار بدرێت کە چەکی کیمیاوییان بە ڕژێمی بەعس فرۆشتبوو، ڕژێمیش لە دژی کوردو بەتایبەتی لە شاری هەڵەبجە بەکاریهێنابوو.

* دروستکردنی فیلمی بەڵگەنامەیی، لەسەر جینۆسایدی هەڵەبجەو تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت بەو بوارە.

* بە پشتبەستن بە بڕگەی (٤)ی ماددەی (١٢١)ی دەستووری عێراقی، کەدەڵێت (نووسینگەی تایبەت بە هەرێمو پارێزگاکان دەکرێتەوە لە باڵیۆزخانەو نێردە دیپلۆماسییەکاندا بەمەبەستی بەدواداچوونی کاروباری ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتیو گەشەپێدان). دەتوانرێت لە ڕێگای کەسانی شارەزای بواری یاسا نێودەوڵەتییەکانو جینۆسایدەوە کەیسی کورد بوروژێنرێتو زانستییانە کاری جددیی تێدا بکرێت. ئەویش بەوە دەبێت کە نوێنەرەکانی حکومەتی هەرێم نوێنەری پارێزگاکان، دووربن لە کەسانی حیزبیو کار بۆ کوردو دۆزە ڕەواکەی بکەنو نوێنەری ڕاستەقینەی کوردستانو باڵیۆزی ڕاستگۆی ناساندنی جینۆسایدەکەی بن، نەک نوێنەری حیزبو ئایدۆلۆژیاکان بکەن. یەکێک لەو هۆکارانەشی کە تائێستا نەتوانراوە کەیسی جینۆسایدی کورد بەشێوەیەکی زانستیو یاسایی کاری تێدا بکرێت، ئەوەبووە، کە لە بری کەسانی شارەزا کەسانی حیزبیو کەم ئەزموونو نە شارەزا بەو بوارە دانراون.

* لەڕێگای نوێنەرانی حکومەتی هەرێم لە دەوڵەتانی دونیادا، کە دامەزراوەیەکنو لەو دەوڵەتانەی کە نوێنەرایەتی کوردستان دەکەن وەک دامەزراوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێتو ئەوان دەتوانن باشتر ڕۆڵ بگێڕن لە ناساندنی جینۆسایدی کورددا، چونکە دونیای ئەمڕۆ مامەڵە لەگەڵ دامەزراوەدا دەکات نەک تاکەکەس.

* باڵیۆزخانەکانی عێراق لە دەوڵەتان، بەتایبەت ئەوانەی کە باڵوێزەکانیان کوردن دەتوانن لە تەنیشت ئەرکە نیشتیمانییەکەیاندا ئەرکێکی نەتەوەیی بەجێبگەیەنو کار بۆ ناساندنی جینۆسایدی کورد بکەن.



# جینۆسایدی کورد لەروانگەی یاسای نێودەوڵەتیو دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقو چۆنییەتی قەرەبووکردنەوەی قوربانیان



هەژار هۆشیار بەرزنجی

**پێشەکی**

ئەگەر سەیری مێژووی تاوانو سزا بکەین دەبینین سەرەتا مرۆڤ هەر خودی خۆی تاوانی ئەنجامداوە، هەر خۆیشی بڕیاری سزاو تۆڵەسەندنەوەی داوە. لەدوای دروستبوونی کۆمەڵگا تاڕادەیەک سزا سنووردار دەکرێت، کۆمەڵگاش لە هەندێک لە سزاکاندا بڕیاری دەبێتو سەرزەنیشتی دەکات، پاشان کە دەوڵەوت دروست دەبێت ئەوا هەم تاوانو هەم سزاش دیاری دەکاتو سزا لەسەر سەرپێچیکاران جێبەجێدەکات.

تاوان لە کتێبی یاساییو مافەکاندا چەندین پێناسەی بۆ کراوە، دەتوانین کورتی بکەینەوەو بڵێین تاوان بریتیە لە ئەنجامدانی کردارێک یا نەکردنی کردارێک یان ڕەفتارێک کە زیان بە بەرژەوەندی مرۆڤ بگەیەنێتو بە یاسا دیاری کرابێتو پارێزگاری لێبکات.

تاوان بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بیکەینە دوو بەشەوە، یەکێکیان تاوانی تاکەکەسیو دووەمیان تاوانی نێودەوڵەتییە کە لەلایەن کەسانێک بەسیفەتی فەرمی دەوڵەت دەسەڵات بەکاردەهێنین بۆ ئەنجامدانی تاوان یان لە ریگای ریکخراوو کۆمەڵی دیکەوە.

هەرچی تاوانی جینۆسایدە سەرەتا ناوهێنانی لەلایەن مافناسی پۆڵەندی بە رەگەز ئەمریکی رافایل لیمکین بوو لە ١٩٤٤، ناوبراو (٤٩) کەس لە خانەوادەکەی لە تاوانی هۆلۆکۆستدا بوون بە قوربانی، ئەوەش وایلێکرد لە چەمکی جینۆساید قوڵ ببێتەوە.

جینۆساید دەستەواژەیەکی یۆنانییە بە مانای کوشتنی نەوە یان تیرە دێت. ئەم وشەیەش بۆ چەند تاوانێکی دیار لە مێژودا بەکاردەهێنرێت، وەکو: جینۆسایدی ئەرمەنەکان لەساڵی ١٩١٥، جینۆسایدی جولەکە «هۆلۆکۆست» لە ساڵی

١٩٣٩ — ١٩٤٥، جینۆسایدی ڤێتنامو کەمبۆدیو کوردانی عێراقو کوردانی تورکیاو جینۆسایدی یۆگسلاڤیو رواندا‌و موسڵمانانی میانمارو کۆتا روداویش جینۆسایدی ئێزدییەکانی شەنگال بوو لەلایەن رێکخراوی داعشەوە.

تاوانی جینۆساید لە (١٩٤٨/١٢/٩) قەدەغەکراو سزاشی بۆ دانرا. هەروەها لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتیشدا لە ماددەی (٧٥)دا باسی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوان دەکاتو مافیان بۆ دابین دەکاتو بەرێگا یاساییەکان بۆیان دەگێڕیتەوە. لەم ماددەیەدا باسی سێ رێگا دەکات بۆ قەرەبوی تاوانی جینۆساید ئەوانیش: (گێڕانەوە، قەرەبوو، رازیکردن)ە کە پەیوەندی راستەخۆی بە قوربانیانو زیانلێکەتووان هەیە.

گێرانەوەی سەرجەم مافەکان کە بەهۆی تاوانەکەوە لە دەستی داوە، قەرەبووکردنەوە بەهەموو جۆرەکانیەوە (ماددی، مەعنەوی، پزیشکی، ژینگەیی، مافەکان)، ئامانج لە قەرەبوو گەڕاندنەوەی ئارامیو سارێژی برینەکانو دووبارە دەست پێکردنەوەی ژیانەو بۆ رێزگرتنە لە قوربانیانو کەسوکاریان.

رافایل لیمکین کێیە؟

لەدایکبووی ساڵی (١٩٠٠/٦/٢٤ — ١٩٥٩/٨/٢٨). یاساناسێکی جولەکەی پۆڵەندی بە رەگەز ئەمریکی بوو. لە کتێبە بەناوبانگە شەش سەدو حەفتا لاپەرەییەکەیدا (یاسای میحوەری لە داگیرکردنی ئەوروپادا)، تاوانی جینۆساید جێگیرو تۆمارکردوو ناوی لێنا کە تا ئەو کاتە جینۆساید تاوانێک بوو بەبێ ناو. رافایل لیمکین لە کێلگەیەک لەدایکبووە بەناوی ئۆزێریسکۆ لە نزیک گوندی بێزودن لە باوکێکی جوتیار بەناوی جۆزێفو دایکیکی نیگارکێشو مامۆستا بەناوی بێلانی پۆمێرانز. دوو برای هەبووە، گەورەکەیان ناوی ئیلیاس بووەو بچوکەکەشیان ناوی سامۆیل بووە.

ئەوەی وایکردووە لە بواری جینوسایددا قوڵ بێتەوەو هەوڵەکانی چربکاتەوە، ئەوە بوو کە سەرەڕای ئەوی دەرچووی بەشی یاساو هەڵگری بروانامەی دکتۆرا بووە لە یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتیدا، هەروەها (٤٩) چلو نۆ کەسی ئەندامانی خێزانەکەیشی لە جێنۆسایدی جولەکەکان لەلایەن ڕژێمی ئەڵمانیای نازییەوە کە لە مێژووی جینوسایددا بە هۆلۆکۆست ناسراوە دەکوژرێن.

- چەمکی جینۆساید:

(Genocide) چەمکێکی لێکدراوەو لە دوو دەستە ووشە پێکدێت .ئەوانیش Geno وشەیەکی گریکییە بە مانای وەچە یا نەوە یان ڕەگەز یان تیرە دێت، (cide) وشەیەکی لاتینییەو بە مانای کوشتن یا لەناوبردن دێت. هەردوو دەستە ووشەکەش بەیەکەوە بەکوردی بە مانای نەوەکوژی یان وەچەکوژی یان رەگەزکوژی دێن . بە فارسی (نسل کشی)و بە عەرەبی (الاباده الجماعیه) دەێت.

پێناسەکردنی جینۆساید:

رافایل لیمکین بەم شێوەیە پیناسەی جینۆساید دەکات، جینۆساید بە مانای دەستبەجێ تێکشکاندنی نەتەوەیەک نایەت جگە لەو کاتەی کە کۆمەڵکۆژی هەموو ئەندامانی نەتەوەکە دەگرێتەوە. بە ئامانجی لەناوبردنی خودی گروپی سیاسیو کۆمەڵایەتی، کەلتووری، زمان، هەستی نەتەوەیی، ئاینیو ئابووریو مانەوەی ئەندامانی گرووپەکان.

- پێناسەی یاسایی بۆ تاوانی جینوساید بەپێی ماددەی دووی ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ جینوسایدو سزای سەر تاوانکارانیو ماددەی (٦) ی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی بریتییە لە :

جینۆساید هەر یەکێک لەم کردەوانەی خوارەوەیە بە مەبەستی ناوبردنی هەموو یان بەشێکی گروپیکی نەتەوەیی — یان ڕەگەزی — یان نەژادی — یان ئاینی .

ئەوکردەوانەش :

١/ کوشتنی ئەندامانی گروپەکە.

٢/ زیانپێگەیاندنی جەستەییو هزری بە ئەندامانی گروپەکە.

٣/ دانانی گروپەکە لە بارودۆخێکی سەختدا بە مەبەستی لەناوبردنی هەموو یان بەشێکان.

٤/ ڕێگریکردن لە منداڵ بوون لەناو ئەندامانی گروپەکەدا.

٥/ ڕاگواستنی منداڵ لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر بەزۆر.

هەر هەمان پێناسە لە دادگای یوگسلافی پێناسەکراوەو بە مادەی ژمارە نۆ هاتووە، لە دادگای رواندا بە مادەی ژمارە هەشت هاتووە، لە دادگای باڵا تاوانەکانی عێراقیش بە مادە (١١) هاتووە.

**گروپە پارێزراوەکانی لە جینۆساید:**

نەتەوە: مەبەست لە نەتەوە هەر کۆمەڵە مرۆڤێکە کە بە تایبەتمەندی مێژوو، زمان، کەلتورو فەرهەنگ...هتد، دەناسرێنەوەو لە نەتەوەکانی تر جیا دەکرێنەوە. واتە لێرەدا ئەگەر هاتوو ئەو گروپەی تاوانەکە ئەنجامدەدات جیاواز بێت لەو نەتەوەیەی کە تاوانەکەی لەدژ ئەنجام دەدرێت، تاوانکار مەبەستی هەموو یان بەشێکی نەتەوەی بە ئامانجکراو لەناوبەرێت بە پێنج شێوازەکەی جینۆساید ئەوا دەچێتە چوارچێوەی تاوانی جینۆسایدەوە.

ڕەگەز: مەبەست لە ڕەگەز بریتیە لە جیاوازی مرۆڤەکان لە یەکتری لەڕوی پێکهاتەی ئەندامانی جەستەییەوە. وەک جیاوازیی ڕەنگی چاو، قژ، پێست، بەرزیو کورتی باڵاو پێکهاتەی ئەندامانی جەستەییەوە. وەک جیاوازییەکانی تری ئەندامانی جەستەی مرۆڤ.

نەژاد: جیاوازی نەژادیش لەنێوان گروپی تاوانکارو گروپی بە ئامانجکراودا. یەکێکی ترە لەپێوەرە یاسایەکانی چەسپاندنی تاوانی جینۆساید کە بە جینۆسایدی نەژادی دەناسرێت. گەر هاتوو هەر شێوازێک لە پێنج شێوازەکەی جینۆساید لەلایەن هەر یەکێک لە نەژادەکانەوە بەرامبەر بە نەژادێکی دیاریکراو ئەنجامبدرێت بە مەبەستی لەناوبردنی هەموو یان بەشێکیان، ئەوا دەچێتە چوارچێوەی تاوانی جینۆسایدەوە.

ئایین: جیاوازی ئاینیش یەکێکی ترە لە پێوەرە یاساییەکان یۆ چەسپاندنی تاوانی جینۆساید. ئەمەش بەوە دەبێت ئەگەر هاتوو پەیڕەوانی ئاینێک هەستن بەئەنجامدانی یەکێک لە پێنج شێوازەکەی جینۆساید لەدژی پەیڕەوانی ئاینێکی تری جیاواز، بەمەبەستی لەناوبردنی هەموو یان بەشێکیان، ئەوا دەچێتە چوارچێوەی تاوانی جینۆسایدەوە.

ئەو شێوازانەش بریتین لە:

یەکەم/ کوشتنی ئەندامانی گروپەکە

ئەو تاوانە لە بڕگەی (١)ی ماددەی (٢)ی ڕێککەوتننامەی جینۆساید، بە یەکەم شێوازی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید دەژمێرێت. چونکە ڕاستەوخۆ نکۆڵی لە مافی ژیان دەکات. مافی ژیانیش لە ماددەی سێی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤو ماددەی شەشی رێککەوتننامەی مافە رامیاریو شارستانییەکان بۆ هەموو کەسێک پارێزراوە. بەبێ بوونی هیچ جۆرە جیاوازییەکی نەتەوەیی، نەژادی، رەگەزی، ئاینی، رێبازی، ئاینی، رامیاری، کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری.

دووەم/ زیانپێگەیاندنی جەستەییو هزری بە ئەندامانی گروپەکە

زیانپێگەیاندنی جەستەییو هزری بە ئەندامانی گروپێکی نەتەوەیی، یان ڕەگەزی، یان نەژادی، یان ئاینی بە ئامانجکراو بەمەبەستی لە ناوبردنی هەموو یان بەشێکیان، بەپێی بڕگەی دووی ماددەی دووی رێکەوتننامەی جینۆساید دەچێتە

چوارچێوەی تاوانی جینۆسایدەوە.

سێیەم/ دانانی گروپەکە لە بارودۆخیکی سەختدا بەنیازی لەناوبردنی هەموو یان بەشێکیان

ئەم تاوانەش هەروەک لە بڕگەی سێی ماددەی دووی ڕێککەوتننامەی جینۆسایددا دەقی لەسەر داوە، شێوازی سێیەمی ئەنجامدانی تاوانی جینۆسایدە. کە ئەندامانی گروپێکی نەتەوەیی، یان ڕەگەزی، یان نەژادی، یان ئاینی دەخرێنە بارودۆخیکی ناهەموارو سەختەوە بەمەبەستی لەناوبردنی هەموو یان بەشێکیان. ئەو شێوازەش هەر لە ڕاگواستنی ئەندامانی گروپەکە لە ماڵو حاڵیانەوە بۆ ناوچە سەختو دوور لە بژێویو سەرچاوە ژیانییەکان، ئاوارەکردن، برسیکردنی ئەندامانی گروپەکە، لەناوبردنی سەرچاوە بژێوییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان، سوتاندنی ڕەزو باخو بە تاڵان بردنی سەروەتو ماڵو سامانی ئاژەڵو دانەوێڵە...هتدی ئەندامانی گروپەکە بۆ ژیانێکی ناهەموارو سەخت، سەرەنجام دەبێتە هۆی جینۆسایدێکی لەسەرخۆو لەناوبردنی هەموو یان بەشێکی ئەندامانی گروپە بەئامانجکراوەکە.

چوارەم/ ڕێگریکردن لە منداڵبوون لەناو ئەندامانی گروپەکەدا

ئەو تاوانەش هەروەک لە بڕگەی چواری ماددەی دووی ڕێککەوتننامەی جینۆسایدیدادەقی لەسەر داوە، بە شێوازی چوارەمی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید دادەنرێت. کە بە مانای وەستاندنی زۆربونو زاوزێیە لە ئەندامانی گروپێکی بە ئامانجکراوو کەمکردنەوەی ژمارەیان. دەکرێت ئەو شێوازەش بەهۆی خەساندنی نێرینەکانو لەکارخستنی ئەندامی زاوزێی مێینەکانیان بێت.

پێنجەم/ ڕاگواستنی منداڵ لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر بە زۆر

کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە (١٩٨٩/١١/٢٠) دا ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵانی دەرکرد، ئەو ڕێککەوتننامەیە لە (١٩٩٠/٩/٢)وە کارییێدەکرێت.

لە مادەی یەکی ڕێککەوتننامەکەدا هاتووە:

منداڵ مرۆڤێکە کە هێشتا تەمەنی هەژدەساڵی تەواو نەکردووە، مەگەر ئەوەی کە لەدەوڵەتانی پەیوەندیداردا تەمەنێکی کەمتری وەک تەمەنی خۆناسین لەڕووی یاساییەوە دیاریکرابێ.

گواستنەوەی منداڵ لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر بەزۆر، وەکو لە بڕگەی پێنجی ماددەی دووی ڕێککەوتننامەی جینۆسایدا دەقی لەسەر داوە، بەشێوازی پێنجەمی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید دادەنرێت.

- **شیوە سەرەکییەکانی تاوانی جینوساید:**

١. لەناوبردنی ماددیی
٢. لەناوبردنی بایۆلۆژی
٣. لەناوبردنی فەرهەنگی

١. لەناوبردنی ماددیی:

لەناوبردنو هەڕەشەکردن بۆ سەر ژیانو تەندروستیو گیانی تاک یا کۆمەڵ کە لە بەندی یەکو دوو سێی ماددەی شەشی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا هاتووە.

٢. لەناوبردنی بایۆلۆژی

لێرەدا پەیوەندی هەیە بە گەشەو زیادکردنی ڕەگەزی مرۆڤایەتیو بەردەوام بوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیەوە، لەناوبردنیان لە ڕێگای لەبارچوونی مناڵەوەو نەزۆک کردنی هەردوو ڕەگەز وەکو لە بەندی چواری ماددەی شەشی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا هاتووە.

٣. لەناوبردنی فەرهەنگی

ئەم پێشنیارە کراوە لە مادەی سێی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لەسەر لەناوبردنی ڕۆشنبیری، هەموو کردارەکان دەگەڕێتەوە کە بەرامبەر بە تاکی ناو کۆمەڵگا دەکرێت وەکو:

أ- گواستنەوەی بەزۆری منداڵانی گروپێک بۆ گروپێکی تر.

ب- دوورخستنەوەی بەزۆری ئەندامانی گروپێکی دیاریکراو لە فەرهەنگی گروپەکەی یان کۆمەڵگاکەی.

پ- ڕێگرتن لە بەکارهێنانی زمانو کەلتوری گروپی خۆی.

ت- لەناوبردنی کتێبو کتێبخانەی گروپێکی دیاریکراو.

ج_ لەناوبردنو روخاندنی شوێنەواری مێژوویيو هونەریو پەرستگا.

- پایەکانی تاوانی جینۆساید:
- پایەی ماددی
- پایەی مەعنەوی
- پایەی یاسایی

**پایەی ماددی:** بریتییە لە لەناوبردنی ئەندامانی گروپێکی نەتەوەیی یان ڕەگەزی، یان نەژادی، یان ئاینی. بۆ ئەوەی ئەم پایە ماددییە هەبێت لەناو تاوانی جینۆسایددا دەبیت تاوانکار بەمەبەستیو نیازەوە هەموو یا بەشێک لە گروپێکی نەتەوەیی یان ڕەگەزی، یان نەژادی یان ئاینی لەناوبەرێت بە هەریەکە لە شێوازەکانی تاوانی جینۆساید ئەوانیش (کوشتن، ئەشکەنجەدان، دانانی بە ئامانجکراوانو راگواستنی بە زۆری منداڵان).

- پایەی مەعنەوی: ئەم پایە بۆ تاوانی جینۆساید زۆر گرنگە. چونکو هەبوونی مەبەست یان نیازو نیەت لە ئەنجامدانی تاوانێکدا، تاوانی جینۆساید لە تاوانە نێودەوڵەتیەکانی تر جیادەکاتەوە. لە تاوانی جینۆسایددا تاوانکارو ئەنجامدەری جینۆساید مەبەستییەتی هەموو یان بەشێکی گروپێکی نەتەوەیی یان ڕەگەزی، یان نەژادی، یان ئاینی لەناوبەرێت.
- پایەی یاسایی: ئەویش دەبێت یاسایەک هەبێت بۆ دیاریکردنی تاوانەکەو سزایەکی گونجاو، بۆیە ئەویش لەسەر ڕێسای (لاجريمە و لا عقوبە الا بنص) دیاریکردنی تاوانەکە هەر لە ساڵی (١٩٤٨) لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان هاتووە، تاوانی جینۆساید ناسێنراوەو لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە (١٩٩٨) لە ماددەی شەش هاتووە لەسەر هەمان یاسایی بنەڕەتی ڕۆما.

**تاوانی جینۆساید لە مێژوودا**

* تاوانی جینۆساید لە مێژوودا پێش قەدەغەکردنی لە ساڵی (١٩٤٨)دا:

مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە کە یەکەمین جینۆساید، لەناوبردنی ئاشوورییەکانە لە نەینەوا لەلایەن بابلبییەکانو ماددەکانەوە لە ساڵی (٦١٢) پێش زاین رویداوە.

- لە ساڵی (١٤٩٢) زاینیدا دوای ئەوەی کە کیشوەری ئەمریکا لەلایەن کریستۆڤەر کۆلۆمبۆسەوە دۆزرایەوە، خاوەنی ئەو کیشوەرە کە هنیدییە سورەکان بوون نزیکەی ملیۆنەها کەسیان لێ جینۆساید دەکرێت.
- لە ( ١٩١٥/٤/٢٤) سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانیو ڕێکخراوی تورکیای لاو، بۆ وەدەرنانو لەناوبردنی ئەرمەنەکانی تورکیا، بۆ ڕێگرتن لە جیابونەوەی ئەرمینیای خورهەڵات لە تورکیا، نزیکەی (٣٠٠٠٠٠ ) سێ سەد هەزار قوربانی بەدەستی سوڵتان عەبدولحەمیدو لە ئاکامی هێرشەکانی تورکیای لاویشدا نزیکەی یەک ملیۆنو نیو ئەرمەنی جینۆساید کران.
- جینۆسایدی جولەکەکان لەلاەن هیتلەرەوە کە بە هۆلۆکۆست ناسراوە، کۆتایی بە ژیانی حەوت ملیۆن مرۆڤی جولەکە هێنا، لە سەرەتادا نەخشەی یازدە ملیۆن جولەکە کێشرابوو لە ئەوروپادا، بەڵام هاوپەیمانان کۆتاییان بەم پیلانە هێنا.

- تاوانی جینۆساید لەمێژوودا دوای قەدەغەکردنی لە ساڵی (١٩٤٨)دا

– رواندا لە ساڵی (١٩٩٤) لە ماوەی چواردە هەفتەدا نزیکەی یەک ملیۆن تۆتسی بوونە

قوربانیو جینۆساید کران لەلایەن هۆتۆکانی رواندوە کە دەکاتە نزیکەی (٧٠٪) تۆتسییەکانی رواندا و لە (٢٠٪) هەموو دانیشتووانی ڕواندا.

– لە ساڵی (١٩٩٥) لەبۆسنیاو هەرزەگۆڤینا نزیکەی بیست تا سەد هەزار کەس جینۆسایدکران.

– لە ساڵی (١٩٦٦ تا ١٩٨٨) نزیکەی دووسەدو پەنجا هەزار کورد لە کوردستانی عێراق لەلایەن ڕژێمی پێشووی بەعسییەکانەوە جینۆساید کران، گەورترین تاوانیش پرۆسەی ئەنفال بوو لە ساڵی (١٩٨٨) کە نزیکەی (١٨٢٠٠٠) مرۆڤ جینۆساید کرا.

– لە ساڵی (٢٠١٢) جینۆسایدکردنی موسڵمانەکانی هەرێمی ڕۆهینگا لە میانمار.

– لە ساڵی (٢٠١٤) جینۆسایدکردنی ئێزدییەکانی شەنگال لە کوردستانی عێراق لەلایەن ڕێکخراوی داعشەوە.

– لە ساڵی (٢٠١٥) جینۆسایدکردنی کوردانی کۆبانی لە کوردستانی سوریا لەلایەن داعشەوە بەهاوکاری تورکیا.

* ئەم کردارانەش لە تاوانی جینۆساید سزایان لەسەرە:

مادەی سێی نەتەوە یەکگرتووکان ئاماژە بەوەدەکات ئەم کردارانەش لە تاوانی جینۆساید سزایان لەسەرە:

- جینۆساید.
- پیلاندانان بۆ جینۆساید.
- هاندانی ڕاستەخۆو ئاشکرا بۆ تاوانی جینۆساید.
- هەوڵدان بۆ تاوانی جینۆساید.
- بەشداریکردن لە جینۆساید.

ئەو بڕیارو یاسا نێودەوڵەتیانەی پەیوەندییان بە دادگایکردنی تاوانی جینۆسایدەوە هەیە:

- ئەلیف: بەسەرنەچوونی تاوانی جینۆساید:

دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە مادەی (٢٩)دا ئاماژەی بەسەرنەچوونی تاوانی جینۆساید کردووە، سەبارەت بە بەسەرنەچوونی تاوانی جینۆساید ئەوا جیاوازە لە تاوانەکانی تر. بەسەرچوون بە واتایەک دێت کە دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوەیەی کەیاسا دایناوە بەسەر ئەنجامدانی تاوانێکدا بێ ئەوی داوای سزای لەسەر تۆمارکرابێت، ئەوا داواکارو داواکاری گشتیو دادگا بەهیچ شێوەیەک مافی لێپرسینەوەی نامێنێو تاوانەکە بەهۆی بێدەنگبوونی داواکار بەسەردەچێت. هەروەها پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی دیاریکراو بەسەر جێبەجێنەکردنی سزایەکدا لە مێژووی دەرچوونی بڕیارەکەوە سزاکە لەسەر تاوانبار لادەچێت. بەهەمان شێوە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لە مادەی حەڤدە بەندی چوار هاتووەو ئاماژەی پێکراوە.

- **لێخۆشبوون (عفو)** نەکرنی تاوانکارانی تاوانی جینۆساید

دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە مادەی (٢٧) بەندی یەک ئاماژە بەوەدەکات دەسەڵاتەکانی ئەم دادگایە بە یەکسانی بەسەر هەموو کەسێکدا جێبەجێدەبێت، بەبێ بوونی هیچ جۆرە جیاوازییەک لەسەر بنەمای پۆستی فەرمی. بەتایبەتی پۆستی فەرمی سەرۆک دەوڵەت یان حکومەت، وەزیر یان ئەندام پارلەمان، نوێنەری هەڵبژێردراوو حکومەتی فەرمی، هیچ کەسێک نابەخشرێت لە بەرپرسیارێتی تاوانکاری لەم دادگایەداو بنەمایەک دروست بکات بۆ کەمکردنەوەی سزا، تاوانبارانی تاوانی جینۆساید هیچ جۆرە لێخۆشبوونێک نایانگرێتەوە نەتایبەتو نە گشتی. بەهەمان شێوە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لە مادەی (١٧) بەندی یەکو مادە (١٥) بەندی شەشدا ئاماژەی پێکردووە.

ب: ئەو بڕیارو یاسا نێودەوڵەتیانەی پەیوەندییان بە تاوانکاری جینۆسایدەوە هەیە



- پارێزبەندی (حەسانە)ی تاوانکارانی تاوانی جینۆساید

دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە مادەی (٢٧)ی بڕگەی (٢) دەڵێت: هەر کەس تاوانی جینۆساید ئەنجامبداتو تاوانبار بێت لەهەر پلەو پۆستێکدا بێت کە پارێزبەندی یاسایی یان سیاسیشی هەبێت لادەچێت، دەبێت لەبەردەم دادگای دواکراودا ئامادەبێت. لە دادگای تاوانەکانی عێراقیش لە مادەی (١٥) بەندی سێدا هاتووە: هەر کەسێک تاوانبار بێت بە مادەکانی (١١، ١٢، ١٣، ١٤) دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لەهەر پلەو پوستێکدا بێت دەبێت بچێتە بەردەم دادگا. بەهەمان شێوە لە دادگای یۆگسلافی لە مادەی حەوتو لە دادگای رواندا لە مادەی شەش هاتووە.

- بەرپرسیارێتی بەرپرسو نابەرپرسی تاکی تاوانبار لە تاوانی جینۆساید

دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە مادەی (٣٣) لە هەردوو بڕگەی یەکو دوو ئاماژەی پێکردووە کە تاوانباری تاوانی جینۆساید بەرپرسی یاسایی دەبێت لەبەردەم دادگادا بەرامبەر بەو فەرمانو دەستوورەی یان کردارەی ئەنجامی داوە لەتاوانی جینۆسایدا. بە هەمان شێوە دادگای باڵا تاوانەکانی عێراق لە ماددەی (١٥)دا ئاماژەی پێکردوە، دادگای یۆگسلافی لە مادەی شەشو دادگای رواندا لە مادەی پێنج باسیکردوە.

جینۆسایدی کوردلە سالانی ١٩٨٧-١٩٨٨ بەنموونە

ڕژێمی بەعس بە سەرۆکایەتی سەدام حسێن لە کۆتایی شەڕی هەشت ساڵەی لەگەڵ دەوڵەتی ئێرانی دراوسێ، بڕیار دەدات بە لەناوبردنی نەتەوەی کورد. بۆ ئەو مەبەستە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە بڕیاری ژمارە (١٦٠) لە (١٩٨٧/٣/٢٩) عەلی حەسەن مەجید ناسراو بە (عەلی کیمیاوی) دەکاتە سەرۆکی نووسینگەی ڕێکخستنی باکور (رئيس مكتب تنقيم شمال).

مەجید لەگەڵ دەستبەکاربوونی وەکو سەرۆکی نووسینگەی ڕێکخستنی باکور بڕیاری ژمارە (٨٠٠٤/٢٨) لە (١٩٨٧/٦/٢٠) فەیلەقەکانی یەکو دوو پێنج دەردەکات کە ناوەڕۆکەکەی بەم جۆرەیە:

بڕیاردرا هەموو گوندەکان بە ناوچەی قەدەغەکراوە (محرم) دابنرێت لەڕووی ئاسایشیەوە، بەتەواوەتی هاتوچۆکردن تیایاندا قەدەەیە تەنانەت بۆ ئاژەڵیش. هەرکەسێک لەو ناوچانەدا بگیرێت لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت بەتایبەتی ئەو کەسانەی تەمەنیان لەنێوان (١٥-٧٠) ساڵیدایە، سوود لە زانیارییەکانیان وەربگیرێت، پاشان توندترین سزایان بدەن تا دەگات بە لەسێدارەدان.

ڕژێمی بەعسی عێراق لە (١٩٨٧/٤/١٥) دەستیکرد بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە ناوچەکانی کوردستان. لەکاتێکدا چەکی کیمیایی بەپێی پرۆتۆکۆلی ژنێڤی (١٩٢٥/٦/١٧) قەدەغەکراوە. تاوەکو کۆتایی (١٩٨٧)، ڕژێم چەکی کیمیایی لە: بەرگەڵوو سەرگەڵوو، گوندەکانی دۆڵی بالیسانو گوندی شێخ وەسانان، گوندەکانی قزلەرو سەنگەسەر، سنوری ناوچەی قەرەداغو گوندەکانی سنوری پارێزگای دهۆک بەکارهێنا.

لە ساڵی (١٩٨٨)دا عەلی حەسەن مەجید پلانێکی تایبەت بۆ لەناوبردنی کورد جێبەجێ دەکات کە ئەویش ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفالە.

پرۆسەی ئەنفال بەفەرمانی خودی سەدام حسێنو سەرپەرشتی عەلی حەسەن مەجیدی ئامۆزای بوو، ناونانی پرۆسەکەش لەلایەن فەریق روکن (کامیل ساجت عەزیز ئەلجەنابی) بوو کە پیاوێکی شارەزا لە ئاین بوو، ناوبراو بە فەرمانی قوسەی کوڕە بچوکی سەدام لە (١٩٩٨/٤/٢٦) لەسێدارەدرا.

ئەنفال ناوی هەشتەمین سورەتی قورئانی پیرۆزە. ئەم سورەتە (٧٥) ئایەتە. ئەنفال لە زمانەوانیدا

کۆکراوەی وشەی (نفل)ە واتا دەستکەوت کە ماڵو سامانی بێباوەڕان بوو. ئەم سورەتە لە ساڵی دووەمی کۆچیدا لە غەزای بەدری گەورەدا هاتە خوارەوە لەسەر ئەو دەستکەوتانەی موسڵمانان لە شەڕی بەدردا بەدەستیان هێنابوو.
پرۆسەی ئەنفال بە هەشت قۆناغو لە شەش ناوچەدا ئەنجامدرا، لە (١٩٨٨/٢/٢٥) دەستی پێکردو لە (١٩٨٨/٩/٦) کۆتایهات. لەم پرۆسەیەدا (١٨٢٠٠٠) هاوڵاتی کورد لە پیاوو ژنو منداڵو پیرو لاوی کچو کوڕ زیندەبەچاڵ کران. (٤٧٣٢) گوند خاپورکرا. چوار قەزاو سی ناحیەو (٣١٠٠) مزگەوتو شوێنی پەرستشو سەد کڵیسا روخێنرا.
دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق
لە (٢٠٠٣/٤/٩) کۆتایی بە دەسەڵاتی رژێمی بەعس هێنرا. لە (٢٠٠٥/١٠/٩) دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق پێکهێنرا بۆ دادگایکردنی سەرانی رژێمی بەعس لە رۆژی دەستبەکاربوونیان لە عێراق لە (١٩٦٨/٧/١٧) هەتا (٢٠٠٣/٥/١). دادگاکە لە (٢٠٠٧/٦/٢٤) لەپاش (٦١) دانیشتن پرۆسەی ئەنفالی بە تاوانی جینۆساید ناساند. لەدوای ئەویش ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە بڕیاری ژمارە (٢٦) لە (٢٠٠٨/٩/١٠) پرۆسەی ئەنفال بە جینۆساید ناساند. پارلەمانی کوردستان لە (٢٠٠٨/٤/١٤) پرۆسەی ئەنفال بە تاوانی جینۆساید ناساند. حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بڕیاری ژمارە (١٣) لە ( ٢٠٠٨/٦/٢) پرۆسەی ئەنفالی بەتاوانی جینۆساید ناساند.

## چۆنیەتی قەرەبوکردنەوەی زیانلێکەوتوانی ئەنفال

لەدوای ناساندنی تاوانی ئەنفال بە جینۆساید، چۆنیەتی قەرەبوکردنەوەی زیانلێکەوتوان دێت، بەمەبەستی دابینکردنی مافەکانیانو بێبەش نەبوونیان لە قەرەبوو. دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە ماددەی (٧٥)دا باسی قەرەبوکردنەوەو بژاردنی زیانەکانی بە سێ شێواز کردووە، ئەوانیش: (گێرانەوە- قەرەبو- ڕازیکرن)ە.
گێرانەوە واتە گێرانەوەی بارودۆخەکە بۆ پێش ئەنجامدانی تاوانی جینۆسایدەکە، گەڕانەوەی سەرجەم ماڵو کەلوپەلو سامانی لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکە لەناچوون، گەڕانەوی ئەو مافانەی لێیان داگیرکراوە، هەڵوەشانەوەی ئەو یاسایانەی کە تاوانەکەی پێ ئەنجامدراوە.
ئەگەر هاتوو ئەمەش نەکراو مەحاڵ بوو، ئەوا ئەو کات پەنا بۆ قەرەبوکردنەوەی دارایی دەبرێت، واتە لەبری ئەو زیانانەی کە کەوتوونەتەوە بڕێک پارە دەدرێت بە کەسوکاری قوربانیانی تاوانەکە، چونکە دەچێتە سەر میراتەکەیو کەسوکاری ئەو مافەیان هەیە کە لێی سوودمەندبن.
یاخود بەشێوەی ڕازیکردن، ئەویش ڕازیکردنی کەسوکاری قوربانیانی تاوانی جینۆساید بە بەشداریکردن لە ساڵیادی تاوانی جینۆسایدەکان، نیشاندانی خەم بەشێوەیەکی فەرمی، داوای لێبووردن کردن لەسەر ئاستی فەرمیو گشتی، خەم خواردنو خۆ بە هاوبەشی دانان لە پەژارەو ئەو ئازارە قوڵەیاندا کە لە ڕۆحو جەستەیاندا دروستبووە، هەروەها دادگایکردنو سزادانی تاوانبارانو پێشکەشکردنی ڕێزێکی تایبەت بۆ قوربانیانی تاوانی جینۆسایدو کەسوکاریان.
- قەرەبوی مادی: ئەم جۆرەی قەرەبووە بریتیە لە قەرەبوی زیانەکانی ژیانو جەستەی قوربانیانو زیانەکانی ماڵی قوربانیەکان، بەمەش شەهیدەکان نەوەو میراتگریان بەجێهێشتووە، بۆیە دەبیت قەرەبو بکرێنەوە بە پێدانی بڕێک پارە کە دیاریدەکریت، ئەمەش سەرەڕای دانانی موچەیەک بۆ ئەو نەوەو میراتگرانە. قەرەبوی زیانی دارایی هەموو ئەو زیانە داراییانە دەگرێتەوە کە لە پرۆسەکانی جینۆسایدا ڕویانداوەو کەوتونەتەوە، ئەمیش بژاردنەوەی روخاندنی خانووەکانو سوتاندنی باخو بێستانو



کوێرکردنەوەی کانیاوەکانو لەناوبردنی ئاژەڵو پەلەوەرەکان دەگرێتەوە.
- **قەرەبوی دەروونی**: جینۆساید زیانێکی گەورەی دەروونی لێکەوتۆتەوە، ئەویش بەهۆی ونبونی کەسوکارو دۆستو خۆشەویستانو ئەو ئازارە دەرونییەی کە بەهۆی برینی جەستەی بریندارەکانەوە دروست بووە، هەروەها ئەو ئازارە دەروونیەی کە تاهەنوک هەیە لەسەر بەرکەوتوانی کیمیابارانکراوان کە منالّیان نابێت، یان منالّەکانیان بە شێواوی لەدایکدەبن یان لەباردەچن، هەموو ئەمانەش مافی وەرگرتنی قەرەبویان هەیە.
- **قەرەبوی تەندروستی**: ئەم جۆرە قەرەبووە بریتیە لە ئەستۆ گرتنی خەرجی چارەسەرکردنی برینی هەموو بریندارەکان کە لە تاوانکاندا زیانیان پێگەیشتووە.
- **قەرەبوی ژینگەیی**: ئەم جۆرە قەرەبووە بژاردنەوەی هەموو ئەو زیانەی ژینگەیانە دەگریتەوە کە لە کاتی تاوانی جینۆسایددا زیانیان بەرکەوتووە، ئەو زیانانەش هەر لە سوتاندنی دارستانو رەزو باخو بێستان تا کوێرکردنەوەی کانیو سەرچاوەکانی ئاو دەگرێتەوە.
- **گێڕانەوەی مافەکان:**

گێرانەوەی مافەکان بەوە دەبێت کە حکومەت یاسایەک دەربکاتو هەموو ئەو بڕیارە نایاساییانە هەڵبوەشێنیتەوە کە پێچەوانەی هەموو بنەماکانی یاسا نێودەوڵەتیەکانو پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤە. لەوانەش گێرانەوەی سەروەتو سامانو خانوبەرەی ڕاگوێزراوانو ئاوارەکان بۆ شوێنی رەسەنی خۆیان، گێڕانەوەی رەگەزنامە بۆ ئەو زیانلێکەوتووانەی بەهۆی تاوانەکەوە لەدەستیانداوە.
- **رازیکردن:**

رازیکردن بەجۆریکی تر لە قەرەبوو دادەنرێت کە پێوست دەکات لەسەر حکومەت زیانلێکەوتوان رازی بکات بەشداری لە ساڵیادو بۆنەکاندا بکەن، دروستکردنی مۆنۆمێنت لە شۆینی تاوانەکەو ئەرشیفکردنی هەموو کەلوپەلی قوربانیانو ئەو کەرەستانەی کە تاوانەکانی پێ ئەنجام دراوە، دیاریکردنی رۆژیک بۆ یادکردنەوەی ئەو تاوانە تا نەوەکانی داهاتوویش ئاگاداری گەورەییو ترسناکی ئەو تاوانە بن.
- **دڵنیایی**: دەبێت دڵنیایی تەواو بدرێت بە زیانلێکەتوان لە دووبارە نەبوونەوەی تاوانەکەو دڵنەوایی کەسوکاری قوربانیان.

لە دەستوری عێراق لە مادەی (١١٢) بەندی یەکی ساڵی (٢٠٠٥) هاتووە حکومەتی عێراقی بە هاوکاری هەرێمی کوردستانو دادگا لە هەر ناوچەیەک کە نەوتو غازی لێدەردەکرێت قەرەبووی زیانلێکەوتووانی ئەو ناوچەیەو ئەوانەی لە کردارەکانی رژێمی بەعس زیانیان بەرکەوتووە، قەرەبوو دەکرێنەوە.
لە دەستوری عێراقی لە مادەی (١٣٢) بەندی یەکی ساڵی (٢٠٠٥) دەوڵەت قەرەبووی ئەو کەسانە دەکاتەوە کە زیندانی سیاسی بوون لە زیندانەکانی رژێمی پێشوو یا زیانیان لێکەوتووە.
لە بەندی دودا هاتووە: قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری شەهیدانو کەمئەندامان کە بەهۆی تاوانەکانی حکومەتی عێراقی زیانیان لێکەوتووە.
لە مادەی (٢٢) دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقدا هاتووە: خێزانی قوربانیانو زیانلێکەوتوان مافی خۆیانە کە داوای شارستانی پێشکەشبکەن لەسەر ئەو زەرەرو زیانانەی لێیانکەوتوەو داوای قەرەبوو بکەنەوە.
لە یاسای شارستانی عێراقی ژمارە چلی ساڵی (١٩٥١) لە مادەی (٢١٩) بەندی یەکو دوو هاتووە کە حکومەتو شارەوانیو دەزگاکانی حکومەت بەرپرسن لەو زەرەرو زیانیانەی کە گەیاندویانەو دەبێت قەرەبووی بکەنەوە.

## کاری پارلەمانی کوردستان بەرامبەر پرۆسەی ئەنفالو تاوانی جینۆساید:

لەدوای راپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١)، لە (١٩٩٢/٥/١٢) یەکەم هەڵبژاردن ئەنجامدرا، لە بەرواری (١٩٩٢/٦/٤) خولی یەکەم دەستی بەکارەکانی کرد. یەکەم هەنگاوی پەرلەمانی کوردستان کە بۆ شەهیدانو ئەنفالکراوانو قوربانیانی تاوانی جینۆساید بڕیاری ژمارە (٣٢) ی ساڵی (١٩٩٣) بوو. ئەم بڕیارە تایبەت بە دابینکردنی مەبلەغێکی مانگانە وەکو هاوکاری بۆ خێزانی شەهیدان بوو تا ئەو کاتەی یاسایەکی گشتگیر دەردەکرێت. ئەم بڕیارە بە سەرەتای ئاوڕدانەوە لە کەسوکاری شەهیدان دادەنرێت.

پاشان یاسای بزربووەکان لە هەڵمەتەکانی لەناوبردنی بەکۆمەڵی گەلی کوردستان عێراق بە یاسای ژمارە (٣) ساڵی (١٩٩٩) دەرکرا کە بۆ پۆلینکردنی بزربووان بوو کە لە سەردەمی رژێمی بەعسدا لەناوچوون.

- کوردە فەیلییەکان ئەوانەی لە ساڵی (١٩٨٠) لەناوچوون.
- کوردە بارزانیەکان ئەوانەی لە ساڵی (١٩٨٣) لەناوچوون.
- قوربانیانی هەڵەبجەی شەهید کە بە چەکی کیمیاوی لەناوبرانو ئەوانەی لە شاڵاوی ئەنفالدا لە ساڵی (١٩٨٨) لەناوبران.
- ئەوانەی لە ماوەی راپەڕینەکەی ئازاری ساڵی (١٩٩١) لەکاتی کۆڕەوەکەدا لەناوچوون.

لە ساڵی (٢٠٠٦) دا بە یاسای ژمارە هەشت حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتێکی بەناوی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان دامەزراند. لە ساڵی (٢٠٠٧) بەیاسای ژمارە نۆ ئامانج لە دەرکردنی ئەم یاساییە دابیکردنی بەشێک لە مافـو ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدو ئەنفالکراوان بوو، لەگەڵ کەمکردنەوەی ئازاری کەسوکاری قوربانیان وکو رێزلێنانو یارمەتیدانیان، ئەم یاسای چەند جارێک هەموار کراتەوە بە مەبەستی گونجاندنی لەگەڵ خواستی گشتی کەسوکاری شەهیدان.

یاسای سندوقی پشتگیریو هاوکاری خانەوادەی شەهیدانو ئەنفالکراوکانو قوربانیانی جینۆساید، بەژمارە (٣٧) لە ساڵی (٢٠٠٧)، تائێستا ئەم یاسایە کاری پێنەکراوە. پارلەمانی کوردستان لە (٢٠٠٨/٤/١٤) پرۆسەی ئەنفال بە تاوانی جینۆساید ناساند، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بڕیاری ژمارە (١٣) لە بەرواری (٢٠٠٨/٦/٢) پرۆسەی ئەنفال بەتاوانی جینۆساید ناساند.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠١٣) بە نووسراوی ژمارە (٩٢٣) لە بەرواری (٢٠١٣/٧/٢٤)و نووسراوی ژمارە (٩٨٠٠) داوای قەرەبووکردنەوەی ئاراستەی حکومەتی عێراقی کردوە، بەڵام تائێستا وەکو پێوست بەدواداچوونی بۆ نەکراوە. لە ساڵی (٢٠١٥) یاسای مافـو ئیمتیازاتی تاقانەکانی جینۆساید پەسەندکرا، بەڵام تائێستا ئەم یاسایە بەشێوەیەکی کارا جێبەجێ نەکراوە.

پێشنیار

١. لەدوای حەفتا ساڵ تێپەڕبوون بەسەر یاسای جینۆسایدا، دەکرێت خوێندنەوەی نوێی بۆ بکرێتو هەمواربکرێتەوە.

٢. لەبەر گەورەییو ترسناکی تاوانەکە، پێویستە سزای جینۆساید توندتر بکرێت.

٣. دەبێت کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێشگیری زیاتر بگرێتەبەر بۆ دووبارە نەبوونەوەی تاوانی جینۆساید.

٤. دەبێت نەتەوە یەکگرتوویەکان زیاتر هەست بە بەرپرسیاریەتی بکات بەرامبەر قوربانیانو زیانلێکەوتوانو بەشداربێت لە قەرەبووکردنەوەیان.

٥. دەبێت گرنگی زیاتر بدرێت بە لایەنی قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتوان، چونکە تەنها سزای حەیاتی بەس نییە.

٦. هیچ زیانلێکەوتوویەک بێبەش نەکرێت لە قەرەبووکردنەوەیەکی شایستە.



تایبەتمەندیو بنەما گرنگەکانی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوان

داواکاریو دیاریکردنی زیانەکانو پێشکەشکردنی بە بەرامبەر کە حکومەت خۆیەتی یا حکومەتی میراتگراوە، واباشترە لەلایەن لیژنەیەکەوە پێشکەش بکرێت، حکومەت بەرپرسە لە بەرامبەریدا هەموو ئاسانکارییەکیان بۆ ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی بەزووترین کات کارەکەیان جێبەجێبکرێت.

| بابەت | داواکاری وەرگرتن |
| --- | --- |
| ١. قەرەبووکردنەوی ماددیو دەروونی | • قەرەبووکردنەوەی ماددیو دەروونی.<br>• خوێنبایی قوربانیان.<br>• قەرەبووکردنەوە زیانەکان.<br>• قەرەبووی ماددی منداڵان.<br>• قەرەبووی هەلی لەدەستچوو.<br>• قەرەبووی زیانی کەسوکاری قوربانیان. |
| ٢. داوای لێبوردن لەلایەن بەرپرسانی حکومەتەوە | • داوای لێبوردنی فەرمی<br>• دانپێدانانی حکومەت بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە قوربانیان.<br>• دانانی رێکاری یاساکان بۆ سزادانی تاوانباران.<br>• دیاریکردنی برپرسیاریەتی. |
| ٣. چارەسەرکردنی کێشە یاساییەکان | • سوود وەرگرتن لە لێبوردنی گشتی.<br>• بڕیار لە بەژوەندی قوربانیان بێت.<br>• چارەسەرکردنی کێشە یاساییەکان بەتابیەتی تۆمارکردنو پێدانەوەی مافە مەدەنییەکانیان. |

| | |
|---|---|
| ٤. دۆزینەوەی راستییەکان | • ئاشکراکردنی چارەنووسی کەسانی ونبوو.<br>• دروستکردنی بڕوانامەی مردن بۆ قوربانیان.<br>• ئاشکراکردنی شوێنی قوربانیان.<br>• هێنانەوەی تەرمی قوربانیانو ناشتنیان بە مەراسیمی شیاو.<br>• رزگارکردنی ئەو قوربانیانەی کە ماون. |
| ٥. چارەسەری کێشەی کارگێڕیو ئابووری | • دۆزینەوەی هەلی کار بۆ خێزانی قوربانیان.<br>• بڕینەوەی موچەی مانگانە بۆ خانەوادەی قوربانیان.<br>• پێشکەشکردنی کارتی نیشتمانی بۆیان.<br>• پێدانی پاسپۆرتو لابردنی ئاستەنگیەکان.<br>• لابردنی ناوەکانیان لە خاڵە سنوورییەکان بە مەبەستی چوونە دەرەوەیان.<br>• خانەنیشن کردنیان.<br>• گەڕانەوەیان بۆ سەر کار. |
| ٦. تێکەڵ بوونی کۆمەڵایەتی | • کاراکردنەوەی سەرجەم کارەکانیان لە فەرمانگە گشتییەکان.<br>• دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆیان.<br>• هاوکاریکردنیان بە مەبەستی نیشتەجێبوون.<br>• چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیو تەندروستیەکانیان.<br>• سوود وەرگرتن لە دڵنیایی کۆمەڵایەتی.<br>• دابینکردنی خوێندنو خوێندنگا بۆیان. |



| | |
|---|---|
| ٧. چارەسەری تەندروستی | • دابینکردنی چارەسەری تەندروستی بۆ قوربانیان.<br>• چاودێریکردنی رۆڵەو منداڵی قوربانیان.<br>• دروستکردنی نەخۆشخانە لە سنوری قوربانیان.<br>• چاودێریو چارەسەرکردنی دەروونی بۆ کەسوکاری قوربانیان. |
| ٨. دووبارە دڵنیابوونەوەو رازیکردنیان | • دڵنیایی دانەوە بە کەسوکاری قوربانیانو گەڕانەوەی متمانە بۆ کەسوکاریان.<br>• ریکخستنی دانیشتنو گوێگرتن لە کەسوکاری قوربانیانو چارەسەرکردنی کێشەکانیان. |
| | • گۆڕینی شوێنەواری ئازاردان بە شوێنی گەشتیاریو حەوانەوە بۆیان.<br>• کردنەوەی مۆنۆمێنت بۆ نیشاندانی کاریگەریو گەورەیی تاوانەکە.<br>• کردنەوەی مۆنۆمێنت بۆ هەڵگرتنو دۆکۆمێنتکردنی تاوانەکە.<br>• خستنەڕوی تاوانەکەو نیشاندانی بە کەسانی تر.<br>• نووسینەوەو دەرکردنی کتێبو راپۆرت لەسەر تاوانەکەو ناساندنی.<br>• جێبەجێکردنی یاسای نێودەوڵەتی بۆ گەڕانەوەی مافی قوربانیانو دەستکاریکردنی یاساکانی ناوخۆ لەڕووی سیاسیو ئابووری بۆ زیاتر خزمەتکردنی قوربانیان.<br>• لابردنی کێشەو توندوتیژی لەناو قوربانیان. |
| ٩. گەڕانەوە | • گەڕانەوەو قەرەبووکردنەوەی خانوو زەویو زار.<br>• گەڕانەوەی بەڵگەنامەکان-گەڕانەوەو قەرەبووی ماڵی گواستراوە. |

سەرچاوەکان


١. سەرچاوە فارسییەکان

- د.محمد على اردبیلی، حقوق بین الملل کیفری، تهران: نشر میزان، چاپ پنجم ١٣٨٨.
- د. حسین میر محمد ×ادقی، دادگاه کیفری بین المللی، تهران: دادگستر، چاپ نهم ١٣٩٥.
- د. حسین میر محمد ×ادقی، حقوق جزای بین الملل، تهران: نشر دادگستر، چاپ ششم ١٣٩٦.
- محسن قائم‌مقامی، نسل‌کشی ارامنه و مسئله مسئولیت پژیری ترکیه، موچوع قتل عام ارامنه، ترجمه رشید حیدری، سلیمانیه: انتشارات جمال عرفان ١٣٩٣.
- پل پورت و فیلیپ شورت، کابوس سرخ، ترجمه بیژن اشتری، تهران، نشر پالپ ١٣٩٢.
- اسماعیل رائین، قتل عام ارمنیان در دوران سلاگین العپمان، انتشارات نالی ١٣٥١.
- کمال مڤهر احمد، کردستان در سالهای جنگ اول و قتل عام ارامنه، ترجمه رئوف کریمی، تهران: رویداد دەکدە جهانی ١٣٨٥.
- دکتر محمود احمدی نژاد، فروپاشی اسگوره هولوکاست، نشر جمهور ١٣٨٨.
- ارنولد توین، کشتار یک ملت، ترجمه محمد فاچل ملک، ا×فهان: نشر پرستش ١٣٧٤.
- ویکتور فرانکل، انسان در جستجوی معنی، ترجمه اکبر معارفی، موسسه انتشارات و چاپ دانشگاه تهران ١٣٧٨.
- دیوید فرودیان، راه غربت، ترجمه شهلا سهیل، تهران: نشر پالپ ١٣٩٢.
- کیوان پهلوان، هولوکاست توهم یا واقعیت، نشر ارون، تهران ١٣٨٦.
- اودیس پاپازیان، محاکات-عاملان تبعید و کشتار ارمنیان، ترجمه گارون سارکیسیان، تهران: کتاب سیامک، ١٣٨٨.
- مهین‌دخت محاسب، ژنوساید، تهران: انتشارات گنج دانش، چاپ یکم ١٣٨٦.
- روح‌الله مهمان نوازان، خسارات قابل جبران در حقوق ایران، تهران: مجمع علمی و فرهنگی مجد ١٣٨٩.
- د. حسن رەپیک، حقوق مسوولیت مدنی و جبران، تهران: انتشارات خرسندی ١٣٤٢.

٢. سەرچاوە کوردییەکان

- د.ئاوارە حسێن، جینۆسایدی کورد لە ڕوانگەی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتییەوە، چاپخانەی حەمدی، چاپ یەکەم، ٢٠١٧.
- ئیسماعیل هەنارەیی، تاقانەکانی جینۆساید لە کوردستان، چاپخانەی ڕۆکسانا، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٦.
- د. مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.
- د. سالار باسیرە، جینۆساید لە یاساکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی ٢٠١٤.
- هەژار عەزیز سوورمێ، کوردو جینۆسایدو ئیبادەکردنو هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٦.

٣. سەرچاوە عەرەبییەکان

- **نجم‌الدین فقی عبدالله، الجریمه المنسیه حول الانفال و جرائم الاباده الجماعیه فی الکردستان، السلیمانیه ٢٠١٢**
- **دلیر محمد علی کولندر، جرائم الاباده الاجماعیه، المگبعه دار سردم، الگبع الاولی، السلیمانیه ٢٠١٢**
- **جلال کریم رشید، مفهوم الجرائم چد الانسانیه فی النام الاساسی للمحکمه الجنائیه الدولیه، مگبعه بیرمیرد ٢٠١٤**
- **احمد شوقی، الاسس النریه لمژهب جبرالچرر، مگبعه الاول المغربیه ٢٠١٠**
- **عوینه سمیره، جریمه الاباده الجماعیه فی الاجتهاد القچائی الدولی، گبعه الاول، القاهره ٢٠١٣**
- **محمد سلیم غزوی، جریمه اباده الجنس البشری، موسسه شباب الجامعه الگباعه و النشر الاسکندریه ١٩٧٢**
- **اورخان محمد علی، السلگان عبدالحمید- حیاته و احداپ عهده، دارالنیل للگباعه و النشر القاهره ٢٠٠٨**
- **نعیم الباقی، مجازر الارمن و موفق الرای العام العربی منها، دار الحوار للنشر و التوزیع، سوریا ١٩٩٢**
- **محمد ماهر، جریمه الاباده فی المحکمه الجنایه الدولیه منشورات اللجنه الدولیه للصلیب الاحمر، القاهره ٢٠٠٦**
- **عبدالفتاح بومی حجازی، المحکمه جنائی الدولیه نریه الاختصاص القچائی للمحکمه، دارالکتب القانونیه، المحکمه الکبری ٢٠٠٧**
- **حیدر عبدلرزاق حمید، تگور القچا الجنائی الدولی، دارلکتب القانونیه، المحکمه الکبری ٢٠٠٨**
- **حسنین ابراهیم صالح عبید، الجریمه الدولیه-دراسه التحلیلیه، دارالنهچه العربیه، للگبع و النشر و التوزیع، القاهره ١٩٧٩**
- **محمد محی‌الدین عوچ، دراسات فی القانون الدولی الجنائی، دار الفکر العربی، القاهره ١٩٦٦**
- **محمد عبدالمنعم عبدالغنی، الجرائم الدولیه، دراسه فی القانون الدولی الجنائی، دار الجامعه الجدید للنشر، الاسکندریه ٢٠٠٧**
- **سمعان بگرس فرج الله، الجرائم چد الانسانیه، اباده الجنس و جرائم الحرب و تگور مفاهیمها، دارالمستقیل العربی، القاهره ٢٠٠٠**
- **د. منتصر سعید محمود، المحکمه الجنائیه الدولیه، الن□ریه العامه للجریمه الدولیه و احکام القانون الدولی الخاص، دارالجامعه الجدید للنشر الاسکندریه ٢٠٠٦**
- **محمود صالح العادلی، الجریمه الدولیه-دراسه مقارنه، دار الفکر الجامعی الاسکندریه-جمهوریه مصر العربیه ٢٠٠٣**
- **علی یوسف الشکری، القانون الجنائی الدولی فی عالم متغیر، ایتراك للگباعه و النشر و التوزیع گ. القاهر ٢٠٠٥**
- **جرجیس فتح‌الله، جرائم الحرب و جرائم چد السلم و الاباده العنصریه، للگباعه و النشر ئاراس، اربیل ٢٠٠٤**
- **د. منژر الفچل، من الانفال ای الاستقلال شعب یچع، التاریخ للگباعه و النشر ئاراس، اربیل ٢٠٠٥**
- **د. چاری خلیل محمود باسیل یوسف، المحکمه الجنائیه الدولیه هیئته القانون ام القانون ......گ. ٢ بیت الحکمه بغداد ٢٠٠٣**
- **د. علی یوسف الشکری، القانون الجنائی الدولی فی متغیر گ. ١ ایتراك للگباعه و النشر و التوزیع القاهره ٢٠٠٥**
- **نوزاد احمد یاسین الشوانی، الاختصاص القچائی فی جریمه الاباده الجماعیه، دراسه تحلیلیه فی چو احکام جنائیه**

الو....الدوله، گ. ١ الموسسه الحديپ للكتاب بيروت ٢٠١٢


- د. رمسيس بهنام، نريه التجريم فى القانون الجنايي معيار....العقاب ....تگبيقا، گ. ٣، منشاه المعارف بالاسكندريه ١٩٩٦
- د. كامل السعيد، شروع الاحكام العامه فى القانون العقوبات، الدار العلميه الدوليه و دار الپقافه للنشر و التوزيع ٢٠٠٣.
- د. محمود صالح العادلی، الجريمه الدوليه، دراسه مقارنه، دارالفكر الجامعی، الاسكندريه ٢٠٠٤
- د. عبود سراج، قانون العقوبات القسم عام، منشورات، مديريته الكتب و الموچوعات، ...٢٠٠٧
- د. عندالمنعم سالم شرف الشيبانی، الحمايه الجنائيه للحق فی اصل الدراسه مقارنه گ. ٤ ٢٠٠٦
- د. منتحر سعيد محمود، المحكمه الجنائيه الدوليه، النريه العامه للجريمه احكام القانون الدولی الجنائی دارالجامعه الجديد الاسكندريه ٢٠٠٦
- گلال عبدالحسين البدرانی، الشريعه الجزائيه دراسه مقارنه، جامعه الموصل ٢٠٠٢

٤. سەرچاوە ئینگلیزییەکان

- John Cooper, Raphael Lemkin and The Struggle for the Genocide Convention, Palgrave ٢٠٠٠, first published Macmellan
- Iraqs Crime of Genocide, The Anfal Complaints the Kurds ....
- Awarah Hussein, genocide and the declaration of an independent country, first published, Jamal Erfan Cultural Organization press ٢٠١٤
- Velasavez Rodrigwez V, Honduras Judgment of July ٢٩, ١٩٩٨ Human Rights Law Journal vol. ٩, ١٩٨٨
- Dr. Kriangsak Kittichaisaree, International Criminal Law Resources, Ducuments ٢٠٠٤
- Micheal N. Dobkowski and Isidor Walliann, The Coming Age of Society, Preventing mass death and Genocide in the ٢٠th century, ١st edition
- Human Right watch, Genocide, war crimes and crimes against humanity, printed in the USA ٢٠٠٦




# بنەما ئایدۆلۆژییەکانی ئەنفال




نوسینی: د.کازم حەبیب

وەرگێڕانی: بارام سوبحی


**خوێنەری بەڕێز..**

ئەم بابەتە بریتییە لە دوو بەش، بەشی یەکەمی پەیامی هاوخەمیو داوای لێبوردنە لەلایەن د.کازم حەبیب، وەکو کەسێکی عەرەب لەهەمبەر ئەو تاوانانەی بەرامبەر بە نەتەوەی کورد ئەنجامدراون. بەشی دوەمیش نوسینێکی درێژی نوسەرە بەناونیشانی بنەما ئایدۆلۆژییەکانی ئەنفال. هەردوو بابەتەکەش لە کتێبی (ایدولوجیه الانفال و جینوسايد كوردستان) لاپەڕەکانی (١٣ - ٤٠) وەرگیراوە، کە ساڵی (٢٠١٤) لەلایەن بەڕێوەبەرێتی چاپو بڵاوکردنەوەی دهۆک چاپکراوە.

پەیامی لێبوردنو هاوخەمیو یەکبوون لەگەڵ گەلی کورد

ئەو تاوانانەی لەماوەی حوکمڕانی درێژی بەعسدا بە سەرکردایەتی دیکتاتۆر سەدام حسێن، لە کوردستانی عێراقو لە دژی گەلی کوردو کوردانی فەیلی ئەنجامدران، بەناوی بەرگریکردن لە «عروبەی عێراق»و بەناوی «نەتەوەی عەرەب»و «یەکێتی عێراق» ئەنجامدران. بۆیە داخوازی بەردەوام بۆ ئاشکراکردنی قوربانیانی ئەو پرۆسانەو کۆکوژی ئەنفالو کیمیابارانی هەڵەبجە لە کوردستانی عێراق، ئەرکێکە لە ئەستۆی هەموو عەرەبێکە لە دەرەوەو ناوەوەی عێراق، بەرلەوەی ئەرکی گەلی کوردو نەتەوەکانی دیکە بێت لە کوردستانی عێراقدا.

وەکو هاوڵاتیەکی عەرەب لە عێراق هەست بەو روداوانە دەکەم کە لە کوردستانی عێراقو لەدژی کوردانی فەیلی ئەنجامدران، سەرباری سەرکۆنەکردنی ئاشکراو بەردەوامم لە دژی ئەو تاوانانەی بە درێژایی چەند دەیەیەک ئەنجامدران، بەهەمانشێوە لەگەڵ تەواوی عەرەب بەرپرسیارێتی پێشکەشکردنی داوای لێبوردنێکی بەهێز لە گەلی کوردو قوربانیانی ئەنفالو خێزانەکانیانو قوربانیانی کۆکوژی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ئەستۆ دەگرم. هەرچەندە ئەم داوای لێبوردنە هیچ نییە جگەلە لایەنێکی ئەدەبی بۆ سەرکۆنەکردنی ئەو تاوانانەی بەناوی عەرەبو عروبەو یەکێتی نیشتیمانی عێراق ئەنجامدرانو ئەوانیش لێی بێبەرین.

لەگەڵ خەڵکە باشو دیموکراسیخوازەکاندا لە

عەرەب بەرپرسیارێتی کارکردنو هاوبەشیکردنی کارا لە ئاشکراکردنی ئەو تاوانانەی لەوێ ئەنجامدرا، هەروەها کارکردن بۆ دۆزینەوەی چارەسەری واقیعیو خێرا بۆ قوربانیانی ئەنفالو هەڵەبجەو پێکشەشکردنی قەرەبووی گونجاو بۆ قوربانیانی گەلی کورد، کە هەر بە سیمبولی دەمێنێتەوە، لە ئەستۆ دەگرم.

ئەم جۆرە هەڵوێستانە لەلای عەرەب، پێویستی بە هۆشیاری هەیە لەبارەی: سروشتی ئەو تاوانانەی لە کوردستانی عێراق ئەنجامدران، لەبارەی ئەو مێنتەلێتیە رەگەزپەرستە قێزەونەی کە لەپشتی ئەو تاوانانەوە بووە، لەبارەی ئەو دەرەنجامە کارەساتبارانەی لێیکەوتۆتەوە. چونکە ئەو تاوانە ترسناکانە، کە رژێمی عێراق بە سەرکردایەتی ستەمکارانو بە فەرمانە رەگەزپەرستانە قێزەونەکانی سەدام حسێن پیادەیان کرد، گەورەترین سوکایەتی بوو بە برایەتی عەرەبیو کوردیو نەتەوەکانی دیکە لە عێراقو یەکێتی نیشتیمانی عێراقو مافە رەواو دادپەروەرانەکانی گەلی کورد کرا.

**ئەم هەڵویستە لێمان دەخوازێت هەموان پێکەوە بەشداربین لە:**

١. رێککەوتن لەسەر دامەزراندنی سەنتەرێکی زانستی یەکگرتوو لە کوردستانی عێراق بۆ کۆکردنەوەو پۆلێنکردنو رێکخستنو پاراستنی بەڵگەنامەکانی تایبەت بەو تاوانانەی لە ماوەی سەردەمەکانی پێشودا دەرهەق بە گەلی کورد ئەنجامدران. وەلێ بەتایبەتی لە چوارچێوەی ئەو ماوەیەی کە لەدوای گەیشتنە دەسەڵاتی بەعسەوە دێت.

٢. دروستکردنی لیژنەیەکی نێودەوڵەتی جێبەجێکاری هەمیشەیی، لەرووی سیاسیەوە گرنکە بارەگاکەی لە یەکێک لە شارەکانی ئەوروپا بێت، هەروەها لقی لە هەندێک لە شارەکانی دنیاو لەهەر کوێیەک بتوانرێت، جگەلە بارەگایەکی ناوەندی دیکە لە کوردستان هەبێت. ئەنجومەنە فراوانەکەشی کەسایەتی زانستیو رۆشنبیریو کۆمەڵایەتیو سیاسی عێراقی سەربەخۆو حیزبی لە هەموو نەتەوەکان لەخۆبگرێت، سەرباری کەسایەتی عەرەبیو نێودەوڵەتی کە بتوانن ببنە بزوێنەری کارکردن بۆ راپەڕاندنی هەڵمەتێکی جیهانی بەردەوام بۆ سەرخستنی قوربانیانی ئەنفال لە کوردستانی عێراقدا.

٣. پێشکەشکردنی داوایەکی فەرمی بەناوی لیژنەی نێودەوڵەتی هەمیشەییو بەرپرسان لە کوردستانی عێراق بە نەتەوە یەکگرتوەکان لەپێناوی رێکخستنی کۆڕبەندێکی نێودەوڵەتی لەماوەی ئەم دەیەیەدا بۆ تاوتوێکردنی هۆکارو دەرەنجامەکانی کۆمەڵکوژی تاوانەکانی ئەنفال کە رژێمی عێراق ئەنجامیدا، بەو پێودانگەی کارێکی رەگەزپەرستانە بووەو ئامانج لێی پاکتاوکردنو کۆمەڵکوژی گەلی کورد بووە لە کوردستانی عێراقدا. هەروەها هەڵێنجانی پەندو سیاسەتو رێکارگەلێک کە بکرێت بگیرێنەبەر بۆ سزادانی رژێمەکەو لەپێناوی رێگرتن لە دوبارە بونەوەی لە کوردستانی عێراق یان هەر شوێنێکی دیکەی جیهاندا، ئەمەش وەکو هۆشدارییەک بۆ هەموو حکومەتو هێزو سیاسەتە رەگەزپەرستەکان لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانەی کە بەشەکانی دیکەی نەتەوەی کوردی تێدادەژی.

٤. ئامادەکردنی بەڵگەنامەی تۆمەتبارکردنی فەرمی دژی سەرکردەکانی حکومەتی عێراق، بەو پێودانگەی بیریان کردۆتەوەو پلانیان رێکخستوەو بەکرداری کۆمەڵکوژی ئەنفالیان لە کوردستانی عێراق ئەنجامداوە، هەروەها کاریان کردوە بۆ شاردنەوەی سیماکانی لە رایگشتی جیهانیو عەرەبیو عێراقی، پێشکەشکردنی بە دادگایەکی نێودەوڵەتی تایبەت بە دادگایکردنی تاوانبارانی جەنگو پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بەتایبەتی مافی ژیانکردن. ئەم کارەش پێویستی به دەرچواندنی فەرمانی نێودەوڵەتی هەیە لە دادگاکەوە بۆ دەستگیرکردنی سەرکردەکانی رژێمو رادەستکردنیان بەو دادگا نێودەوڵەتییە.

٥. کردنەوەی ماڵپەڕێکی تایبەت لە ئینتەرنێتدا بەناوی هەڵمەتی نێودەوڵەتی ئەنفال، بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵنامەی تایبەت بەو تاوانە بە زمانە جیاوازەکان.

٦. لیژنە نێودەوڵەتییەکە کۆڕبەندو کۆنگرەی ساڵانە لە کوردستانی عێراق رێکبخات، لەپێناوی بەردەوامبوون لە هەڵماڵینی ئەو سیاسەتانەو ئاشکراکردنی ئەو شێوازو ئامرازو هۆکارانەی کە رژێم لە کوشتنی ئەو ژمارە بێشومارە لە دانیشتوانی کورد لە کوردستانی عێراقو باقی تاوانەکانی دیکەی رژێم لە دژی گەلی کوردو رۆڵەی نەتەوەکانی دیکە، بەکاریهێناون.

٧. لیژنە نێودەوڵەتییە هەمیشەییەکە بە هاوکاری لەگەڵ هێزو لایەنە سیاسییە عێراقییەکان، ئیدی عەرەبی بن یان کوردی یان ئەوانیتر، کۆڕبەند لە دەرەوەی عێراق سازبکات، جا لە دەوڵەتە عەرەبییەکان بێت یان لەو دەوڵەتانەی زۆرینەی دانیشتوانەکانیان موسڵمانن، یاخود لە دەوڵەتانی ئەوروپاو ئەمەریکای باکورو باشورو ئوسترالیاو دەوڵەتانی دیکە لەبارەی ئەنفالو دۆخی ئێستای عێراقەوە. دەکرێت رۆژێک لە ساڵدا دیاری بکرێت بۆ ئەوەی ببێتە رۆژی یادکردنەوەی شەهیدانی ئەنفالی کوردستانی عێراق لە سەرانسەری عێراقدا.

٨. پاڵپشتیکردنی گۆڤاری ئەنفال لەلایەن ناوەندێکی زانستی بەڵگەنامەیی، تاوەکو ببێتە ئامرازێکی فیکریو سیاسیو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری کارا لە ئاشکراکردنی ئەو تاوانانەی ئەنجامدراونو هەڵماڵینی باکگراوندیانو دەرەنجامەکانیان بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. پێویست دەکات جگەلە زمانی کوردیو عەرەبی بە زمانەکانی دیکەش بڵاوبکرێتەوەو بە فراوانی لە دەوڵەتە عەرەبییەکاندا دابەش بکرێت.

٩. ئەنجامدانی پێشانگای هونەری شێوەکاری لەبارەی بارودۆخی عێراقو کۆمەڵکوژی ئەنفالەوە، هەروەها لەبارەی تاوانی هەڵەبجەو خەباتی گەلی کوردەوە. دەرکردنی ئەلبومی تایبەتی ئەو تابلۆیانەو بڵاوکردنەوەیان بە فراوانی، پێویست دەکات زۆرترین ژمارەی هونەرمەندانی عێراقی لە نەتەوە جیاوازەکانی بۆ بانگهێشت بکرێت، ئەوەش دەبێتە سەرکۆنەکردنێکی کرداری رەگەزپەرستانی عەرەب بەهۆی ئەو کۆمەڵکوژیانەی کە لە دژی گەلی کورد ئەنجامیانداوە. لەپێشی هەموویانەوە سەرکردە حوکمڕانەکانی عێراقو لەسەروی هەموویانەوە سەدام حسێنو عەلی حەسەن مەجید.

١٠. حەواندنەوەو بایەخدانێکی گەورە بە کەسوکارو رزگاربوانی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال، بۆ مسۆگەرکردنی تۆمارکردنو نوسینەوە یان ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵیاندا بۆ دەستکەوتنی زۆرترینو وردترین وردەکاری لەبارەی ئەو ئۆپەراسیۆنە رەگەزپەرستانەیەو تۆمارکردنیان بە دەنگو رەنگو بڵاوکردنەوەیان بە شێوەیەکی رێکخراوو بەرنامە بۆ دانراو.

١١. پێویستە لەلایەن حیزبە نیشتیمانییە باڵادەستەکانی کوردستانی عێراقو لە عێراقی دیموکراسیدا، بایەخێکی تایبەت بدرێت بەو کەسانەی لە کۆمەڵکوژییەکان رزگاریان بووە، هەروەها چاودێریو سەرپەرشتیکردنی منداڵانو خانەوادەی شەهیدانی کۆمەڵکوژییەکانی ئەنفال.

١٢. دروستکردنی مۆزەخانەیەک لە کوردستان بۆ قوربانییانی گەلی کورد، بەتایبەتی قوربانیانی کۆمەڵکوژی ئەنفال تاوەکو ببێتە ئەدگارو شوێنێک خەڵکی سەردانی بکەن بۆ ئەوەی ئاشنابن بە سروشتی ئەو تاوانانەی کە لە دژی مرۆڤایەتی لە کوردستانی عێراق لەلایەن رژێمو مێنتەلێتی فەرمانڕەواوە ئەنجامدراون، هەروەها دەکرێت بکرێتە مەزارێک بۆ تەواوی گەشتیارانی کوردستان.

١٣. دروستکردنی مۆنۆمێنتێکی ناوەندیو

مۆنۆمێنتێکی دیکە بۆ قوربانیانی ئەنفال لە ناوچەیەکی گونجاوی کوردستاندا.

١٤. حکومەتی عێراق پشتیوانی ئەو کتێبو توێژینەوانە بکات کە باس لەو نەهامەتیو کۆمەڵکوژییانە دەکەن کە گەلی کوردو نەتەوەکانی دیکە لە کوردستانی عێراق دوچاری هاتون، لەپێناوی تێگەیشتن لەو هۆکارانەی لەپشت ئەنجامدانیانەوە بووە، هەروەها بۆ ئەوەی پەندی لێ وەربگیرێو رێگری بکرێت لە رودانەوەیان لە داهاتودا.

**بنەما ئایدۆلۆژییەکانی تاوانی ئەنفال لە کوردستانی عێراقدا چین؟**

**یەکەم: دەروازە**

دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق (دادگای دوەمی تاوانەکان) لە شاری بەغداد لە رۆژی (٢٠٠٦/٦/٢) بریارێکی دەرکرد لەبارەی ئەم تاوانانە کە لە پرۆسەکانی ئەنفالدا ئەنجامدراون لەدژی گەلی کورد لە عێراق، بەو پێیەی:

١. تاوانی کۆمەڵکوژییە.

٢. تاوانی دژی مرۆڤایەتییە.

٣. تاوانی جەنگە.

٤. پێشێلکردنی قانونەکانی عێراقە کە لە ماددەی چواردەی قانونی ژمارە دەی ساڵی (٢٠٠٥)دا هاتووە. حوکمی گونجاویش لەگەڵ سروشتی ئەم تاوانانە دژی تۆمەتبارانی ئەم دۆزە دەرکرا. لێرەدا هەر دەبێ ئاماژە بە سێ بابەت بدەین:

ا. بەرپرسیارێتی تەنها ناکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسانەوە کە لەم پرۆسە تاوانکارییەدا بەشداربون، بەڵکو سیستمی سیاسی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی لەگەڵیاندا هاوبەشە.

ب. هەموو ئەو کەسانەی تۆمەتبارن لەم تاوانەدا دادگایی نەکراون، بەڵکو کەسانێکی زۆر هەن پێویست بوو دادگایی بکرێن بەو پێیەی بەشداربون لە دانانو جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیەدا.

ج. ناکرێت هیچ کەسێکی بەشداربونی ئەم تاوانە ببەخشرێت، بەڵکو پێویستە دوای ئەوەی بەپێی قانون دەستگیر دەکرێن، روبەڕوی دادگایی بکرێنەوە، چونکە ئەم تاوانە ترسناکانە بەپێی کات بەسەرناچن.

ئەو پرسیارەی کە پێویستە لێرەدا وەڵامی بدەینەوە ئەوەیە: بنەما ئایدۆلۆژییەکانی ئەم تاوانە گەورەیە چییە کە حیزبی بەعسو سیستمە سیاسیەکەیو سەرکردەکانی لەدژی گەلی کوردو بزوتنەوە خەباتکارەکەی ئەنجامیانداوە؟

لەم بابەتەدا دەمەوێت وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە.

جیهان لەماوەی ساڵانی سەدەی بیستەمدا چەندین تاوانی کۆمەڵکوژی بەخۆوەبینی کە قوربانییەکانی دەیان بگرە سەدان هەزارو ملیۆنان خەڵکی بێتاوان بوون، بەهۆکارگەلێک کە پەیوەست بوون بە سروشتی رەگەزپەرستانەی رژێمەکانو ئەو هێزە سیاسیانەی کە ئەم تاوانانەیان ئەنجامداوە، تیایدا کۆمەڵکوژکردنی گروپێکی نەتەوەیی یان ئیسنی یان ئاینی یان مەزهەبی یان فەلسەفی یان فیکری یان سیاسی بە ئامانج گیراوە، هەمووشیان بە کۆمەڵکوژیو تاوانی جینۆسایدو دژی مرۆڤایەتیی دادەنرێن.

تاوانی ئەنفالو بۆردومانی کیمیاوی هەڵەبجە بە یەکێک لە دڕندانەترین ئەو کۆمکوژییانە دادەنرێن کە لە ساڵی (١٩٨٨)دا دوچاری گەلی کورد هات، لوتکەی رەفتاری تۆقێنەرانەی هەموو حکومەتەکانی پێشووی عێراق بوو.

وەکو هاوڵاتیەکی عێراقی لە نەتەوەی عەرەب هەست بە خەمێکی زۆرو شەرمەزاری دەکەم لەهەمبەر ئەو تاوانەی فاشییە عەرەبەکان ئەنجامیاندا لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەو تاوانانەی کە ناوچەوانی مرۆڤایەتی لە حەسرەتدا ئارەقەی شەرمەزاری لێدەتکێ. هەموو قوربانییە مرۆییەکان ئەوەمان لێدەخوازن تێبکۆشین لەپێناوی رێگرتن لە دووبارە گەیشتنەوەی ئەو جۆرە هێزە تاوانکارانە بە دەسەڵات لە عێراقدا، ئیدی بەهەر پاساوێکی فیکریو سیاسیو ئاینیو مەزهەبی بێت کە دەکرێت خۆیانی پێ بشارنەوە یان بانگەشەی بۆ بکەن یان ئەو پاساوانەی پشتی پێدەبەستن.

هیوادارم هەموو هاوڵاتیەکی عەرەب بەهەردوو رەگەزەکەوە لە عێراقو هەر شوێنێکی دیکە بێت، چالاکانەو لە سۆنگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەوە بەشداربن لە پەردە هەڵماڵین لە پێشینەی فیکریو ئامانجە راستەقینەکانی پشتەوەی ئەو تاوانانەی لە هەرێمی کوردستانی عێراق رویاندا. سەرکۆنەکردنو سەرزەنشتکردنو هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی دەبێتە هۆی بەهێزکردنی برایەتی لەنێوان تەواوی نەتەوەکاندا لە یەک وڵاتو لە سەرانسەری جیهاندا. کاتێک هۆشیاری نەتەوەیی لەرێگای خۆی لادەداتو دەشێوێ، لەو کاتەدا هەڵگرانی ئەو بیرە دەتوانن هەموو تاوانێکی سامناک بەناوی نەتەوەو بەرگریکردن لێیو پاراستنی باشییەکانی ئەنجام بدەن! ئەو بیرەش لەوکاتەدا هیچ نییە جگەلە شۆڤێنیزمو رەگەزپەرستیو پەیرەوکردنی ئامرازەکانی فاشیزم.

ئەم تاوانە دژەمرۆییو کۆمەڵکوژیو تاوانی جەنگانە کە ماوەی نۆ مانگ بەردەوام بوون، دەرەنجامی کاردانەوە یان هەڵوێستێکی سیاسی نەبوو لە هەمبەر بزوتنەوەی رزگاریخوازی چەکداری کوردی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، بەڵکو گوزارشت بوو لە ئایدۆلۆژیاییەکی ئیتنی دژە نەتەوەکانی دیکە، گوزارشت بوو لە میکانیزمەکانی حکومی فاشیانە کە هێزی بەعسی فەرمانڕەوا لە خۆی پێچابوو، چون ئەویدی رەتدەکردەوەو هەوڵیدەدا بۆ پایەماڵکردنی بزاڤی گەلێک کە داوای ئازادیو دیموکراسیەتو تەواوی مافەکانی خۆی دەکرد، لەنێویاندا بریاردان لە مافی چارەنوسی خۆی بەبێ چاودێریو سەرپەرشتی کەسانی تر.

هەڵمەتەکانی ئەنفالو کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، لوتکەی کردەوە سەربازیو دوژمنکارییەکانی حکومەتی ناوەندی عێراق بوون لەدژی گەلی کورد.

ئەو گەلەی بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە داوای مافە رەواکانی خۆی دەکات، بەردەوامیش بووە لەو داوایە بەدرێژایی دەیەکانی رابردوو، تاوەکو بەشێکی بنەڕەتییان لە (١٩٩١/١٩٩٢) بەدیهێنا، ئەویش دروستکردنی حکومەتی فیدراڵی بوو لە هەرێم لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، پێویستە نەک تەنها لە دەستوردا وەکو لە دەستوری (١٩٢٥) رویدا، بەڵکو لەرێگەی دەرچوانی قانونەوە دەسەڵاتو ئەرکەکانی حکومەتو سەرۆکایەتی هەرێم لەلایەکو حکومەتی فیدراڵیو سەرۆکایەتی کۆماری عێراق لەلایەکی دیکەوە دیاری بکرێنو رێکبخرێن.

داگیرکەری بەریتانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم رەتیکردەوە خەونی یەکبونی نەتەوەی کورد بەدیبهێنێت، بەڵکو بەردەوام بوو لە قوڵکردنەوەو فراوانکردنی دۆخی دابەشکردنی خاکی کوردستانو بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەشیکرد، ئەو خاکەی لە سەروەختی شەڕی چاڵدێرانی ساڵی (١٥١٤)دا لەنێوان هەردوو داگیرکەری دەوڵەتی عوسمانیو فارسی دابەشکرا. پاشان حکومەتە یەک بەدوای یەکەکانی عێراق، دوای لکاندنەوەی ویلایەتی موسڵ لە ساڵی (١٩٢٦)، رەتیانکردەوە داخوازییەکانی گەلی کورد پەسەند بکەنو ئەو خاڵانە جێبەجێ بکەن کە لە بریارنامەی کۆمەڵەی گەلاندا هاتبوو، هەروەها ئەو خاڵانەی لە پەیامە ئاڵوگۆرکراوەکانی نێوان سەرۆکایەتی کۆمەڵەکەو شافەیسەڵی یەکەمو حکومەتی عێراقیدا هاتبوون.

حکومەتە یەک بەدوای یەکەکانی عێراق سیاسەتی پەراوێزخستنی گەلی کوردیان لەڕوی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو کلتورییەوە گرتەبەر، سەرباری هەوڵە سەرەتاییەکان بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای هەندێک لە ناوچەکانی کوردستانی عێراق بەبێ ئەوەی ئەو شتەی لێ دەربکەوێ کە

وا دەخوازیٚو لە ناوچەی حەویەوە دەستی پێکرد. کاتێک کورد بۆ داواکردنی مافە رەواکانی دەنگی هەڵبڕی، حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق لە سەردەمی پاشایەتیدا بە پاساوی یاخیبوونی کوردی بەرەنگاری بوونەوە، بۆیە دەستیانکرد بە پەلاماردانی سەربازی پێگەی تێکۆشەرانی گەلی کورد، هەروەها خۆیان نەبوارد لە لەسێدارەدانی ئەو سەربازە کوردانەی بەشداری ئەو تێکۆشانەیان کردبوو، وەکو رووداوی لەسێدارەدانی چوار ئەفسەرە کوردە ئازادیخوازەکە لە ساڵی (١٩٤٦) دا، بەهۆی بەشدارییان لە خەباتی ئازادیخوازانەدا.

سەرباری خەباتی گەلی کوردو پشتیوانی تێکۆشەرانی عێراقییە عەرەبەکانو حیزبە دیموکراسییەکان، گەلی کورد هەتا روخاندنی پاشایەتی هیچ کام لە خواستە رەواکانی بەدینەهات، بەڵکو پەراوێزخستن بەردەوام بوو، تەنها بەشێکی هەرە کەمی داهاتی نەوتیشیان دەستنەکەوت بۆ خەرجکردنی لە پرۆسەکانی گەشەپێدانو ئاوەدانکردنەوەو بەکارخستن لە کوردستانی عێراقدا.

هەرچەندە چەند کەسایەتیەکی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەران یان حکومەتەکانی عێراقدا بەشداربوون، بەڵام ئەوە بەشدارییەکی راستەقینە نەبوو یان بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندیو ویستەکانی گەلی کورد نەبوو، بەڵکو لەژێر سایەی حوکمی پاشایەتیو بەرژەوەندییەکانیو دژی گەلی کوردو مافەکانی دەگوزەرا. هەندێک لە دیارترینی ئەو کەسانەش بەشداربوون لە سەرکوتکردنی هەموو گەلانی عێراق لەنێویاندا گەلی کورد. لێرەدا ناوی هەندێک کەس تەنها وەکو نمونە دەهێنینەوە: بەکر سدقی عەسکەری، سەعید قەزاز، عومەر عەلی.

حوکمی پادشایەتی رەگەزپەرستانە یان فاشیستانە نەبوو، بەڵکو کۆنەپەرستو دژە دیموکراسی بوو، سەرباری بوونی دەستورێکی دیموکراسیو ناسیۆنالیزمێکی عەرەبی شۆڤێنی، هەرچەندە هەندێک لە دەسەڵاتداران بە بنەچە کورد یان تورکمان بوون. ئەو کەسانە لە هەمبەر پرسی کوردو مافە راستو رەواکانی گەلی کوردا،د پشتگیرییان لە هەڵوێستی هێزە قەومییە عەرەبییە شۆڤێنییەکان دەکرد.

دوای شۆڕشی چواردەی تەمموزی (١٩٥٨)، حوکمێکی نویٚ دەستیپێکرد، هەوڵێکی جدی دەدا بۆ دادپەروەری بەرامبەر گەلی کوردو مافە رەواکانی لەسەر خاکی عێراقو بەشداریکردنی لە نیشتیمانو مافو ئەرکەکانیدا. بەڵام ئەم سەرەتایە لەلایەن سەرۆکی حکومەتو فەرماندەی شۆڕشەکە عەبدولکەریم قاسمەوە بەهۆی کۆمەڵێک هۆکارەوە هەڵنوتا، لەوانە: تاکڕەویو حوکمی نادیموکراسیو نەبوونی دەستورێکی دیموکراسی هەمیشەییو دامەزراوەی دەستوری لەلایەکەوە، پەلەکردن لە بەدیهێنانی خواستەکان لەلایەکی دیکەوە. هەروەها رۆڵی هێزە قەومییە عەرەبییە شۆڤێنییە ناوخۆییەکانو دەوڵەتانی عەرەبیو نێودەوڵەتی لە بەرەی سێیەمەوە، جگەلە دەستپێکردنەوەی ناکۆکی چەکداریو سەربازی لەنێوان هێزەکانی حکومەتو هێزی پێشمەرگەی کورددا. بەم شێوەیە شۆڕش دەستیکرد بە پاشەکشەکردن، نە تەنها لە مافەکانی گەلی کورد، بەڵکو لە تەواوی رێگوزەری دیموکراسیانەی خۆیو بەدژە شۆڕشێکی فاشیستانەی خوێناوی لە شوباتی (١٩٦٣)دا شکستی هێنا.

حکومەتە قەومییە یەک لەدوای یەکەکان سیاسەتی دژە کوردیان پەیڕەوکرد، کە بە شۆڤێنیزمو مێنتەلێتی رەگەزپەرستانەو ستەمکاریو دڵرەقی لە چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکاندا دەناسرێتەوە. هیچ هەوڵێکی راستەقینەیان نەدا بۆ چارەسەری پرسی کورد، بەڵکو پەراوێزخستن بەهەموو جۆرەکانیەوە بەردەوام بوو، بەکارهێنانی هێزو چەک بۆ سەپاندنی ویستی حکومەتی ناوەندیو مێنتەلێتی شۆڤێنی بەسەر گەلی کورددا بەردەوام بوو.

د.عەبدولرەحمان بەزاز کە قەومییەکی قانونی کراوە بوو، هەوڵیدا کێشەکە چارەسەر بکات، بەڵام باڵی سەربازی لە حکومەتی عەبدولرەحمان عارف بەرەنگاری بونەوەو بووە هۆی دورخستنەوەیو دەستپێکردنی ناکۆکییەکی چەکداری نویٚو بەردەوام. بەعسیە سەدامییەکان بەتوندترین شێوە تۆڵەیان لێکردەوە، دوای ئەوەی لە ساڵی (١٩٦٨) بۆ جاری دووەم گەیشتنەوە دەسەڵات، لە زیندانیان ئاخنیو بە کاریگەری ئەو تاوانانەی لە زینداندا دەرهەقی کرا، گیانی لەدەستدا.

کاتێک سەرلەنویٚ حیزبی بەعس گەیشتەوە دەسەڵات، شەڕ بەردەوام بوو، بەعس هیچ نیازێکی نەبوو هیچ کام لە ئامانجەکانی گەلی کورد بەدیبهێنێت. کاتێک ناچارکرا رێککەوتننامەی (١١/ئازار/١٩٧٠) بکاتو حوکمی زاتی بە سیٚ پارێزگای کوردستان ببەخشیٚ، لە پاشینەی بیرکردنەوەیدا بۆ نەهێشتنی تەواوەتی بزوتنەوەی کوردیو خواستەکانی گەلی کورد، ئامانجی شۆڤێنیانە هەبوون. لە روکەشدا لافو گەزافی قبوڵکردنی بنەمای «حوکمی زاتی بۆ هەندێک لە پارێزگاکانی باکور» لێدەدا نەوەکو یەکەمجار داننان بە هەرێمی کوردستاندا، پاشان سوربوو لەسەر پایەماڵکردنی بزوتنەوەکە لە نزیکترین دەرفەتدا کە بۆی بڕەخسێت، کاتێکیش بۆی رەخسا لێدانە گورچکبڕەکەی خۆی سرەواند کە خۆی لە رێککەوتننامەی شومی جەزائیردا دەبینەوە. ئەو رێککەوتننامەیەی لە یەک کاتدا دژی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردو هەموو گەلانی عێراق بوو.

سیاسەتی حکومەتی ناوەندی لە عێراقدا پلە بە پلە هەڵکشا، تاوەکو گۆڕا بۆ رێبازێکی شۆڤێنی رەگەزپەرستانە لە بیرکردنەوەو پیادەکردندا. ئەوەش لەپێشو لەکاتی شەڕی ئێران عێراقدا بەدیارکەوتو پلە بە پلە هەڵکشا تاوەکو کۆتاییەکەی، بەجۆرێک رژێمی بەعس بەرەو دوژمنکارییەکی بیٚ وێنە رۆیشت، لە جێبەجێکردنی هەڵمەتەکانی کۆمەڵکوژی ئەنفالو کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستاندا لوتکەی ئەو دوژمنکارییە بەدەرکەوت.

بەدرێژایی ماوەی شەڕی ئێران عێراق، هەرێمی کوردستان شانۆییەک بوو بۆ پرۆسە سەربازییە هەمیشەییەکان، رژێم لە تیرۆرو سەرکوتکاریو بە عەرەبکردنی زۆرەملیٚو کوشتنو راگواستنی گەلی کورد لە ناوچەکانی نیشتەجێبونیان لە کەرکوکو شوێنانی دیکە، هیچ چروکیەکی نەکرد. هەروەها کوردانی فەیلیش دوچاری راگواستنی زۆرەملیٚ هاتنو بەرەو ئێران راگوێزران، لەکاتێکدا ئەوان بەشێکی رەسەنو دیاری گەلی کوردو تەواوی گەلانی عێراق بوون، ئەو رەفتارە عەرەبەکانی باشورو ناوەڕاستیشی گرتەوە بە پاساوێکی زۆر شەرمئاوەر کە گوایە ئەمانە ئێرانینو پاکتاوکردنی بەرەی ناوخۆیی بوو لە شانە بەکرێگیراوەکان!!

گومانی تێدانییە کۆمەڵێک کەس هەبوون کە کەمیش نەبوون، ئەوان ئێرانی بوونو دانیشتوی عێراق بوون، ببوونە عێراقیو بنەچەیەکی فارسییان هەبوو، هەمان ئەو ئەرکو مافانەیان هەبوو کە عێراقییە بنەچە عەرەبو کوردو تورکمانەکانو ئەوانیتر هەیانبوو. بۆیە راگواستنیان دژی دەستوری عێراقی بوو، دژی جاڕنامەی مافی مرۆڤو دژی مرۆڤایەتیو رێسا نێودەوڵەتییەکان بوو.

لێرەوە سەرلەنویٚ ئاماژە بەوە دەکەم کە هەڵمەتەکانی کۆمەڵکوژی ئەنفالو پرۆسەکانی بەعەرەبکردنو راگواستنی زۆرەملیٚو گۆڕینی دیموگرافی ناوچەکانی کوردستان، دەرەنجامی مێنتەلێتیەکی ستەمکارانەی سەربازیو ئایدۆلۆژی رەگەزپەرستانە بوو، بە میکانیزمی فاشیزمانە لە سەرکوتکاریو لەناوبردن پیادەکرا، هەموو ئەو تاوانانەش دەکەونە سنوری ئەو تاوانانەی کە

دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق حوکمی لەبارەی تۆمەتبارەکانییەوە دەرکرد، وەکو لە دەروازەی ئەم باسەدا ئاماژەم پێکرد.

**دووەم: ئەو هۆکارانەی وادەکەن تاوانی ئەنفال سروشتێکی رەگەزپەرستانەی فیکریو فاشیستانەی لە ئامرازەکانو جێبەجێکردنیدا هەبێت**

پێویستە لەسەرمان جەخت لەوە بکەینەوە هەموو ئەو تاوانانەی ئەنجام دەدرێنو لەڕووی مەبدەئیەوە بە تاوانی کۆمەڵکوژیو دژە مرۆیی دادەنرێن، تاوانگەلێکن لەیەک کاتدا خودانی ناواخنی رەگەزپەرستانەو فاشیستانەن. ئەمەش خەسڵەتی جیاکەرەوەی تاوانە خوێناوییەکانە کە لە پرۆسەکانی ئەنفال لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا رویاندا. تۆمەتبارکردنی بەعس بە هەڵگرتنی ئایدۆلۆژیای شۆڤێنیو رەگەزپەرستی لەلایەکەوە، جێبەجێکردنی رەفتاری فاشیستانە لە دەسەڵاتو دەرەوەیدا ئاماژەن بۆ سەرەتاکانی پێکهێنانی ئەم حیزبە لەڕوی فیکرو جێبەجێکردنەوە.

ئەم حیزبە:

* نەتەوەکانی دیکەی رەتدەکردەوە، نەتەوەی عەرەبی بە باشترینو پەسەندترینو رەسەنترینو باشترین نەتەوەکان لە جیهاندا دانا، رەتیدەکردەوە رێزیان لێ بگرێتو دان بە مافی نەتەوەکانی دیکەدا بنێتو لە نزمترین ئاستدا دایدەنان.

* دژایەتیی نەتەوەکانی دیکەی دەکرد کە لە دەوڵەتە عەرەبیەکاندا هەبوون، هەوڵیدەدا بۆ تواندنەوەیان لەناو نەتەوەی عەرەبدا، یان رزگاربون لێیان بەهەر شێوەیەک بێت. بەنموونە دەکرێت ئاماژە بە هەڵوێستی حیزبی بەعسی نامرۆییو دوژمنکارانە بکرێت لە هەمبەر گەلی کوردو گەلی ئەمازیغ لە دەوڵەتانی رۆژئاوای عەرەبیو گەلانی باشوری سودان.

* سەپاندنی توندوتیژیو سەرکوتکردن لە سیاسەتکردنو هەڵوێست نواندن لە بەرانبەر هێزەکانی دیکەو پەروەردەکردن بە هۆشێکی سەربازی پاوانخوازیو دوژمنکاری، ئامادەبوون بۆ پایەماڵکردنی هەر کەسێک لەسەر رێگەی هێزە عەرەبییە شۆڤێنییەکاندا بوەستێ، خەملاندنی ئەوەی «ماف» تەنها بە هێز دەسەنرێت، مافو هێزیش دوو رووی یەک دراون.

* سەپاندنی یەک فیکرو یەک رێبازو یەک سیاسەت بۆ حیزبی نەتەوەیی، ئیدی بەعسی بێت یان نەتەوەییەکی راستڕەوی شۆڤێنیێ، بەسەر ئەو هێزانەدا کە لە دەوڵەتە عەرەبییەکاندا هەبوون.

* رەتکردنەوەی دیموکراسیەتو فرەیی فیکریو سیاسی.

* رەتکردنەوەی ژیانی دەستوریو پارلەمانیو دامەزراوە سەربەخۆکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

* رەتکردنەوەی جیاکردنەوەی نێوان هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانانو راپەڕاندنو دادوەری، دانانی هەموویان بە یەک دەسەڵات کە ملکەچی سەرکردایەتی حیزب بێت کە سەرۆکایەتی دەوڵەت دەکاتو فەرماندەی نەتەوەیی ئەم حیزبەیە.

* دانانی هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکان بە بەشێک لە نیشتیمانی عەرەبیو ملکەچکردنی نەتەوەکانی دیکە بۆ عەرەب، پێویستە لەژێر ئاڵای ئوممەی عەرەبیو حیزبە نەتەوەییە بەعسیەکەیدا بن، بیانەوێت یان نا، رەتکردنەوەی داننان بە مافە نەتەوەییەکانی نەتەوەکانی دیکەدا.

* کارکردن لەپێناوی فراوانخوازی بەرەو ئەو زەوییانەی رۆژگارێک لە دەوڵەتە ئیسلامییەکاندا بوون، ئەو زەوییانەشی کە بە هێز فەتح کراونو دانانیان بە بەشێک لە خاکی عەرەب کە پێویستە لەسەریان بگەڕێنرێنەوە بۆ باوەشی دەوڵەتی دایک. لەپێناوی هێنانەدی ئەم خواستەشدا ناترسێت لەوەی خۆی لە جەنگی دەرەکییەوە بگلێنێت. جەنگی عێراق ئێران تەنها سەرەتایەک بوو کە بەعس دواتر بۆ هێنانەدی هەوڵیدەدا.

* پەیڕەوکردنی رێسای ئامانج پاساوی هۆکار دەدات (الغایه تبرر الوسیله)، کە داگیرکەرو فەتحکارەکان بۆ سەپاندنی هەژمونیان بەسەر دەوڵەتانو نەتەوەکانی دیکەو ملکەچکردنیاندا، لە هەموو کاتێکدا پەیڕەویان کردوە. پەیڕەوکردنی فاشیزم لە حکومڕانیدا، تەواو وەکو ئەوەی بەعس لە عێراقدا دەیکرد. پەیڕەوکردنی شێوازەکانی تۆپزیو تۆڵەکردنەوەی رۆژانەو زیندانو ئەشکەنجەی دەرونیو جەستەیی بە هەموو شێوە کۆنو نوێیەکانیو کوشتنو گۆڕی بەکۆمەڵ، بۆ هەر کەسێک کە پێیانوابێت دژەو دەکەوێتە ئەو چوارچێوەیەی کە ناویان لێنابوو «شعوبی». بەدوایدا پەیڕەوکردنی بڵاوکردنەوەی رقو کینە لەنێوان گەلاندا دێت.

**سێیەم: پلاندانانی پێشوەختەو ئامادەسازی کرداری بۆ پرۆسەی ئەنفال**

لەوکاتەوەی بەعس رێککەوتننامەی (١١/ ئازار/١٩٧٠) واژوکرد، لە هۆشو بیریاندا دابینکردنی شێوازێک هەبوو بۆ رزگاربون لە بزوتنەوەی چەکداری کوردیو لەناوبردنی بزوتنەوەی دیموکراسیخوازی کوردیو سەپاندنی هەژمونی تەواوەتی بەسەر کوردستاندا. هەلی یەکەمی بەدیهێنانی ئەم بیرۆکەیەش کاتێک رەخسا کە لە رێککەوتننامەی جەزائیردا لەگەڵ شای ئێراندا رێککەوت. ئەو رێککەوتنەش لێدانێکی گورچکبڕ بوو کە حیزبی بەعسو سیستەمە سیاسییەکەی لە ساڵی (١٩٧٥)دا بە هەماهەنگیو هاوکاری لەگەڵ شاو حکومەتی ئێرانو ئیدارەی ئەمەریکاو ئیسرائیل بەنێوەندگیری جەزائیر، سرەواندییانە گیانی بزوتنەوەی چەکداری رزگاریخوازی کوردی. وەلێ گەلی کوردو هێزە سیاسییەکانی سەرلەنوێ رابوونەوەو بەردەوامبوون لە چەک هەڵگرتن. رژێم لەم ماوەیەدا هەتاکو بەر لە دەستپێکردنی شەڕەکەی لەگەڵ ئێراندا، پەنای بردە بەر کۆمەڵێک رێکار کە گرنگترینی ئەمانە بوون:

* گەشەپێدانی هێزە چەکدارەکانی عێراقو زیادکردنی ژمارەو چەکو تەقەمەنییان.

* دابینکردنی جبەخانەیەکی زەبەلاحی چەکی بەرگریو هێرشکردن بە هاوردەکردنو بەرهەمهێنان، سەرباری هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ، بەتایبەتی دوای پرۆسەی خۆماڵیکردنی نەوتو هەڵکشانی سەرچاوەیەکی گەورەی دارایی. پێویستە لێرەدا جەخت لەو راستییە بکەینەوە هەموو دەوڵەتە گەورەکانی بەرهەمهێنەری چەک، چەکی کلاسیکی نوێیان دەدایە عێراق، جگەلەوەی هەندێک دەوڵەت یارمەتی عێراقیان دەدا لە بەرهەمهێنانی هەردوو چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی: چەکی کیمیاویو چەکی بایۆلۆژی، سەرباری یارمەتیدانی بۆ هاوکاریکردنی لە بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمیدا. چەکی یەکەمو دوەمی بەرهەمهێنا، بەڵام نەیتوانی بگاتە بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی. چەکی کیمیاوی لە شەڕی عێراقدا لەدژی ئێرانو بۆردومانکردنی گوندو شارەدێکانی کوردستاندا بەکارهێنا، هەروەها لە بۆردومانکردنی شاری هەڵەبجەشدا بەکاریهێنا.

* بڵاوکردنەوەی بیری دژە کوردو رق لێبونەوەیان بەو پێیەی هێزێکی نەتەوەیی جوداخوازنو گیرفانێکی بەکرێگیراون، هەوڵی رێگرتن لە بەدیهێنانی یەکێتی عەرەبیو پێشکەوتنی حوکمی بەعس لە عێراقدا دەدەن.

* دروستکردنی ژمارەیەکی زۆر مۆڵگەی سەربازی لە ناوچە شاخاوییەکانو گوندەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا، هەروەها دروستکردنی ئۆردوگای زۆرەملێ، سەرباری راگواستنی کوردی فەیلیو راگواستنێکی فراوانی کورد لە کەرکوکو ناوچەکانی دیکە بەرەو ناوەڕاستو باشوری عێراق یان بەرەو ناوچە کوردییەکانی دیکە.

* پایەماڵکردنی هەر بوونێکی ئاشکرای هێزە سیاسیەکانی دیکە لە وڵاتدا، کۆتایهێنان بە دوا

هاوپەیمانیی ناوخۆیی لەگەڵ حیزبی شیوعیو لێدان لە سەرکردەو جەماوەرو ڕێکخستنەکانیان لە سەرانسەری وڵاتدا، ئەمەش کەشەکەی بۆ خۆشکرد تاوەکو سیاسەتە دوژمنکارییەکانی دژی گەلی کورد جێبەجێ بکات.

* کارکردن بۆ تەیارکردنی رایگشتی عەرەبی لە دژی کورد بە بەکارهێنانی شێوازە بانگەشەکارییە دیماگۆجییەکانی، بە سودبینین لە جبەخانەی فیکری سیاسی نازییەکان لە ئەڵمانیاو وتەکەی هیتلەرو گۆبلز: درۆ بکە، درۆ بکە، درۆ بکە، هەتا خەڵکی بڕوات پێدەکەن».

* بەرپاکردنی شەڕی کرداری دژی گەلی کورد، لەکاتێکدا لە شەڕە دوژمنکاریو پاوانخوازییەکەی لەگەڵ ئێراندا تێوەگلابوو.

* وێرانکردنی زۆرێک لە گوندو شارۆچکەو دارستانو مەزراکان لە کوردستانی عێراقدا، بۆ مسۆگەرکردنی ئاشکراکردنی ناوچەکە لەبەردەم پەلامارەکانی هێزە ئاسمانییەکانی عێراقدا، سەرباری روخاندنی ژێرخانو ئابوری کشتوکاڵیو توانای جوتیاری عێراقی لە کشتوکاڵکردنو بەشداریکردنی لە بەرهەمهێناندا، کۆمەڵگاو هەرێمو دەوڵەتی خستە ژێر باری قەرزێکی بێشومارەوە، سەرباری تێکچونو پیسکردنی ژینگە بە فراوانترین شێوە.

* بەهێزکردنی بوونی سەربازی عێراقی لە کوردستانی عێراقو ئامادەسازی بۆ پەلاماردانێکی کوشندەی هێزی پێشمەرگەی چەکدارو ئەو ناوچانەی کە لێی بوون.

* بەهێزکردنی سەرکردایەتی حیزبیو عەسکەری هێزە حکومییەکانو جاشو هێزەکانی ئەمن. تاوانبار عەلی حەسەن مەجید راسپێردرا بە ئەرکی سەرکردایەتیکردنی هێزە سەربازییەکان لە کوردستانی عێراقدا.

* لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆسەکانی ئەنفالدا، سەدام حسێنی دیکتاتۆر لە مانگی ئازاری (١٩٨٨)دا بەمەبەستی پەردەپۆشکردنی کردەوە دوژمنکارییەکانی لەدژی گەلی کورد، داوای دانوستانی لەگەڵ هێزە چەکدارو حیزبە نەیارەکانی کرد، ئەو داوایەش لەلایەن هەموو هێزە سیاسییە نیشتیمانییە عەرەبیو کوردییە دیموکراسیخوازەکانەوە رەتکرایەوە.

هەموو ئەم ڕێکارانە دەیسەلمێننو بەڵگەن لەسەر ئەوەی بەعس نیازێکی تەواوەتی هەبووە، هەروەها ئامادەسازی کردوەو پلانی داناوەو خۆی ڕێکخستوە تاوەکو پرۆسەکە لەکاتێکی گونجاودا ئەنجام بدات، کاتەکەش بەر لەکۆتایهاتنی شەڕی عێراقو ئێران بە ماوەیەکی کەم، لەلایەن دیکتاتۆری گۆڕبەگۆڕ سەدام حسێنەوە هەڵبژێردراو دیاریکرا.

## چوارەم: جێبەجێکردنی تاوانکارانەی پرۆسەو کۆمەڵکوژییەکانی ئەنفال

ڕژێمی عێراق لە هەڵمەتە سەربازییە نوێیەکانی لە ساڵی (١٩٨٨)دا، هەموو ئەو ئامرازو شێوازانەی بەکارهێنا کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، ئەوەشی بۆ زیادبکەین کە هەمووی بەدوای یەکدا یان پێکەوە لە بارودخێکی جیاوازو لە چەند ناوچەیەکی جۆراوجۆردا بەکارهێنا.

١. بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی: ئەمەش خودی فەرماندەی هەڵمەتە دوژمنکارییەکان عەلی حەسەن مەجید باسیکردوە، دوای ئەوەی هەنگاوێکی دوریان بڕی لە هەڵمەتەکانی کۆمەڵکوژیدا. هەرچەندە لە دادگادا نکۆڵی لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی کرد، وەلێ ئامادەیی تەواوی خۆی دەربڕی بۆ دوبارەکردنەوەی ئەگەر لە دۆخێکی هاوشێوەدا داوای لێ بکرێت.

٢. ڕژێم پەنای بردە بەر وێرانکردنی زیاتر لە (٤٢٠٠) گوندی کوردی بە ژمارەی جیاوازی دانیشتوانی هەر یەکێکیانەوە، مەزراو ئاژەڵەکانی لەناوبردن. هێزەکانی ڕژێم لەپێناوی تەواوکردنی هەڵمەتە سەربازییەکانیان لەدژی گەلی کورد، بۆردومانی ئاسمانییان بەکارهێنا، لەو بۆردومانانەشدا چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی لەوانە ناپاڵمو چەکی هێشوییان بەکارهێنا. هەروەها تۆپخانەی قورسیان بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێنا. ئەو گوندانەش دوای چۆڵکردنی تەواوەتی دانیشتوانەکەی بۆردومان نەکرا، بەڵکو لە زۆربەی کاتەندا زۆرێک لە گوندەکان بەسەر دانیشتوانەکانیدا خاپورکران.

٣. ڕژێم پرۆسەی کێوماڵکردنی فراوانی لە زۆربەی گوندو شارەدێ کوردییەکان ئەنجامدا، بەهۆیەوە دانیشتوانەکانی دەستەبەسەرکرانو لە ناوەندی دیاریکراودا کۆکرانەوە، پاشان بە لۆری گوێزرانەوە بۆ ناوچەی نادیار بەمەبەستی کوشتنو لەناوبردنیان.

٤. زانیارییە بەردەستەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە ڕژێم هەندێک تیمی تایبەتی دروستکردبوو، کە لەناوبردنی ئەو ژمارە زۆرەی دانیشتوانیان لە ئەستۆ بوو. ئەرکی ئەو تیمانەش کوشتنی دەیان هەزار کەسو شاردنەوەی تەرمەکانیان یان زیندەبەچاڵ کردنیان لە چاڵی گەورەداو ئاخنییان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان بوو، پاشان تەختکردنی زەوییەکە بەو شۆفلانەی سەر بە هێزە چەکدارەکان بوون. هیچ کەسێکیش لەم کۆمەڵکوژییانە بە ژنانو منداڵان، نەخۆشو کەسانی پیرو پەککەوتەو گەنجان رزگاریان نەبوو. ئەنجامدەرانیش ئامرازێک بوون بەدەستی جەلادەکانەوە، ئەوانە هەوەسێکی سادیستانەیان هەبوو، هەموو شتێکی بەنرخی قوربانییەکانیان بە تاڵانی دەبرد، جا لەماڵەکانیاندا یان لەسەر جەستەیان بووبێت.

٥. حاڵەتێکی دیکەش هەبوو کە جەلادەکان پیاوانو گەنجانیان لە ژنانو منداڵان جیادەکردەوە، پاشان ژمارەیەک پیاویان لە لۆری سەربازییدا دادەناو کاروان کاروان بەرەو مەرگێکی حەتمی راپێچیان دەکردن، لەو کاتەدا ژنانو منداڵانیان بەرەو شوێنی جیاواز دەبرد. هەندێکیان رەوانەی نوگرەسەلمانو هەندێکی دیکەیان رەوانەی تکریتو هەندێکیش رەوانەی سلێمانی کرانو لە عەربەت بەجێهێڵران. چونکە سەربازگە زۆرو گەورەکان توانای لەخۆگرتنی ئەو هەموو کەسانەیان نەبوو کە لە پرۆسەی ئەنفالدا دەستگیرکرابوون.

٦. ڕژێم بەپاساوی چونە ناو ئەو ناوچانەی لەڕووی ئەمنییەوە یاساغ کرابوون، یان بەهۆی تۆمەتبارکردنیان بە هاوکاری هێزەکانی پێشمەرگە یان گومانکردن لە دڵسۆزییان، پرۆسەی لەسێدارەدانی دیکەی لە شارو گوندەکان ئەنجامدا، هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا. مەرگ تەنها یەخەگیری ئەو کەسانە نەدەبوو، بەڵکو کەسوکاری پلەیەکی ئەو قوربانییانەشی دەگرتەوە، سەرباری روخاندنی خانوەکانیانو دەستبەسەرداگرتنی شتومەکی گواستراوەو نەگواستراوەیان.

٧. زۆر بەڵگەو گەواهی هەن کە گروپی تایبەتی سەر بە هێزە ئەمنییە عێراقییەکان ژنانو کچانیان لاقەکردوە، جا لە بارەگاکانی ئەمن بووبێت یان لەو شوێنانەی بۆی دەچوون.

٨. لەو ماوەیەی کە دەکەوێتە سەرەتای دەستپێکردنی پرۆسە سەربازییەکان لە دژی ئێران لە ساڵی (١٩٨٠)، ڕژێم لە کوردستانی عێراق پەنای بردۆتە بەر بەکارهێنانی هەموو ئامرازەکانی بەردەستی بۆ کۆتایهێنان بە بەرگری گەلی کورد. لەو ئامرازە بێنرخو بێئەمەکانەش بەخشینی پاداشتی دارایی گەورە بوو بە هەر کەسێک پێشمەرگەیەک یان زیاتر لە پێشمەرگەیەک/ هێزەکانی پشتیوانی بکوژێتو چەکەکەیو سەری بگەیەنێتە ڕژێم. ڕژێم تیمی بۆ ئەو مەبەستە دروستکردبوو، هەروەها پەنای بردبووە بەر بەگەڕخستنی تاوانباران بۆ ئەنجامدانی ئەو جۆرە کارانە لەپێناوی وەرگرتنی بڕێک پارەدا.

٩. ڕژێم پەنای بردبووە بەر خاپورکردنی کرداری ژێرخانو ئابوری جوتیاران لە گوندەکانی کوردستاندا، هەوڵی سڕینەوەی ژیانی لە گوندەکانو ڕێگرتن لە گەڕانەوەی یەکجارەکی دانیشتوانەکەی

دەدا. هێزەکانی رژێم بە فەرمانی سەدام حسێن دەستیانکرد بە خاپورکردنی (١٧٥٧) قوتابخانەو (٢٤٥٧) مزگەوتو (٢٧١) بنکەی تەندروستی لەو گوندانەی تەختیان دەکرد.

پێویستە لەسەرمان بەردەوام ئەوە بەیاد بهێنینەوە کە هەڵمەتە سامناکەکانی ئەنفال، لوتکەی دژومنایەتی فاشیەتو داڕوخانی ئەخلاقیو مرۆیی جەلادەکانە، بەهۆی ئەو تاوانە قێزەونانەی لە دژی خەڵکی لە ژنانو پیاوانو منداڵانی کوردستانی عێراق ئەنجامیاندا. نەنگییەکە بە تەوێڵی رژێمو سەرکردەکانیو تاوانبارەکانیەوە، ئەو تاوانانە بوو لە یەک کاتدا رژێمی بەعسی عێراقی کرد بە یەکێک لەو رژێمانەی کە کۆمەڵکوژیو تاوانی دژەمرۆییو تاوانی جەنگی ئەنجامداو دژایەتی دەستورو قانونە عێراقییەکانیشی کرد. بەڵام دەستکەوتەکانی پرۆسە سامناکەکانی ئەنفال چی بوون؟

## پێنجەم: دەتوانرێ چی بکرێت بۆ قوربانییانی ئەنفال لە کوردستانی عێراق؟

توێژینەوە جدیو قوڵو بەرپرسەکان بۆ سیاسەتەکانی حکومەتە یەک بەدوای یەکەکانی عێراق، بە درێژایی ماوەی قۆناغی پاشایەتی تاوەکو کەوتنی رژێمی بەعس (١٩٢١ - ٢٠٠٣)، لە هەمبەر هەرێمی کوردستانی عێراقو گەلی کوردستان بە بێگومان ئاماژە بەوە دەکەن تەنها سیاسەتی پەراوێزخستن نەبووە، بەڵکو سیاسەتی تۆپزیو بە دوژمنکردنو دوژمنایەتیو هێشتنەوەی دواکەوتوویی ئابوریو کۆمەڵایەتیو کلتوری لە هەرێمدا هەبووە. پرۆسەکانی ئەنفالیش بەڕونترین مانا گوزارشت لەو راستییە دەکەن.

لێرەوە پێویستە لەسەرمان:

یەکەم: پەندی گونجاو لەو ئەزمونە درێژە وەربگرین.

دووەم: کاربکەین بۆ راستکردنەوەی ئەو پەیوەندییە.

سێیەم: بیر بکەینەوە لە چۆنێتی دادپەروەری بەرامبەر بە قوربانیانی ئەنفالو خانەوادەکانیان.

هەرچەندە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو حکومەتی عێراق دانیان بە بڕیارەکەی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقدا ناوە، کە تاوانەکانی ئەنفال تاوانی کۆمەڵکوژیو دژەمرۆییو تاوانی جەنگو دژی قانونی ژمارە دەی ساڵی (٢٠٠٥)ە، بەڵام ئەو لایەنە فەرمیانە لەدوای روخاندنی دیکتاتۆرییەتی ملهوڕ، هیچ کارێکی شیاوی باسکردنیان لە بەرژەوەندی گەلی کوردو قوربانیانی ئەنفالو هەڵەبجە نەکردوە، هەروەها لە بەرژەوەندی قوربانییانی کوردی فەیلی کە تاڵاوی هەردوو کارەکەیان نۆشیوەو زۆرێک لە لاوەکانیان شەهیدکراون. هەر ئەمەش لێمان دەخوازێت لە یەک کاتدا فشار بخەینە سەر ئەو لایەنانە بۆ گەیشتن بە بەدیهێنانی دادپەوەریو یەکسانی بۆ قوربانیانو خێزانەکانیان لە هەرێمو هەروەها بۆ کوردانی فەیلیش. بۆ ئەمەش پێویست دەکات:

١. کارکردن لەپێناوی بیناکردنی بناغەیەکی ماددی بۆ چێکردنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دیموکراسی عەلمانیو پەروەردەیەکی فیکریو رۆشنبیری کۆمەڵایەتی دژی شۆڤێنیزمو رەگەزپەرستی، دژی رەتکردنەوەی ئاینەکانی دیکەو شوێنکەوتەکانیان، هەروەها لە دژی تایەفەگەرایی سیاسیو جیاکاری ئاینیو تائیفی، لەپێناوی فەراهەمکردنی ژیانی هاوڵاتیبوونی یەکسان، دژی ستەمکاریو توندوتیژیو دڵڕەقیو پابەندبوون بە چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوازی ئاشتیانەو بە ئامرازی دیموکراسیانە.

٢. پێویستی گەشەکردنی پەیوەندییەکی دەستوری ئاشکرا لەنێوان حکومەتی هەرێمو حکومەتی فیدراڵی لە بوارەکانی دەسەڵاتو ئەرکو مافەکانیاندا. بۆ بەدیهێنانی ئەو پەیوەندییەش پێویستە ئەو دەقە دەستورییانە لە یاسای پابەندکەردا دابنرێن، دادگای دەستوریش ئەو ناکۆکییانە یەکلایی بکاتەوە کە لەنێوان هەردوو حکومەتەکەدا روودەدەن. ئامانجی بنەڕەتی ئەم پەیوەندییەش بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو گەلو هەردوو حکومەتو نەتەوەکانی دیکەی عێراقە.

٣. لەبواری قوربانیانی ئەنفالدا پێویستە لەسەر هەموان لەپێناوی ئەمانەدا کاربکەین:

ا: رێکەوتن لەسەر دامەزراندنی سەنتەرێکی زانستی یەکگرتوو لە کوردستانی عێراق بۆ کۆکردنەوەو پۆلێنکردنو رێکخستنو پاراستنی بەڵگەنامەکانی تایبەت بەو تاوانانەی لە دەیەی رابردودا دژ بە گەلی کورد ئەنجامدراون، بە تایبەتی لەو ماوەیەی لە دوای گەیشتنی بەعس بە دەسەڵات لە عێراقدا دێت.

ب: دروستکردنی لیژنەیەکی نێودەوڵەتی بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی لەلایەن هێزە سەربازییەکانی عێراقەوە خاپورکراون، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی بە چەکی کیمیایی بۆردومانکراون. دەکرێت پرۆسەی کۆکردنەوەی کۆمەکی نێودەوڵەتی سازبکرێت لەپێناوی دروستکردنی شارێکی نوێ لە هەڵەبجە، وەکو هێمایەک بۆ هاوپشتی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەم شارە غەدرلێکراوەدا.

ج: سەرجەم ئەو خاڵانەی لە پەیامی هاوخەمیو داوای لێبوردنەکەدا ئاماژەم پێکردون.

د: بۆ قوڵکردنەوەی هۆشیاری بەرەنگاربونەوەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بەهەموو شێوەکانییەوە، هەڵمەتەکانی ئەنفال بکرێتە ماددەیەکی تایبەت لە چوارچێوەی مافی مرۆڤداو لە زانکۆو قوتابخانەو خوێندنگاکاندا بخوێنرێت.

ر: داواکردن لە حکومەتی ناوەندی بەغدا بۆ قەرەبوکردنەوەی قوربانیانی ئەنفال، بەگوێرەی خەملاندنێکی زانستی دروست.

ز: دروستکردنی مۆنۆمێنتێک لە شاری بەغدا بۆ قوربانیانی ئەنفالو هەڵەبجە.

## پرۆفایل

د. کازم حەبیب: نوسەرو سیاسەتمەدارو چالاکی بواری مافی مرۆڤ

لە (١٩٣٥/٤/١٦) لە شاری کەربەلا لەدایکبووە.

سەرەتاییو ناوەندی لە کەربەلا خوێندوە.

لە (١٩٥٥ - ١٩٥٨) بەهۆکاری سیاسی زیندانی کراوەو دورخراوەتەوە.

لە (١٩٦٤) ماستەری لە کۆلێژی ئابوری زانکۆی بەرلین بەدەستهێناوە.

لە (١٩٦٨) دکتۆرای لە فەلسەفەدا بەدەستهێناوە.

لە (١٩٧٣) دکتۆرای دوەمی لە بواری زانستدا بەدەستهێناوە.

لە ( ١٩٦٩- ١٩٧٥) بووەتە مامۆستا لە زانکۆی موسەتەنسرییەو ئەندامی ئەنجومەنی باڵای کشتوکاڵ بووە.

لە (١٩٧٨) بە هۆکاری سیاسی دەستگیرکراوەو پاشان خانەنشین کراوە، لەکۆتایی هەمانساڵدا عێراقی بەجێهێشتووە.

لە (١٩٧٩- ١٩٨١) بووەتە مامۆستا لە پەیمانگای زانستی ئابوریو پەیمانگای مافی لە زانکۆی جەزائیری پایتەخت.

خاوەنی بیست کتێبو دەیان توێژینەوەو لێکۆڵینەوەو وتاری ئابوریو سیاسییە، هەروەها لە بواری مافی مرۆڤدا.

بە زمانەکانی عەرەبیو ئەڵمانی دەنوسێت.

تاوەکو ساڵی (١٩٨٨) بەشداربوە لە خەباتی پێشمەرگایەتی لە کوردستانی عێراق. پاشان لە ریزی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا کاریکردوە.

لە (١٩٨١) لە ئەڵمانیا دەژێت. خێزاندارەو کچو کوڕێکی هەیە.